# دەستەودامانی نالی

# دەستەودامانی نالی

مەسعود محەمەد

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێك هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی كوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیكترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspress.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

مەسعوود محەمەد
دەستەودامانی نالی
كتێبی ئاراس ژمارە: ١٠٦٧
چاپی سێیەم ٢٠١٠
تیرێژ: ١٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی كتێبخانە گشتییەكان ٢٢٠١ – ٢٠١٠
نەخشاندنی ناوەوە: ئاراس ئەكرەم
رازاندنەوەی بەرگ: مریەم موتەقییان
هەڵەبژێری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
رێنووسی یەكگرتوو: بەدران ئەحمەد حەبیب

مێژساڵێکە، مەراقی کارێکی پێویستیی سەر شانی ئەدەبدۆستیی کوردەواری هەستم دەڕووشێنێت و دنەم دەدات و دەستم پێی ناگات، دەمەوێ، پاتەوپات و بێ مەرایی، بڵێم شەرحەکەی دیوانی نالی لەلایەن مامۆستا عەبدولکەریمی مودەڕیس و گیانشاد، فاتیحی ڕۆڵەی بێگەرد و بێ تەقسیریەوە کە خانەی وێرانی خاکوخۆڵی بۆ کورد و کوردستان سەرلەنوێ ئاوەدان کردەوە و بێن و بەرامەی گوڵستان و بۆستان و بەهارستانی ئەدەبی پەردەپۆشی کەڵەشاعیری کوردی لە دەماغی خەیاڵ و خەون و خولیای هەموو هەستەوەری ناسك گێڕا، کاتی ئەوەی هاتووە، ئەگەر نەڵێم پیر بووە، درزێکی سەربان و کەلێنێکی دیوار و تیکێکی تاق و پەنجەرەکانی بە کوتانەوە و پڕکردنەوە و مشتومالّدان کەمتاکورتە ڕەونەقێکی تازە بخەنە سەر پرشنگی چراغانی دیوانەوە کەوا لە حەقیقەتدا کارێك دەبێ بریتی لە هەڵکێشانی فتیلی چراکە، نەك خواستنەوەی نەوت بۆی. لێرەشدا حەقە بەسەرمەوە، لەچاو ئەدەبدۆستانی دیکەی کورد کە خۆم بەرپرسیارتر بزانم بۆ ئەم کارە، هەر نەبێ، لەبەر دوو هۆی سەرەکی:

هۆی یەکەم ئەوەیە کە شەرحی دیوانی نالی لەلایەن باوك و ڕۆڵەی پەرۆشدارەوە، کاتێك درایە کۆڕی زانیاری کورد بۆ لەچاپدانی، یەکسەر بە من سپێردرا بینرخێنم

(ئەوسا ئەندامی تەرخان و کارای کۆڕ بووم و هەر لەسەر بڕیاری ئەنجومەنی کۆڕ، دیراسەی نالی و حاجی قادرم بەملەوە بوو، ئەوسا کە شەرحەکەی مامۆستا و ڕۆڵەی، بە من درا، ڕیزە گوتارم لەسەر نالی لە گۆڤارەکەی کۆڕ بڵاودەکردەوە) ئەو شەرحەی باسکراو، کارێکی سادە و کەم بڕشت بوو، ڕەنگە سێیەکی شەرحی دواتری نەدەبوو، گیانشاد، فاتیح، چەند کۆبوونەوەیەکی لەگەڵمدا کرد و هەندێك لایەنی واتا ونەکانی بەشێك لە هەڵبەستی نالیم بۆ ڕوون کردەوە و هەر لەبیرمە، بەنموونەی هەوەڵ جار، ئەم بەیتەم بۆ شەرح کرد:

خـاو و بـێ خـاوی دو زولـفـی خـاوم ئـەز
چـاوە چـاوی یـــەك غـەزالـــە چـاوم ئـەز

گوتم سەیرکە، لە نێو دێڕی یەکەمدا «خاو و بێ خاو»، دوو وەصفن بۆ دوو زولف. لە نیوە دێڕی دووەمدا «یەك» هاتووە بۆ غەزال کەچی دوو چاوی هەیە. بەو پێیە «چاوەچاو» و «یەك غەزالە چاو»یش لەنگەریان لەگەڵ یەکتردا بەستووە، وەك کە «خاو، بێ خاو» لەنگەریان بەستووە لەگەڵ «دوو زولف». بەدەم وتووێژی چەند ڕۆژەمان بایی بڕشتی زەینی خۆم، بەشێك لە لایەنە شرایەوەکانی شیعری نالیم بۆ فاتیح ڕوون کردەوە، ئیتر متمانەی هات کە دەبێ جارێکی دیکە بە شەرحی دیوانەکەدا بچنەوە، وابوو کاك محەمەدی برایشی لە سەفەری هەندەران گەڕایەوە و بەشداری سەروبەری شەرح و لەچاپدانی دیوانەکە بوو؛ تا بوو بەو شەرحە مەزنەی وا لەبەر دەستاندایە.

هۆی دووەم ئەوەیە کە گیانشاد فاتیح باوەڕی بە بۆچوونەکانی من هەبوو، دەربارەی تەمەن و مێژووی ئاوارەبوون و هەڵسوکەوتی نالی لە غەریبی.

سەیرێکی پەراوێزی لاپەڕە ٣١ی شەرحەکە بکرێت، دەدیترێت، فاتیح نووسیویەتی «ئەم بەڵگانەم هەموو لە دەستنووسێکی فلان وەرگرتووە». هەر ئەو دەستنووسە بوو دواتر بووە بەشێکی گوتارەکانم لەبارەی نالی کە بوون بە کتێبی **"چەپکێك لە گوڵزاری نالی"** بە پێشەکییەکی بیندرێژەوە. یەکەم ئاڵقەی گوتارەکان لە ساڵی ١٩٧٦ بڵاو بووەتەوە کە دەکاتەوە ساڵی لەچاپدانی شەرحەکەی مەلا کەریم و فاتیح. ساڵمەرگی نالی لە گوماندا نەما، دوای ئەوەی مامۆستا عەبدوڵڵا حەدداد لە خوێندنی ئەوروپای گەڕایەوە و لە تەلەڤیزیۆنێك بڵاوی کردەوە کە نووسەرێکی فەرەنسی،

نووسیویەتی: نالی لە ١٢٩٠ ك لە ئەستەنبۆڵ بە خاك سپێردراوە و نووسەر خۆی لە دەمی ناشتنی تەرمەکەی حازر بووە. [من بەپێی ئەوەی باپیرم لە ساڵی ١٢٨٩ ی کۆچی، نالیی لە مەکە و مەدینە دیتووە و لەوێشی بەجێی هێشتووە وەهام بە دڵدا هات نالی ئەو شوێنە بەجێ ناهێڵێ لەو تەمەنەی کۆتاییی ژیان؛ بەڵام دیارە بەهەر نیازێك بووبێ بەر لە مەرگی، ڕەنگە ساڵی ١٢٨٩ یان سەرەتای ١٢٩٠ بۆ ئەستەنبۆڵ چووە].

لەم نووسینەمدا، تەنها یەخەگیری شەرحی ئەو بەیتانە دەبم کە لە دیوانەکەدا هاتووە و من جۆرێکی جودا پەسەند دەکەم. بێگومان زۆر شوێنی دیوانی نالی، جاریَ بە واتا گومی ماوەتەوە، ئیتر سەبەب هەرچی بێت. لە نموونەدا دەڵێم قەسیدەی «ئەی جیلوەدەری حوسن» کە لە دیوانەکەدا بە ستایشی خودا حیساب کراوە، ئەویش بە تەئویلێکی دوورەدەست، هەڵدەگرێ بەهەمان ئەرکی تەئویل، بدرێتەوە بە مەدحی یار، بە تایبەتی لە نیوەی دووەمی بەیتی سەرپەڕگی لاپەڕە ٧٦ کە دەڵێ «ئەی شەوقی ڕوخ و ذەوقی لەبت ذاقیە بەخشا»، ئینجا لە بەیتی دوای ئەودا، لاپەڕە ٧٧، کە دەڵێ:

جان بەر لەبی بۆسەی لەبتە عاشقی زارت

فـالـبـائس یستـوهب مـن فـیك مـعـاشا

بەلای مجێزی منەوە، ئەم «خطاب»ە ناشێ بۆ لای خوا هەڵگێڕدرێتەوە، مەگەر بە زەبری کوتەك. دەبێ لێرەدا بڵێم، لە شەرحی بەیتی سەرپەڕگی لاپەڕە ٧٦ کە ئەمە دەقەکەیەتی بە پێی نووسینی ناو کتێبەکە:

فەییاضی ڕیاضی گوڵ و میهر و مل و لەعلی

ئەی شەوقی ڕوخ و ذەوقی لەبت ذائقە بەخشا

وشەی «مل» بەمل و گەردەن لێك دراوەتەوە، کەچی وشەکە «مول- مُل»ە، بە واتای شەراب دێت. هەر ئەم واتایەش جێی دەبێتەوە لە بەیتەکەدا؛ چونکە لە هەموو بەیتەکەدا تەنها «شەراب» هەیە یەکسەر و بێ هەناسەسواری، تام ببەخشێت و داوای «ذەوقی لەبت» و «ذائیقە بەخشا» بکات. ئەو سێ دێڕەی وا لە شەرحی بەیتەکە هاتووە، چ پێوەندییەکی لەگەڵ دەقی بەیتەکە نییە و لە ناچاریشەوە مل و گەردەنی باس کردووە؛ چونکە بۆ واتای «شەراب» نەچووە، لە کۆنیشدا «گوڵ، مول، دوڕ...»،

هەمووی «گل، مل، در...» دەنووسرا. تێکستێکی ئەو بەیتە «مل و لەعلن» ی نووسیوە. شەرحەکە تەئویلێکی بۆ ضەمیری کەسی دووەمی کۆ «... لەعلن» بەوەدا پەسەند کردووە، گۆیا ئەم ضەمیرەی کۆ بۆ حورمەتی خودایە کە ڕووی قسە لەوە.

بەڵام ئەم تەئویلە لەخۆوە هەڵدەوەشێتەوە کە لە نیوەی بەیتی دووەمدا دەڵێ: «ذەوقی لەبت» کە قسەی لەگەڵ تاکە. وەك من بۆی دەچم، ئەم ضەمیرە ڕووی لە «شەوقی ڕوخ» و «ذەوقی لەبت»ە و هەردوویان دەبنە کۆ. ئەمە دەڵێم بۆ دروستاندنی «لەعلن» لە بەیتەکەدا، خۆ ئەگەر «لەعلی» بێ، یەکسەر بۆ یار دەچێتەوە یان بۆ هەر شتێکی تاك بێت کە لێرەدا هەر خوا بەزەیندا دێت... تەعبیری «لەعلن»، تەنها «شەوقی ڕوخ و ذائیقە بەخشا» قبووڵ دەکات کە چیهرەی یارن. ئیلتیقای پۆڵا و ئاسن...یش (لاپەڕە ١٧٠) کە لە شەرحەکەدا بە تێکهەڵبوونی نێرومێ لێك دراوەتەوە، لە ئاست داخوازیی مەقام، کورت دەهێنێ چونکە گونجاندنێکی متمانەبەخش، نە بە وشەی پاتەوپات و نە بە زەمینەیەکی مەعنەویی دڵڕاگر، لە بەیتەکاندا نییە. من ڕایەکی یەکجارەکی لەم مەسەلەیەدا نادەم، هەر ئەوەندە دەڵێم شەرحەکە (لەبەر هەر هۆیەك بێت) خوتخوتەی دڵ کپ ناکات. لە نموونەدا دەڵێم، وشەی «حدید»، لەشەرحەکەدا مێیینە و «پۆڵا»، نێرینە حیساب کراوە: ئەگەر قورئان بکەین بە شایەد بۆ «حدید»، تەعبیری «فیه بأس شدید»ی بەکار هێناوە نەك «فیها». تەئویلێکی نەحوی هەیە دەیکا بە مێ، گۆیا وشەیەکی لە چووککردنەوە «تصغیر»دا بوو بە مێ، هەر بە مێ حیساب دەکرێت، ئیتر لەم بەیتەدا دەبێ بڵێین نالی قورئانی بەلاوە ناوە لەبەر خاتری نەحو.

نیوەی دووەمی بەیتی سەرەتای بڕە شیعرەکە، لە دەسنووس یاخود چاپکراودا دیتوومە بەم شێوەیە هاتووە: «جەمعی ماء و نار و مردە و زیندە و مەرخ و عەفار». ئەم دەقە نەختێك لایەنی «مێ» و «نێر» خزمەت دەکات کە خەلق بە زۆری لە ڕووی شەرمەوە، بە مووی بەر دەڵێن، مووی مردار. بەیتی دووەم بەم جۆرەیە:

ئەم لەسەر تەعظیم و گەورەگرتنی ئەو بێ قوصوور

ئەو لەسەر تەحقیر و تەخفیف و شکستی ژاری مار

بە پێی شەرحەکە «ئەم» بۆ ئاسنە، کە دەکا مێینە و «ئەو» کە گۆیا نێرینەیە ...هتد «چاکترە خۆت شەرحەکە بخوێنیتەوە». من لەگەڵ شەرحەکە نیم کە «ئەم» لەو بەیتەدا بۆ دوور بەکارهاتووە، کە لە بەیتەکەدا پۆڵا سەرەتایە و ئاسن دوور کەوتووەتەوە... بە

پێی دەست پێکردنی بەیتەکە، وشەی «ئەم»، هەرە وشەی نێزیکە و بەرانبەر پۆلا دەوەستێ. «ئەو» بۆ ئاسنەکە دوور کەوتووەتەوە لە سەرەتای شیعر. تەعبیری «زاری مار»، ژەهریش و دەمیش دەگرێتەوە: زەهرەکە هی مارە کە دەرشێتەوە، زارەکەش هی ئافرەتە کە ماری تێ دەچێت، لە بەیتی دواتردا ( سەرەتای لاپەرە ١٧٣) کە دەڵێ:

ئەم بچێ ئەو دادەنیشێ دەم وەکو گوڵ خەندەران

ئالەتی پیاو «دەچێ» و هی ئافرەت دەم دەکاتەوە... کە دەڵێ : «ئەم دەبێ هەستێ...» هەستانەکە بێ مەکەمەکە، هی ئالەتی پیاوە. لە بەیتی دواتردا: «ئەم بەچاو دوڕ و بەسەر لەعلی هەدییەی بۆ دەبا» دیسان هەر ئالەتی پیاوە، دوڕ «لوولوو»ی سپی لە کونی تاکە چاویەوە هەڵدەڕێژێ و سەروکەللەی سوورهەڵگەڕاویشی وەکو لەعلی سوورە؛ ئەمما زلە وەك «سەر» پێشی دەگوترێ سەر...

خولاسە لەگەڵ تێکڕای ئەم قەصیدەیە و شەرحەکەی دیوان، نائارامم... خوێنەر بمبەخشێ شتێکی متمانەبەخشم پێ نییە. لەوانەبوو ئەگەر برە شیعرەکە بە ڕێنووسێکی بێ قۆرت و ڕاست و دروست نووسرابایەوە، باشتر سەرەدەری لێ کرابایە؛ بەڵام داخم ناچێ. ئەم عوزرە بۆ من و شەرحەکە و هەموو کەسێك ڕەوایە. لێرەدا بەیتەکە دەنووسمەوە وەك لە شەرحدا هاتووە:

ئەم بچێ ئەو دادەنیشێ دەم وەکو گوڵ خەندەران

ئەم دەبێ هەستێ کە ئەو بێ چاو یەك و قەطرە هەزار

بەیتی هەرە دوایی قەسیدەکە بریتییە لەمە:

نەظمی نالی مثلی ئاو و ئاوێنە ڕەنگی نییە

دوو ڕووە بۆ سەیری خاطر: یەك خەفی و یەك ئاشکار

وشەی «ئاوێنە» بەیتەکە تەنبەڵ دەکات و مۆسیقاکەی تێك دەدات. لە پەراوێزدا تێکستی «ك» «ئایینە» ی نووسیوە کە عەیبی لێ ناگیرێ. لزوومیش نییە گیانی کوردایەتی بەدواکاتەوە خاوەنی بەشێ لەو تێکستانە («عم» و «ت» و «عب» و«من») وشەکە بگۆڕن بە «ئاوێنە» و بەیتەکە عەیبدار بکات. وا لە پایانی بەیتەکەدا، وشەی «ئاشکار» زەق زەق بە فارسی دەدوێت و نەشکرایە ئاشکرا ... ڕاستییەکەی شوعەرای ئەو سەردەمانە، هەتا لە پایەی شاعیریەت هەڵدەکشان، هەڵبەستیان بەوشەی دڵپەسەندی ئەوسا دەڕازاندەوە. بە نموونە سەیرێکی وەڵامەکەی سالم بکە بۆ نالی دەبینی «ئابی

حەیات و ئاتەشی ئەفسوردەیە دەمت»، وشەیەکی کوردی و (کە فارسیش بەکاری دەهێنێت «دەم») یەکێکی عەرەبی و سێی فارسیی بەکارهێناوە لە نیوە بەیتێکدا.

لێرە بەدواوە خەریکی کارەکە دەبم بەو جۆرەی لە سەرەوەتر ڕام گەیاند، ناوناوەش، ئەگەر هەڵەیەکم دیت یاخود جۆرە ڕێنووسێکی ئەوتۆ کە نالی لەو سەردەمە بە لایدا نەچووە، زەینی خوێنەری بۆ ڕادەکێشم. ئیتر پەنا بەخوا و بە چاوپۆشیی خوێنەران لە کەموکەسەرییەکی بڕیاری ناچاری بەسەرمدا دەیسەپێنێ.

***

بەیتی یەکەمی لاپەڕە ٩٠:

شەبەهی زولفی شەبەهـ گۆنەیە، ڕووگەردانی

بەسەری ئەو کە بە سەودا سەر و سامانم دا

ئەو شەرحەی بۆی دراوە لەو وشانە هەڵناستێ، گۆیا ئەمە واتایەتی: «کە من سەروسامانی خۆم لە دڵداریدا، یا بە مامەڵە، دا بە سەری زولفی یار و ئەویش نەیدا و ڕووی وەرچەرخاند، زولفی ڕەشی دەرخست و دنیای لێ تاریك کردم...». لەو دەقەدا مومکین نییە «ڕووگەردانی» ببرێتەوە بۆ "ڕووی وەرچەرخاند". ڕووگەردانی بریتییە لە «مضاف ومضاف الیە» ئەوەی پێی دەڵێن «إسناد» بۆ «جملەی خەبەری» تێیدا نییە و نابێ. ئەگەر بی خەیتە پێش هەموو بەیتەکە و بڵێی: «ڕووگەردانی شەبەهی زولفی شەبەهـ گۆنەیە»، ئیسناد پەیدا دەبێ؛ بەڵام واتای دروستی نابێ. ڕەنگ بوو ئەگەر بە ڕێنووسی سەردەمی نالی، بەیتەکە نووسرابایەوە سەرەدەرییەکی لێ کرابایە؛ چونکە لەوانەیە شەبەهی، شەبەهـ گۆنە... شبهی یاخود شبە.. نووسرابایە و لەگەڵ ڕێنووسی هەموو بەیتەکەدا، وێنەیەکی مەفهوومی بەدەستەوە دابایە.

لە لاپەڕەی ٩٢، بەیتی یەکەم:

شیرەیی جانە وتم یا مەیە چا بوو فەرمووی

عەکسی لەعلی لەبی مەرجانە لە فنجانمدا

پێویستە بڵێم «شیرەیی جان» دەست نادات؛ چونکە مەبەست ڕەنگە عەکس بداتەوە. ئینجا کە «یا مەیە»ی بە دوادا بێت لەجیاتی ئەوەی بەیتەکە سەرەژوور چووبێت لە واتا و ناوەڕۆك، کەچی دادابەزێ لە بۆ ڕێکاری شەراب کە زۆر بەرەژێری شیرەیی

جانە. «شێوەیی جامە»، ڕاستە وەك لە بەرەوەی شەرحەکە هاتووە.

شەرحەکە، ڕاستە واتای وشەکانی لێك داوەتەوە، بۆ وردیاتیی بەیتەکە نەچووە. نالی دەڵێ: شێوەی جامە ( کە ڕەنگی ئاڵ دەنوێنێ) یان شەرابە؟ یار فەرمووی عەکسی لەعلی...هتد، عەکسی لەعل کە جاران «لعل» دەنووسرا، ئەویش کە لە خوارەوە بۆ سەرەوەی بخوێنیتەوە هەمان «لعل» دێتەوە. لێوی مەرجانی یار عەکس بووەتەوە وەك لەعل، لەعلەکەش عەکس بێتەوە هەر خۆی دەردەچێت.

عەکسی لەعلی لەبی مەرجان، لە نێو شیعر دۆستان «لەبی مەرجان» پیتی سەرەتای مەرجان دەبەخشێت کە «میم –م»ە. ناوی ئەم پیتەش وەك «لعل» بە مەعکووسیش هەر دەبێتەوە میم. خۆ ئەگەر پیتی کۆتاییی «مەرجان»یش مەبەست بێت، دیسان «نوون» بە مەعکووسی دەبێتە نوون. ئینجا حەرفی «میم» زاری پێ تەشبیه دەکرێ وەك نالی خۆی گوتوویەتی «لەبت میم و قەدت ئەلف و ....» خولاسە نالی تەماشاخانەیەکی سازداوە هەر دەبێ تێوەی ڕامێنیت.

یبەیتی دووەم لاپەڕە ٩٢:

بەحثی سیڕی دەهەنی نوقطە بە نوقطە بگەڕێی

سەری مووییێ نییە بێ نوکتە لە دیوانمدا

شەرحەکە بۆ ڕاستەواتای ئاشکرای بەیتەکە چووە، وردەکارییەکی تێدایە باسی نەهاتووە. نالی لە نووسینی خۆیدا، وشەی کۆتاییی نیوە دێری یەکەمی «بکرێ» نووسیوە. هەر ئەمیش لەگەڵ «بەحث»، «باس»دا خزمە، گەڕان لێرەدا جێی نییە.

کە دەڵێ «سەری موویێ نییە بێ نوکتە» مەبەسیەتی بڵێ، پیتی سەرەتای موو کە میمە «م»، نوکتە «مەبەس نوقطەیشە»ی بچێتە سەر لە لەفزی «مو»دا، دەبێتە «فو» کە لە عەرەبیدا بە واتای زار دێت. نالی خۆی لە شیعری دیکەی گوتووە: لەبت میم و قەدت ئەلف و ... بەوپێیە باسی «سیڕی زاری» (لەبەر زێدە بچووکی وەك سیڕە) لە هەموو دیوانەکەدا هەیە، نەك بەقسە و ئیدیعا، بەڵکو هەر سەرە موویەك بێ نوکتە نییە لە دیوانەکەدا، هەمووی زارە.

بەیتی سێیەمی لاپەڕە ٩٢:

نالی ئەو نوقطە کەوا بوو بە نیشانەی چاوی

من لە صەفحەی ڕوخی ئەو دولبەرە نیشانم دا

من لە نوسخەدا دیتوومە لەجیاتی «کەوا بوو» نوسراوە «کە بوو بوو».

کە لە سەرەتاکانی حەفتاکاندا، لەگەڵ مەرحوم هەژار ئەندامی کۆڕ بووین، ئەم «بوو بوو»ەمان بۆ یەکتر باس کردووە و هەر یەکە لەلای خۆیەوە بۆ واتاکەی چووبوو.

نالی دەڵێ: ئەو نوقطەی بووەتە نیشانەی چاوی، واتا هەمیشە چاوی تێ بڕیوە، لە هەمان کاتیشدا بیبیلەی چاو دەگرێتەوە، تومەز عەکسی ئەو خاڵەیە لە ڕووی یار.

فیعلی «بوو بوو» کە دەنووسرا «بو بو» مانای بیبیلەشی هەیە کە بە عەرەبی «بؤ بؤ»ە و لە گوتەی کوردیدا هەمزەکەی سوواوە. شەرحەکە بۆ ئەوە چووە کەوا ڕەنگە بە پێی مەعنایەکی شەرحەکە، خۆی لێکی داوەتەوە، نالی تانەی بەسەر چاوەوە هەبووبێت. ئەم بۆچوونە بنەمای نییە.

بەیتی دووەمی لاپەڕە ٩٣:

عیشقت لە دڵ و دیدەیی پڕ ئەشك و ئەلەمدا

گونجایش و تەسکینی نییە زۆرە لە کەمدا

شەرحەکە لە هاتنی ئەشك و ئەلەم بە دوای دڵ و دیدەدا، لەف و نەشری موشەووەشی بەدی کردووە کەوا دڵ لە تەرتیبدا کەوتووەتە بەرامبەر ئەشك، دیدەش کەوتووەتە بەرانبەر ئەلەم. منیش دەڵێم لە هەمان کاتدا لەف و نەشرێکی موشەووەشی دیکەشی لەوەدا پێك هێناوە کە گونجایش کەوتووەتە بەرانبەر دڵ و تەسکینیش کەوتووەتە بەرانبەر دیدە کە دەبوو تەسکینەکە لەگەڵ دڵدا جووت بێت و گونجایشیش بۆ دیدە.

لە ئاست بەیتی یەکەمی لاپەڕە ٩٤:

لافی دەمی تۆ، غونچە لە دەمیا بوو، بە عەمدا

با خوستی بڕی، خستی، کە مستێکی لە دەم دا

لەم شەرحەدا دەبینم «خوست»، بە واتای دامەن بێت. دەگوترێ «هەستوخوست»، وەك کۆمەڵێك بێژەی ئەوتۆیی: شڕوشیتاڵ، کڵوکۆ، چشتومشت، کەلوپەلی ... دەشگوترێ پێخوست، تۆ بڵێی ئەم خوستە هەمان دامەن بێت؟

شەرحەکە دەبوو بڵێ وشەی «عەمد»، لەوەوە هاتووە کە بایەکە بە ئەنقەست مستی لە دەمی غونچەکە دا؛ چونکە لافی دەمی یاری تێدا بوو.

لـە كـۆتـايـيـى مـيـصرەعـى يـەكـەمـى بـەيـتـى دووەمـى لاپـەڕە ٩٤ «ديـدە لـە نمدا» نووسراوە. بێگومـان نـالـی «دیدە لە نـەمدا»ی مـەبـەست بووە؛ چونکە هـەر دە قـافییەی بڕە شیعرەکە: ئیرەمدا، حەرەمدا، ئـەلەمدا، لەکەمدا، بە عەمدا، لە دەم دا، لە نـەمدا، لە یـەمدا، غـەمدا، قـەڵـەمدا ئـەو پیتـەیـان فـەتحـەی بـەسـەرەوەیـە.

بـەیتـی لاپـەڕە ٩٥:

نـالـی مـەثـەلـی حـاڵـی لـە ئـەشكـەنجـەیـی غـەمدا

وەك نـاڵـە لـە نـەیـدا وەكـو نـالـە لـە قـەڵـەمـدا

شـەرحـەكـە «نـال»ی بـەو مـادە شكڵ لـۆكـەی نـاو قـەڵـەمـی قـامـیش لێك داوەتـەوە، ڕاستیشی بۆچووە. ئەم وشەیە واتایەکی دیکەش دەبەخشێ کە ناڵی ولاغە، قەڵەمیش بۆ پێی ولاغە، وەك دەگوترێ: قـەڵـەمـی دەستوپێـی شكا. لەهـجە هـەیە بۆ دەست دەیکاتـە «قولـەم». لەلایەن ئـەشکەنجەوە، ناڵە ولاغ پتر لە لۆکەی ناو قەڵەم بە ئازارە...

شـەرحـەكـە وای ڕانـوانـدووە كـە «نـاڵـە لـە نـەیـدا» ئیشارەتـی تێدایـە بۆ بـەیـتێکـی مـەثنـەویی جـەلالـەدینـی ڕوومـی كـە دەڵـێ:

بشنـو از نـی چـو حـكـایت مـیـكنـد

وز جدائـیـهـا شـكـایـت مـیـكـنـد

گۆیا قامیش لە ژێر پێدا، زیکەی دێ، ڕازی خۆی ئەگێڕێتەوە و سکاڵای دەردی دووری دەکا... وەك من بزانم «نـەی» لـەو بـەیتـەدا شمشاڵ مـەبـەستە لێی کە نـەغمـەی لێ پـەیدا دەبێت و سۆزی دڵێك دەداتـەوە. جـەلالـەدینیش هـەر ئـەمـەی مـەبـەست بووە، نـەك زیکـەزیکـی قـەمیش و زەل.

لە لاپـەڕە ٩٧، دێرە شیعری:

ئـەحوەلـی تـەفرەقـە نـەظـەر تـەقوییـەتـی سـەبـەب دەكـا

عـاریـفـی وەحـدەت ئـاشنـا لـەم قسـەیـە ئـەدەب دەكـا

لە شـەرحـەکـەدا هـاتووە کە دەڵێن نـالـی ئـەم پارچە شیعرەی لە ڕەتدانـەوەی موفتـی زەهـاوی، بـاوکـی جـەمیل صیدقـی زەهـاوی، دانـاوە، لـەوەدا کـە موفتـی سـەلمـاندوویـەتـی «سـەبـەب»، بـە تـەئسیرە و «ئـەحوەل»ەکـەش هـەر موفتـیی تێدا مـەبـەستە. ئـەم بـاسـە لـە منـەوە بیسترا: سـاڵـی ١٩٣٨ (یان ئـەو دەوروبـەرە) کـە من بـە مێوانـی هـەمیشـەیـی لـە

ماڵی مەلا ئەفەندیی هەولێر، خوێندنی سانەویم تەواو دەکرد، موناسەبەیەك بوو مەلا ڕەفیق ئەفەندی، "خادم السجادە"، هاتە سەردانی مەلا ئەفەندی، دەوری دوو حەفتەیەك مایەوە و تا بڵێی لەزەتم لە قسەکانی دەبرد و بە گەلێك لادا، دەرگەی وتووێژی ئەدیبانەی دەکردەوە... یەکێك لەو شتانەی لەویم بیست، لەناو وتوێژی دوانی لەسەر نالی و ئەم قەصیدەیەی «ئەحوەل...» گوتی: موفتی زەهاوی پلارەکانی ناو قەسیدەکە و ئەحوەلی تەفرەقە نەظەری دەبردەوە سەر خۆی کە نالی ئەوی تێدا مەبەست بووە. ئیتر نازانم ئایا موفتی خێل بووە یان نالی لەبەر «سببیە» کە وەك شیرکە بەلای «وەحدەت ئاشنا»وە بە خێلی حیساب کردووە، کە خێل یەك بە دوو دەبینێ.

هەر لەبیرمە ڕەفیق ئەفەندی لە خوێندنەوەی شیعرە فارسییەکەی شێخ ڕەزا کە مەدحی صەدری ئەعظەمی پێ کردووە، کاتێك گەیشتە نیوە بەیتێك کە دەڵێ: «نە سازد چیزکی گر بر معاشم صدر أعظم ضم»، ڕەفیق ئەفەندی گوتی، ئەم قافیەیەی «ظم» و«ضم»ی وەك یەك داناوە وەیا «س، ص» دەکاتە قافیەی شیعرێك پێی دەگوترێ «شایگان– شایەگان»، کە ئەم حیکایەتەم بۆ مەرحوم هەژار گێڕایەوە، زۆر گەش بووەوە کە زاراوەکەی بۆ ڕوون بووەوە، حاجی قادر لە بڕە شیعرێکی خۆی دەڵێ «ئەم قافیە شایەگانە ئەمما...» سەرەتای قەسیدەکەشی ئەمەیە:

بەم نەحوەیە صەرفی عیشقبازی

موستەقبەلی زۆرترە لە مازی

ڕەنگە وشەیەکی تری تێدابێ لەجیاتی «زۆرترە»، وەك بڵێین «ڕوونترە...» یان هەرچی هەیە ببێ. دەبوو بڵێم قافیەی سەرلەبەری قەسیدەکەی مەدحی «صدر أعظم»، دووبارەکردنەوەی یەك وشە بوو کە سەرەتا بەمیان دەستی پێ کرد:

مَزَن بیهودە از فضل و هنر ای یار همدم دم

کە از فضل و هنر بهتر بُوَدْ دینار و درهم هم

لەم شیعرەی نالیدا، وشەی «عارف»، بۆ ئەهلی تەسەوف و عیلمی باطین، بەکاردێت. «عرفان»یش عیلمی سەر بە تەصەوفە. بەیتی دووەمی قەسیدەکە:

بەندە ئەزەل بە خەطی خۆی   قابیلی قیسمەتی بووە

ئیستە بە ئیقتیضای عەمەل جێگەیی خۆی طەڵەب دەکا

نوسخە هەیە، بەپێی شەرحەکە لە جیاتی «خەطی خۆی »، «حەظی خۆی»ی نووسیوە. من لەگەڵ «خەطی خۆی» ڕێکم. لە خەریکبوونم بە بەیتی چوارەم، ئەم لایەنە ڕوون دەکەمەوە:

شەرحەکە بەیتی سێیەمی بڕە شیعرەکە وشەی «ئیراك»ی نووسیوە، هەرچەندە قامووسم لا نییە پرسی بکەم؛ بەڵام وەهام بە دڵدا چووە وشەکە «ئەراك» بێت.

بەیتی چوارەم لە لاپەڕە ٩٩:

سەهم و نەصیبی ئەصلییە بەختی گیاه و گڵ نییە

تووتنە خەرجی سووتنە موودنە ماچی لەب دەکا

خوالێخۆشبووی شێخ نەجمەدینی شێخ کەریمی بەرزنجەی کۆیی، لە پیریدا بە کوڵ ئەم قەصیدەیەی دەخوێندەوە و لەم بەیتەدا دەیگوت ″بەختی گیا و گڵ نییە″ بێ سێودوو لێکردن، ئەم بەختەم بەلاوە ڕاستە. بەقیاس لەم ، دیارە «خەطی خۆی» دروستە نەك «حەظی خۆی»؛ چونکە دیتمان لە مەسەلەی تووتن و مۆرنەدا، بەخت دەورێکی نییە.

بەیتی دواتر:

لەومەی زەمان دەکەی کە بۆچ خوارییی ڕاستی دەوێ؟

غافلی دەستی ڕاستی خۆت خزمەتی دەستی چەپ دەکا

وشەی «لەومەی»، کێشەکەی ناقوڵا کردووە. بێگومان نالی «لومی زمان دکی» نووسیوە. پێویستە «لەوم» بێ نەك «لەومەی». من دیتوومە نووسراوە: غافڵە! دەستی ڕاستی خۆت....″. ئەمەیش ڕاگەیەنتر و شیرینترە. هەڵبەت ئێمە لە ئاست ئەدەبەکەی نالی بێ قسەین، یاخود من بێ قسەم، ئەگەر نا چ شیرینی دیار نییە لەوەدا، ڕاستە خزمەتی چەپە بکات یان نەیکات... کە بەندە لە ئەزەلەوە بە خەطی خۆی قابیلی بەشێك بووبێ، ئیتر عەمەلی پاش ملیۆنەها ساڵ چ تەئسیری دەبێ. ئیمامی عومەر گوتوەتی:″علیکم بأیمان العجائز...″ هەر ئەمەیشە لە «لە قەزا و قەدەر» دەوەشێتەوە.

لە لاپەڕە ١٠٠، بەیتی:

طووطییی تۆ لە حیرصی دڵ داوی طەمەع دەکاتە مل

بولبولی من لە عەشقی گوڵ تەغنییە وو طەرەب دەکا

«عیشق» ڕاستە نەك «عەشق»– بایی ئەوەی دەیزانم . لە نوسخەدا دیتوومە «طەوقی طەمەع» نووسراوە. ئەگەر داوە، ئەگەر طەوقە، مەبەس لێی ئەو خەتە نەقشینەیە بە دەوری ملی تووتیدا سووڕاوەتەوە و نالی کردوویەتە هۆی شکاندنەوەی پیاوی تەماعکار کە تووتییەکەی بەو داوە، بە خۆ و تەوقی ملیەوە.

بەیتی کۆتاییی بڕە شیعرەکە لە لاپەڕە ١٠٠:

نالی حەریفی کەس نییە، ئیلف و ئەلیفی کەس نییە

بەیتی ڕەدیفی کەس نییە، هەرزە نویسە، گەپ دەکا

شەرحەکە دایناوە حەریف، هاودەم... ئیلف و ئەلیف، هاوشان.... ڕەدیف، هاوسەر بێت. دیسانەوە دەڵێم قامووس و کتێبی ئەوتۆم لا نییە بۆی بچمەوە، لەو هێندەی بیستومە و زانیومە، من "حەریف" بە «خصم» دەزانم، مادەم وشەکە لەم تەرزە شوێنەدا بەکار هاتبێت. لە ئەسکەندەر نامەدا کە پاڵەوان دەردەست نەدەبوو، بەرانبەرەکەی دەیگوت «حریف پر زوراست». بەهەمەحاڵ تێبینییەك دێتە پێش: ئیلف و ئەلیف، وەك بزانم، واتای ئاشنا دەبەخشێ، وەك بڵێی دووبارە کردنەوەی «حەریف نەبوونی کەس» ڕادەگەیەنێ. بەیتی ڕەدیف: ئەم ڕەدیفە بە کەسێك دەڵێن لە دوای سواری سەر زینەوە سوار بێت، یاخود بڵێین پاشکۆی سوارە. بەیتی ڕەدیف، بۆ شیعر دەچێتەوە، لە زاراوەکانی شیعرە. ئەوەندەی دەیزانم کە نالی دەڵێ: «هەرزە نویسە گەپ دەکا»، بێباکیی خۆی لە ئاست خەلق ڕادەنوێنێ کە دێت بە هەرزە نویسی وتووێژیان لەگەڵ دەکات. تێشی گەیاندووین ئەم هەرزە نویسییە چ شاکاری وشە و واتای تێدایە.

قەسیدەی لاپەڕە ١٠١–١٠٥ «بولبولی طەبعم»، تا بڵێی دژوارە، نەك هەر لەبەر مەهارەتی نالی، بەڵکو گۆڕانی ڕێنووسی کە هەر نووسەرە، کەموزۆر، بێ ئەوەی خراپەی مەبەست بووبێ، دەسکارییەك یاخود هەڵەی تێدا کردووە. شەرحەکەش ئەم لایەنەی ڕوون کردووەتەوە. لە نموونەدا دەڵێم، ئەو دەستەواژەی «جەوهەری ذاتی ئەمن» سوێندی لەسەر بێ کە نالی وشەی «ئەمن»ی بە دڵدا نەهاتووە. من دیتوومە لە نوسخەیەکدا نووسراوە «ذاتی ئەحەق» هەر نەیسە!

شەرحەکە بەیتی یەکەمی قەسیدەکەی بەم جۆرە لێك داوەتەوە و ئەمەش دەقی بەیتەکەیە:

بولبولی طـــــەبعم ئەوا دیسان ثەنا خوانـــــی دەکا

نوکتە سەنجی و بەذلە گۆیی و، عەنبەر ئەفشانی دەکا

گۆیا نالی دەڵێ: تەبیعەتی عاشقی بە شەوق و زەوقم دیسانەوە کەوتە ستایش و پیاهەڵدان و وتنی قسەی نەستەق و خۆش و بڵاوکردنەوەی بۆن و بەرامەی خۆشی شیعری جوانی وەك عەنبەر کە هەموو لایەك ئەگرێتەوە... بەڵام نالی، ثەناخوانی و پیاهەڵدانەکە بۆ کێیە و بۆ چییە؟ بە هەڵەش بێ، دەبێ نیشانەیەکی لەبار بدۆزرێتەوە تا بەیتەکە بپێکێت و نەچێتە بۆشاییەوە. من وای بۆ دەچم مەبەستی نالی هەڵدانەوە و ثەناخوانیی شەخسی خۆیەتی. بەیتی دووەمی برە شیعرەکە، تا ڕادەیەکی متمانەبەخش ئەم لایەنە دەسەلمێنێت:

هەرکەسێ ئیظهاری دانایی بکات و مەقصەدی

خود پەسەندی بێ، یەقین ئیظهاری نادانی دەکا

ئەم بەیتە بە کەسی هەڵنەگوتووە، بگرە خەلقەکە دەشکێنێتەوە چ جایی پیاهەڵدان؛ بەڵام پاڵپشتە بۆ هەڵدانەوەی خۆی کە «نوکتە سەنجی و بەذلەگۆیی و عەنبەر ئەفشانی» یەکەی خودپەسەندیی تێدا نییە.

بەیتی سێیەم:

خەرقەپۆشێ کەی دەپۆشێ جەوهەری ذاتی ئەمن؟

بێتە نێو، جیلوەی بە زوشتی خۆی بە عوریانی دەکا

بەلامەوە «خەرقەپۆشی»، نەك «خەرقەپۆشێ» کە لە شەرحەکەدا بە صۆفی لێك دراوەتەوە. ئەگەر لە ئاست «جەوهەری ذاتی ئەمن»، نەعەوقێین و ذاتێکی چۆناوچۆنی بێ، پێی ڕازی بین، من وەهای بۆ دەچم: خەرقە لەبەرکردن چۆن جەوهەری ذات... دەشارێتەوە؟ ئەو ذاتە ... هەر هاتە ناو جیلوەی برشتی خەرقەکەوە، ڕووت و قووت خۆ دەنوێنێ.

من «برشت» پەسەند دەکەم: «بە زوشتی»، گەلێك بێ ئۆقرەیە لە نێو بەیتەکەدا و زۆر پینەوپەڕۆی گەرەکە هەتا دەگونجێتە مەعنایەکەوە کە موفرەداتی بەیتەکە، بێ هەناسە سواری، بەخۆیەوە دەگرن. ئەم «بە زوشتی»یە، وەك مێوانی بێ کارتە هاتووەتە سەر سفرە. لەگەڵ ئەمەشدا دەبێ هەزار ڕەحمەت بۆ گۆڕی فاتیح، کە ئەم هەموو ئەرکەی

هەڵگرتووە و چی کردووە و چی کردووە... ئنجا لەبەرەو کۆتاییی شەرحەکەدا، ئەویش «برشت»ی هەڵبژاردووە، هێندە هەیە، ئیعتیرازی لە «ذاتی ئەمن» نەبووە.

لە بەیتی سەرەتای لاپەڕە ١٠٣ کە سەرەتای ئەمەیە: «شاهیدی فکرم کە بێتە جیلوەگاهی دولبەری»، وشەی «دولبەر» لە دوانی ڕەمەکییەوە ڕۆییوە بۆ دوانی ئەدەبی، ڕاستییەکەی «دلبەر»ە، کورتە واوەکە مەعنای پێ ناهێڵێ. سەیرێکی لاپەڕە ٤٢٧ بکەیت لە نیوەی دووەمی بەیتی دووەمدا هاتووە: «ئەو شاهی دڵبەرە، نە شەهنشاهی دڵدەرە»، لەمیاندا، چوکڵە خراوەتە سەر «دل» تا بە قەڵەوی بخوێندرێتەوە و لەگەڵ «دولبەر» یەك نەگرنەوە. بەڵام ئەمە کارێکی بێ سوود و بێ جێیە؛ چونکە دلبەر هەر دلبەرە، بە چوکڵە وبێ چوکڵە، فارس بە «دل»ی دەخوێنێتەوە، کوردیش بە «دڵ»، ئەوەی لامی قەڵەویش دەرنابڕی دەیکاتە «در».

ئەگەر «دولبەر»، مەعنایەکی دیکەی هەبێ کە من نەمبیستووە، بمبەخشن.

لە بەیتی دووەمی هەمان لاپەڕەدا:

نووکی خامەی من کە بێتە مەعنائارایی کەمال

«مەعنائارایی»، بەیتەکە لەنگ دەکات، دەبێ «مەعنی ئارایی» بێت. ئودەبا، مەبەست شوعەرایە، لە شوێنی ئەوتۆییدا ئەو «ی» مەنقوصە، بە «ی» دەهێڵنەوە. لە نموونەدا دەڵێم، «تقوی» بە تەقوا دەخوێندرێتەوە کەچی کەلیم –شاعیری زێدە مەشهووری فارس– "بنیادی تقو را" ی گوتووە، نەك "تقوا را"؛ چونکە قافیەکە هەڵی ناگرێت و ڕێش دراوە بەو جۆرە ڕەفتارە. کوردەکە فێرە بە «تجلی – تەجەللی» لە شیعر و لە قسەشدا دەکاتە «تەجەللا». نالی خۆی وەهای کردووە لە لاپەڕە ٤٥٩، بەیتی یەکەم، «بنازم بەم تەجەللایە» هاتووە.

بەیتەکە ئەو مەعنایەی هەیە کە شەرحەکە بۆی چووە، کۆڵەکەی لێکدانەوەکەش «مانی»ی نیگارکێشە؛ بەڵام ڕەنگە، واتای تریشی لێ وەربگیرێ و لە ڕوویەکەوە دەشبێتە ناچاری.

دەزانین موبالەغە لای شوعەرای ڕۆژهەڵات نەك هەر ڕەوایە و بەس، بگرە لە سوننەتی ڕەواییش ژوورتر تێ هەڵدەکشێ. لەم بەیتەدا، بەتایبەتی، نالی دەستی بردووە بۆ ئەوپەڕی هونەری موبالەغەی پەسەند و مەقبوول لای ئەدیبان: «لە مەعنی ئارایی کەمال»دا، نالی ئەم «کمال – کەمال»ەی بە نیازی تێپەڕین لە مەهارەتی

نـەقشی مـانی هـێنـاوە. «صورەتی مـانی» هـەروەك مـانیی نیگارکێش دەگرێتـەوە دەشکرێ ببێتە «مان» و ضەمیری کەسی سێیەم، کە لێرەدا ″مضاف ومضاف الیە″ دەردەچن. بەو پێیە نالی دەڵێ: نووکی خامەی من کە بێتە مەعنی ئاراییی تەواو و بێ کەموکورتی، هەموو خەتەکانی، خەت بە خەت، ئیظهاری مان و نەفەوتانی نـەقشی وێنـەی ئـەو مـەعنـی ئـاراییـیـە تـەواو دەکـات... مـەعلوومـە مـەعنـای شتی نووسراوخەت بە خەت تەواو دەردەچێت... خەت لە دوا خەت واتا دەرسکێ، نەك بە یەکجاری کە مومکین نییە مەعنای بەیتێك یان غەزەلێك، سەرلەبەر، بە یەك وشە تەواو بێت.

سێبەرێکی کزی واتایەکی دیکەش لەوەدا دێتە بەر زەین کە «مانی» بۆ «مەعنی» ببرێتەوە و عەینەکەی سوابێت وەك کە لە «مانا»دا «مەعنا» مەبەسە و عەین سوواوە. بەمەدا «مەعنی»ی بەیتەکە و مەعنی ئاراییی نووکی قەڵەم دەبێتە صورەتێکی نەقشی ئاشکرا...

لە لاپەڕە ١٠٧ بەیتی دووەم:

بێتە حوجرەم، پارچەپارچەی مـوسوەدەم بکرێ بە ڕۆح
هـەرکـەسێ کـووتـاڵ و پـارچـەی بـێ بـەدەڵ سەودا دەکـا

لـە شەرحدا وای بـۆ چـووە کـە نـالی دەڵێ: ئـەوەی بـە دوای پارچەی گرانبەهادا دەگەڕێ، بابێتە حوجرەکەم، پارچەپارچەی ڕەشنووسەکانم بکڕێ و لە بریتیدا گیانی خۆی دانێ، هێشتا هەر قازانج دەکا.

شەرحەکە «بێ بەدەڵ»ی بە زێدەگران و لە نرخ نەهاتوو داناوە، ڕاستیشی بۆچووە؛ بەڵام لە هەمان کاتدا وشەکە «بێ موقابیل، بێ بریتی»ش دەگرێتەوە. لەم واتایەی بێ بریتی مەعنای شیعرەکە جوانتر دەبێ: نالی دەڵێ: هەرکەسێ بە ئارەزووی ڕۆحی، گیانی بیەوێ پارچەپارچەی موسوەدەی بێ بریتی «لە هەمان کاتیشدا لە نرخ نەهاتوو»، سەودا بکا، با بێتە حوجرەم. حوجرە لێرەدا هەم حوجرەی مەلا و فەقێ دەگرێتەوە، هەم حوجرەی توجار و بازرگانی ئیروو.

بەیتی کۆتاییی غەزەلەکە، یان قەسیدەکە، لاپەڕە ١٠٧:

شیعری خەڵقی کەی دەگاتە شیعری من بۆ نازکی؟
کەی لـە دیـقـقـەتـدا پـەتك دەعوا لـەگـەڵ هـەودا دەکـا

بەپێی شەرحەکە، نوسخە هەیە لە جیاتی «بۆ نازکی» «ئەی نالیا»ی هێناوە. هەردوو شێوە دەست دەدەن، هەرچەند «بۆ نازکی» پاراوترە. ئەوەکەی تریش تەخەللوصی "نالی"ی پێوەیە...

شەرحەکە لیرەدا «هەودا»ی، بە "تاڵی ریسمانی ئاوریشم" لێك داوەتەوە. دیارە «ڕیسمان»ی بە مل مەعناکەدا بریوە لە موقابیل «پەتك»دا. «تاڵ» خۆیشی داوە مووە چ ئاوریشم چ غەیری ئاوریشم. باشتریش ئەوەیە بڵێم داوە، مەرج نییە موو بێ.

لە لاپەڕە ٤٦٢ ئەم بەیتە:

حەڵقە حەڵقەی چ دەکەی داوی کەمەندی زولفت

بۆ دڵی خەستە کەوا بەستەیی هەودایێکە

لە شەرحدا «هەودا» بە «تاڵی موو»، بێ ئاوریشم لێك دراوەتەوە. ئەوەی ڕاستی بێ، مەبەس باریکیی هەودایە کە لەگەڵ «دیققەت»دا لێکەوە نزیکن. ئەگەر گوتبای "کەی لە نەرمیدا..." دەشیا هەودای نەرم پێویست بێ.

بەیتی یەکەمی لاپەڕە ١٠٩:

خێل و قیچە، یا بە غەمزە بۆ نیشانەی دڵ بە چاو

مەیلی ڕاست هاوێتنی موژگانی دڵ پەی کەر دەکا

شەرحەکە دەڵێ: لەوانەیە «مەیل» نەبێ «میل» بێ و لەم حاڵەدا «پەی کەر»یش بە «پەیکەر» دەخوێندرێتەوە بە مەعنا نیشانە. واتە: میلی ڕاست هاوێتنی گوللەی برژانگی دڵ، ئەکا بە نیشانە. ئەم واتایە لە جێدا نییە؛ چونکە دەبێت «... بۆ نیشانەی دڵ...دڵ نیشانە دەکا». وشەی «پەی کەر»یش هەر دەبێ «پەیکەر» بنووسرێت وەکو خۆراکی «دەسخۆر، دەمڕاست...».

بەیتی دووەمی هەمان لاپەڕە:

چاوی هەم ڕەنگی، گوڵی مەستی شەو و ڕۆژن مەدام

یەك لە نەشگوفتەی بەنەفشە یەك لە نەیلۆفەر دەکا

وشەی «مەدام»، وەکو بزانم «مودام»ە دوو مەعناشی هەیە: یەکیان «هەمیشە» کە لە «أدم، یدیم، مدام». ئەوی دیکەیان «شەراب» کە ئەمیان بەیتەکە پڕوچڕ دەکات و مەستییەکەی چاو دەسەپێنێ. لە ڕوباعییەکی خەیام ئەم «مودام»ە لە دێری چوارەمدا

دەردەکەوێت بە هەردوو واتا، بەداخەوە دێری سێیەم و بەشێکی چوارەمیم لەبیر ماوە:

بەر گردی پیالە ئایەتی هەست موقیم

... ... ... مـــودام خـــوانـــە نـــد ئـــانـــرا

شاڵڵا لەوەی نووسیم هەڵەم نەکردبێ. هەرچۆنێك بێ، «مودام»ەکە لە نێواندا سەلامەتە... نوسخەی ڕێکوپێکی ڕوباعیات لە ماڵەکەم هەیە، بەڵام نازانم کەوتووەتە چ پەنا و پەسێوێك بۆی بگەڕێم.

من دەقی ئەو بەیتەم لە نوسخەی دەستخەتدا دیتووە بەم جۆرە:

چاوی هەمڕەنگی گوڵە مەستی شەو و ڕۆژی مودام

یەك لە نەشکوفتە وەنەوشە، یەك لە نەیلوفەڕ دەکا

بەیتی سێیەمی لاپەڕە ۱۰۹ کە سەرەتاکەی نووسراوە: «عەکسی چاوی تۆ...» من بە هەموو عومرم هەر گوتوومە «عەکسی چاوی خۆت...» تومەز هەر وەهاشم دیتووە لەو نوسخەی بەر لە ۵۰–٦۰ ساڵ لە دەستدا بووە. لە تێکستەکاندا ئەم «خۆت»ە نییە، بگرە تێکستێکی دیکەی تێدا نییە. «خۆت»یش، ڕێکتر دێت، چونکە دەکاتەوە «تۆ عەکسی چاوی خۆت...»، ئەگەرنا دەبێتە «تۆ عەکسی چاوی تۆ».

بەیتی دووەمی لاپەڕە ۱۱۰، لە نیوە بەیتی دووەمیدا «لوطف و قەهری» هاتووە. من بەر لەم شەرحە هەر خوێندوومەتەوە «قەهر و میهری»، لە کۆنیشدا هەر وەهام دیتووە. ئاشکرایە «قەهر و میهر» پتر بە دڵەوە دەنووسێ لەلایەن مۆسیقای وشەکانەوە، شەرحەکە خۆیشی لە زۆر شوێندا بەڵگەی وەها دەکاتە هۆی هەڵاواردنی جۆری خوێندنەوەی بەیتەکان، بەڵام مەرجیش نییە هەموو جاران شاعیر وشەی هەرە پەسەندی بەکار هێنابێت، ئیتر ئەگەر «لوطف و قەهر»یش، حەقیقی بێ سەیر نییە.

بەیتی سەرەتای لاپەڕە ۱۱۱:

نـالـی ئـەم وەحشی غـەزالـە کـەس ئـەبـەر داوی نەکەوت

چـونـکـە شاهـێنی دووچـاوی تـیـژە دائـیـم سەر دەکـا

شەرحەکە دەڵێ: نالیا تا ئێستا کەس نەکەوتووەتە داوی ئەو یارەوە کە بپێکرێ و ئەویش بێ بیگرێ و ببیا؛ چونکە چاوە وەك شەهێنەکانی ئەوەندە تیژ و زووبینن، کە بۆ کەسێ ئەڕوانن تیری نیگایان سەر ئەکا و ناپێکێ.

ئەم واتایە لە زۆر لاوە پرسیاری لەسەر هەڵدەستێ: کە یار وەحشی غەزال بێ، چۆن داو دادەنێتەوە بۆ گرتنی خەڵق؟ گریمان مامز بوو بە ڕاوکەر، چۆناوچۆنی سەرکردنی تیری نیگا، دەبێتە هۆی ئەوەی خەڵق بە داویەوە نەبێ؟ هەر نەبوایە بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە لە جیاتی «داوی» «ڕاوی» هەڵبژاردایە وەك کە «چر» پەسەندی کردووە و لە شەرحەکەدا دیارە.

ڕاستیی واتای ئەم بەیتە، عەکسی بۆچوونی شەرحەکە و وادیارە هی خاوەن نوسخەکانیش بێت. نالی دەڵێ: ئەم وەحشی غەزالە ئەبەر داوی «یان ڕاوی» کەس نەکەوت؛ چونکە شاهێنی تیژی چاوی سەر دەکات، واتە بڵندنۆڕە، سەرووی داو و ڕاوی خەڵق دەکەوێتەوە... تۆ بێنە لە بەیتەکەدا، جێگەی چەند پیتێك بگۆڕە بە تەواوی بۆت ڕوون دەبێتەوە نالی ئەوەی گوتووە کە نووسیم: «کەس ئەبەری داوی نەکەوت» بکە بە «ئەبەر داوی کەس نەکەوت». ئەو صیغەیەی لە دیوانەکەدا هاتووە عەینی مەعنای ڕاست و دروست دەگەیەنێ؛ بەلام لە هەمان کاتدا، بە ڕواڵەت، ئەو مەعنا نادروستەش دەگەیەنێ کە شەرحەکە بۆی چووە؛ ئەمما هەر چونکە دەقی شیعرەکە واتایەکی محاڵی هەیە و بەسەر هیچ وێنەیەکی مومکیندا ناکەوێت، بە ناچاری مەعنا ڕاست و دروستەکە خۆی دەسەپێنێ. بێگومان نالی بە عادەتی بەرچاوی تویکڵداری شیعرەکانی ویستوویەتی تەپکە بۆ خەڵق دانێتەوە، وا بە زۆریش خەڵقەکە تێی دەکەون.

بەیتی سەرەتای لاپەڕە ١١٢:

تا موعەیەن بێ کە زۆرن دەسگری و دەسکوژی

فەرقی سەر، پەنجەی بە خوێناوی حەنا ڕەنگین دەکا

شەرحەکە، ڕاستە قسەکانی بە واتا ئاشکراکانی بەیتەکە لێك داوەتەوە بێ ئەوەی تێمان بگەیەنێ چۆناوچۆنی خەنە لە سەر و دەست گرتن بەڵگەی زۆربوونی دەسگر و دەسکوژە. ئافرەت نەبوو لە وڵاتی کورد بەر لە سەد ساڵ، خەنە لە سەر و دەست نەگرێ، بێ ئەوەی چ دەلالەتێکی لێ وەربگیرێ. بێگومان، هێمای بەیتەکە بۆ شتێك چووە کە خەنە تێیدا ببێتە بەڵگە، بەداخەوە من بۆ ئەو شتە ناچم...لێم دیار نییە.

شەرحەکە کە هاتووە «فەرقی سەرپەنجەی» کردووەتە دوو وشە «فەرقی سەر» و «پەنجە»، بۆ زێدە سەپاندنی زۆربوونی دەسگر و دەسکوژ، چ سوودێکی بە بەیتەکە و

وێنـە شیـعـریـیـەکـەی نـەگـەیـاندووە؛ چونکە ئەوەی   بـە خـەنـە سوور هـەڵـدەگـەڕێ «سەرپەنجەکان»ە، مووی سەری پێ سوور هەڵناگەڕێ: مووەکان ڕەشن، ڕەشتر دەبن بە خەنە و وەسمە. «فەرقـی سەرپەنجە»، مەبەس لێـی نیهایەتـی پەنجەکانە، کە بە زۆری، ژنـان نـینـۆك و گرێـی پـەنجەی  نـینـۆکـەکـانـیان لـە خـەنـە دەگرت... تـەوقـی سەر، کە شەرحەکە بە فەرقـی سەری داناوە، چ پێوەندییەکـی بە دەسکوژ و دەسگرەوە نییە، کە هـەردوویـان کاری دەست و پـەنجـەن.

من عوزری شەرحدەران تێ دەخوێنمەوە کە هاتوون شەرحـی هەموو دیوانەکەیان بە ملەوە گرتووە، بە لای تەبیاتـی مرۆوەش، کاری سەرلەبەر نابێ کەلێنـی تێ بکەوێ. بەڵام باشتر ئەوەیە کە مەعنایەکـی زۆرەملێی پێویست بوو، ئیشارەتێکـی بۆ بکرێت... ئەوەندەی من بەبیرمدا بێت لە تەوجیهـی ئەم بەیتە تەنها هەر دەلالـەتـی سوورایی نینۆکەکانە و مەهارەتـی وشە و مەعنا ئاراییی نالییە ڕەنگەکە دەکا بە «خوێناوی حەنا». بەڵام پترم تەما بە نالییە لەو هێندەی گوتم.

بـەیتـی دووەمـی لاپـەڕە ١١٢:

بـێ قسەی  غـونـچـەی دەمت کـاتـی تـەبـەسسوم ڕوو بـە ڕوو
هـەتکـی شوعلەی  بـەرق و نـەظمـی دائیرەی  پـەروین دەکا

شەرحەکە لە بەشێکدا هەر ئەوەی گوتووە کە ڕستەی دوو نیوە بەیتەکە پێمان دەڵێ. کاکڵـی شەرحەکە ئەمەیە: خونچەی دەمت، بێ ئەوە هیچ بڵێ، تەنها بە بەرەوڕوو وەسـتـان، لـە کـاتـی زەردەخـەنـەدا، بـە خـڕی  خـۆی  و بـــە دەرخستـنـی ڕیزی  ددانە سپییەکانت... هتد.

دوو تێبینیم هەیە لە ئاست ئەم شەرحەدا، یەکیان ئەوەیە کە هەتکـی شوعلەی بەرق و نەظمـی دائیرەی پەروین، ڕیزی ددانەکان دەیکەن، چونکە «دائیرەی پەروین»، خزمـی قـەوسـی ددانـەکـانـە و شوعلـەی  بـەرقـیش هـەر تریسکـەی  ئـەو ددانـانـە دەیکـەین بـە مەهتووك.

تێبینـیی دووەم ئەوەیە کە دەڵێ: «بێ قسەی غونچەی دەمت...» مەبەسـی ئەوەیە بڵێ دەمـی یار هەر بە غونچە مایەوە، ئەگەر بە قسە هاتبایە، دەبوو شکۆفە کە ناچار دەبوو دەم بکاتەوە. جگە لە وەی کە هەتکـی بەرق و پەروین پێویستـی نەبوو بە قسە و بەڵگە، تەنها زەردەخەنەیەك بەس بوو بۆی.

شەرحەکە بۆ ئەوەش چووە کە دەشێ «ڕوو بە ڕوو» بخوێندرێتەوە «ڕوو و بڕۆ»؛ بەڵام ڕێزمان مانیعە لەم بۆچوونە؛ چونکە بڕۆ و ڕوو لە کوردیدا جەمعن داوا دەکەن کۆتاییی بەیتەکە ڕاناوی جەمعیان بۆ بەکاربێت نەك «پەروین دەکا» کە بۆ تاکە. لەگەڵ ئەمەشدا بۆچوونەکە وەك سێبەری بەیتەکە مەقبووڵە بە ئارایشت.

بەیتی یەکەمی لاپەڕە ١١٣:

تیری موژگانت لە سینەمدا دەچێ بۆ پیری دڵ

هێندە کەچ ئایینە قەصدی خانەدانی دین دەکا

شەرحەکە ئەو «پیری دڵ»ەی ڕای خۆی و بۆ مەبەستی واتادروستی لە «پەڕی دڵ»ەوە گۆڕیوە. «پەڕ»یش، «پەڕڕی دڵ»، دەخوێندرێتەوە لەبەر کێشی بەحرەکەی.

لە پێشەوە دەڵێم «هێندە کەچ ئایینە»، جگە لە واتا ئەسلییەکەی، وەصفی موژگانەکانیش دەکات کە زۆر کەوانەیین. «هێندە کەچ...»، دەشێ بۆ یار بچێتەوە بۆ تیری موژگانیش... لەلایەن واتاوە «پەڕی دڵ» ئەو مەعنایە دەگرێتەوە کە شەرحەکە مەبەسیەتی لە «پیری دڵ»ی بخوازێتەوە؛ چونکە لە قورئاندا و لە مەعقوولاتی ئیسلامدا «دڵ»، مەخزەنی ئەسرارە و جێی کوفر و ئیمانە... کە دەڵێ «لە سینەمدا دەچێ بۆ پەڕی دڵ»، وێڕای «قەصدی خانەدانی دین»، وەهاش ڕادەگەیەنێ کە تیرەکە بە تەوژمە لە سینەدا ناوەستێ تا دەگاتە دڵ.

بەیتی دووەمی لاپەڕە ١١٣:

گوڵ بەدەم بادی سەباوە پێ کەنی یەعنی وەرە

تۆ لە وەصڵم بۆ بەرە، ئەو بۆیە بولبول شین دەکا

مصرەعی یەکەم بەشی «گوڵ بەدەم بادی سەباوە پێ کەنی»، لە بەیتی یەکەمی لاپەڕە ١٢٩دا هاتووە، لە جێی «یەعنی وەرە» «بولبول فڕی»، بووەتە کۆتاییەکەی. پێشتریش نموونەی ئەوتۆییمان دیت.

شەرحەکە بە بیروڕای عەلی موقبیل ڕازی نییە، با بڵێین لێی بێدەنگە، کە گوتوویەتی «ئەو بۆیە» لەبەر کێشی شیعر سووك کراوە، بە ئەسل دەبێ «ئەوە بۆیە...» بووبێت. ئنجا شەرحەکە دەڵێ:" ڕەنگە «ئەو بۆیە» نەبێ و «ئەو بە ویە» بێ؛ واتە: گوڵ لەگەڵ بای سبەیناندا ئەم قسەیە ئەکا و بولبول لەولاوە بۆ خۆی لە داخا دەس ئەکا بە گریان ..."

(سەیری شەرحی دیوانەکە بکە).

ڕاستییەکەی هیچ کامێك لەم تەئویلانە بە دڵەوە نانووسێن و لە نالیش ناوەشێتەوە، ئەگەر نەڵێم لە بنەڕەتدا ئەمە زمانی شیعر نییە، خۆ منیش چ تووشەیەکی ئەوتۆ لەم بەیتە وەرناگرم، خۆم لێی ڕازی بم: زرە واتایەك بە دنەدانی «ئەو بۆیە بولبول شین دەکا» و یەقینی هەبوونی واتا لە بەیتەکەدا لێم ئاسان دێ، دەری برم. ئیشکالەکە لە «ئەو بۆیە...»دایە کە جێگەی «مبتدأ»ی لە ڕستەدا گرتووە و دەبێ خەبەری هەبێ: ئنجا ئەگەر خەبەرەکەی بکەینە «بولبول شین دەکا»، واتای بەیتەکە وەهای لێ دێ: گوڵ بە بای صەبا دەڵێ: تۆ لە وەصڵم، لە گەیشتنت بە من، بۆن وەرگرە یان نەقل بکە «چونکە (بۆ بەرە) هەردوو واتا دەگەیەنێ» ئەو بۆنە بولبول شین دەکا، ڕەنگی شینی لێ دەکا بە زینەت.

ئەگەر لە سەردەمی نالی وشەی «بۆیاغ» کە تورکییە بە واتای «ڕەنگ»، وەکو ئێستا «بۆیە»ی پێ گوترابێ، لە ڕێی «استخدام»ەوە جێگەیەك بۆ خۆی دەگرێتەوە لە نێوان «بۆن و شین»دا.

لە بەیتی سەرەتای لاپەڕە ١١٤:

چاوی من بەحری موحیطی تۆیە بۆ دەفعی گەزەند

لێت موعەییەن بێ کە نالی گوڵ بە دڵ پەرژین دەکا

شەرحەکە دەڵێ: تۆ لەناو چاوی منداڵ... ڕێ نامێنێ چاوەکە ببێتە «بەحری موحیط»، دەریای دەوراندەوری یار. دەبوو شەرحەکە بڵێ چاوم وەکو بەحر دەوری گرتووی، نەك تێیدایت. لە وشەی «لێت موعەییەن» بێ، ئیشارەت هەیە بۆ چاو کە «موعەییەن» خۆی لە «عەین»ەوە وەرگیراوە.

لە لاپەڕەی ١١٤دا سەرەتای غەزەل دەڵێ:

یـابـدر عـلـوا وضـیـاء وکـمـالا

فـالـغـصن مـع الاصل الـی فـرعك مـالا

شەرحەکە لکە دار و قەدی دارەکەی بە قۆڵ و باڵی یار و لەش و لاری یار داناوە و زوڵفی ڕەشی بە شەو. گۆیا نالی دەیەوێ بڵێ: ئەی ڕووی وەك مانگی چواردە جوانی یار، تا ئەتوانی بەرزتر و ڕووناکی بەخشتر و پڕ و تەواوتر بە، چونکە شان و قۆڵی

یار لەگەڵ لەش و لاریدا، بەرەو زوڵفی درێژی بۆ داوێن شۆڕبووەوەی، لاربوونەتەوە و ئەگەر تۆ بەرزتر نەبیتەوە و ڕۆشنتر نەبی، شەوی درێژی زوڵفی ئەو ئەگاتە زەوی و دەوروبەری ئەگرێتەوە و ئەیکا بە تاریکستانی.

ئەم لێکدانەوەیە، چ پێوەندیی نییە لەگەڵ بەیتەکە. لك و قەدی دار، هی داری ڕاستەقینەن. کە ڕووی قسەش لەگەڵ بەدرە، یار مەبەستە لێی کە وەك مانگی خڕوپڕە لە بەرزی و ڕۆشنی و تەواویدا. چ داوای بەرزتربوون و گەشتربوون و تەواوتریشبوونیش پەیدا نییە نە پاتەوپات نە بە هێما.

لکە دار و قەدی داریش لاربوونەتەوە بۆ لای زوڵفی یار کە لەو بەرازییەوە زوڵفەکە گەیشتووەتە زەوی. ئەگەر ڕێم هەبێ دەڵێم، بە شێوەیەکی یەکجار تەماوی ئیشارەتێك هەیە بۆ ئەو حیکایەتەی مەشهووری ناو کتێبان کە «دار»ی وشك بۆ لای پێغەمبەر لار بووەتەوە و نالی لە موبالەغەدا بنەدار و لکەکانیشی بۆ لای زولفی یار لار کردووەتەوە.

ئەم بەیتە سەرەتایەکە سەربەخۆ، مەبەس نەبووە تێیدا، ئاخۆ چیی بە دوادا دێت.

بەیتی یەکەمی لاپەڕە ١١٥:

تاسونبولی زولفت لە نیهالی قەدت ئالا

من دوودی هەناسەم گەییە عالەمی بالا

لە شەرحەکەدا دەڵێ: کە دیتم زوڵفی وەك سونبولت باوەشی بە نەمامی بالاتا کرد و لێی ئالا، خەم و پەژارە دای گرتم کەوا چۆن خۆم لێی بێبەش بووم، بۆیە دووکەڵی هەناسەم بەرز بووەوە و گەیشتە ئاسمان. شەرحەکە لە دێری پاینتردا دەڵێ: ئەم بەراوردەی نالی لە نێوان شۆڕبوونەوەی زوڵفی یار و گەیشتنە ئاسمانی دووکەڵی هەناسەی خۆیدا کردووە، شاکارێکی هونەریی بەرزە.

نالی زوڵفی بە گوڵی سونبول نەچواندووە، چ شاعیرێکی دیکەش وەهای نەکردووە. تەشبیهەکە بە پەلك و لاسکی شلك و نەرمی سونبول دەکرێ. لەوەشدا کە نالی بەم بەیتە شاکارێکی هونەریی بەرزی ڕەساندووە ڕاستییەکی بێ شوبهەی گوتووە؛ بەڵام ڕاستییەکە ناتەواوە. شتێك ماوە لە بەیتەکەدا دەربخرێ کە بریتییە لە دوڕە هەرە بەنرخەکەی ئەم بەیتە: «عالەمی بالا»، هەر وەك ئاسمان دەگرێتەوە، پتر و جوانتر و شیرنتر و مەبەستتر «بالا»ی یار دەگرێتەوە. ئەوەی نالیش پێوەی خەریکاوە،

خەم و پەژارەی تێ ئالانی زوڵف لە قەدی یار نییە، چونکە زوڵفەکە و قەدەکە هی یەك کەسن، پەژارەی نالی لە حەپەسان بەرانبەر جوانی و سووتان و تینوەتییە بۆی. تا ڕادەیەك کە دووکەڵی هەناسەی دەگاتە «باڵا»ی یار، جۆرە ئامۆژناکییەکی تێدا بەدی دەکرێ... کە بەرز دەبێتەوە بۆ ئاسمان لە خۆڕایی دەڕوا.

بەیتی سێیەمی لاپەڕە ١١٥:

من گریە، ئەتۆ خەندە بە یەکدی دەفرۆشین

من لەعلی بەدەخشان و ئەتۆ لوئلوئی لالا

شەرحەکە لە پێشەوە، واتای بەیتەکەی لێك داوەتەوە بەو جۆرەی ئاشکرایە کە نالی فرمێسکی خوێنین و یاریش خەندەی لوولوویی بە یەکتر دەفرۆشن، «لەعلی بەدەخشان ڕەنگی سوورە بۆیە گوتم فرمێسکی خوێنین». دواتر شەرحەکە ئیحتمال بەوە دەدا کە کە نالی فرمێسکی لوولوویی و یاریش دیمەنی لێوە سوورەکانی، بە یەکدی بفرۆشن. ئەم واتایەی دووەم بێ بنەمایە، ئەوەندە بەسە ئەگەر گوتبای «... لەیەکتر دەکڕین» ئەوسا واتاکەی دووەم دەبووە کاکڵی بەیتەکە.

شتێکی کەم دەخەمە سەر واتا ڕاستەکەی یەکەم جار: لوئلوئی «لالا» ئەوەیە کە لە قەپێلکێکدا یەك دانە لوولوو هەبێ کە دروشت و نرخدارە. ئەگەر قەپێلك لە دانەیەکی پتر تێدابوو ئەوسا لوولووەکە پێی دەگوترێ، «لیلی» و ورد و کەمنرخە...

هەرچەندە بەناتەمامیش بێت، شتێك دەگێڕمەوە: مەلا ڕەفیق ئەفەندی "خادم السجادة"، لەو سەردانەی باداوەی مەلا ئەفەندی، لە موناسەبەی لوولووی ناو بەیتی شیعر دوو بەیتی عەرەبیی هێنایەوە ئەم لیلی و لالایەیان تێدا بوو؛ بەڵام بە مەهارەتێکی نایابەوە. بەیتەکە بە ئەصل وتووێژە لە نێوان عاشقێك و کیژێکی نازداردا:

رأيت غصنا على كتيب　　شبيه بدر اذا تلالا

فقلت ماالاسم؟ قال لولو　　فقلت لي...لي...فقال:لا...لا

-کتێبی ئەنیس مەنسوور: **كانت لنا ايام فى صالون العقاد،** لاپەڕە ٥٨.

قافیەی بەیتی یەکەم «یتلالا»یە، بەیتی دووەم پرسیارە و وەڵامە. ئەم «لیلی»یە دەبێتە «لی ... لی» بە واتای ئایە بۆ من بۆ من، لە هەمان کاتیشدا جۆری لیلی نیشان دەدا. «لالا»یەکەش، دەبێتە وەڵامی نەیار بۆ «فقلت لی...لی...» کە ڕەفزی مەتلەبەکەیە، دەشبێتە جۆری لوولووی پەسەند کە «لالا»یە.کتێبی: **كانت لنا ايام فى صالون**

**العقاد**-ی ئەنیس مەنسوور، ئەم دوو بەیتەی تێدایە کە موناسەبە هێناویەتی لە مەجلیسی عەقاددا، بەڵام ئەنیس مەنسوور نەیزانیوە لالا و لیلی دوو جۆری لوولوون، نایاب و بازاڕی، تومەز ئەدیبی کوردی وەك مەلا ڕەفیق پتر شارەزای ئۆین و ئاینی ئەدەبی کۆنن، لە تازە پێگەیشتووی دوای ١٩٥٠، خوێنەر بمبەخشێ لەم تێوەریخە.

بەیتی یەکەمی لاپەڕە ١١٦:

بادِرْ وَ أغرِ كوكبةَ البدر بداراً

قد فقتَ سنا الشارقِ لاذُقتَ زوالا

شەرحەکە وشەی «سنا»ی بەبەرزی و ڕێز داناوە، واتاکەی شتێکی دیکەیە، ئەویش «ڕووناکی»، لە بەیتەکەشدا کە دەڵێ «فقت سنا الشارق»، مەبەسی ئەوەیە کە تۆ ئەی یار لە ڕووناکیی «شارق» ڕۆژت تێ پەڕاندووە. وشەی «أغرِ»یشی بە «هێرش بەر» لێك داوەتەوە: ڕاستییەکەی «غار»، بە واتای ئاوابوو، ون بوو هاتووە، وێڕای واتای دیکەشی. ئەگەر هێرش، مەتڵەب بایە، دەبوو بڵێ «أغر علی كوكبە البدر». شەرحەکە دەڵێ: زووکە دەستوبرد کە هێرش بەرە سەر تیپی لەشکری مانگی چواردە و لە ناوی بەرە...دواتریش مەعنای «زوال» لێ دەداتەوە، بەوەی کە ڕۆژ لە ناوەڕاستی ئاسمان تێ دەپەڕی، ڕاستیشی بۆچووە، بەڵام واتای بەیتەکە ئەمەیە:

زووکە و بەر لە خۆرهەڵات، تاقمەی مانگی بەدر (یا چواردە یا پازدەی مانگی عەرەبی) ئاوا بکە. تۆ لە ڕووناکیدا ڕۆژت نزم کردووە. دەك هەرگیز «زەوال»ی نەچێژی. «زەوال»: بە کاتی نیوەڕۆ و بە «بەسەرچوون و نەمان»یش دەگوترێ. کە دەڵێ «زووکە و خێرا بە» سەبەبەکەی ئەوەیە کە بەدری تەواو لە پاش بەیانی و نزیك ڕۆژهەڵات یاخود لەگەڵ ڕۆژهەڵاتدا، ئاوا دەبێ کەواتە دەبێ یار خێرایی بکات دەنا ڕۆژەکە پشکی دەبێ لەو ئاوا کردنەدا هەرچەند لەچاو یاردا هەر کزە.

بەیتی دووەم :

طوڕەت وەکو تۆماری شکستە و سەری کوڵمت

بۆ نووری سەوادم بووەتە شەمعی موتالا

شەرحەکە دەڵێ: زوڵفی ڕەشی پێچپێچت، تۆماری نامەی بە خەتی شکستە نووسراوە... سەری کوڵمیشت وەك مۆمی داگیرساو وایە، من لەبەر ئەم مۆمەدا، تۆماری زوڵفت ئەخوێنمەوە... و تێی دەگەم.

شەرحەکە بۆ «سەواد»، خەتی ڕەشی بەردەست و بۆ خوێندەواری جارانیشی، داناوە... گەوهەری بەیتەکە لە «نووری سەوادم»دایە، ئەم سەوادە سێ مەعنای هەیە: یەکەم: خوێندەواری نەك خوێندەوار. جاران دەگوترا باسەواد... فلان، خەت و سەوادی هەیە. دووەم: ڕەشایی طوڕەی شکستە. سێیەم: ڕەشایی چاوی خوێنەر کە نالییە.

بەو پێیە سەری کوڵم، لە تۆماری شکستەی زوڵفی وەك شەویدا، بۆی بووەتە مۆمی موتالا لەبەرکردن. دیسانەوە سەری کوڵم بۆ سەوادی خوێندنەوەی بووەتە شەمعی موتالا، ئەویش لەناو طوڕەی شکستەدا.

دیسانەوە سەری کوڵم بۆ ڕووناکی ڕەشاییی چاوی «چاو سپی بێ کوێرە»، بووەتە شەمعی موتالا.

لەتافەتێکی نهێنیی خامۆش هەیە لە بەیتەکەدا کە مۆم هەر بەشەو پێ دەکرێت، سەری کوڵمیش لە ڕەشاییی وەك شەوی طوڕەدا بووەتە مۆم.

بەیتی یەکەمی لاپەڕە ١١٧:

ئەو چـــاوە غـەزالــە فـەتــەراتی سـەر و مـاڵــە

ئــەو نـەرگسە کـاڵـە نـە مـنـی هـێشت و نـە کـاڵا

شەرحەکە «فەتەرات»ی بە فەوتان لێك داوەتەوە کەچی کۆی «فترە»یە بە واتای «فتور»ە. نالی خۆی «فتوری چاوەکانت نانوێنی»ی گوتووە... خەڵقەکە بە زۆری «فەتەرات» یان بە مەعنای ناو شەرحەکە وەرگرتووە. «فتور»، خاوی و بێهێزی دەبەخشێ کە مەدحە بۆ چاو... دوور نابینم نالیش بەو مەعنایەی مەقسەد بووبێ، هەرچەند دەکرێ، دەقی شیعرەکە، وەك هەیە، فتوری چاو و هەلاکی سەروماڵیش ڕابگەیەنێ. لە ناو خەڵق ڕۆیشتووە کە شتێکی بە دڵ کرا یا گوترا لە بەرانبەردا بگوترێ: سەروماڵ، سەروماڵ... خۆم ئەم حاڵەتەم لە زۆر باردا دیتووە. نیوەی دووەمی بەیتەکەش دووپاتی واتای یەکەمی دەکاتەوە و تێرڕەنگی دەکات.

بەیتی دووەمی لاپەڕە ١١٧:

حوققەی فەلەکول ئەطلەس و ئەستوونەیی زێڕین

بـــــــێ بیکە بە تارای سەر و ترکەی خەز و والا

من ئەم بەیتەم بەم جۆرە دیتووە:

شیقـەی فـەلـەکولئـەطلـەس و ئـەستوونـەیـی زەڕین

بـــێ بـیـکـە بــە تــارای ســـەر و ســرکــەیــی والّا

لەم شەرحەدا دەبینم، «حوقە»، ئاسمان بێت، پێشتر تووشی نەبووم. «حوقە» بە «شووشە»، ڕۆیشتووە، وەك شووشەی دەرمان یا شەربەت...هتد. ئەگەر ئەم مەعنایە مەبەست بێت و بۆ ئاسمان بەکار هاتبێت هیچی بەسەر هیچەوە نابێت...

هەرچی «شیقەی فەلەك...»ە، بۆ واتای پارچە قوماش دەست دەدات و ببێتە تارای بووکێنی. سرکەییش لوول دەدرا و لە تارا و غەیری تاراش دەپێچرا، ڕەنگاوڕەنگیش بوو مناسبی پەلکەزێڕینە بوو.

بەیتی سەرووی لاپەڕە ١١٨:

دنـیـا بـە فیدای قـەدی بکـە، دامـەنـی بگرە

طـوبـی لـمـن اخـتـار عـلـی المـال مـآلا

شەرحەکە دوور کەوتووەتەوە لە مەعنای دەقی شیعرەکە و وردەکارییەکانی دەرنەخستووە، هەر ئەوە دەڵێ: دنیا بە قوربانی باڵای یار بکە و دەسەوداوێنی ببە، پارە قیمەتی نییە و سەرەنجام شتە. خۆزگە بەوەی بیر لە دوا ڕۆژ ئەکاتەوە و ئەیخاتە پێش ڕابواردنی ئێستاوە...

دەبێ بزانین «طوبی» داری بەهەشتە. بەو پێیە نیوە بەیتی دووەم دەڵێ: داری طووبا بۆ کەسێ بێت کە «مآل – سەرەنجام» هەڵدەبژێرێ بەسەر ماڵدا، واتە بەهەشتی دەوێ نەك دنیا. ئنجا دەبێ بزانین طووبای درەختی بەهەشت کە بەسەر ماڵدا تەرجیح دەدرێت، قەدی یار مەبەستە لێی بۆ کەسێکی دامەنی یار دەگرێ، دامەنەکەش «مآل – سەرەنجام»ەکەیە، طووبا هەڵبژێرە بە «مآل – سەرەنجام»، نەك ماڵ. دنیا فیدای قەدی بکە و دامەنی بگرە کە طووبا نەسیبی کەسێکە، مەئال مەبەستی بێ.

بەیتی دووەمی لاپەڕە ١١٨:

نـالـی بـە ئـومـێدی ظـەفـەری طـەوقـی تـەلیسمت

ماری سڕی زوڵفت لـە سـەر و گـەردنـی ئـاڵا

شەرحەکە هەمان قسەکانی بەیتەکەی کردووەتەوە بەپێی واتا ئاشکراکانیان کە گۆیا ناکامی و بەداوەوەبوونە.

وشەی «سڕ» ناگونجێ لەگەڵ ئاڵانی مارەکە لە سەر و گەردەنی نالی؛ چونکە «سڕ» جووڵەی نامێنێ لە شتان بئاڵێ. «سەر» لەبارە. «سەری زوڵف» لە سەر و گەردەن بئاڵێ مەدحێکی گەورەی تێدایە بۆ زوڵفەکە کە پێویست نییە هەموو مووەکەی بەکار بهێنێ بۆ تێئاڵان لە سەر و گەردەن.

وەك دێتە دڵمەوە نالی، لە پەنا حاڵەتی تێوەگلان لە ماری سەری زوڵف، دەیەوێ تێی بگەین کە زەفەری بە تەوقی تەلیسم بردووە؛ چونکە بەختەوەرییەکی زلە، زوڵفی یار تێی بئاڵێ... ناکامی ئەوەتە لە بەیتی سەرەتای غەزەلی دوایی دێت هەر لە لاپەڕە ١١٨:

حـیـرەت زەدە وا دیـدە وەکـو حـەلـقـەیـی دەر مـا

بـێ مـایـە نـیـیـە عـاشـقـی بێـچـارە، بـفـرمـا

شەرحەکە دەڵێ: چاوم سەرگەردانە، وەك ئەڵقە ڕێزی دیوی دەرەوەی دەرگە. بە هۆی هاتوچۆی خەڵکەوە دەلەرێتەوە و چاوەڕوانە یەکێکی تر دەرگاکەی پێ بکوتێتەوە... دەفەرموو بگەرە فریام. وا مەزانە عاشق هیچی لەدەستدا نییە...

نیوە بەیتی یەکەم ڕادەگەیەنێ کە چاوی نالی وەك حەلقەی دەرگەلێدان هەمیشە کراوەیە؛ چونکە حەلقەکە هەرگیز وێك نایەتەوە، چاوەکەش هەمیشە کراوەی چاوەڕوانی هاتنی یارە. نالی خۆی لە ژوورەوەیە و دەڵێ فەرموو دەرگە لێ بدە، عاشق مایەی عیشقی هەیە کە بەکەڵکی ئەو تەرزە هاتنە دێ، بێچارەیشە کە دیدەی شەو و ڕۆژ وەکو ئەڵقەی دەرگە کراوەتەوە.

بەیتی سەرەتای لاپەڕە ١٢١:

وا ظەن مەبە ڕوخسارەیی تۆ غائیبە قوربان

بـنـوارە چـلـۆن نـەقشە لـە نـێو دیـدەیـی تـەڕمـا

نالی ئیسپاتی قسەی خۆی کرد، کە ڕوخساری یار، هەمیشە لەناو چاودایە، بەوەدا دەکا کە دەڵێ: بنوارە، چونکە کە یار نۆڕییە چاوەکەی، وێنەی تێدا دەردەکەوێ.

بەیتی دواین لە هەمان لاپەڕەدا:

یـا تـوربـەتـێ یـا غوربـەتـێ با ڕێ بـشکـێنین

هەر مونتەظیرە نالی ئەگەر مرد و ئەگەر ما

شەرحەکە دەڵێ: یا غەریبیم بشکێنە و بانگم کە بێمەوە، ئەگەر بەسەر زیندوو بووم، یا ئەگەر مردم سەرێ لە گڵکۆکەم بدە...

بەیتەکە ئەوەی نەگوتووە کە شەرحەکە ڕای دەنوێنێ؛ چونکە نالی «توربەت»ی پێش «غوربەت» خستووە، بەمەشدا دەبێ بزانین نالی لەبەر خەفەتی دابڕانی لە یاری، چاوەڕوانی مردن پتر دەکات تا ئەوەی یار غەریبییەکە بشکێنێ. نیوەی دووەمی بەیتەکەش مردنەکە پێش دەخات.

دەقی بەیتەکەش نالەبارە؛ چونکە لە میسرەعی یەکەمیدا فیعلی «بشکێنین» دەست نادات بۆ «یا توربەتێ یا غوربەتێ»؛ چونکە ئەمانە کەسی سێیەمن فیعلەکەش هی کەسی یەکەمە، ئنجا «توربەتێ، غوربەتێ»ش دەست نادات؛ چونکە «توربەتێ، غوربەتێ» ئیزافە کراون بۆ کەسی سێیەمی تاك کە نالی خۆیەتی. نیوە بەیتەکە دەبێ ئەمە بێ:

«یاتوربەتی یا غوربەتی با ڕێ بشکێنین»

بەیتی سەرەتای لاپەڕە ١٢٢:

جەنانی وەك جینانی کردم بە ماوا

حەبیبەی «ماڵیاوا» ماڵی ئاوا

شەرحەکە دەڵێ: حەبیبەی ماڵیاوایی، خوا ماڵی ئاوا کا، دڵی وەك بەهەشت ئاوەدان کردمەوە و کردی بە جێ و ماوای خۆی.

لە بارەی «ماڵیاوا»وە خوێندوومەتەوە کە دێیەك بەو ناوە نەهاتووە (ڕەنگە لەم شەرحەشدا چاوم پێی کەوتبێ و ناچمەوە سەر شوێنەکەی لە دیوانەکەدا). ئەوەی بزانم لە شیعری مامۆستا زیوەر، کە مەدحی بەرزنجە دەکا:

خاکی بەرزنجە چەندە دڵگیرە

جێگەیی قوطب و ئەولیا و پیرە

کە دێتە سەر وەصفی دەوروبەری دەڵێ، فلانە شاخ «شاخی مایباوە»، نیوەی دووەمی بەیتەکە دەڵێ: «سەیری دەشتی هەمووی جەلای چاوە».

دەبێ ئەم شاخە لەگەڵ دێی ماڵیاوە هاوناو بێ و کەمێك گۆڕانی بەسەردا هاتبێت. ناشێ نالی لە خۆوە ئاوەدانییەك بە ساختە دروست بکات هەر بۆ ئەوەی واتائارایی

پەیدا بێ.

نالی کە دوعا بۆ یار دەکا و دەڵێ: «ماڵی ئاوا» پێشتریش گوتووەتی دڵمی کرد بە ماوا وەکو بەهەشت، دوعا بۆ دڵەکەی خۆیشی دەکات کە هەمیشە ئاوەدان بێ بە یادی یار.

بەیتی دووەم لە هەمان لاپەڕە، ١٢٢دا، بە پێی ڕێنووسی شەرحەکە:

حەڵاڵی بێ نیکاحی حووری عینم
بە جووتێ ناظیری شەرع و فەتاوا

بێگومان نالی نووسیویەتی: «حەلالی بی نکاح حور عینم». وشەی «عین»ەکە وەك نووسراوە بخوێندرێتەوە، دەبێتە صیفەت، بۆ «حور» کە جەمعی «حوریە»یە. دەشگونجێ «عەین»، بخوێندرێتەوە، ئەوسا «حور» دەبێتە موضاف بۆ «عەین». «ناظیر» هەم تەماشاکەر هەم «شاهد»ی مارەبڕین هەڵدەگرێت. بەو پێیە و بە تێبینیی وردەلایەنی دیکەش دەشێ بەیتەکە وەها بخوێندرێتەوە:

حەڵاڵی بێ نیکاحی حوور عەینم. نیکاح جگە لە مارەبڕین، بەیەك گەیشتنی نێر و مێش دەبەخشێ. لەگەڵ ئەوەشدا کە حۆری نیکاحی شەرعی، ناوی وا لە نیوە بەیتی دووەمدا، دوو شاهیدی شەرح و فەتوا حازری مارەبڕینەکەن. مەعناکە وەها دەردەچێ: عەینم نیکاحی حووری لێ حەڵاڵ بێ، بە جووتە شاهیدی شەرع و فەتوا. وەیاخود بەو جووتە ناظیر (کە دەکاتەوە جووتە چاو)ەی، وا تەماشای شەرع و فەتوا دەکەن. «ناظر» لە مەعنادا «شاهد»ە و موورادیفی یەکترن.

خوێندنەوەی دیکە ئەمەیە: حەڵاڵی بێ نیکاحی حووری عینم، بە جووتە تەماشاکەری «دوو چاو» شەرع و فەتاوا دروستە. دەشکرێ «حووری عەینم» بێ، فەرق ناکات.

نالی بەو مەهارەتە بێمانەندەی بە یەك شکڵ نووسین جارێکیان حۆری لە چاو مارەبڕ دەکات بێ نیکاح. جارێکیان شەرع و فەتوا دەکاتە دوو شاهیدی حەڵاڵبوونی مارەبڕینی حۆری. دوو چاوی سەیرکەری شەرع و فەتوا کە حۆری حەڵاڵ دەکا بێ مارەبڕین. ئا ئەو دوو چاوە هەر خۆیانیش دەبنەوە بە شاهیدی مارەبڕین. لە هەمان کاتدا چاوەکانی نالی کە بە شاهیدی شەرع و فەتوا نیکاحی حۆری بۆ دروستە و بێ نیکاحیش بۆی دروستە، ئائەو دوو چاوەی نالیش «ناظر ، شاهد»ی شەرع و فەتوان، واتە چاوەکانی کە لزوومیان نییە بە شاهید، دوو شاهیدی شەرع و فەتوا و دوو

شاهیدی سەیرکەر کە دوو چاوەکەی خۆیەتی ئەو نیکاحە حەڵاڵ دەکەن.

بەیتی سەرووی لاپەڕە ١٢٣:

زەفافەتگاهی پەردەی ئاڵی چاوم

موبارەك حەجلە بێ بۆ بووك و زاوا

خوێنەر سەیری شەرحەکە بکات بۆ بەراوردکردنی لەگەڵ ئەوەدا کە من بۆی دەچم، زۆریش لێکتر دوور نین.

لە بەیتی پێشوو، بەیەك گەیشتنەکە هی دیتنی یار بوو. لەم بەیتەدا پەردەی ئاڵی چاوی خۆی بە شوێنی بووکی هەوەڵ شەو دادەنێ کە بە عادەت ڕەنگی ئاڵ تێیدا بەرچاوە. بە دوا ئەمەدا لە بەیتی دواتر:

صیداقی ڕوونما وو وەصلی شاهید

لەگەڵ شاییکەران بێ دەنگ و داوا

شەرحەکە «ڕوونما» («ڕوونەما» ڕاستە چونکە فارسییە)ی بەو ئاوێنەیە داناوە کە لە گواستنەوەی بووکدا، ڕووبەڕووی بووکەکە، لەپێشیەوە هەڵدەگیرێ. وەك من بۆی دەچم «ڕوونەما»، ئەوەیە کە لە کوردەواری «سەرمەشقانە»ی پێ دەڵێن کە بە ئەصل «شەرم شکێنە»یە بەو پارەیە، یان بەو شتە نرخدارەی وەك زێڕ و خشڵ دەگوترێ لە شەوی بووکێنی زاوا دەیدا بە بووك و شەرمی پێ دەشکێنێ و پەردەی لەسەر ڕوو هەڵدەداتەوە، ئا بەوە دەگوترێ، ئەویش بەدوا صیداقدا دێت کە مارەیی مەبەستە لێی. بە هەر مەعنایەك بێت «صیداقی ڕوونەما»، دەست نادات؛ چونکە ئاوێنەی پێش بووك چ مارەیی پێوە نییە. دەبێ «صیداق و ڕوونەما» بێ وەك لە نوسخەی «ك»دا هاتووە. لە شەرحەکەدا دەڵێ: دەبوو ئەم بەیتە پێش کەوێت لە بەیتی ژوورووی؛ بەڵام وا بزانم جێی نەگۆڕیوە، چونکە لە مارەبڕیندا جارێ شایی دەستی پێ نەکردووە. لە بەیتی پێشوو، شوێنی بووك سازدراوە، لەمیاندا «وەصلی شاهید» مراز لێی وەصلی یارە کە «شاهید»، بە یاریش دەگوترێ (ئەگەر سەهووم نەکردبێ). دەبێ یار بچێتە پەردە و حیجلەی بووکێنی، هەتا ڕوونەما وەرگرێ. شتێکی سەر سەخت دەمێنێتەوە، دەبێ شەرحی بدەم لە نیوە بەیتی دووەمدا: نالی ئەم نیوەبەیتەی بە ڕێنووسی بەر لە سەد ساڵ پتر بەم شکڵە نووسیوە: «لکل شایی کران بی دنك و داوا». خۆشبەختانە لە کتێبەکەی د. کەمال مەظهەر: **کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی**، لە لاپەڕەکانی ٤٠، ٤١،

٤٢دا، نموونەی نووسینی کوردی، هی شوباتی ١٩١٤، لە گوتارێکی «بانك کرد» کە «بانگی کورد»ی مەقسەدە هێناویەتەوە لە نموونەدا: «سعی و تقدیر – دولتیکی عظیمی – امانش وکو ایمە انسانن فقط– همو کەسی مجبور تعظیم و تقدیر شخصیان دکن».

نالی کە لە ١٢٩٠ ك مردبێ، گوتارەکەی بانگی کوردستان لە ڕەبیعولئەوەلی ساڵی ١٣٣٢ ك لە بەغدا، بڵاوکرابێتەوە، ٤٣ ساڵ دوای نالی هاتووە. خوێنەر بۆ خۆی حوکوم بدات کە ئیملای ئەوسا چۆن بووە.

ئینجا ئەگەر بەو جۆرەی ڕێنووسی کۆن، نیوە بەیتەکە شەرح دەین، بە ڕێنووسی سەردەم دەبێتە «لەگەڵ شایی گران بێ دەنگ و داوا». «شایی» پارەیەکی ڕەوای ئەو سەردەمە بوو «شایی گر» ئەو کەسەیە شایی وەردەگرێ کە چاوەشی دەهۆڵ و زوڕنایە، خەڵقەکە لە خۆیانەوە بێ داوا و فێڵ، پارەکە دەدەن. دەبوو دەقەکە ئەمە بێ «لەگەڵ شاییگرانا بێ دەنگ و داو». بەڵام کێشی شیعری گۆڕیویەتی و گۆڕینەکەش ڕەوایە وەك لە نموونەی دیکەشدا دەردەکەوێ. زیوەر دەڵێ: «عەرەق نییە لە عالەما کە لابەرێ لە دڵ غەما»، لە جیاتی «غەم لە دڵا»... باوکم لە باسی هەڵاتنی ئینگلیزەکان لە شەڕی بێتوێن، دەڵێ: «بە بازێ چوونە بەغداوە لە دەربەند»، لە جیاتی «چوونە بەغدا لە دەربەندەوە». بەخشیشی کە دەدرێتە چاوەش، پێویستی بەوە نییە وەك ڕاوی مەل بە داوە مووسکە، دانە و داوی بۆ بەکار بێت لە لایەن چاوەشەوە. چیتر بەدوای بەیتەکە ناکەوم، درێژی کێشا.

لە لاپەڕە ١٢٤، بەیتی دووەم:

پەچەیی پەرچەمی یو پرچی سیا
هەر دەڵێی مانگەشەوە کولْمی تیا

شەرحەکە بۆ ڕوونکردنەوەیەکی جوان ڕۆیشتووە، کە دەڵێ: تەشبیهی پەچە و پەرچەمی ڕەش بە مانگەشەو، شتێکی سەیرە (چونکە لە پەچە و پەرچەمدا هەر ڕەشاییی شەو پەیدایە)؛ بەڵام وشەی [دەبوو بڵێ:دەستەواژەی] «کولْمی تیا»، مەسەلەکە ڕۆشن دەکاتەوە. پێش ئەم قسەیەی گوتوەتی:″ تەشبیهی مورەککەب و صنعەتی «ایهام» یشی بکارهێناوە، مەبەس لە ئیهام شوێنەگۆڕکێیە کە کولْمەکە چووەتە دوای مەنگەشەو و لەوێ خزاوە″. هەموو قسەکان تەواون تەنها یەك تێبینی دەمێنێ لەوەدا کە کولْم چووەتە ناو مانگەشەوەکە. مەهارەتی نالی وەهای کردووە

مانگەکە لە شەوەکە بدزێتەوە و کوڵمی لە جێگەدا دابنێ. هەڵبەت لە واقیعدا، مەبەس لە بەیتەکە ئەوەیە کە بڵێ: پەچەی پەرچەم و پرچی سیا کە کوڵمی تێدایە، هەر دەڵێی مانگەشەوە، بەڵام داڕشتنەکە بە زیادەوە بۆ کوڵم و پەرچەم و پرچ، واتا و زینەتی کۆکردووەتەوە لەسەر حیسابی مانگەکە، وەك کە نەخش و نیگار بەسەر جلوبەرگ و نوێن و دار و دیواردا خۆی دەکاتە ئەسلە مادە.

بەیتی سەرەتای لاپەڕە ١٢٥:

لادە دەسرۆکەیی هەوری لە جەبین

دەرکەوێ شەمس و قەمەر، نوور و ضیا

شەرحەکە لە دوو نوختە کورتی هێناوە: یەکێکیان ئەوەیە کە دەبوو بڵێ لە «شەمس و قەمەر و نوور و ضیا» ئیشارەت هەیە بۆ ئایەتی «وجعلنا الشمس ضیاء والقمر نورا». دووەمیان ئەوەیە کە دەڵێ: لە هێنانی «نوور» و «ضیا»یشدا، بە دوای «شەمس» و «قەمەر»دا، لەف و نەشری مورەتەب هەیە. لەف و نەشرەکە، موشەووەش هاتووە نەك مورەتەب؛ چونکە لە بەیتەکەدا «شەمس» بەرانبەر «نوور»، دەوەستێ و «قەمەریش»، بەرانبەر «ضیا». هۆی سەهووەکەش ئەوەیە کە شارح ئایەتەکەی قورئانی بەبیردا نەهاتووە کە لەوێدا «شەمس» ضیایە و «قەمەر» نوورە.

لە بەیتی دووەمی لاپەڕە ١٢٦:

مەمخەرە هاوییەی هەولی فیراق

دەستی من دامەنی تۆ ڕۆژی قیا

شەرحەکە دەڵێ «قیا» کە کورتکراوەی «قیام، قیامەت»ە کارێکی زۆر زمانەوانیی نوێیە هاوچەشنمان پێشتر لە کوردیدا نەدیوە. ڕەنگە، بۆچوونەکە ڕاست بێ؛ بەڵام دوو نوختە هەیە ڕوون بکرێتەوە: یەکیان ئەوەیە دەبێ تەفتیشێکی ورد لە هەموو شیعری کوردیی بەر لە نالی بکرێت. دووەمیان ئەوەیە کە لەهجەی کوردستانی جنووبی لە سەردەمی نالییەوە بوو بە زمانی شیعر لە کەمتاکورتێکی ئەوتۆ نەبێ کە بڕیاری لەسەر هەڵناستێ، بۆ دەستوور لێ وەرگرتن... مامۆستا محەمەد عەلی قەرەداغی لە کتێبی «کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی»، هەوڵێکی دڵسۆزانەی داوە بۆ وەدەستهێنانی نموونەی ئەدەبی ئەوتۆ پتر تێ هەڵکشابێ بەرەو ڕابووردوو لە سەردەمی نالی و کوردی و سالیم، جارێ ماویەتی خەرمانێکی لێ پەیدا بێ و

زەمانێکی دووری هەڵکردبێتەوە. لە پاش نالی، حاجی قادر بەیتی هەیە هەمان ڕەفتاری کردبێ کە دەڵێ: «تەماعی گەورەیی بێ چەك نەکەن نەك».

لە شەرحی بەیتی سەرەتای لاپەڕە ١٢٧ کە دەنووسێ: سەری فەرهادم و نووکی قوڵنگەکەی، ئیتر چیم ئەمێنێتەوە بۆ پانبوونەوە؟ دەبوو باسی پانبوونەوە نەکات؛ چونکە قوڵنگ لەش پان دەکاتەوە، سەرەکە لەت دەکات، وەك لە ئەفسانەی شیرن و فەرهاد هاتووە کە فەرهاد بیستی شیرن مردووە [بە درۆ مرێندرا بوو]، قوڵنگی بەرد تاشینی هەڵدا و لە هاتنە خوارەوەی سەری خۆی بەبەر دا و لەت بوو. جێی خۆیەتی بڵێم، دەبوو وشەی کوڵنگ لە بری قوڵنگ بەکاربێت لە نووسینی کوردیدا، چونکە ئالەتی کۆڵین و هەڵکۆڵینە وەك کە بێژنگ ئالەتی بێشتنی دانەوێڵەیە.

بەیتی دووەمی لاپەڕە١٢٧:

خاطری زاهیدی خالّی، خالّی

نییە، ئەلبەتتە، لە بێنێکی ڕیا

چەندێکیش کە حەز ناکەم، بەڵام بۆچوونێك هەیە بە چاوپۆشیی خوێنەر، دەری دەبڕم: وشەی «بێن» بە تەئویل بۆ ڕیاکاری دەچێتەوە و جێی خۆشیەتی. بەڵام لەگەڵ «ڕیا» دا بێ تەئویل و پاتەوپات «هۆ و ئەنجام»ن. وەك کە «قیا» «قیام»بوو، «ڕیا»ش ڕیانەواتە ڕێێن.

بەیتی یەکەمی لاپەڕە ١٢٨:

دوور لە تۆ، ئیدی مەپرسە، قوربان

حاڵی نالی کە نە مرد و نە ژیا

شەرحەکە دەڵێ: لەمەی زیاتر کە بۆم لێك دایتەوە، چی تر هەواڵی نالی مەپرسە... نە ئەوەتە بمرێ و بە جارێ لێ بێتەوە و نەوەکو خەڵکیش بە خۆشی ئەژی... لە دۆزەخی دووریدا، وەك دانیشتووی دۆزەخی لێ هاتووە کە قورئان باسی ئەکا و ئەفەرموێت «لا یموت فیها ولایحیی»، واتە نە تێیدا ئەمرێ و نە تێیدا ئەژی.

ئەو «ئیدی مەپرسە»، مەرج نییە دەلالەتی باسکردنێکی لەمەوپێشی هەبێ، زاراوەیێکە بۆ زلکردنی حاڵەتێك بەکار دێت لە گێڕانەوەدا، لەوانەیە بۆ کەسێك بە کاربێت کە پێشتر نەدیترابوو. ئیشارەتی شەرحەکە بۆ ئایەتی قورئان زیرەکانەیە.

دوو تێبینی هەیە مەعنای بەیتەکە تەواو دەکەن ئەویش لە دەستەواژەی «دوور لە تۆ» کە بە دوو مەعنا دێت، یەکیان دوعای چاکەیە بۆ چەپارەدانی یار، لە حاڵەتێکی وەکوو حاڵەتی نالی، واتە: لێت بە دوور بێ. دووەمیان بە واتای: لە دووریی تۆ...

بەیتی دووەمی لاپەڕە ١٢٨ کە نووسراوە: «ڕیشەکەی پان و درێژە، بۆ ڕیا خزمەت دەکا» دەبێ «... درێژی...» بێت دەنا ڕستەی دوایەوە پێوەی نانووسێ. شەرحەکە تەواوە. دەمێنێتەوە بگوترێ وشەی «بۆ ڕیا» کە نالی «بوریا»ی نووسیوە واتای گەسکیش هەڵدەگرێ...

بەیتی دووەمی لاپەڕە ١٢٩:

عاشقی صونعی حەقم، قوربانی ڕەنگی قودرەتم

چاوی ماوی، خاڵی شین، کوڵمی سپی، زولفی سیا

شەرحەکە ئەو تێکستە ڕەت دەکاتەوە کە لە جیاتی «صونعی حەقم»، «صوبغی...»ی نووسیوە. جارێ دەبێ بڵێم ئەگەر صونع ئەگەر صوبغ، نالی «صنع-صبغ»ی نووسیوە. «صبغ»یش «صوبغ» ناخوێندرێتەوە، «صیبغ» دەخوێندرێتەوە، هەر خۆیشی بەیتەکە دەوڵەمەندتر دەکات؛ چونکە لە قورئاندا «صبغة الله» هاتووە کە دەکاتەوە «صیبغی حەق». وشەی «صیبغ»یش بە واتای بۆیاغە نەك ڕەنگ، وەك کە لە شەرحدا هاتووە.

بەیتی یەکەمی لاپەڕە ١٣٠:

سەرگرانە قافڵە سالاری ڕێی چین و خەتا

چونکە باری عەنبەر و میسکە لە زولفەینی دوو تا

بێگومان نالی، «قافلە»ی نووسیوە. وشەکە «قافیلە»، دەخوێندرێتەوە و لەگەڵ پێداویستیی کێشی بەحرەکە دەڵێ: یار کە پێشڕەوی کاروانی ڕێی چین و خەتایە و بارەکەی بریتییە لە بۆنی خۆش، خەریکە و دەستی گیراوە؛ چونکە هەردوو تا باری زوڵفەکانی عەنبەر و میسکی بۆن خۆشە کە خاڵەکانی گۆنایەتی. یاخود: سەری سەر قافڵەی ڕێی چین و خەتا قورس بووە، چونکە هەر بە دوو تاڵ لە زوڵفەکانی بارێ عەنبەر و میسکی هەڵگرتووە.

من دەڵێم «سەرگران»، بە واتای سەر قورسیش دێت چ لەبەر مەستی بێت و چ لەبەر سەرێشەی خەفیف بێت. ئنجا ئەگەر «خەریك» مەبەس بێت، وەها ڕادەگەیەنێ کە یار

خەریکە، سەبەب بەوەی کاروانەکەی باری عەنبەر و میسکی لە دوو زولفی قافڵە سالارەوە هەڵگرتووە. چین و خەتاش، بەتایبەتی خەتا، مەشوورە بە میسک و بۆنی خۆش.

ئەگەر سەرگران لە مەستی وەیا سەرێشەی سووکەوە بێ، ئەوسا دوو تا لە عەنبەر و میسکی زوڵفەکانی ئەوسەری قافڵەباشییان قورس کردووە.

شەرحەکە کە «تا» بە «تاڵ» لێك دەداتەوە و عەنبەر و میسکی بێن خۆشیش دەکاتە خاڵەکانی گۆنای یار زۆر لە مەعنای دەق و وشەکانی بەیتەکە، دوور کەوتووەتەوە.

بەیتی یەکەمی لاپەڕە ۱۳۱:

صۆفییی مەستووری ڕووت و موفلیسی خستە طەمەع

سەیری خاڵی بێ حیساب و ماچی لەعلی بێ بەها

شەرحەکە وا دادەنێ کە مەبەست لێی ئەوەیە کە خوا گفتی داوە بە ئەهلی بەهەشت هەتا دەتوانن سەیری جوانیی حۆرییەکانی بەهەشت بکەن و لێوی ئاڵیان بمژن، ئا ئەو گفتە صۆفیی خستە طەمەعەوە... بەڵام تا بەڕاستی نەبێتە خواناس، هیچی دەسگیر نابێ.

من وەها نازانم مەبەستی بەیتەکە قیامەت بێ؛ چونکە هیچ ئیشارەتێك نییە تێیدا بۆ قیامەت. وشەی «مەستوور»یش هەروەك داپۆشراو دەگەیەنێ «زێدە مەست»یش دەگەیەنێ وەك دەگوترێ: چاوی مەستوور. «لەعلی بێ بەها»ش نەك بێ قیمەت و خۆڕایی، بەڵکو «لە نرخ نەهاتوو»ی مەبەستە...

دیمەنەکە هی دنیایە، مەستووریی صۆفیش هی حاڵەتی جەزبەیە، دەشکەوێتە طەمەع بە دیتنی دڵداران کە دەکەونە حاڵی لەزەتبردن لە دیتنی جوانی و مشتنی لێوی ئاڵی یارەکانیان.

بەیتی دووەمی لاپەڕە ۱۳۱:

ظاهیر و باطین، لەسەر لەوحی حەقیقەت یا مەجاز

ئاشنای سیری قەڵەم بێ، غەیری «نالی» کەس نەما

شەرحەکە درێژەی هەیە و خۆی دەکاتە تەواوکەری بەیتی پێشوو، کە من وا دەزانم بەیتێکی سەربەخۆیە. دەبوو بەیتەکە لە شەرحدا بۆی تێ بخوێندرێتەوە کە نەك هەر

«لەوح»ی «اللوح المحفوظ»ی تێدایە، بەڵکو «قەڵەم»یشی تێدایە کە لە قورئاندا هاتووە: «ن والقلم ومایسطرون». لەوحی مەحفووظ، قەڵەمی خواییی تایبەت بە لەوحەکەوە شتی تێدا دەنووسێ. هەروەها دەبوو لە ئاست «ظاهیر و باطین» بڵێ، «عیلمی ظاهیر و عیلمی باطین»یش دەگرنەوە، نەك هەر ئاشکرا و بزر.

لەلایەن دەلالەتی وشەی «نال» بە واتای ئەو مادە شکڵ لۆکەی ناو قەمیش، کە قەڵەم لەو قەمیشە دروست دەبێ، کە وشەکە «نال»ە نەك «ناڵ»و لەبەرەو هەرە کۆتاییی بەیتەکەشدا بووەتە نازناوی «نالی»، گۆیا ئەمە ئیسپاتە بۆ ئەوەی کە نازناوی شاعیر «نالی»یە نەك «ناڵی»، وەك هێندێ کەس ڕادەنوێنن. هەرچەندە من خۆم دڵنیام لەوەدا کە«نالی» نازناوەکەیە؛ بەڵام لەلایەن ئیسپاتەوە کورت دەهێنێ؛ چونکە نالی خۆی بەیتی ئەوتۆی هەیە «ناڵی» تێیدا هاتبێ و نازناویش لە بەیتەکە جێگیربووبێ وەك ئەمە:

صەوتی نەغمەی بولبولە یا چەهچەهەی خڵخاڵییە

دەنگی عوودە، یا لە ژێر پێی ناڵەناڵی ناڵییە

وا لێرەدا بەپێی داخوازیی واتائارایی، «نالی» بوو بە «ناڵی».

ڕوونکردنەوەیەکی پێویست:

من کە ویستم ئەم بەیتە بهێنمەوە بە شایەد، گەڕام بە دوا دەقی بەیتەکە لە کتێبەکەدا، بۆم نەدۆزرایەوە. ناچار ئەو شتەم نووسی کەوا لەبەر چاوی خوێنەردایە. جارێکی دیکە بۆی گەڕام بە پێی پێڕستی هەڵبەستەکان کە لە لاپەڕە ٧٤١ دەست پێ دەکا، دیتم ئەم فەردە لە لاپەڕە ٥٨٨دا نووسراوە، بەم دەقە:

صەوتی نەغمەی بولبولە یا چەهچەهەی خڕخاڵییە

دەنگی سۆلە، یا لە ژێر پێی ناڵەناڵی ناڵییە!

هەر لەو گەڕانەدا بۆم دەرکەوت کە بەدوا کاتەوە شەرحدەرەکان، لە لاپەڕە ٧٣٩ دان بەوەدا دەهێنن کە لە بەیتی، «ڕیشەکەی پان و درێژی بۆ ڕیا خزمەت دەکا»، ئەم «بۆ ڕیا»یە هەڵدەگرێ «بوریا» بێ بە واتای ئەو قامیشە باریکەی دەکرێ بە چیغ. من لەکاتی تێبینی لەو بەیتەدا، گوتوومە «بوریا»، بە واتای گەسکیش دێت. دەرکەوت چیغە نەك گەسك. خوینەر سەیری نەیەتەوە لەوەدا کە ناگەڕێمەوە بۆ ئەو هەڵەیە و ڕاستی بکەمەوە. من کە دەنووسم لەبەر دەرفەتی تەسك و بێ کەرەستەیی، ڕەشنووس و پاکنووسم یەك

شتە، کە هەڵەی ڕێنووس دەکەم، بە دەمی مووس دەیکرێنم و لە شوێنی خۆیدا دەینووسمەوە. ئەگەر لە پیتێك هەڵەم کردبێ هەر ئەو پیتە دەکرێنم.

بەیتی یەکەمی لاپەڕە ١٣٣:

زولفەینی بەخەم مار و بە حەڵقەن وەکوو عەقرەب

شیعری لەف و نەشرن، چ موشەووەش،چ مورەتەب

شەرحەکە «شیعر»ی نووسیوە کە دەبوو، «شەعر» بنووسێت هەرچەند نالی «شعر»ی نووسیوە و بۆ کاتی خۆی و ئێستاش، بەکار هاتووە و دێت.

کە «شەعر» – بەواتای موو– بێت بەوەدا بەیتەکە جوانتر دەبێ کە «شیعر» لاسایی «لەف و نەشر»ی زوڵفی کردبێ. لەو حاڵەتەدا «شیعر» لەف و نەشر بێ، ئا ئەم سورەتە دەبێتە واتای دووەم و وێنە سێبەرێکی زوڵفەکە.

بەیتی سێیەمی غەزەلەکە لە سەرووی لاپەڕە ١٣٤:

بەو شەهدی کەلامەت کە بە ئیشرابی لەطافەت

لەذەت دەگەیێنی بە دڵ و ذیهنی موخاطەب

شەرحەکە وەهای بۆ چووە کە: قسەی وەك هەنگوینی شیرینت، کە وەك چۆن بە ئاسانی و خۆشی قووت ئەچێ، تۆیش وا بە ناسکی بە گوێی گوێدەرا ئەدەی – خۆشی و ئارامی بە دڵ وبیری ئەوانە ئەگەیەنی کە قسەیان لەگەڵ ئەکەی.

من وەختی خۆی لە **چەپکێك لە گوڵزاری نالیدا** بۆچوونێکی جودام دەربڕیوە، ئێستا بە داخەوە دەستم بە کتێبەکە ڕاناگات، بە ناچاری پەنا بە یاد و بیرکردنەوە، بۆی دەچمەوە. من لە جیاتی «دڵ و ذیهن»– کە بە ڕێنووسی نالی خۆی بنووسرێن، «ذهن» دەنووسرێ نەك «ذیهن»، «دڵ و دهن»م پەسەند کردبوو کە دەکاتەوە «دڵ و دەم» بەڵام پیتی «ی» لە «دهن»دا دەوەستێندرێ لەبەر کێشی بەیتەکە، کە لە فارسیدا وەك بزانم «دەهەن» دەگوترێ.

دەزانین هەستکردنی دڵ بە هەر شتێك بێ، هەستێکی نامادییە. هی «ذیهن»یش نامادییە، هەرچی هەستی «دەهەن»ە مادییە. لە شەهدی کەلام ئەوەی بە دڵ دەگات شیرنایی مەعنەوییە، هەروەهاش «ذیهن». ئنجا ئەگەر «دەهەن» بێ، شیرنایی مادی لە «دەهەن»ەوە و هی مەعنەوی لە «دڵ»ەوە، سەرلەبەری شیرنایی دەگرنەوە. لە هەمان

کاتدا: وشەی «لەذذەت» لە ڕێنووسی کۆنیشدا، ئەو دەنگەی «ذ»ی گوشراوە کە دەکا دوو «ذ». شەهدی کەلامەکە بە پاراوکردنی لەطافەت کە حاڵەتێکی نامادییە، بە بەریەوە هەیە نوختەی یەك لە «ذ»ەکانی «لەذذەت» بپەڕێنێ. دیارە بەسەر «دڵ»ەوە ناوەستێ؛ چونکە واتا نابەخشێ، هەر دەمێنێتەوە بەسەر «دەهەن»ەوە بوەستێ و بیکاتە «ذهن» کە ئەوسا «دڵ» و «ذیهن» پێکەوە کامیاب دەبن، وێڕای «دەهەن».

مـن لـە تێبینییـەکـەوە بـۆ ئـەم واتـایـە چووم کـە ئـەمـەیـە: ئـەگـەر نـالـی ئـیشێکـی بـە «ئـیشرابـی لـەطـافـەت» نـەبـێ، «شەهدی کـەلام»، خـۆی بـەسـە لـەزەت بـەدڵ و ذیـهـن بگەیەنێ، ئەوسا ئەگەر ئیشی پێ نەبووایە بەتاڵاییی شوێنەکەی بۆ مەبەستێکی دیکە پڕ دەکردەوە.

کاتی خۆی لە **چەپکێك لە گوڵزاری نالیدا**، وەك لە بیرمە، بەیتێکی پاڵپشت بۆ ئەم واتایەم لە «مەحوی»یەوە هێنا بوو، ئێستا بۆ ئەو بەیتە ناچمەوە. لەوەشدا گوتبووم، غەیری «مەحوی»، چ شاعیرێکی دیکەی کورد ئەم مەهارەت و وردەکارییەی لە دەست نـەهـاتـووە، «مـەحـوی»ش لـەو کـارەیـدا شوێن پـێـی نـالـیـی هـەڵگـرتـووەتـەوە، نـەك بـە چاولێکەری، بەڵکو لە نوختە نیگای بەخۆدا ڕاپەڕموونەوە.

بەیتی سێیەمی لاپەڕە ١٣٤:

وەك صـۆفـیـی صـافـیـی مـەبـە ئـالـوودە بـە دونـیـا

بـێهـوودە مـوکـەدەر مـەکـە سەرچـاوەیـی مـەشرەب

شەرحەکە دەڵێ: خۆت وەك سۆفییە نەفام و سادە لەوحەکان، تێکەڵی دنیا مەکە و لە خۆڕایی سەرچاوەی کانیاوی ڕاستی و خواناسی لێڵ مەکە... بەڵام شەرحەکە تێمان ناگەیەنێ، لێڵییەکە لە چییەوە دێت! وەك من بۆی دەچم لە ڕێی «استخدام»ەوە نالی وشەی «ئالوودە بوون»ی بۆ ئەو واتا و سەبەبە بەکارهێناوە، چونکە هەر کەسێك خۆ لە هەر سەرچاوەیەك وەربدا، بێگومانە لێڵی دەکات (مەگەر لە چەمەنتۆ دروست کرابێ، کە ئەوسا پەیدا نەبووبوو)، سەرچاوەی ئاوی لێ خواردنەوەش، چ ئەوسا و چ ئێستا ، سروشتییە و بووە، نەك حەوزی مەرمەرە کە قوڕاو نابێ. مەشرەب هەم لێخواردنەوە و هەم مجێز و دڵ و دەرون دەگەیەنێ.

لە ئاست بەیتی سەرەتای لاپەڕە ١٣٥:

عـاشق هـەوەسـی مـەیـکـەدە وو عـیـلـمـی بـەسـیـطـە
عـاقـڵ طـەڵـەبـی مـەدرەسـە وو جـەهـلـی مـورەککـەب

دوو قسەم هەیە: یەکیان وشەی «هەوەس» کە حەز و ئارەزوو ڕادەگەیەنێ، هەروەها گیرۆدەیی مەراقی سەخت و خولیایش، بە دەستەوە دەدات. «بوالهوس»، زاراوەیەکی مەشهووری نێو ئەدیبانە. دووەم قسە ئەوەیە: خۆزی وشەی «عاقڵ» گۆڕاوی «غافڵ» بووبێت بە دەست نووسخە نووسانەوە.

لە بەیتی دووەمی هەمان لاپەڕەدا، وشەی «موستەحەق» هەڵەیە و بەکارهێنانێکی بازاڕییە، ڕاستییەکەی «موستەحیق»ە: ماف، سزا، پایە «موستەحەق»ن. خاوەن ماف، سزاکار، خاوەن پایە «موستەحیق»ن، بە گوشینی دەنگی «ق» لە هەردوویاندا، کێشی بەحرەکە مانیعی گوشینەکەیە.

لە شەرحەکەدا لایەنی «خسف»ی فەلەك ڕوون کراوەتەوە وەك کە قورئان لە بارەی قاروونەوە دەڵێ: «خسفنا بە وبدارە الارض». بەڵام لایەنی گرتن دیار نییە لە شەرحەکەدا. گرتنەکە دەچێتەوە بۆ «شەمس و قەمەر» کە لە نیوەی دووەمی بەیتەکە هاتووە: شەمس و قەمەری بە زیو و زێڕ داناوە. هەردووکیان لە بەدوا یەکتر هاتنی «زیو و زەڕی شەمس و قەمەرە»، شەرحەکە سەهووی کردووە کە دەڵێ: «لەف و نەشری مورەتتەبە»؛ چونکە ڕۆژ بۆ زیو دەچێتەوە و زێڕیش بۆ مانگ – بەمەشدا لەف و نەشرەکە مووشەوەشە؛ چونکە ڕۆژ زێڕە و مانگ زیوە.

لە بەیتی لاپەڕە ١٣٦:

قـەڵـلابـی جـیـهـان نـەقـدی عـەیـاری نـیـیـە قـوربـان
نـالـی مـەحـەکـی هـیـمـەتـی کـردوویـە موجـەڕەب

شەرحەکە وای بۆ چووە کە نالی خۆی خۆی بە مەحەکی هیمەت تەجرەبە کردووە... ئەم مەعنایە مەبەستە ئەسلییەکەی تێدا نییە، بەڵکو سێبەرە مەعنای ئەسلییە. نالی دەڵێ: جیهان بێبار (تەقلەبازە). پارەی ساغڵەمی نییە. نالی بە مەحەکی هیمەتی خۆی، ئەم جیهانەی لە عەیارە داوە و قەڵلابییەکەی دەرخستووە.

بەیتی لاپەڕە ١٣٧:

مـاتـەم وەکـو زولـفـەیـنـی سـیـەهـ، گـرتـی سـەراپـات
پـۆشـی لـە ڕوخـت تـەعـبـیـیـەیـی بـەیـدەق و شـامـات

شەرحەکە لە وشەی «شامات» کە بە وڵاتی شامیش دەگوترێ، بە سەهوودا چووە و دایناوە نالی لە شامەوە ئەم مەرسییەی بۆ مەرگی باوکی یارەکەی داناوە، ئیتر دەڵی، ماتەم... ڕێی لێ بڕیت چاوساغەکان کۆکەیتەوە بەرەو وڵاتی شام بکەویتە ڕێ... ئەم بۆچوونە هیچی بەسەر هیچەوە نییە. گریمان باوك مرد، ئایا حەبیبە لە کوێوە دەتوانێ بەرەو شام بکەوێتە ڕێ بۆ مولاقاتی نالی... تۆ بڵێی حەبیبە ئاگادار بووبێ لەوەی نالی دانیشتووی شامە؟ بەهەمەحاڵ، ئەمە یەك لە مەعناکانی شەرحەکەیە. مەعنای سێیەمی دەچێتەوە بۆ یاریی شەترەنج و دەڵێ: ماتەم ڕێگای کۆکردنەوەی پیادەکانی شەترەنجەکەتی لە ئەسپەکان گرت و بەهۆی ئەوەوە «شا» مرد و «کش مەلیك»ی لێ کراو دۆڕاندت.

بەیتەکە ناوی ئەسپی نەهێناوە؛ بە لەکارهێنانی وشەی «ڕوخ» – کە جاران «رخ» دەنووسرا و فارسیشە بە واتای ڕوو – سیلاحێکی شەترەنجی ڕەخساندووە کە پێی دەگوترێ «ڕوخ–ڕخ» و بە ئەسل باڵدارێکی مەیلەو ئەفسانەییە و لای عەرەبەکان «قلعە» ڕۆیشتووە. «بەیدەق»یش تەعریبکراوی وشەی «پیادە»یە. ئەم ماملەتە سەرلەبەرە و تەشبیهـ ئاراییە لە بنەڕەتدا سەری هەڵداوە لە وشەی «ماتەم» کە دەنووسرا «ماتم» کە هەم تازیە دەگرێتەوە هەم «من ماتم» دەگرێتەوە. «مات»یش زاراوەیەکی شەترەنجە «شەترەنجیش» لە «شەش ڕەنگ»ەوە هاتووە.

نالی ئەم قەسیدەیەی داناوە لە ڕۆژگارێکدا کە جارێ لە سلێمانی وەیا جێگەیەکی دیکەی ئەو هەرێمە بووە. ئەم تاکە بەیتە تەنها خۆی بەسە بۆ سەپاندنی ئەم ڕاستییە:

بـۆ گـریـەیـی تـۆ ڕەنـگـە مـنـیش هـێندە بـگـریـەم

گـەوهـەر بـڕژێنین بــــە بڵـــنـــدی قـەد و بـاڵات

«گەوهەر بڕژێنم» ڕاستە. ئایا ئەگەر لە شام بایە بە چەند ڕۆژان خەبەری ئەو مەرگەی پێ دەگەیشت؟ دەسا هەتا هەتایە مەرگی بۆرەپیاوێکی ئەوتۆیی لەو سەردەمانەدا ناگاتە شام، خۆ ئەگەر گەیشتبێتیش نالی ڕێی نابێ بڵێ، «گەوهەر بڕژێنین»، چونکە دەمێکە حەبیبە لە گریان بووەتەوە و کاغەزی نالیش بە ڕۆژەها ناگاتە حەبیبە و فرمێسکەکانیشی هەرگیز لەگەڵ فرمێسکە بەسەرچووەکانی حەبیبە کۆمەڵ نابن.

ئەگەر «ماتم»، بخوێنینەوە، بەیتەکە وەها دەخوێندرێتەوە: «ماتم وەکو زولفەینی سیەهـ گرتی سەراپات»، بە مەعنای «سیەهـ گرتووی سەراپات». ئەگەر «ماتەم»

مەبەست بێ، بەو جۆرە دەخوێندرێتەوە کە لە شەرحەکەدا هاتووە. لزووم نابینم چی دیکە بەدوای ئەم بەیتە بکەوم.

لەبەیتی سەرەتای لاپەڕە ١٣٨، شەرحەکە «تاقانە یەتیمی خەلەفی...»، بە چاکی ڕوون کردووەتەوە بەڵام هەمووی ئەفسانەیە لە ناو ئەدیباندا باوبوو. مەعلوومە «لوولوو–مرواری»، چۆن پەیدا دەبێ. «دوڕی یەتیم» ئەو لوولووەیە کە پێشتر باسم کرد پێی دەگوترا «لالا».

لە بەیتی سەرووی لاپەڕە ١٣٩، یەك تێبینیم هەیە: نەدەبوو لە واتای «ژالە»، بۆ لای «تەزرە» بچێ لە شەرحدا و بڵێ: «چاوەکانت» تەرزە کوتاونیەتەوە. دەبوو هەر واتای شەبنمی لێ بەمەبەست بگرێ. «تەرزە و تەزرە لە کوردیدا ڕۆیشتوون. لە فارسیدا «تگرگ»ی پێ دەگوترێ. لەمەوە وەها دەردەکەوێ، تەزرە ڕەسەنتر بێ؛ چونکە پیتی «ر» تێیدا کەوتووەتە ئەو شوێنەی کە پیتی «ر» لە «تگرگ»ەدا گرتوویەتیەوە. دەنگی «گ» لە زمانی هیندی ئەوروپاییەکاندا، دەگۆڕێ بە «ز» وەك کە «گنوست» بە واتای زانست و «ماگنا کارتا»، «مەزنە کارتا»ی لێ مەبەستە. «ئاگر» و «ئازر» یەك شتن...».

لە بەیتی دووەمی لاپەڕە ١٤١، نووسراوە، «هاذیم» لە شەرحیدا دووبارە «هاذیم» نووسراوە «لە هاذیمی لەذت»، بە مەرگ لێك دراوەتەوە. من وشەی «هاذم»م نەبیستووە. لەو بەیتەشدا بە «هادم»م بیستووە و خوێندووەتەوە، تەنانەت لە حیکایەتی ئەلف لەیلەدا «هادم اللذات، مفرق الجماعات»، هاتووە، هەروەها لە هەر کتێبێکی دیکەی وەصفی مردنی پێ کرابێ.

بەیتی سێیەمی لاپەڕە ١٤١:

ئەو پیری خەرەف، ئافەتی مەردی یو صەفا بوو

تۆ شۆخ و جوان، دوور بی لە ئافات و خەرافات

«ئافەتی مەردی یو صەفا»، ناچێتە دەفری هیچ ئەدەبدۆستێکەوە، چما نالی دوژمنی یارەکەیەتی تا باوکە مردووەکەی دژی مەردایەتی لە قەڵەم بدات؟ ئنجا مەردی و سەفا کەرەستەی مەیدانێك نین. مەردی و سەخاوەت... سەفا و کەیف. من بەلای خۆمەوە دڵنیام لەوەدا کە ئەم دوو وشەیە بۆ سەفا و مەروەی حەج دەچنەوە... کە لە نیوە بەیتی دووەمیشدا دەڵێ: «دوور بێ لە ئافات و خەرافات» «خورافات ڕاستە» ئیشارەتە بۆ ئەوەی ئەو پیرە خەرفاوە چوونە، حەجیشی لەگەڵ خورافات تێکەڵ بووە.

وەك بۆی دەچم سەدری بە یەك لە دووان هاتووە:

ئەو پیر و خەرەف ئافەتی مەڕوا و سەفا بوو

ئەو پیر و خەرەف ئافەتی مەروی وو سەفا بوو

«مەڕوا» کەش لەبارترە کە ئەلفەکە بریتییە لە «إشباع الفتحە». لە نوسخەی دەستنووسیشم دیتووە، بەم جۆرە نووسراوە.

کە نووسیم «پیر و خەرەف»، نەك «پیری خەرەف» لەوەوەیە کە ڕووی قسەی دێتە یار دەڵێ: تۆ «شۆخ و جوان» نەك «شۆخی جوان»، باوك و کچیش لە بەیتەکەدا تێك دەڕوانن.

لە بەیتی سەرەتای لاپەڕە ١٤٢، «گوڵ و مل» هەیە. دیسانەوە شەرحەکە هەر دووپاتی «مل» دەکاتەوە کە پێشتر ڕوونم کردووەتەوە «مول»ە بە واتای «شەراب».

لە بەیتی دووەمی هەمان لاپەڕە، وشەی «کەش و فش» بۆ «موباهات» ناشێ کە لە «بهاء»ەوە هاتووە، تەنانەت زەقاییی دەعیەشی تێدا نییە. «پێوە نازین»، بۆ موباهات لەبارە. کە دەشڵێ «موژدە هات کەوا بەهار بە فیز و فشەوە گەیشتە بەرەوە»، نازانین مەطلەبی چییە لەو «بەرەوە»دا، با بڵێم من نازانم ئایا «ثمر»ی مەقسەدە کە جارێ بەهاریش زووە بۆ بەر؟ من وەها دەزانم «گەیییە بەر» یەعنی گەیییە بەژن و لەش کە دەکاتەوە تاج لەسەرنانی گوڵ و مەخمەڵ پۆشینی چەمەن.

بەیتی دووەمی لاپەڕە ١٤٣:

نەجم و شەجەر و نەرگس و ئەنواری شکۆفە

جیلوەی چەمەنن یەعنی زەمین بوو بە سەماوات

شەرحەکە، نەجم و ئەنواری بە گیای بالاّ کورت و بە ڕێژەی کۆی «نەور – کە بە پێی شەرحەکە چرۆی ئەو درەختانە گوڵ ئەکەن»ی لێك داوەتەوە، گۆیا ئەو نەجم و درەخت و نەرگس و چرۆی درەختان وەهایان کردووە، زەمین ببێ بە سەماوات.

دەبێ بزانین «نجم و أنوار»، لە هەمان کاتدا بە واتای ئەستێرە و کۆی وشەی نوور هاتووە. ئەم دوو وشەیە بە مەعنای دووەمیان وەهایان کردووە زەمین ببێ بە سەماوات.

لە بەیتی بەرەوەتردا «عطر فشانە» هاتووە، ئەگەر «عەترفشان» بایە کە کورد دەڵێ

«عەتر» جێی خۆی بوو؛ بەڵام وەك بزانم لە عەرەبیدا «عِطر:عیطر» دەگوترێ.

لە بەیتی سەرەتای لاپەڕە ١٤٤، «ئاحادی هوزار»ی هاتووە کە مەبەست لێی بولبولە. پێشتر و لە دەمێکیشە ڕوونم کردووەتەوە کە هوزار هەڵەیە، هەزار ڕاستە. لە کۆتاییی شەرحەکەش، کاکە محەمەدی مامۆستا مەلا کەریم (لاپەڕە٧٤٠)، دان بەوە دادێنێ کە لەم وشەیە بەسەهوو چووبوون و ...هتد، بەڵام ناڵێ چۆناوچۆنی ڕاستییەکەیان بۆ دەرکەوتووە.

بەیتی یەکەم و دووەمی لاپەڕە ١٤٥:

چاوت لە برۆ یەعنی لە ژێر طاقی نەظارەت
بێ پەردە عەیان دێتە تەکەللوم بە ئیشارەت
شایستەیی شان، لایقی مل طورەیی تۆیە
نەك طورەیی شاهەنشەهی یو طەوقی وەزارەت

شەرحەکە هەردوو بەیتی لێك گرێ داوە، گۆیا مەعنایەکەشیان بەسراوە بە شیعری پاشەوەیەوە. وشەی «نەظارەت» بە وەزیری لێك دراوەتەوە. دیارە لەوەوە هاتووە کە لە سەردەمی عوسمانلی بە وەزیر دەگوترا «ناظر». ئەم بۆچوونە تەواو نییە؛ چونکە ئەگەر بە بەیتی دوایەوە پێوەندیی هەبێ، لەوێدا، «طەوقی وەزارەت» بێبایەخ کراوە دوای بێبایەخکردنی «طورەی شاهەنشەهی».

«نەظارەت»، بەلای منەوە، لەم شوێنەدا، تەماشاکردن و موراقەبە دەبەخشێ. دەمێنێتەوە «طاقی نەظارەت»: دیارە لەو سەردەمەدا جێگەیەك هەبووە طاقی نەظارەتی پێ گوترابێ و ڕاز و نیاز و سرکە و کورکەیەکی لێپرسراویی تێدا جاری بووبێ کە سەردەکێشێتەوە بۆ سزادان. شەرحەکە بەیتی دووەم دەکاتە گفتوگۆی چاوەکە (کە ئەمە لە محالاتە) بەو پێیە چاوێکی لە ژێر تاقی وەزیریدا بێ چۆناوچۆنی پەرچەم دەکاتە لایقی مل و تەحقیری طورەی شاهان و طەوقی وەزارەت، کە چاو خۆی وا لە ژێر تاقیدایە، دەکات؟ کەی پەرچەم ژوورووی چاو کەوتووەتەوە؟

بەیتی دووەم، سەربەخۆیە و قسەی نالییە ڕووەو یار. ئنجا ئەگەر بگوترێ، چۆن نالی تەوقی وەزارەت بە کەم دادەنێ لە حاڵێکدا چاوی دانا لە ژێر تاقی نەزارەت؟

وەڵام ئەوەیە کە چاو لە ژێر برۆدا بوو، نەزارەتیش وەزیری نییە، شتێکی دیکەیە. هەر چۆنێك بێ، برۆ چ قیاسی ناکرێ لە تەوقی وەزارەت بۆ لایەنی حورمەت.

بەیتی یەکەمی لاپەڕە ١٤٦:

سەر خاتیمەیی حوسنی عیادەت کە نەهاتی

باریٚ بگەرە فاتیحە وو دەئبی زیارەت

شەرحەکە وا ڕادەنوێنێ کە نالی لەم بەیتەدا دەڵێ: ئێستا مردووم وەرە سەر قەبرم. هەرچەند لە داب و دەستووری شیعر دەشێ شاعیر بە مردوویی قسە بکات، دیسانەوە، هەتا ڕێ هەبێ، قسەکە بدرێتەوە بە دەمی پێش مردن، مەعقوولتر و دڵپەسەندترە. ئنجا ئەگەر بڵێین: نالی بێ ئومێد بوو لە هاتنی یاری بۆ لای، بەر لە مردنی کە کەوتووەتە گیانەڵاوە، ئەو داوایە دەکا کە بۆ فاتیحە و سەر قەبرەکەی بێت.

لە بەیتی دووەمی لاپەڕە ١٤٦:

کێ دەستی دەگاتە بەهی و ناری نەگەیشتووت

لەو تەختە کەوا صاحێبی مۆرن بە صەدارەت؟

شەرحەکە وای بۆ چووە: کێ دەستی دەگاتە بەهێی مەمك و هەناری ڕوومەتت، بەسەر تەختی سینە و ڕووتەوە، کە هێشتا کاڵن و فەرمانی گرتنی لای سەرەوەیان دراوەتێ. بەهێ و هەنارەکە هەردووکیان بۆ جووتە مەمك دەچنەوە. هەردوویان خاوەن مۆرن لە حاڵی سەدرنشینیشدا. سەراحەت لەمە پتر چەنگ ناکەوێ کە جێی هەردوویان سەدرە. مۆرەکەش زاری بەهێ و هەنارەکەیە. «نەگەیشتووت» دەلالەتی تازەیی و نەگوشراوی دەگەیەنێ، کە دەستی کەسیش ناگاتە ئەو بەهێ و هەنارە، سەبەبێکیان ئەو تەخت و مۆر و صەدارەتەیە، سەبەبێکیش بەرزیی باڵای یارە بە موبالەغەوە.

بەیتی سەرەتای لاپەڕە ١٤٧:

دەسرۆکەیی هەوریی چ حیجابێکە کە تێیدا

شـمـسُ فـلـك الحسن أنـارَت فـتـوارت

شەرحەکە لە بارەیەوە دەڵێ: سەرپۆشی تەنکی هەوری چۆن جۆرە سەرپۆشێکە، ڕۆژی ڕووتی جارجارە لێوە دەرئەکەوێ و جارجار ئەشاردرێتەوە... ئەو لایەنەش

ڕوون دەکاتەوە کە وشەی «هەوری» وەك دەسرۆکەیە، نیسبەتیشە، وەلای «هەور» کە ڕۆژی ڕووی یاری تێدا دەشرێتەوە و دەریش دەکەوێت...

ئەم بزربوون و دەرکەوتنەوەیە لە مەبەستی بەیتەکەدا نییە. بە پێچەوانە، سەرسووڕمانی تەعبیری «چ حیجابێکە» لەوەدایە کە ڕۆژی فەلەکی جوانی «ڕووی یار» لەو حیجابە هەورییەدا گەشایەوە و پەنهان بوو. «توارت»، پتر پەنهانی تێدایە لە «احتجبت» و لە «غربت» نزیك دەبێتەوە. نە بە سەراحەت و نە بە هێما، وشە و تەرکیبێك لە بەیتەکەدا نییە، جارجارە دەرکەوتنەوەی ڕووەکە بە دەستەوە بدات. ئەو نیوە بەیتەی «شمس فلك الاطلس نارت فتوارت»، ئەگەر «نارت» بە واتای «أنارت» هاتبێ و «ال»ێکی تەعریفیش خرابایە سەر ئەطلەس و ببێتە «الفلك الاطلس»، وێنە تەشبیهێکی جوان پەیدا دەبوو بەوەدا کە فەلەکی ئەطلەس ئەستێرەی پێوە نییە، بۆیە بوو فەلەکناسەکانی ئیسلام دەیانگوت «وهو كإسمه غير مكوكب» واتە: وەك ناوەکەی بێ ئەستێرەیە، مەبەستیش لە بێ ئەستێرەیی «ئەطلەس»، بێ نوختەییە. ئنجا دەسرۆکە هەیە یەك ڕەنگ و بێ نەخش، لە بەیتەکەدا کتومت دەبووە فەلەکی ئەطلەس.

لە بەیتی دووەمی لاپەڕە ١٤٩:

لە سندووقی پڕی سینەم بترسە

کە ئاگر بەربداتە تەخت و تابووت

تێکستی «عم» لە جیاتی «پڕ»، نووسیویەتی «گڕ». لەو هێندەی بەیتەکە ڕای دەگەیەنێ، بۆ بەر زەینمان «گڕ» لەبارترە بۆ ئاگرتێبەردانی تەخت و تابوو. ئەگەر هاتبایە «تابوو» واتای هەبایە وەك لە ئینگلیزیدا هەیەتی دەشیا «تابووت» بە واتای «تابووی تو» بێت و ئەو لێکدانەوەیەی یەکەمی شەرحەکە «کە دەڵێ: بترسە لەوە، ڕۆژێ لە ڕۆژان بڵێسەی بتگرێتەوە: لە ژیانا بیت تەخت و تاراجت بسووتێنێ و مردبیت تابووتەکەت بکا بە خەڵوون»، جێی بۆ بکرێتەوە بە مەرجێك ئەگەر واتای تابوو یاریدەدەر بێ بۆ ئەم لایەنە. بەهەمەحاڵ، شەرحەکە گوێی نەداوەتە ئەوەی کە نالی بەپێی لێکدانەوەی ئەوتۆی زێدە دڕ و دوژمنانە دواوە. چەندی لە واتای بەیتەکە دێتە بەر زەینی گوێگر هەر ئەو واتایەی دووەمی شەرحەکەیە کە «ئاگر لە تەخت و تابووتی نالی بەر بدات». لەم حاڵەتەدا وشەی «بترسە»، جێی لەق دەبێ بەوەدا هۆی ترس لە بەیتەکەدا بۆ یار پەیدا نییە. بە تەئویلێکی نەختێك چاولێپۆشراو دەشێ

بگوترێ «تابووت»ی کۆتاییی بەیتەکە «تابووتت» بێت و «ت»ی دووەمی وشەکە قرتابێت بە پێی داخوازیی کێش و قافیە. ئەوسا هەردوو مەعنا جێیان دەبێتەوە.

بەیتی سەرەتای لاپەڕە ١٥٠:

لەبەر خەندەی لەبی لەعلی ئەتۆ بوو

کەوا شەکەر دەربـاری گوڵ دەپشکووت

نیوە بەیتی یەکەمی، بەم قاڵبەوە غەدرێکی گەورەی لە شکڵ و واتای شیعرەکە کردووە: شەرحەکە بە پێی لێکدانەوەی خۆی وشەی «لەعلی» داناوە بە کەلێنگر بۆ تەشبیهی لێو بە گوڵ. «لەعل» لەگەڵ «شەکر»دا ناڕوات «لەعلی نمەکین» هاتووە، بە واتای لەعلی خوێدار... نالی خۆی لە موناجاتەکەی ڕێی حەجی «شەفیری چاڵی شۆری هەر دەڵێی لەعلی نمەك پاشە»ی گوتووە. شەکر لە لەعل نابارێت.

ئەو نیوە بەیتەی «ئەوە لێوی ئەتۆیە پڕ لە خەندە» کە شەرحەکە بەلاوەی ناوە، خۆی تەنها خۆی بۆ بەیتەکە دەست دەدات. لێوی بێ پێکەنین بە غونچە دەڕوات، کە خەندەی لەگەڵدا بوو بە گولی پشکووتوو دەڕوات. عەینی خەندە خۆی لە هەر دەقێکی بەیتەکەدا بێت، شەکربارینەکە بە دەستەوە دەدات.

بەیتی دووەمی لاپەڕە ١٥١:

چ شیـریـنـە خـوطـووطی دەوری لـێوت

بـەڵـێ مـەعـلوومـە خۆشە خەطی یـاقووت

شەرحەکە خەتەکانی دەوری لێوی بە گەندەموو لێك داوەتەوە. چ ناچارییەك لە بەیندا نییە، خەتی دەوری لێو بە گەندەموو لێك بدرێتەوە. جارێ با لە پێشەوە بڵێم وشەی «دەور»، واتای دەورکردنەوەی کتێب و نووسراویش دەبەخشێت، لێرەشدا خەتی یاقووت هەیە بۆ دەورکردنەوە. ئنجا لێوی خۆی کە بە دەورەیە چ لە عەینی لێوەکە بێ و چ لە ڕۆخی خودی لێوەکە، خەتی وردی پێوەن کە دەزانین لێو لووس نییە، وەك هەسان. ئەگەر مەدحەکە بۆ کوڕی سادە بێ، گەندەموو، لەویش زبرتری بۆ دەست دەدات.

کە دەشڵێ «بەڵێ مەعلوومە خۆشە»، دوو نیشانە دەپێکێت: یەکیان خەتی یاقووت، ئەوی دیکە «شیرینی» خوطووطی دەوری لێو کە هەر خۆیان خەطی یاقووتن.

بەیتی یەکەمی لاپەڕە ١٥٢:

ئەی سەروی بوڵەند قەد و برۆ تاق و مەمك جووت!

کێ دەستی دەگاتە بەی و ناری نەگەیشتووت؟

نیو بەیتی دووەم لە غەزەلێکی پێشووتردا نیوە بەیتی یەکەم بوو. لەوێدا گوتم «بەی و نار» بۆ جووتە مەمك دەچێتەوە نەك وەك شەرحەکە «بەی»ی بۆ مەمك و «نار، هەناریش»یشی بۆ گۆنا داناوە. لەم بەیتەشدا هەمان شتی دووبارە کردووەتەوە، هەر دەشبوو وەها بکات، منیش هەمان قسەی ئەو شوێنەم دووبارە دەکردەوە. «بوڵەند» دەبێ «بولەند» بێ؛ چونکە «ڵ» لە فارسیدا نییە.

دوو بەیتی لاپەڕە ١٥٥:

عومری بێ حاصڵی من، چوو بە عەبەث

ئەمەکم هەرچی هەبوو، چوو بە عەبەث

میهری بێ میهری ڕوخت گیراوە

لە منی سایە صیفەت چوو بە عەبەث

دەبوو نیوە بەیتی یەکەم ، قافیەکەی، «بوو بە عەبەث» بێ، لەبەر چەند سەبەبێك: یەکێکیان ئەوەیە کە سێ قافیەی بەدوا یەکتردا هاتووی «چوو بە عەبەث»، عەیبە لە شیعر. دووەمیان ئەوەیە ئەگەر کۆتاییی بەیتی دووەم بکەینە «بوو بە عەبەث» عەیبی دوو قافیەی بەدوا یەکدیدا هاتووی بەیتی یەکەم دەمێنێ و عەیبترە لەوەی قافیەی دوو بەیتی جودا یەك شت بێ، سەرەڕای ئەوەی کە «چوو»ی کۆتاییی بەیتی دووەم، جگە لە «ڕۆیی، نەما»، واتایەکی دیکەشی هەیە کە «لێکترچوون: تشابە» دەبەخشێ، بەوەدا کە گیرانی ڕووی یار «کە بە ڕۆژ حیساب کراوە»، وەهای کرد لە «نالی»ی سایە سیفەت بچێ. ئەم واتایەش کە لێکترچوون دەبەخشێ سەبەبە نالی ڕازی بکا بە هاتنی دوو «چوو» لە قافیەی دوو بەیتی دراوسێ مادام واتایان جودایە.

وشەی «ئەمەك»، جگە لەوەی بازاڕییە و گۆڕاوی «نمەك»ە بەسەر زارانەوە، بە زۆرەملێ نەبێ جێی لە بەیتەکەدا نابێتەوە، مەگەر بسەلمێنین هەر وشەیەکی کێش تێك نەدات، قبووڵ بێت وەك ئەوەی بڵێین: تووتنم هەرچی هەبوو چوو بە عەبەث. دیارە «ئەمەلم» لەجێدایە.

نیوە بەیتی دووەم لە سەرووی لاپەڕە ١٥٧:

شیرین کچ و لەیلا کچ و سەلما کچ و عەذرا کچ

یەك بڕگەی زیادە لە کێشی بەحرەکە، دەبێ «و»ی دوای کچی دووەم لاچێت:

شیرین کچ و لەیلا کچ سەلما کچ و عەذرا کچ

بەحرەکە چواردە بڕگەییە، ئەمیان بووەتە پازدەیی و مۆسیقای ناوەکیی بەحرەکەش پازدەیی قبووڵ ناکات وەك کە هەندێ بەحر قبووڵ دەکات، لە نموونەدا دەڵێم:

خاو و بێ خاوی دو زوڵفی خاوم ئەز

یازدە بڕگەییە، کەم و زیاد هەڵناگرێ

«عومری بێ حاصلی من چوو بە عەبەث»، ئەمیش یازدە بڕگەییە، بەڵام نیوە بەیتی یەکەمی کۆتایی غەزەلەکە:

نالی ئەم غونچە دەمەبیزارە [یاخود بێ زارە]

دە بڕگەییە و لەنگیش نییە. نیوەبەیتی دوای خۆی:

مەکە ماچی دەمی ئەرجوو بە عەبەث

یازدەییە و ناشبێتە دە.

لە بەیتی دووەمی لاپەڕەکەدا، وشەی «ڕۆشن» هی زاری ئێستاکەی بەشێکی کوردەوارییە، نالی «روشن»ی نووسیوە و گومانیش نییە لەوەدا کە «ڕەوشەن»ی مەبەست بووە. پێشتریش عەینی مەبەستم دەربڕیبوو، تەنانەت وەك لە بیرمە «ڕەوشەن بەدرخان»یشم بە بەڵگە هێنابووەوە. نالی کە بڵێ: «وەرە سەر بام بامداد...»، بێگومان «ڕەوشەن» بەکاردەهێنێت. بەشی زۆری هەرە زۆری ناوی کچی کوردی ئەم ڕۆژگارەش، هەر «ڕەوشەن»ە.

لە بەیتی دووەمی لاپەڕە ١٥٨:

بێ بێنە گوڵێ ژاڵە، هەم بێ بەرە، هەم تاڵە

قەد سەرو و سنەوبەر کچ، چاو نێرگسی شەهلا کچ

کاشکی دەمزانی وشەی «نرگس – کە بە نێرگس نووسراوە»، ئایا نالی «نرگس» یاخود «نیرگس»ی نووسیوە؟ مەنتیقی ئەو سەردەمانە، بێ مەکەمەکە «نرگس»ی

سەلماندووە، ئەگەر «نرکس» نەبووبێ.

بەیتی دووەمی لاپەڕە ١٥٩:

جەزلی ثەمەر و سایە بۆ صەولەتی ئەعدا کوڕ

نەخلی ثەمەر و مایە بۆ دەوڵەتی دنیا کچ

بە دەست خۆم نییە، وشەی «ثەمەر»، لە بەیتی دووەمدا وەك دوومەڵ دێتە بەر تەبیاتم؛ چونکە هەر واتای «نەخلی ثەمەر»ی نیوەبەیتی پێش خۆی، هەڵدەگرێ بە واتای بەر، بەرهەم. بەلامەوە لە ڕادەی بەڵگەنەویستدایە کە «ثەمەر»ی دووەم، «سمر» بووە بە واتای ڕابواردنی شەوانە و «سەمەر» دەخوێندرێتەوە. کە سەیری شەرحی بەیتەکەش بکەیت، لە ئاست «ثەمەر»دا، لە بەیتی دووەم، دەڵێ: بۆ ڕابواردن... بەڵام خۆی لە «ثەمەر»ەکە دزیوەتەوە؛ چونکە بۆی نەگونجاوە پاتەوپات بیباتەوە بۆ ڕابواردن. «نەخلی سەمەر و مایە بۆ دەوڵەتی دنیا کچ» زادەی هەناو و قەڵەمی نالییە.

بەیتی سێیەمی لاپەڕە ١٥٩:

کوڕ زیبی دەبوستانە، کچ شەمعی شەبوستانە

بۆ بەزمی تەماشا کوڕ، بۆ خەڵوەتی تەنها کچ

لە شەرحدا دەبوستان هاتووەتەوە؛ بەڵام شەبوستان کراوە بە شەبستان و واتاکەشی بە تاریکستانی لێك داوەتەوە. وادەزانم دەبوستانیش دەبستان بێت، بەڵام بێگومان «شەبستان» ڕاستە نەك بە واتای تاریکستان؛ بەڵکو بە واتای ژووری مەحرەمی خاوەن ماڵ کە شەوانە تێیدا ڕادەبوێرێت.

لە لاپەڕە ١٦٠ لە نیوەبەیتی سەرووی لاپەڕەکە وشەی «نەشگوفتە» هاتووە. گەڕامەوە بۆ لیستەی هەڵەکان، ئیشارەتی بۆ نەکراوە، دەبێ لەبیریان چووبێ... بەڵام دەبینم لە شەرحیشدا «نەشگوفتە» هاتووە، وادەزانم «نەشکوفتە» ڕاستە بە واتای نەپشکووتوو.

لە بەیتی دووەمی لاپەڕە ١٦١، نیوە بەیتی یەکەمدا، وشەی «گوڵبەن» نووسراوە. لە قەصیدەی لاپەڕە ٥٤٤ وشەکە «گوڵبن» هاتووە. بێگومان نالی «گلبن»ی نووسیوە، ڕەنگە «گ»ەکەشی بە «ك» نووسیبێ. وابزانم «گولبُن» ڕاست بێ.

لە بەیتی سێیەمی لاپەڕەکەدا، «تێیدا» کێشی شیعری تەنبەڵ و ناجۆر کردووە،

«تیا» شیاوی جێگاکەیە.

لـە بـەیـتـی دووەمـدا دەبـوو بـڵـێم وشەكـانـی، «بیّ خـاری، ئەزهـاری، ئـەسراری» کـە دراونەتە کەسی دووەمـی تاك، دەبوو بدرێنە کەسی سێیەمـی تاك و بنووسریّ «بیّ خـارە، ئەزهـارە، ئەسرارە»؛ چونکە هەموو قـەصیدەکە، ڕووی قسەی لە کەسی سێیەمە.

لە سەرەتـای لاپـەڕە ١٦٢، «گەر» هـاتووە، ڕاستییەکەی «کوڕ»ە.

ئەم برِە شیعرە لە «محاورە»ی نێوان دوو شاعیر دەچێت، یەکیان بۆ کوڕ ئەوی دیکـەیان بۆ کچ دابشکێنیّ. هـەر لـە بیرمـە لـە سـەرەتـای عومری خوێندنـی «متوسطـە»مدا، گوێبیستـی ئەوە بووم کە نـالـی و شاعیرێکـی دیکە، ئەو قـەصیدەیە «یان یەکێکـی وەك ئەو»،یان بە نۆرە دانـاوە، هـەر یەکە بەیتێکی بۆ دڵپەسەندەکەی خۆی گوتووە، ئەمیان بۆ کوڕ ئەویان بۆ کچ.

دەشیّ ئەو دەمە کە قسەکەم دەبیست حیکایەتێك هـەڵبەسترا بێت لـەسەر بنـەمـای ئەو قـەصیدەیە. ئـەمـە دەڵێم لـەم ڕۆژگـارەدا کـە دەزانین لـە سـەردەمـی گـەنجایـەتـیی نـالیدا، لە سالم و کوردی بـەولاوە، شاعیر پـەیدا نـەبووبوون، هـاوشانـی نـالـی بن... هـەروەهـا دەگوترا غـەزەل هـەیـە «خواهیش مـەکە ئیللا کوڕ» کە ڕکـەبـاری ئـەم غـەزەلـە دوولایـەنـەی کردووە، ئیتر بۆ حـەریق یـا شاعیرێکـی دیکە دەبرایـەوە. بەهـەمـەحـاڵ، سـەیرێکـی وردی بـەیتـی دووەمـی لاپـەڕە ١٦٢ بکـەیت:

صیدیق و عـەزیز هـەروەك یووسف کە نـەبـی بوو کوڕ

صـیـدیـقـەیـی مـەعـصوومـە وەك داکـی مـەسـیـحـا کـچ

لـەبـەر مجێزی من بـە هـی نـالـی نـاچێت. والله اعلم بـالصواب.

بـەیتـی سـەرەتـای لاپـەڕە ١٦٦:

بـەو دەنـنـی فـوراتـە کـە دەکـا پـەششە بـە عـەنـقـا

نـەك لـەو خـومـی نـیـلـە کە دەکـا بـاخـە بـە تیمساح

شـەرحەکە تیمساحی بـە نەهـەنگ دانـاوە، دەس و قـاچیشی داوەتیّ و قـەپـاغـی وەك کیسەڵیشی بۆ ساز داوە: حوت؛ نەهـەنگە، دەست و قـاچ و قـەپـاغـی نییـە... تیمساح جـانـەوەرێکە لـە قیسمـی خـاکـی و ئـاوییە، لـە نیلـی میسر زۆرە، لـە فورات نییـە... «بـەو» لـە سـەرەتـای بـەیتدا دەبیّ، «لـەو» بیّ، وەك کە «لـە خومـی نیلـە...». «خوم»، نـەختێك لـە واتـا،

کەم دەکاتەوە: نالی «خم»ی نووسیوە کە بۆ «خوم» و بۆ «خم»یش دەڕوات. «خوم» کووپەیە. «خم» ڕەنگی نیلییە جلکی پێ ڕەنگ دەکەن. کتێبەکە هەر شەرحی وشەکانی داوە واتاکەی بۆ خوێنەر بە جێ هێشتووە.

لە پێشەوە دەبێ بڵێین، ئەفسانەی دینیی کۆن هەبوو دەیگوت پێنج زێ هەن لە بەهەشتەوە هەڵدەقوڵن بۆ زەمین دێن، نیل و فورات لەو پێنجانە دەژمێردرێن.. ئاوی سازگاریش هەر فوراتە. نالی کە لە «دەنی فورات» داوا دەکات، لایەنی واتای وشەکەی دراوەتە پاڵ ناوی زێیەکە و ڕای شکاندووە بەسەر «نیل»دا کە واتاکەی خمە. ئاوی «فورات»ی سازگار بەبەریەوە هەیە، مێشوولە بکا بە ملی عەنقای هەرەهەرە زلی باڵندان، هەرچی نیلە (واتە: خم) کە مەشهوورە بە تیمساح، لەوانەیە کیسەڵ بکا بە دڕندەی وەك تیمساح، نالی فوراتی هێشتەوە بە بەهەشت و نیلیشی کردە خم.

ڕەنگە وردە موناسەبەی ئەدیبانەی دیکە هەبێ، سەر بە نیل و فورات کە من نایزانم باشتر لایەنی تاو و تەئسیری نیل و فورات، بە چاك و بەدییەوە ڕوون بکاتەوە.

بەیتی لاپەڕە ١٦٧:

لەم گەردشی مینایە کەوا دەورە، نە جەورە
ساقی کەرەمی سایقە، نالی مەکە ئیلحاح

شەرحەکە وای بۆچووە کەوا کەرەمی خوا لێخوڕە، شەرابی بە ئاوات گەیشتن ئەدا بەدەستی هەر کەسێکەوە... یاخود یار خۆی ئەزانێ کەی وەختی ئەوەیە دڵی نەرم بێ، ئیلحاحی ناوێ.

من لەگەڵ «سابق» نەك «سایق» ڕێکم، واتە ساقی، «یار بێ یان ڕەحمەتی خوا بێ» بەخشندەییەکەی پێش وەخت قەرارداده بووە. ئیلحاحی بادەنۆشی ناوێ. ئەم مەعنایەش لەگەڵ «دەورە نە جەورە» ڕێکتر دێت؛ چونکە لە کۆنەوە بڕیار دراوە لەسەر بەخشینەوەی شەراب. هەر کەسە بەپێی نەسیبی خۆی. لەمەدا ڕەخنە ناگیرێ کە کەسانی زۆر هەن بەر ئەو بەخشەندەییە ناکەون؛ چونکە نالی قسەی لە ئەهلی بەزمی «دەننی فورات»ە کە هەمووی خاوەن پشکن، ئەوانەی لەو جۆرە کەسانە نین حیساب بەدەرن.

لە بەیتی سێیەمی «قوربانی تۆزی ڕێگەتم»، لاپەڕە ١٧٦، نووسراوە «طۆفانی». گومان نییە لەوەدا، نالی نووسیویەتی «طوفانی یاخود طوفان» بە پێی نووسینی

فارسەکان کە لەم تەرزە شوێنەدا «ی»ی «اضافە»ی بەگەڵ نایەخەن. ئیتر دەبوو بە ڕێنووسی کوردی «طووفانی» بنووسرێت.

لە شەرحی نیوەبەیتی یەکەمی دووەم دێڕی «قوربانی تۆزی ڕێگەتم» کە ئەمەیە دەقەکەی:

ئەی لوطفەکەت خەفیی و هەوا خواه و هەمدەمە

دەبوو وشەی «خواه» بە ڕێنووسی کوردی «خواهـ» بنووسرێت؛ چونکە ئەم شکڵە «ه» لەبری فەتحەیە نەك دەنگی «هـ». تۆ دەبێ بنووسیت «ئەڵڵاهـ» نەك «ئەڵڵاه».

وشەی «لوطف»یش بەم جۆرە واتای لێ دراوەتەوە: ئەی ئەو بایەی کە نەوازش و دڵ دانەوەت، یاخود ناسکیت، پەنهانە و کەس پێی نازانێ. من دەڵێم مەبەس لە «لطف» هەم نەوازشتە و هەم زێدە ناسکی کە چاو نایبینێ، نەك کەس پێی نازانێ؛ چونکە لەم بارەدا لوطفەکە بە نەبوو دەبێت. مرۆ هەستی شنەی با دەکات، هەرچەندە ناشبینرێت. لە ئەدەبیات و زانستی کۆندا، هەوا بە مادەیەکی «لطیف»، حیساب کراوە.

لە ئاست نیوە دێری یەکەمی بەیتی سێیەم، «لاپەڕە ١٧٧ی شەرحەکە» کە ئەمە دەقی بەیتەکەیە:

هەم هەم عەنانی ئاهم و هەم هەم ڕیکابی ئەشك

ڕەحمێ بەم ئاهـ و ئەشکە بکە، هەستە بێ قوصوور

شەرحەکە دەڵێ: «کە خانووی سەبرم ڕووخا... هیچم بۆ نەمایەوە ئەوە نەبێ هەمیشە پێ بەپێی ئاخ هەڵکێشان و فرمێسك ڕشتن بڕۆم...». بەلای منەوە باشتر ئەوەیە بگوترێ: هەم هەمجڵەوی ئاخم و هەم هەمڕکێفی فرمێسك... چونکە نالی لەگەڵ ئاخ و فرمێسك سەفەری نەکردووە، هەتا وشەی «بڕۆم» جێی ببێتەوە. لە «هەمجڵەوی ئاخ و هەمڕکێفی فرمێسك»، سەراحەت نییە «ڕۆیشتن» بگەیەنێت، دەشێ بدرێتەوە بە هاوڕێیی هەست و شعوور لەگەڵ «بادی خۆش مروور»دا. دەشبوو، وشەکانی «هەم عەنان، هەم ڕیکاب»، بەسەر یەکەوە «هەمعەنان، هەمڕیکاب» بنووسرێن مادەم شەرحدەر کەرتی «هەم»ی لە نزیك وشەی دوا خۆیەوە، نووسیوە، ئیتر بۆ پێیەوە نەنووسێت. تۆ کە نووسیت «زۆر دار» جودا دەبێ لە «زۆردار».

لە لاپەڕە ١٧٩، نیوەبەیتی سەرووی لاپەڕە، تێیدا هاتووە، «ڕۆشنی». هەڵبەت نالی و کەسانێکی نوسخەیان لە دیوانی گرتووەتەوە، هەموویان «روشنی»یان نووسیوە؛

بەڵام بێگومان نالی و نوسخەنووسانیش «ڕەوشەنی»یان مەبەست بووە، تەنانەت زۆربەی خەڵقی ئێستاش هەر دەڵێن «ڕەوشەن». بەهەمووی چەند ساڵێکە «ڕەوشەن بەدرخان» کۆچی دوایی کردووە، کەس نەیدەگوت «ڕۆشن خان». وشەی «بلوور»یش لە کۆتایی نیوەبەیتی دواییدا، دەبوو «بەلوور» بنووسرێت؛ چونکە خەڵق وەهای دەڵێت و نالیش بێگومان «بەلوور»ی مەبەست بووە کە وشەکە لە ئەصلدا «بەلوور»ە.

هەر لە لاپەڕە ١٧٩دا، شەرحی ئەم بەیتە هەیە:

یا عەکسی ئاسمانە لە ئاوێنەدا کە وا

ئەستێرەکانی ڕابکشێن وەك شیهابی نوور

وشەی «شەهاب» لە دیوانەکەدا هاتووە، من بە «شیهاب»م نووسی، لە قورئاندا «شِهاب ثاقب» هاتووە کە بە کەسری دەنگی «ش». ئەو شەرحەی دیوانەکە و ئەوەی مامۆستا سەجادی بۆی چوون، نیشانیان نەپێکاوە. لە شەرحەکەدا دەڵێ:"واتە: سەرچنار کانیاو نییە، ئاوێنەیەکە دانراوە، دیمەنی ئاسمانی بە ئەستێرەکانیەوە تیا دیارە. [وردە بەردەکانی بنی ئاوەکە جێگەی ئەستێرەکان دەگرنەوە لە شوبهاندندا] بەڵام؛ چونکە وێنەی ئەستێرەکان لە ئاوەکەدا ئەجووڵێنەوە [مەبەست ئەوەیە کە ئاوەکە بەسەر وردە بەردەکانا ئەڕوا، وا دێتە پێش چاو، بجووڵێنەوە و بکشێن]، وەك ڕاکشابن و درێژ کشابن وایە و لەوەدا لەوە ئەکەون کە لە ئەستێرەی عادەتی بچن و وەك ئەو ئەستێرانەیان لێ دێ کە بە دوای شەیتانە بۆ ئاسمان ڕۆیشتووەکاندا، ئەکشێن". مامۆستا عەلائەدینیش هەر بۆ ئەم واتایە چووە.

نالی لەم بەیتەدا، تەپکەیەکی سەیری بۆ ئودەبا ناوەتەوە. بەڵێ، نالی ئەو واتایەی شەرحی دیوانەکەی لە دڵ و مەبەستدا بووە کە ئەدەبدۆستان پێوەی بزرووقێنەوە؛ بەڵام بە نەختێك قووڵبوونەوە دەردەکەوێ، ئەگەر مەبەستی بەیتەکە ئەوە بێ بگوترێ: «ئەستێرەکان ڕابکشێن وەك شیهابی نوور» ئەوسا بەیتەکە وەهای لێ دێ کە گوتبێتی «ئەستێرەکان ڕابکشێن وەك ئەستێرەکان»؛ چونکە «شیهابی نوور» خۆی ئەو ئەستێرەیە کە ڕادەکشێت.

ڕاستیی واتای بەیتەکە ئەمەیە: وشەی «ئەستێرەکانی»، دەشێ کۆی «ئەستێرە» بێ کە دەزانین، یاخود دەبێ بزانین، «ئەستێرە» جۆرێ حەوزی ئاوە، هەڵدەندرێ بۆ ئەوەی ئاوی تێدا کۆببێتەوە، شیناووردی پێ ئاو بدرێت. ئەگەر وشەکە کەرت بکەین، بە

«ئـەستـێرە – کـانـی»، ئـەوسا دوو واتـای جـمرانـە دەست دەکـەوێ، یـەکـیـان ئـەوەیـە: ئەستێرەکانی سەرچنار «حەوزە ئاوەکانی سەرچنار» ڕادەکێشن، وەك شیهابی نوور و هــەر دەڵـێـی ئـاوێـنـەیـە ئـاسمـان عـەکس دەکـاتـەوە. دووەمـیـان: ئـەستـێرە، کـانـی «حەوزەئاو – کانی» ڕابکێشن وەك شیهابی نوور... چی لە شەرحی دیوانەکە و لە کتێبەکەی مامۆستا عەلائەدین و لە قسەی ئەدەبدۆستان هاتووە، هەمووی سێبەری واتای ڕاستەقینەی بەیتەکەن و پێیانەوە دەوڵەمەندتر بووە و نالی خۆی سازی داوە.

لە لاپەڕە ١٨٠، بەیتی دووەم کە ئەمە دەقیەتی بە ڕێنووسی شەرحەکە:

دەم وت دووچاوی خۆمە ئەگەر «بەکرەجۆ»یی ئەشك

نـەبـوایـە تـیژ و بێ ثـەمـەر و گـەرم و سوێر و سوور

لەشەرحدا «بەکرەجو»، بە «متنازع فیە» داندراوە لە نێوان «دەم وت» و «نەبوایە»دا؛ یەعنی هەردووکیان ئەو بەکرەجۆیە بۆ خۆی ڕادەکێشێت. خوێنەرانی ئەم سەردەمە، بە درەنگەوە لەم جۆرە فەندە ڕادێن، ڕەنگە هەر ڕانەیەن. من قسەم هەیە دەربارەی ئەم تەنازوعە؛ بەڵام بەدەنگ نایەم؛ چونکە درێژخایێنە، هەر ئەوەندە دەڵێم، ئەگەر لە جیاتی «نەبوایە» وشەی «ببوایە»، هاتبایە ئەوسا وشەکانی «تیژ، بێ ثەمەر، گەرم، سوێر، سوور» دەبوونە «متنازع فیە» لە نێوان فرمێسکی چاوی نالی و جۆگەی بەکرەجۆدا.

بەیتی یەکەمی لاپەڕە ١٨١ کە ئەمە دەقیەتی، بە پێی نووسینی شەرحەکە:

داخڵ نەبێ بە عەنبەری سارایی «خاك و خۆڵ»

هـەتا نەکەی بەخاکی «سولەیمانی»یا عوبوور

وشەی «هـەتـا»، لە نیوە بەیتی دووەم کێشی زەدە دەکات. یا دەبێ بگوترێ، «هـەتتا» یا «هـەرتـا». من بەزۆری «هـەرتـا»م بیستووە و زۆریش لە بـارە، هـەم لەلایـەن دروستیی کێشەوە و هـەم لەلایـەن ئێسك سووکیی وشەکەوە. تێکستی «چن و ك»، «حەتتا»ی پەسەند کردووە کە لەلایەن کێشەوە دەست دەدات؛ بەڵام زەق خۆی دەنوێنێ؛ چونکە بـەیـتـەکـە تـەنـهـا وشـەیـەکـی عـەرەبـیـی تێدایـە، ئـەویش «عـبـوور» کـە قـافیـە داخوازیی کردووە. «هـەرتـا» شیرنتر و ئاشناترە.

بەیتی دووەمی لاپەڕە ١٨٢ کە ئەمەیە:

شامـی هـەموو نەهـار و فصوولـی هـەموو بەهـار

تۆزی هـەموو عەبیر و بوخاری هـەموو بوخـوور

شەرحەکە بۆ ئەوە چووە کە لە نێوان «تۆز و عەبیر» و «بوخار و بوخوور»، طیباق هەیە وەك کە لە بەیتێکی پێشووتر طیباق هەبوو لە نێوان «ماء و نار». هەرچەند شەرحەکە لەبەر درێژیی ڕاڤەکردنی بەیتەکە، خۆی لەلایەنی «محسنات» نەگەیاندووە. هەرچەند کتێبی سەر بە بابەتی «محسنات»م لا نییە، دابزانم چۆن وەصفی «طباق» دەکات؛ بەڵام بە هەستی فیطری وا دەزانم لە کۆبوونەوەی دراوسێیەتیی دوو شتی دژ بە یەکتر «طباق» پەیدا دەبێ بە مەرجێك دژایەتییەکە هەر بمێنێ. هەرچی بەیتەکەی نالییە طیباقەکەی بەتاڵ کردووەتەوە، بەوەدا کە تۆزی بە عەبیر و بوخاری بە بوخوور داناوە. تۆ کە بە یەکێکت گوت: درۆی تۆ لە ڕاستبێژیی خەڵق مەردانەترە. درۆکە لەوە دەردەچێت خاوەنەکەی عەیبدار بکات.

بەیتی لاپەڕە ١٨٣، ئەمە دەقیەتی لە شەرحەکەدا:

شارێکە عەدل و گەرمە، لە جێگێکە خۆش و نەرم

بـۆ دەفـعـی چـــاوەزارە دەڵـــێن شـاری شـارەزوور

ئنجا دەڵێ: شارێکە بە داد یاخود شارێکی تەخت و گەرمە...هتد.

چەندەی بمەوێ بۆم نالوێ «گەرم» بۆ مەدح بەکار بێت لە ئاست ئاوایی، هەر ئاواییەك بێت، چ جای سلێمانی کە ئەگەر گەرم بووایە لێی دەبوو بە عەیب.

من نووسیومە دوای ئاوایی پیرمەم بەوسەرە چیایە هەموارەوە، شاری سلێمانی، لە هەموو ئاوەدانییەکی کوردستانی عیراق، لەبارترە لە ڕووی خۆشی و تا ڕادەیەکیش فێنکییەوە، ئنجا کراوەییەوە. لەو تێکستانەی بە پەراوێز لە شەرحەکەدا هێمایان بۆ کراوە، تەنها «کم» لە جیاتی «گەرم» وشەی «کەرەم»ی بەکار هێناوە. بەڵام کێشەکەی ناتەواوە، ئەمەش دەقەکەیەتی: «شارێکە پڕ لە عەدل و کەرەم، جێیەکی خۆشی و بەزم». بەحری قەصیدەکە ١٤ بڕگەییە. ئەمیان ١٦ بڕگەییە، تەنانەت «خۆشی وو بەزم» کە پێداویستی کێشەکەیە، ئەگەر بشکرێتە «خۆشی و بەزم»، دیسانەوە ١٥ بڕگەی لێ دەمێنێتەوە. بەلای منەوە دەبێ بڵێین: «شارێکی عەدل و کەرەم جێگێکی خۆش و نەرم». ئیتر دەشێ «لە جێگایی»– «لە جێیێکی» پەسەند بکرێت، خۆم «لە جێیێکی» هەڵدەبژێرم؛ چونکە دەنگ دەداتەوە لەگەڵ «شارێکی»، ئەگینا «لە جێگایی»م هەڵدەبژارد. دەزانم لە ڕووی جیناسەوە «گەرم» و «نەرم» هاوکێشن بەڵام لە ڕووی واتای سەرلەبەری بەیتەکەوە بە زەرەر دەگەڕێت جگە لەوەی کە «عەدل» و «کەرەم» خزمترن بە یەکدی نەك

«عەدل» و «گەرم» کە هیچ ئاشنایی نییە لە نێوانیاندا.

بەهەمە حاڵ، کە متمانە پەیدا نەبێ لە هەڵاواردنی یەکێك لەو تێکستانە، دەبێ هەموویان بخرێنە ڕوو، بگرە هی تازەش پەیدا بوو هەر دەبێ قبووڵ بکرێ؛ بەڵام ناشێ «گەرم» بۆ سلێمانی بە مەدح بڕوات، شازدە و پازدە برگەیییەکەش ئەگەر نەکرێتە ١٤ برگە هی سەلماندن نییە؛ بەڵام لەبەر نرخە بنەڕەتییەکەی، وشەی «کەرەم» تێیدا بەسەر هەمووواندا زاڵە و لێمان داوا دەکات ئوستادانە بیگونجێنین.

لە لاپەڕە ١٨٤دا بەیتی یەکەم:

ئەهلێکی وای هەیە کە هەموو ئەهلی دانشن

هەم ناظیمی عوقوودن و هەم ناظیری ئوموور

شەرحەکە سووکێك لێی بووەتەوە. لە ناظیمی عوقوود، هەر لایەنی مەهارەتی شاعیرانی لێ وەرگرتووە کە وەکو ملوانکەی مرواری شیعر دەهۆننەوە و لە ناظیری ئوموووریش هەر ئەوە دەڵێ کە خەڵقەکە کاری دنیاییش ڕادەپەڕێنن. ناظیمی عوقوود جگە لە ملوانکە هۆنینەوە لایەنی ئیداری و ئابووریش بەخۆیەوە دەگرێ؛ چونکە «عقد»، هەموو مامڵەتی کڕین و فرۆشتن، تا دەگاتە «عقد الزواج» و کرێگرتەیی...و... هتد دەگرێتەوە. کە «ناظم» خەڵقی شاری سلێمانی بن نەك بە ڕەمەکی، بەڵکو بە مەهارەتەوە ئەو کارانە ڕادەپەڕێنن. «ناظیری ئوموور»یش، لایەنی ئیدارە و ئاسایش دەگرێتەوە کە ئەوسا وەزیر پێی دەگوترا «ناظر»، بەو پێیە هەر مرۆیەی لە سلێمانی هەبێ، کارامەییی وەزیرێکی تێدایە... هەر تازە لە بەیتێکی پێشووتردا، خەڵقەکە یان وڵاتەکە و شارەکە بە عەدل ناوی هات، وێڕای کەرەم.

لە بەیتی دووەمی لاپەڕە ١٨٤:

سەیرێ بکە لە بەرد و لە داری مەحەللەکان

دەورێ بدە بە پرسش و تەفتیش و خوار و ژوور

دەبوو بنووسرێ «... بە پرسش و تەفتیشی خوار و ژوور». ڕەنگە نالی «ی» بە دوا «تەفتیش»دا نەنووسیبێ، وەك فارسەکان نەیاندەنووسی، جا ئەگەر ئەو دەقەی بێ «ی» پەسەند بکرێ، دەبێ وەها بنووسرێ «... بە پرسش و تەفتیش، خوار و ژوور» کە لێرەدا «خوار و ژوور»، دەبنەوە بە ئاوەڵکار «ظرف» بۆ «دەور، پرسش، تەفتیش» وەك کە بڵێی: «وڵات گەڕام سەرلەبەر».

لە لاپەڕە ١٨٦، شەرحەکە «تەفریقەیی شۆڕش و نوشوور»ی پەسەند کردووە، بەڵام پـێمـان نـاڵـیّ «و»ی عـەطـفی نـێوان «شۆڕش» و «نـوشوور» چ ڕۆڵـێکی بـینـیـوە لـەو جوداکردنەوەی «شۆڕش» لە «نوشوور» و چۆن «شۆڕش» سەربەخۆ و «نوشوور»یش سەربەخۆ پەیدان کە دەزانین «نوشوور» زیندووبوونەوەی مردووانە، دوای بەرپابوونی قیامەت، شتێکیش نییە لەو حاڵەدا زاراوەی «شۆڕش»ی بۆ بەکار هاتبێت. شەرحەکە دەڵێ: نوشوور ڕۆژی قیامەتە کە هەموو زیندووان ئەمرن. کەچی هەموو مردوو، زیندوو دەبنەوە. ئەگەر «نوشوور»، حاڵەتی مردنی هەمووان بێت، تەفریقە و شۆڕشی لێ پەیدا نابێت. دەبێ نیوە بەیتەکەی وەها بێت:

یـاخـۆ بـووە بـە تـەفـریـقـەیی شۆڕشی نوشوور

هەر لەو لاپەڕەیەدا، شەرحەکە «ئەنجومی قوبوور» – «أنجُم قُبور، بە نووسینی عەرەبی»ی داناوە بە کۆی وشەی نەجم – «نجم»، بە واتای کۆی ئەستێرەکان یانی ئەستێران. دیارە «قبور»یش کۆی قەبرە... بەیتەکە ئەمە دەقیەتی:

«سەیوان» نەظیری گونبەدی کەیوانە سەبز و صاف

یـاخـۆ بـووە بـە دائـیـرەیی ئـەنـجــــومی قـبـوور؟

شەرحەکە وەهای داناوە، ئەستێرەی کەیوان «زوحەل» کە دەرکەوێ ئەستێرەی تر خۆ نانوێنێ... ئەمە لە حەقیقەتی لاداوە. دوو ئەستێرەی زوهرە و موشتەری لە زوحەل گەورەتر خۆ دەنوێنن، ئەستێرەی «مریخ»یش بە ١١ یان ١٢ ساڵ جارێك زۆر لە ئەرز نزیك دەبێتەوە و لە موشتەری گەورەتر دێتە بەرچاو؛ بەڵام وا بزانم ناگاتە زوهرە. گونبەدی کەیوان شۆرەتی بەستووە کە دەڵێن «ئەیوانی کەیوان»، ئیتر لەبەر هەر سەبەبێك بێت کە من نایزانم و نەشمپرسیوە لە بارەیەوە.

وشەی «ئەنجوم –أنجم»یش هەم کۆی «نجم» بە واتای ئەستێرە و هەم کۆی «نجم» بە واتای داری وەك بەڵاڵووك و تیروێ ، دەبەخشێ. لێرەدا ئەنجوم بەم واتایەی داری کورت و باریك مناسبی «سەوز و صاف» دێت، بە عادەتیش قەبرستان زۆر و کەم داری لێ دەڕوێت. دەشگونجێ قەبرەکان بە پری لەسەر گردی سەیوانی «نەظیر»ی گونبەد کەیوان وەك ئاسمان خۆی بنوێنێ بەو شێوەیەی شەرحەکە بۆی چووە.

لە لاپەڕە ١٩١ وشەی «دەس بەندییانە» کە بۆ سەر و نارەوەن هاتووە بە وەصف، جگە لەوەی شەرحەکە دەڵێ:″ وەك لاوانی هەڵپەڕکێکەر دەستیان گرتووە دێن و دەچن″،

حاڵەتێکی تریش بۆ ئەو درەختانە ڕادەگەیەنێ کە «بەندی – حەبس» بوونە، واتە بەندکراو؛ چونکە بە زەوییەوە بەندن، هاتوچۆکەشیان ئەوەیە کە با دەیانهێنێت و دەیانبات. هەر جارە لە خوێندنەوەی ئەم بەیتە وا دەوری هەڵدێین و ئەمە دەقیەتی، بە پێی ڕێنووسی شەرحەکە:

دەس بەندییانە دێن و دەچن سەر وو نارەوەن

یا حەڵقەیانە صۆفیی مل خوار و مەندەبوور

وەسفێکی کە سارتەر بۆ پەرژینی باغچەیەکی سیحرچن کردووە لە مێشکدا دەزرنگێتەوە. وەسفەکەم لەم تەرجەمەی عەرەبی بەم شێوەیە دیتووە:"وكان السياج حركة خضراء كبيرة مسمرة أو موجة بحر تجمدت لحظة انتشارها". نالی، وەك بڵێی، سەرێکی لە دواڕۆژ خوار کردبێتەوە و ئەم «دەس بەندییانە...»ی بە دیاری بۆ بڵیمەتی وەك سارتەر بەجێ هێشتبێت... وەی کاشکی سارتەر ئەم وێنەکێشییەی نالیی بدیتایە یان خێرخوازێکی ئەم ڕۆژگارە زەینی ئودەبای ئیمڕۆی فەرەنسیی بەلایەوە بادابایەوە.

هەر لە لاپەڕە ١٩١، بەیتی دووەم کە ئەمە دەقیەتی:

مەیلێ بکە لە سەبزە درەختانی مەدرەسە

ئەوراقیان موقەددیمەیی شینە یا نە سوور

واتایەکی وردی زێدە هونەراویی نالی تێدایە، شەرحەکە بۆی نەچووە. چی لێرەدا ڕوونی دەکەمەوە لەو شەرحەدا، وابزانم لای کەسی دیکەش نییە. لە دەستەواژەی «موقەدیمەیی شینە یا نە سوور» دا هەر یەکێك لە «شین» و «سوور» دوو واتای لێکتر جودای هەیە کە بە دوا «ئەوراق»دا دێن و وەسفی دەکەن. وشەی «شین»، بە واتای ڕەنگی شین، مناسبی گەڵا و گیا و درەختە وەك کە دەگوترێ: شینایی، شیناوورد، درەختی شین، هەمیسان شین بە واتای تازیە و خەفەتباری دێت و دەگوترێ: «شین و شەپۆڕ». وشەی «سوور»یش بە واتای ڕەنگی سوور کە مناسبی سوورهەڵگەڕانی پەلکی دارە لە پایزدا. واتای دووەمی «سوور»یش شادی و کەیفە. حاجی قادر دەڵێ: «تەماعی سووری نەبێ کەس لە ژێر چادری شین». وشەی «سوورانە»ش کە سەرەك عەشیرەت یاخود برا گەورەی دەسەڵاتدار لە مارەبڕانەی بووك وەری دەگرت، دەکاتەوە مزەی شادی. «چارشەنبە سووری»ش، ئەو سەیران و چوونە دەری ئەهلی شاری وەك

هەولێر و کەرکووك کە زۆریان تورکیزمان بوون لە ڕۆژی چارشەمووی بەهاراندا دەیانکرد، بوو بە زاراوە.

ئنجا ئەگەر لە وشەی «شین»، سەوزاییی درەخت و گیاوگۆڵ مەبەست بێ، «سوور» دەبێتە دەمی گەڵاڕێزانی پایز. ئەگەر لە «شین» تازیە مەبەست بێ «سوور» دەبێتە کەیف و شادی. دەبێ بشڵێم «موقەدیمەیی شین» لە بەرانبەر سوورهەڵگەڕانی گەڵای دەمەو پایزدا دەبێتە هێما بۆ دەرەبەهار.

لە لاپەڕە ١٩٦، ئەم بەیتە:

زارم وەکو هیلال و نەحیفم وەکو خەیاڵ

ئایا دەکەومە زار و بە دڵدا دەکەم خوطوور

بەلای ڕای منەوە بەشێکی مەتانەت و وردەکاریی لە دەست داوە. دەبوو لە جیاتی «هیلال» وشەی «خیلال» هەڵبژێرێت کە پووشکەی ددان کۆڵینەوەیە. بەر لە هەموو شتێك دەزانین وشەی «نەحیف – بە واتای لەڕ، لاواز» لەگەڵ پووشکە دەڵێی جمرانەن. ئەگەر لە جیاتی «نەحیف» وشەی «خەفیف» هاتبایە باشتر لەگەڵ «خەیاڵ» دەگونجا. «خیلال» پڕ بەپێستی واتا و داخوازیی «ئایا دەکەومە زار»ە لە نیوەبەیتی دووەمدا؛ چونکە تاکە سوودی مرۆ لە خیلال ئەوەیە دەکەوێتە زار بۆ ددان کۆڵینەوە. ئنجا «خیلال» و «هیلال» هاوئاهەنگ و یەککێشن لە چەژی مۆسیقای شیعردا تەواو شیرنن. کە «خیلال» بۆ «زار» بێت، دەمێنێتەوە «هیلال» بۆ واتای «بەدڵدا دەکەم خوطوور». لە بەیتەکەدا «هیلال» وەسف کراوە بە «زار» کە بێتینی و سستیش ڕادەگەیەنێ. لە ڕێی فەنی «استخدام»ەوە بۆ «خیلال» ڕۆیشت کە واتاکانی «دەم» لە واتاکانی «زار» مناسبی «خیلال»ە. ئەم جارە هەم لە واتای «زەعیفی و سستی»ی وشەکەوە و هەم لە شکڵی هیلالی باریك و خەمیدە و هەم لە تێکڕای واتای دڵبزوێنیی بەیتەکەوە، جێی خۆیەتی نالی بپرسێت: ئایا بە دڵدا دەکا خطوور؟ هیلالیش یەکێکە لە جورمە ئاسمانییەکانی نیگاڕاکێش کە لە سەروبنی مانگدا بەدەر دەکەوێت و خەیاڵچەسپ دەبێ.

لە بەیتی دووەمی لاپەڕە ١٩٧ یەك تێبینی هەیە لەوەدا کە شەرحەکە بەو لایەدا نەچووە کە زاراوەی «مەصڵحەت تەوەقوفە»، کتێب گرەوە و ئەوانەی ویفقی ئیمامی غەزالی پێڕەوی دەکەن، بەکاری دەهێنن لە خوێندنەوەی بەسەرهات و بەخت، تەنانەت لە موناسەبەیەکدا مەرحووم مەلا ڕاجی ساڵی ١٩٤٧ حیسابێکی کتێب گرتنەوە و

ویفقی بۆ لێك دامەوە بۆ بەرژەوەندێکی ئەو دەمەم «کە ئاشکرام نەکرد بۆی» گوتی: مەسلەحەت لە تەوەقوفدایە. گوتم ئەی چ دەڵێی لە ئاست هەلێکی دووەمی وەك هینەکەی ئێستا؟ سەرلەنوێ ڕاما لە کتێبەکە و گوتی: مەسلەحەتی ئێستات کۆسپی لە پێشدا نییە. هەردوو قسەی گەیشتە جێ. خوێنەر وا نەزانێ من کابرایەکی جنۆکاویم. مەجلیسەکەمان گەرموگوڕێکی کرمانجانە بوو لە دێی پێبازۆك، مەلا ڕاجیش بولبولی مەجلیسەکە بوو، لە هەموو بابەتێکەوە دەدواین، یەك لەو بابەتانە، فاڵ و بەخت و تالع. چەند کەسانێك کتێبیان پێ گرتەوە منیش بێ ئەوەی پشت ببەستم بە چەند و چۆنی وەڵامەکانی، وەك پلاری کوێری، پرسەکەم پێ کرد، با بڵێین ڕێکەوت بوو یان هەر جۆرێك بوو کتێبەکەی ڕاستی خوێندەوە. با ئەوەش بڵێم: سێر ئۆلیڤەر لۆج، زانای مەزنی ئینگلیز لە دەمی گەنجایەتی ڕەسیوی پێشبینییەکی ئافرەتە قەرەجێك لە ئیلحادەوەی هێنایە سەر باوەڕ بە غەیب، مەبەستیش لە غەیب بەهەشت و جەهەننەم نییە، بەڵکو ئەو هەست و سۆزەی زێدە پەنامی دەروونە کە زۆر جاران ڕاست دەردەچێت و پێوەندییەکی بە فیزیا و کیمیا و فەلەکەوە نییە.

غەزەلی «سەیلی هیجرەت»، لاپەڕە ٢٠١، لە بار تەبیاتی من، بۆ نالی کورت دەهێنێ، هەرچەندە ناوناوە هەناسەی باغی نالیی تێدا هەست پێ دەکرێ، بەتایبەتی کە نیوەبەیتی یەکەمی دێرە شیعری پێنجەم لەم دەقەدا:

دڵ موشەببەك بوو لەبەر ئێشان و نێشانی موژەت

ئیشی چاو بوو بۆیە هێند گریام و خوێنی کەوتە سەر

هەر خۆیەتی لە بەیتی یەکەمی لاپەڕە ٥٧٦دا هاتووە:

دڵ موشەببەك بوو لەبەر ئێشانی نیشانی موژەت

حەیفە قوربان! ئاخر ئەم نیشانەیی شانی هەیە

هاتنی نیودێرە شیعر لە دوو غەزەلدا دەشێ هی خاوەن هەردوو غەزەل بێت و ڕێشی تێ دەچێ شاعیرێکی لەخۆ ڕازی بۆ بەڵگەی لێهاتوویی خۆی بەیت و نیوەبەیتی چڕ و پڕی غەیری خۆی خستبێتە شیعری خۆیەوە. بە عادەت شاعیر لە حاڵێکدا بیەوێ دێڕێك و نیودێرێك دووبارە بکاتەوە لێی چاوەڕوان دەکرێ، هەوڵی دووەم جاری هی هەوەڵ جار بەجێ بهێڵێتەوە دەنا دەبێتە خۆ سووککردن. لێرەدا دیارە بەیتەکەی لاپەڕە ٥٧٦ بە مەودا لە بەیتی لاپەڕە ٢٠٢ پێش کەوتووەتەوە. بەڕاستی سەرلەبەری غەزەلی

دووەم هەمان مەودا لە سەرلەبەری غەزەلی لاپەڕە ٢٠٢ تێ پەڕیوە. بێگومان ئەمەی یەکەم شوێن پێی غەزەلی دواتری هەڵگرتووەتەوە کە دەبینی وێڕای ئەم نیوە بەیتەی خوازرایەوە، بە زۆری دەوری گریان و دڵ و چاو هەڵدێت وەك غەزەلی دووەم. بەهەمەحاڵ، من قەناعەتی خۆم دەردەبڕم، بێ ئەوەی بەڵگەی کۆنکرێتیم بە دەستەوە بێت. وەك دەشزانین غەزەلی ئەوتۆ کەوتووەتە دیوانی نالییەوە، بەهیچ پێوانەیەك لە نالی ناوەشێتەوە، تەنانەت غەزەلی «ئەو سیلسیلە وا مێشکی خەتا نێوی براوە» کە لەوانە نییە پێی بگوترێ لاواز، نیسبەتی وەلای کەیفی دەدرێت و لە دەستنووساندا بۆ ئەو حیساب کراوە، دووریش نابینم ڕایەکەم ڕاست بێ، بگرە دەیسەلمێنم. قسەم زۆرن لێرەدا لێی دەبڕمەوە.

هەر چۆنێك بێت، دەبوو هەردوو نیوەبەیت، واتە هی لاپەڕە ٢٠٢ و لاپەڕە ٥٧٦ یەك جۆرە دەقیان هەبێ؛ چونکە ئەو هێندە جوداوازییە لە دەقەکانیان، خزمەتی هیچ مەبەستێکی نەکردووە. دەشبێ بڵێم غەزەلی لاپەڕە ٢٠١، ٢٠٢، ٢٠٣ شەڕێکی نێوان چاو و دڵ دەگێڕێتەوە، شەرحەکەش باسی کردووە، ئەمما پێویستە بگوترێ، ئەم جۆرە شەڕەم بیستووە، لە دوو گۆرانیی میسری، یەکێکیان هی کەلسوومە، ئەوی تریان هی نەجات عەلی، سەرەتای عومری گۆرانی گوتنی: یەکەمیان «ان کنت أسامح» دووەمیان، «العین وقلبی» بەشێوە ئاخاوتنی بازاڕی نەك نەحوی.

لە بەیتی یەکەمی لاپەڕە ٢٠٤، «شەوی بەهاری جوانی» دەبوو «جەوانی» بنووسرێ؛ چونکە بێگومان نالی و نووسەرانی سەردەمی ئەو کە نووسیویانە «جوانی»، مەبەستیان شکڵ و شەمایل نەبوو، بەڵکو جحێڵی بوو، لەو شوێنانەدا کە مەسەلەی «جوانی» لە گۆڕێدا نەبووە. هەر وەك لە «کەمال»، کەمالیان مەبەس بووە، هەروەهاش لە «شەوی بەهاری جوانی» جەوانی مەتڵەبە. حاجی قادریش کە دەڵێ «پەرچەم و فێسی کەچی تۆ ئەی جوان»، هەر کوڕی جحێڵی مەقسەد بووە. وشەی «پایز» لە نیوەدێری دووەمدا دەبێ «پاییز» بێ ئەگەر نا شیعرەکە لەنگ دەبێ.

لە بەیتی دووەمدا، دەبێ بنووسرێ «چ شەو چ ڕۆژی وەهای کورتی لەهو و لەعبی میزاح»، نەك «چ ڕۆژ» لەبەر کێشی بەیتەکە چونکە لە ١٥ بڕگەوە دەبێتە ١٤ بڕگە. ئەگەر لە کۆتاییی بەیتەکە، بڕگە کەم بکات، ئەم بەحرە ناشێوێ وەك کە بڵێین «لەهو و لەعبی ماح». لە بەیتی دواتردا وشەی «تەقصیر»، ئەم کارەی کردووە، لەوانەیە «تەقصیر» وەیا «کەچەشیر» وەیا «دەمەتیر»... بێ و بڕگەکان بکاتەوە ١٥ بڕگە. قەسیدەی «النهر

المتجمد»ی میخائیل نەعیمە بەیتەکانی هەڵدەگرن لە بیست بڕگە تا ١٦ بڕگە بن. ئەو وشەیەی «پایز» لە کۆتاییی بەیتی ئەم بەحرە دەست نادات دەبێت «پایین»بێ تەنانەت لە قسەکردنیشدا ناشێ بگوترێ «پایز»، مەگەر بە یارمەتیی وشەیەکی تر بە دوایدا بێت وەك: پایزەکات... حیکایەتی تەفعیلە و بڕگەی بەحری شیعری عەرەبی درێژخایێنە و لەگەڵ فۆنەتیك تێکەڵ دەبێت... و هتد. دەقی بەیتەکە ئەمەیە:

چ شەو چ ڕۆژ؟ وەها کورتی لەهو و لەعب و میزاح

کە هەردوو وەك یەکەچوون بە نەغمەیی بەم و زیر

لە شەرحدا «یەکەچوون» بە «یەك ئەچوون» لێك دراوەتەوە و ڕاستیشی بۆ چووە؛ بەڵام شتێکی گرنگ هەیە لەو یەکچوونییەدا شەرح نەدراوە.

دەزانین لە ساڵدا دوو جاران شەو و ڕۆژ دەبنە دوازدە سەعاتی، بەڵام دیسانەوە یەکچوونییەکە پەیدایە لەوەدا کە شەو و ڕۆژ بە نۆرە کورت و درێژ دەبنەوە و پێکەڵپێکن. لە لایەن «نەغمەی بەم و زیر»ەوە کە یەکیان دەنگی بەرز و ئەوی دیکەیان دەنگی نزمە، دیسان یەکچوونییەکە لەو نۆرەکردنەی کورتبوون و درێژبوونی شەو و ڕۆژ، پەیدا دەبێتەوە. جارێکیان ڕۆژ بەم و شەو زیرە، جاری دووەم شەو بەم و ڕۆژ زیرە. [یەکەچوونن: وەزنی بەیتەکە ڕاست دەکاتەوە].

لە بەیتی سێیەمی لاپەڕە ٢٠٦ وشەی «سوجدە»، هاتووە و لە لاپەڕە ٢٠٧ دووبارە بووەتەوە. ڕاستیی وشەکە «سەجدە»یە نەك «سوجدە»، سوورەتێکی قورئانیشە، ژمارە ٣٢ی دراوەتێ لە نێوان دوو سوورەتی «لقمان» و «الاحزاب»دا.

لە ئاست شەرحی بەیتی لاپەڕە ٢٠٧:

وەکو نەهاری بەهاری درێژ و پایزی کورت

ئەمەل گەلێك و طەویل و عەمەل کەمێك و قەصیر

شەرحەکە لەف و نەشری مورەتەبی باس کردووە لە نێوان دوو کەرتی نیوەبەیتی یەکەم و دوو کەرتی نیوەبەیتی دووەمدا و باشیشی پێکاوە؛ بەڵام لە شتێك بێ دەنگە: هەرچی درێژاییی «نەهاری بەهار» و کورتیی «نەهاری پایز»ە، سروشتییە و یەك «بعد»ی هەیە، ئەویش مەودا و مەسافە. ئەمما «ئەمەل» و «عەمەل» کە لە نالییەوە هەڵدەقوڵێن جگە لە «طەویل» پۆزایی «گەلێك» و جگە لە «قەصیر» پۆزایی «کەمێك»یشی

لەگەڵدایە. لێرەدا نالی پتر خۆ دەشکێنێتەوە لەوەی بۆی قەرارداده کردووه. زێده مەهارەتی نالی لەم نوکتەیەدایە.

بەیتی یەکەمی لاپەڕە ۲۰۸:

غوباری ئەو شەو و ڕۆژەن ڕدێنی ماش و برنج
کە تێکەڵن شەبەهی صوبح و شام و شیر و قیر

شەرح دراوە کە چۆن ڕدێنی ماش و برنج (... مووی ڕەش و سپی تیا تێکەڵ بووە، وەك تێکەڵیی «بەیانی» و «ئێوارە»؛ واتە شەو و ڕۆژ و، لەیەکەوە نزیکیی «شیر» و «قیر» کە بە دیمەن تەنها تیپێکیان لە یەك جیایە و لە ڕاستیشدا یەکێکیان سپی و ئەویان ڕەشە). ڕاستییەکەی، نالی نەهاتووە «لە یەکەوە نزیکیی شیر و قیر» باس بکات، بەڵکو مەبەسیەتی تێکەڵبوونی شیر و قیر وەك تێکەڵبوونی شەو و ڕۆژ ڕەنگ بدەنەوە وەك ڕەنگی ڕدێنی ماش و برنج، مەسەلەکەش هێند ئاشکرایە بە دوا کەوتنی ناوێ.

لەو شەرحەی بۆ بەیتی دووەمی لاپەڕە ۲۰۸ دراوە، نائارامم: نازانین «هەموو موو» و «لەسەر» و «مونەووەر»، ئایا چۆناوچۆنی نووسراون؛ چونکە لە سەردەمی نالی «هەموو» هەر «همو»، دەنووسرا ئنجا ئەگەر «مو»ی بە دوادا هاتبێت ببێتە «همومو» ئایا «هموم»ی عەرەبی پەیدا دەکات یان نا.

«لەسەر» کە «له سر» بنووسرێ بە چ مەعلووم «لە سیرر، سِرّ» مەتڵەب نییە؟ کێ دەڵێ «مونەووەر» کە «منور» بنووسرێت، نابێتە «مونەوویرش»؟ خولاسە پشت بەو خوێندنەوەیەی خاوەن تێکستەکان بۆی چوون، نابەسترێ و مانای بەیتەکە وەزەحمەت دەکەوێ. چەند بەیتەکەی تری ئەو قەسیدەیە بایی دڵنیایی خوێنەر نیشانیان پێکاوە. شەرحەکە «سپی نەذیر»ی لێ قبووڵ دەکەم بە هەدیەیێکی گرانبەها.

قەسیدە تورکییەکە دەمێنێتەوە بۆ تێوەڕامان. بەیتی یەکەمی لە لاپەڕە ۲۱۷ و بەیتی دەوومی لاپەڕە ۲۱۸ قافیەکەیان وشەی «یر»ە بە واتای جێگە. «یر»ی یەکەم وشەی «نیجە»ی پێش کەوتووە. وەك بزانم ئەم وشەیە بە واتای «چۆن» دێت نەك «چەند»، وەك لە شەرحەکەدا بۆی چووە، ئنجا نەشمبیستووە وشەکە لە وتوێژی ئەدیبانەدا، بەکار هاتبێت و ئەمە دەڵێم، زۆریش ئاگاداری سەروبەری ئاخاوتنی تورکی نیم. بەڵام لە ئاست دێڕی سێیەمی لاپەڕە ۲۱۸دا، یەك تێبینیم هەیە، بەیتەکە وەها ڕۆیشتووە:

عکس زولفك قدحی دیدەی گریانمدە

نشئەی سنبل تر شیوەی نیلوفری وار

من وای بۆ دەچم کە لەوانەیە وشەی «قدح» بە ئەسڵ «قەزح» بووبێت؛ چونکە قوزەح ڕەنگێکە لەگەڵ سونبولی تەڕ و نەیلووفەڕی چاوی بە فرمێسك، دەگونجێ.

دەشبوو، قەصیدەکە بە یەك جۆرە ڕێنووس بێت نەك «شیوەی» لە تەك «سنبل تر» و «نشئەی» هەڕەمەیی بنووسرێن. ئنجا «زولفك» کۆنە ڕێنووسی تورکی بەکارهێناوە کە بە «زولفن» دەخوێندرێتەوە.

بەیتە تورکییەکەی لاپەڕە ٢١٩:

نفس ساعت گیبی ایشلرسە گریاد ایلە طاعتدر

بر انك قورمەسی پیریولنە احیای ساعتدر

لە واتای «احیای ساعت» دوو جۆر لێکدانەوە کراوە، یەکیان بە مەعنای کات (واتە زیندووکردنەوەی شەو بە تاعەت). دووەمیان زیندووکردنەوەی سەعاتەکە خۆی. وابزانم، واتای سێیەمی هەیە کە «قیامەت» ڕادەگەیەنێ، تاعەتەکە درێژ دەکاتەوە هەتا ئەو ڕۆژە. لە ئایەتی «ان الساعة آتیة لاریب فیها» و حەدیثی «جئت والساعة کهاتین»، وشەکە قیامەتی لێ مەبەستە. ئەو حەقەشم هەیە، بڵێم کە لە بەیتەکەدا، چ هێمایەکی ئەوتۆ نەبێ وشەکە بۆ شەو بباتەوە، مەگەر عادەتی سلووکی شەوانە کە لەلاوە دەزانین هەیە، ماناکەی «قیامەت»، حەوجە بە پاڕانەوە نییە بۆی تا قبووڵ بکرێت، وەك مووی لووت بە لمبۆزی بەیتەکەوە دەنووسێ.

لە لاپەڕە ٢٢١ بەیتی یەکەمی غەزەلەکە:

خـاو و بێ خـاوی دو زولـفی خـاوم ئـەز

چـاوە چـاوی یـەك غـەزالـە چـاوم ئــــەز

بەداخەوە فاتیحی جوانەمەرگ، هێمای بۆ ئەو لێکدانەوەی من ڕوونم کردەوە بۆی، نەکردووە، ڕێی هەبوو ئیشارەتێکی بۆ بکات، وەك بۆ لێکدانەوەکەی مامۆستا شوکری کردووە. ئەوەی من بۆی چووم و لە بەرایی ئەم نووسینەدا باسم کردووە، وردەکاری و گەوهەرچنیی نالی دەردەخات، چی دەمێنێتەوە لە واتای ئاشکرای وشەکان، شتێکی عادەتی و جوانە.

بەیتی سەرەتای لاپەڕە ٢٢٢:

ناری سینەم گەر نەبێ غەرقم ئەمن

ئاوی چاوم گەر نەبێ سووتاوم ئەز

لە شەرحەکەدا، ڕاستە واتای وشەکان لێك دراوەتەوە. وا بزانم لە «چەپکێك لە...» یان لە وتووێژدا، لایەنێکی گرنگی شرایەوەی بەیتەکەم ڕوون کردووەتەوە، ڕەنگە بۆ فاتیحیشم دەور کردبێتەوە: ئەم بەیتە یەکسەر لە بەیتێکی تەصەوفی عەرەبی وەرگیراوە ئەمە دەقیەتی:

فلولا زفیری اغرقتنی ادمعی

ولولا دموعی احرقتنی زفرتی

واش دەزانم بەیتەکە هی «بوصیری»ی خاوەن «بردیة و هەمزیة»یە.

نالی لە خواستنەوەی واتای ئەم بەیتەدا مەهارەتێکی سەیری نواندووە:

کە دەڵێ «ناری سینەم گەر نەبێ غەرقم»، هۆی غەرقبوونەکەت پێ ناڵێ تا لە نیوەبەیتی دووەمدا «ئاوی چاوم» دێت نوکتەکەت بۆ ئاشکرا دەکات. لەم نیوەدێرەی دووەمیشدا کە دەڵێ، «سووتاوم ئەز»، هۆی سووتان دیار نییە، دەبێ بچیتەوە بۆ میصرەعی یەکەم، وا لە وێدا «ناری سینەم»ی بۆ ساز داویت. ئەم هێنان و بردنەی نیگا و زەینی خوێنەر لە بەر و دوای بەیتەکە بۆ وەدەستهێنانی تەواوی واتاکەی هەر لە شاسواری وەکو نالی دەوەشێتەوە، سەیریش لەوەدایە کە ئەم سیحرکارییە، نەك هیچی زیادی تێ نەچووە، بەڵکو بە لێکلدانەوە و شاردنەوە و خامۆشیی بڵێمەتی و مەهارەتەکە و جوانیی بەیتەکە ساز بووە. هەرچی بەیتەکەی بوصیرییە لە هەر نیوەبەیتدا، هۆی دیاردەکەی بە دەستەوە داوە وەك بڵێی نیوەبەیتەکان خۆیانیان بەتاڵ کردووەتەوە لە چاو ئەوەی نالی کردوویەتی.

لە ئاست بەیتی دووەمی لاپەڕە ٢٢٢:

غەیری زوڵفی تۆ کە ڕشتەی عومرمە

دەست لە «مافیها»ی زەمان بڕیاوم ئەز

شەرحەکە دەڵێ: ئەگەر زوڵفی یار نەبێ، کە هەناسە هەناسەی عومری شاعیر بە یەکەوە ئەبەستێ، هەر هەناسەیەکی بگری، دوا هەناسە ئەبێ و پێوەندیی بە شتێکی

ترەوە نابێ بە دوای ئەودا بێ.

من وەهای بۆ ناچم: نالی دەڵێ زوڵفەکەی یار ڕشتەی عومرمە، عومریش زەمانە و لەگەڵ ڕۆژانی تەمەنی هاوجینسە کە شەو و ڕۆژیش هەر زەمانن. جگە لەمە: دەکرا بگوترێ لێدانی دڵی بەو ڕشتەیە بەستراوە، هەر نەبێ لێدانی دڵ و خوێنەکە و دەمارەکان، هەمووی بەشێکی وجوودی شاعیرن، کەچی بای هەناسە لاوەکییە و ناویشی نەهاتووە یاخود خوردتری بکەینەوە، زوڵفەکەش لە بەیتەکەدا نەلەراوەتەوە، هەتا تارمایی با بێتە خەیاڵمان. لەمانە هەموو تێپەڕ کەین، نالی بە ئیصرارەوە سوورە لەسەر هێندێ کە لە هەموو دنیا غەیری عومرەکەی کە بریتییە لە زەمان، شتێکی دیکەی مەبەست نییە، ئەویش لە قودسیەتی ئەو زوڵفەیە کە ئەجزای عومری بەیەکەوە دەبەستێتەوە. لێرەدا تێبینییەکی گرنگ هەیە واتاکە خەستتر دەکاتەوە، نالی زەمان و عومر و ڕشتەی زوڵفی، وەها تێك بەستووە و لێی گرێ داون کە موحتاجی فکرەی هەناسە نەمێنێ وەك ئەوەی کە هەناسە ڕابگرێت بۆ چەند دەقیقە زوڵفەکە پێوەندیی ڕشتە و عومرەکە بەردەوام دەکات، هەر زوڵفەکە بڕا، عومرەکە دەبڕێ، کە دیتمان هەناسە بڕا و عومر بەردەوام بوو. خولاسە و بێگومان نالی، بۆ دەوامەی عومری، چاوی بڕیوەتە زوڵف، لەوە بەولاوە «مافیهای زەمان»ی مەبەست نییە.

لە بارەی «مافیها»ی زەمانەوە کە شەرحەکە دەڵێ، دەبوو «مافیە» بێ؛ چونکە زەمان نێرە نەك مێ، گلەییم لەو تێبینییەی شەرحەکە نییە، هەرچەند دڵم دابین نەبووە، بە سەلماندنی سەهووی نالی لە ئاست نێری و مێییی زەمانەوە، بەڵام خۆم لێ کەڕ دەکرد، هەتا ئەمڕۆکە ڕێکەوتی ١٧-٣-١٩٩٦، کە بە نووسینەکەی خۆمدا دەهاتمەوە، بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەیەکی کردبێتم، لە هێکڕا شەبەنگی واتایەك بە زەینمدا هات، ئەو گرفتەی دەڕەواندەوە. نالی کە دەڵێ «دەست لە مافیهای زەمان»، وشەی دەست دەکاتە مەرجەعی ڕاناوی «ها»ی مێیینە کە لە عەرەبیدا «ید – دەست» مێیە. ئەو «ما»یەی بە «اسم موصول» دەناسرێ و ئەو شتانە دەگرێتەوە، لە ناو دەستی نالیدان، هەمووی هی زەمانن، واتە هەر شتێکی سەر بە زەمان بێ و پێوەندییەکی هەر چۆنێك بێ بە نالییەوە هەبێ، نالی دەستی خۆی بڕیوە لەو شتانە. ئنجا کە دەستی نالی بڕا لە زەمانە، هەردەمێنێتەوە زوڵفەکەی یار کە ڕشتەی عومریەتی. بەو پێیە عومری نالی بە زەمانەوە بەند نییە، هەر ڕشتەی زوڵفەکە، بەردەوامی کردووە و دەیکات، چ کاتێك ڕشتەکە پسا، نالی بە مردوو حیسابە.

لە ئاست بەیتی کۆتاییی غەزەلەکە لە لاپەڕە ٢٢٣:

ئەی ڕەفیقان! صوحبەتی نالی مەکەن

بۆچ؟ کە من لەورا وەکو بەدناوم ئەز

خۆزی تێکستی دیکەی ئەم بەیتەش لە دەستدا دەبوو: من دیتوومە «گەلێ بەدناوم ئەز» هاتووە. جگە لەم وشەیە هی دیکەشم دیتووە جودا لەم تێکستە؛ بەڵام نایەتەوە بیرم، ئەمما دەزانم «لەورا»ی تێدا نەبووە. ئەم «لەورا»یە لە نێوان فەقێیاندا، کاتی دەرس وەیا موناقەشە، دەبیسترا نەك بە واتای «لێرەدا»، بەڵکو بە واتای «چونکی». ڕاستییەکەی نیوەبەیتی دووەم، جێی متمانە نییە و ناقۆڵایشە، مۆسیقای شیعری تێدا نییە. «کە من لەورا وەکو» بەهیچ پێوانەیەك لە قەبەڵ نالی، بگرە چ شاعیرێکی دامەزراو، ناکرێت. هەر نەبایە «بۆچ کە لەورا من وەکو بەدناوم ئەز»، کەمێکی ناقۆڵاییەکی لادەبرد، هەرچەند هاتنی «من» لەگەڵ «ئەز»، بۆ هەڵنانی یەك جوملە لە گەپی منداڵ دەکات کە حەزی چووبێتە «ئەز». «وەکو بەدناو»، هۆی نەسیحەتەکەی بێهێز کردووە؛ چونکە «وەکو» بۆ تەشبیهـ، دەستووری «قاعدە التشبیە نقصان مایحکی» لە بەدناوییەکە دادەشکێنێ. ئەم بەیتە بە هیچ جۆرێك و لە هیچ ڕوویێکەوە، کەڵکی شیعریی پێوە نییە.

لە بەیتی یەکەمی لاپەڕە ٢٢٤:

هەی کەرێکم بوو چ پەیکەر؟...

شەرحەکە دەڵێ «چو پەیکەر...»، ڕاستە بە واتای «وەك پەیکەر» ، هەموو نوسخەکان چ پەیکەریان نووسیوە و بەهەڵەدا چوون. کەچی شەرحەکە لە سەهوودایە؛ چونکە «چ پەیکەر» ڕازی نییە ئەو کەرە وەك پەیکەر بێ، دەیەوێ پەیکەرێکی سەرسووڕهێن و دەگمەن و بێمانەند بێت، وەك کە دەڵێی چ بلیمەتێك! چ نازدارێك! چ ئافەتێك!

بەیتی یەکەمی لاپەڕە٢٢٥ کە ئەمە دەقیەتی لە کتێبەکەدا

بن زگ و جەبهەت سپی، کلك ئێستر و دامەن سیا

یەککە تاز و سێ بڕ و دوو باد و شەش دانگ و درێژ

بەلای منەوە لە تێکڕای تێکستەکانی دامەنی لاپەڕەکە، بەیتەکە بەم شکڵە، ڕاست دەردەچێ:

بن زك و جەبهەت سپی، كلك و سەر و دامەن سیا

یەككە تاز و دوو بڕ و سێ باد و شەش دانگ و درێژ

«كلك ئێستر»، لە بەیتی سێیەمی لاپەڕەكە هاتووە، ناشێ لە مەودای وەها كورتدا، دوو جاران بگوترێتەوە. ئەو ژمارانەش «یەك، دوو، سێ، شەش» بە دوا یەكتردا بێن نەك «یەك، سێ، دوو...».

لەبەیتی یەكەمی لاپەڕە ٢٢٦ «لاكین بێ كرێژ»، دوورە لە زەوقی شاعیرانی كورد، هەر نەبا «لێكین» بووایە، وەك حاجی قادر دەڵێ:«نەزەربازن وەلێكین دوور بە دووری». بەڵام بێگومان، «ئەمما بێ كرێژ» لەبارترە، وەك لە هەندێ تێكستدا هاتووە.

بەیتی یەكەمی لاپەڕە ٢٣٨:

ئەی دڵ! خەراجی حاصڵی ظوڵماتی بەحر و بەڕ

میراتی ئیعتیبارە لە فرزەندی فەیلەقووس

شەرحەكە «فرزەندی فەیلەقووس»ی بە ئەسكەندەری مەكدۆنی، لێك داوەتەوە. وا دەزانم مەبەستی ئەسكەندەری زولقەرنەینی ناو كتێبی ئەسكەندەر نامەیە كە گۆیا هەموو دنیای گرتووە بە تاریك و ڕووناكیەوە. دەشڵێ: «ئەوەی بۆ بنیادەم دەمێنێتەوە، تەنها ئەو میراتەیە كە لە پێشینان بۆمان ماوەتەوە...» وەك بۆی دەچم مەبەسی نالی ئەوەیە كە «ئیعتیبار» واتە عیبرەت و پەند وەرگرتن لە جیهانگیریی ئەسكەندەر، تەنها میراتێكە بۆمان ماوەتەوە، هەرچی «خەراجی حاصڵی ظولماتی بەحر و بەڕ» هەیە، لەوەی زولقەرنەین وەری گرتووە لەو عیبرەتە بەولاوە هیچی نەماوە و نامێنێ.

لە لاپەڕە ٢٤٧، بەیتی كۆتاییی غەزەلەكە ئەمەیە:

یا گەدایێكە غەنی، یا پادشاهێكە فەقیر

لەم دووە خاڵیی نییە نالی لە ڕووی حەدی وەسەط

شەرحەكە وەهای بۆچووە كە نالی خۆی بە «گەدای غەنی» داناوە، هەرچەند پاتەویات دەری نەبڕیوە، گۆیا بەیتەكە ڕادەگەیەنێ كە نالی یا دەبێ خۆ بە دەسەڵاتدارەوە هەڵنەواسێ و هەژاری ماڵی دنیا بێ؛ بەلام لە دەروونا سامانداربێ، یان دەبێ خۆی سووك و بێ سەنگ بكات تاكو لە بارەی ژیانی مادییەوە وەك پاشا بژیت.

ئەم شەرحە عەكسی مەبەس و واتای بەیتەكەیە؛ چونكە گەدای غەنی دەكاتەوە بێ

سەروەتـیـی دنـیـایـی و دەوڵـەمـەنـدیـی دڵ و دەروون. پـاشـای فـەقـیـریش دەكاتـەوە دەوڵەمەندی دڵ و دەروون و دەسبەتاڵ لە ماڵـی دنیا. گەدای غەنـی و پاشای فەقیر پێكەڵپێكن؛ چونكە گەدا فەقیرە و غەنـی پاشایە.

لە بەیتـی یەكەمـی لاپەڕە ٢٤٨، وشەی «مەحاڵ» نووسراوە. وا دەزانم «محال» بە «موحال» دەنووسرێت. لە بەیتـی دووەمدا:

مەعنایـی نوور و ظوڵمەت و نەشری حەیات و مەوت

بوو، ڕوو و زوڵف و ڕۆژی ویصال و شەوقـی فیراق

شەرحەكە بەیتەكەی لە قەبەڵ پێوەندیـی نێوان نالـی خۆی و خۆشەویستەكەی كردووە... ڕاستییەكەی واتای بەیتییەكە تێكڕای خەڵق و جیهانـی بەرین دەگرێتەوە كە نـالـیشی بـەردەكـەوێت. نوكتـەیـەكـی زێدە گـەورەش لـە دەقـەكـەدا شرایـەوەیـە: هـەرچـی «ڕوو» و «زوڵف»ە تەنها «نوور» و «ظوڵمەت» دەگرنەوە. هەرچـی «ڕۆژی ویصال» و «شەوی فیراق»ە سەرلەبەری نوور و ظوڵمەت و نەشری حەیات و مەوت دەگرنەوە. ڕۆژی ویسال كە نەشری حەیاتە لە هەمان كاتدا نوورە. شەوی فیراق كە مەوتە ئەویش لە هەمان كاتدا ظوڵمەتە. سیری ئەم گرنگییەش لەوەدایە كە ویسال جگە لە دیتنـی یار لـەزەتـی گـەورەتری تـێدایـە كـە گـەیـاندنـە جێـی ئـارەزۆیـە، شـەوی فـیراقـیش جگـە لـە تاریكایـی، مەرگیشـی پێوەیە كە دووركەوتنەوەیە لە یار.

دەستەواژەی «نەشری حیات و مەوت» دەشێ وشەی «نەشر» هەر بۆ حەیات ئیضافە بكرێت كە واتای ژیانەوەی مردووان لە ڕۆژی قیامەت ڕادەگەیەنێ . هەرچـی «مەوت»ە بێ نەشر، ئەدای مەبەست دەكات.

لـە بـەرایـیـی بـەیـتـەكـە، وشـەی «بـوو»، بـێـجـێـیـە، «وەك» لـەبـارە. نـاشزانم چـۆن لـە نووسینـی كۆندا فەرقـی نێوان «بوو» و «بۆ» كراوە تا لەو شەرحەدا تێكستـی جودایان بۆ سازدات.

بەیتـی سێیەمـی لاپەڕە ٢٤٩، نیوەدێری یەكەمـی نووسراوە:

شیـریـنـی یـو، لـە تـاڵـی یو ترشیـی عیتـابـی ڕووت

وشەی «عیتاب» لەگەڵ واتای ئاشكرای بەیتەكە، چ پێوەندییەكـی نییە. لە شەرحدا بە زۆرەملێ جێگەیەكـی لەق و تەسكی بۆ سازداوە، گۆیا یار لە خۆیدا شیرینە؛ بەڵام بەهۆی ئەو هەموو گلەیـی و بناشتە تاڵ و ترشەوە كە ئەیكەیت... هتد هەموو غەزەلەكە

عیتابێك و ترشییەك و تاڵییەكی تێدا نەهاتووە... لەبەیتێكی دواتردا دەڵێ: ئەی میهری میهرەبان.

من بە عومری خۆم هەر «خولاصە ڕووت»م، خوێندووەتەوە و لە تێكستی دەستخەدا، وەهام دیتووە. هێنانی دانەی سماقیش بە وەجهی «مفارقە»، هاتووە و بەیتەكەی شیرنتر كردووە.

شەرحەكە وشەی «ناوچاو»ی هێناوە لە كۆتاییی شەرحی بەیتەكەدا بە واتای «جەبین» یاخود هەرنەبێ كەوتووەتە ئاست شوێنی جەبین لە بەیتەكەدا. پێشتر نەمبیستووە، «ناوچاو»، «جەبین» بێت. دەگوترێ «ناوچەوان» كە كورتكراوەی «ناوچاوان»ە. شەرحەكە دەڵێ «خاڵەكەی بە ناوچاویشتەوەیە وەك دەنكی ترشە سماق دێتە پێش چاو». ئەگەر «ناوچاو» «فی العین» «داخل العین» بێت، هەر بیبیلە هەیە وەك دانە بێت... لە دەمی ئەم نووسینەدا، دەنگم بە كەس ڕاناگات، پرسی پێ بكەم لە بارەی واتای «ناوچاو»ەوە. خوێنەر سەرپشكە.

لە بەیتی سەرەتای لاپەڕە ٢٥٠دا، وشەی «تەسبێح» هاتووە. بێگومان نالی نانووسێت و ناشیەوێ بنووسێت و نەشیتوانیوە بنووسێت «تەسبێح»؛ چونكە ئەوسا ئیملای ئێستاكە پەیدا نەبووبوو. شوبهە نییە لەوەدا كە نالی و هەموو نووسەران «تەسبیح»یان نووسیوە و هەرچی ئەدیبە مەبەسی «تەسبیح» بووە نەك «تەسبێح».

لە بەیتی دووەمدا كە «محاق» بە مانگی شەوی ٣٠ داندراوە كە دەرناكەوێت، نەختێك، كورتی هێناوە؛ چونكە مانگی عەرەبی ٢٩و ٣٠ ڕۆژی هەیە. واش دەبێ لە سەرەتای مانگدا لەبەر تۆز یان هەور مانگەكە نادیترێ، دەشێ مانگی ٢٩ شەوی ببێتە ٢٨ ڕۆژی، ئەمەش كاری خۆدزینەوەیە لە زانست بۆ وشكە ئیمان. لە ئاست «بابی بامداد» و نیوەبەیتی دووەمی دێرە شیعرەكە كە ئەمە دەقیەتی لە كتێبەكەدا:

ئەی میهری میهرەبان وەرە سەر بامی بامیداد

دا مەهرووان ببن بە هیلالی شەوی میحاق

شەرحەكە دەڵێ: نالی كە «سەربان» دەكا بە «مضاف الیە» لە ڕێی «ی»ی ئیضافەوە بۆ بامیداد، ئەو بامیدادەی كردووە بە شتێكی مادی كە لە كاتیەوە گۆڕیوە بۆ جێگە، كاتیش مادە نییە.

دەبێ بڵێم، من دڵنیا نیم لەوەدا نالی «بامی بامیداد»ی نووسیبێت؛ چونكە بە زۆری

ئـەو «ی»ەی ئـیـضـافـە لـە شێوە نـووسیـنـی فـارسـی ئـامێز نـەدەنووسرا. ئـنجـا ئـەگـەر بشسەلمێنین «بـامـی» نووسراوە، تەگەرەی گەورەتر دێتە پێش؛ چونکە کە «بـام: بـان»ی ڕاستەقینە نەبوو، هـەر کات هـەبوو، ئەو میهری میهرەبـانە لەسەر چـی ڕاوەستێ و بەرزبێتەوە هـەتا ماهڕووان بێ نوور بکات... دەشیا بگوترێ لە دەستەواژەی «بـام بـامیداد»دا، مەعنـای ئیضافە پەیدایە، ئەو مـادییەت و سێبـەری ئەصلە، واتـا و زێدە جوانییەك لە بەیتەکەدا پێك دەهێنێت.

تێبینیم لەوەندەدا نـاوەستێ، یەکێکی گرنگتر مـاوە بیلێم، شەرحەکە دەڵێ: «ئەی یـار ڕوومەت وەك خۆر و بە بەزەیـی! لە ئـاسۆ هـەڵبێ و وەرە سەربـانـی سبەینان، تـا هـەرچـی جوانـی تر هـەن لە تـاو جوانیـی تۆ هـەموویـان خۆیـان بشارنەوە، وەك مـانگـی ڕۆژی سیـی مـانگ، بـاریك و بێهێز ببن» «مـانگـی محـاق نە بـاریك و نە بێهێز دەبێ چونکە دیـار ناکەوی».

ئەم واتـایە لەتەك ڕاستینەی واتـای بـەیتەکە، وەك من بۆی دەچم، زۆر کورت دەهێنێ. نـالـی دەڵێ ئەی یـار... سبـەینێ وەرە سەربـان هـەتـا هـەموو ئەو جوانـانەی ڕوویـان وەك مـانگە، ببن بە هیلالـی شەوی محـاق. «هیلال لە شەوی محـاقدا نـادیترێ. لە نموونەدا دەڵێم: کە گوتت (مرۆیەکی ئـازاد کۆت و زنجیر کرا) ئـازادییەکەی لە نـاو دەچێت هـەرچـەندە مرۆکە خۆی هـەر مـاوە. هیلالـەکەی بە شەوی پێشووش هـەر مـاوە؛ بـەڵام نووری نـەمـاوە، نـادیترێ». نـالـی لـەم بـەیتەدا وا ڕادەنوێنێ کە دەرکەوتنـی یـار لە بـامداددا، وەهـای پرشنگ دایەوە کە نووری بـەیـانیشی شاردەوە، خستییە ڕێزی شەو. دیـارە «مـاهڕوو»، لە بـاری وەهـادا دە جـاران و سەد جـارانیش نووریـان پێوە نـامێنێ و دەبنە هیلالـی محـاق... کەم وەهـا دەبێ موبـالـەغەی ئەدیبـانەی دڵپەسەند بگاتە ئەم ڕادەیە. هـەرچـەند جێـی لەبـاریش نییە بۆ شتێکی ئەوتۆیـی سەر بە موبـالـەغە، بەڵام نییـەتـی سوود گەیـاندن بە زەینـی خوێنەر لێم خۆش دەهێنێ ئەم شاکـارەی «تصوف» کە لە شکڵدا موبـالـەغە و لە سلووکـی (تصوف)دا بـە حـەقیقـەت دەڕوات:

یەك جورعە مەی ئەز حەریفی مەستت بڕەسەد
صەد چـاشنـەیـی دەمـی ئـەلـەستـەت بـڕەسەد
ئین جـام نـیـهـادەئـەنـد دەر تـاقـی بـولـەنـد
پـا بـەر سەر خـویش نـیـە کـە دەستت بـڕەسەد

واتە: یەك قومە شەراب لە دەستی هاوبادەی مەستەوە پێت بگات، صەد تامی دەمی ئەلەستت پێ دەگا. ئەم جامەیان لە ڕەفی بڵنددا داناوە، دەبێ پێ لەسەر کەللەی خۆت دابنێیت هەتا دەستت پێی دەگات.

«دەمی ئەلەست» ئەو دەمەیە کە خوا لە خەلقەندەی خۆی پرسی:"ألست بربكم"، هەڵبەت ئیمانی ئەو دەمە کە ئیمانی دیتنە نەك بیستن و سەرگوزشتە، ئەوپەڕی ئیمانە، کەچی شاعیری صوفی هاوپەیمانیی لەگەڵ ڕابەردا، پەسەندتر دەکات، سەد جارانیش پەسەندتر.

من وەها دەزانم مەبەستی لەوەدایە کە ڕووبەڕووبوونی خوا، دەهشەتێکی وەها دەخاتە دڵ و ویژدانی بینەر، بەبەریەوە نامێنێ لەزەت ببەیت. هەرچی ڕابەرە، دەشتگەیەنێ بە پلەی بالآیی و لەزەتیشت پێ دەبەخشێ.

مەبەس لەم چوارینە لایەنی موبالەغەی «پێ لە سەر کەللەت دابنێ...»یە کە موستەحیلە، کەچی موستەحیلەکەش بووەتە مومکین لە ڕێی«حەریفی مەستەوە».

لە بەیتی سەرووی لاپەڕە ٢٥٠:

صۆفی لە فەقر و فاقە وەکو فاقە فاقی دا

تەسبێحی دام و دانەیە، ڕیشی دو فاقی فاق

شەرحەکە دەڵێ: تەزبێحەکەی – صۆفی – لەو ڕووەوە کە بازنەییە وەکو داو وایە و،... من دەڵێم تەزبێح خۆی بریتییە لە دەنکەکان و لەو داوەی دەنکەکانی پێوە دەکرێن، بەوەدا تەزبێحەکە خۆی دەبێتە هۆی گرتنی چوێلەکە، یان تەیری دیکەی وەك کەو، سوێسکە... ڕاوچی داوە مووسکە دەنێنەوە، بەدەورییەوە دانەی گەنم، جۆ پەخش دەکەن. ئەمەیان وەسیلەیەکی ڕاوی خەڵقە. وەسیلەی دووەم ڕیشی صۆفییە کە بە شکڵی دوو فاقی دەبێتە فاقە. تەنها یەك دانەی پێویستە کە مەل بۆی بچێت، نالیش لە «دام و دانە» خەمخۆریی ئەم لایەنەی کردووە؛ چونکە «دانە»ی هاوڕێی «داو»ەکە لە قەبەڵ تەنها داوەکە نەکراوە (دەبوو ئەم بەیتە پێش کەوێتەوە لە بەیتی پێشووتر؛ بەڵام هەڵکەوت یان ڕێکەوت وەهای هێنا)، بە کەڵکی فاقی ڕیشی صۆفیش دێت.

لە ئاست بەیتی سەرەتای لاپەڕە ٢٥١ کە ئەمە دەقیەتی:

نالی کە صەدری مەسنەدی تەمکینی تەکیە بوو

بۆ تۆ بووە بە دەربەدەری کووچە وو سوقاق

شەرحەکە لە وردەکارییەك بێئاگا بووە. وشەی «دەربەدەر» عادەتەن بۆ کەسێك دەگوترێ لە شارێکەوە بۆ شارێك، لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێك سوورِ بخوا. لەم بەیتەدا، نالی کە بە زاهیر خۆی دەکاتە گەڕیدەی ئەم دەرگە بۆ ئەو دەرگەی سوقاقان، مەبەسیەتی یار بدۆزێتەوە، بە هەر نەوعێك بێ و بۆ هەر ماوەیەك بێت چاوێکی پێ بکەوێت. ئەم مەعنایە ڕاست دەردەچێ، ئەگەر یار لە ماڵی خۆیشی نەچووبێتە دەرەوە بە مەرجێك نالی نەیدیتبێ، دەرگەی هەموو ماڵێك لێ دەدات و چاوێکی تێدا دەگێڕێ بەڵکو خواوڕاستان. ڕێکەوت با پێشی بگوترێ سواڵکەری دەربەدەری کووچە و سوقاق.

بەیتی دووەمی لاپەڕە ٢٥١:

چییە گوارە گوناهی، وا بە نەستەق

بە گوێ هەڵتاوەسیوە، سەر موعەللەق

وشەی نەستەق لە «نَسَقْ –نەسەق»ەوە هاتووە و دەلالەتی ڕێکوپێکی هەیە. ئێستاش لە وتووێژی بازاڕی ترنجاندنی «ت» لە هەندێ وشەی بێگانە باوە وەك «کەستارە» لە جیاتی کەسسارە. دەڵێن «فیتراقی کرد» لە جیاتی «فراق–فیراق».

زاهیری بەیتەکە وەها دەنوێنێ کە گوارە هەڵواسراوە بە گوێچکەی گوارە خۆیدا وەك باو بوو زۆردار خەڵقی هەڵدەواسی بە گوێ، بە لووت، بە گەردەن... کەچی بە گوێی یاردا هەڵواسراوە سەرەوژێرێکی دەسڕەنگینانە.

بەیتی سەرووی لاپەڕە ٢٥٢، حیکایەتۆکەیەکی دڵپەسەندی ئەم ڕۆژگارەی لەگەڵدا هەیە: هەژاری شاعیر و زمانزانی نەمر لە ڕادیۆی قاهیرە، بەر لە دەیان ساڵ، بە دەم وتووێژەوە لە ئاست پرسیارێك لە بارەی بەهرەی نالییەوە گوتبووی:

دەخیلت بم نەخیلی یا ڕوطابی

وەها شیرین و سینە نەرم و دڵ ڕەق

ئەم نەخیلە ماڵی عەرەبە و هەزاران شاعیری بێ ڕەزای هەیە: یەکێکیان دارخورمای وەها عەزیز نەکردووە و بەم جۆرەی هەڵنەداوەتەوە. ڕەحمەت لە نالی و لە هەژاریش...

دەقی بەیتی دووەمی لاپەڕە ٢٥٢:

سەراپای  گـرتـووی زوڵـف، بـۆیـە بـوویـی
مـوقـەیـیـەد هـەم موخـەلخەل، هـەم مـوطـەووەق!

وشەی «زوڵف» لە نیوەدێری یەکەمدا، بەیتەکەی تەنبەڵ کردووە، لەبار مجێزی مندا، نالـی پێـی ڕازی نییە. وام لە بیرە بەر لە ساڵەها وەهـام خوێندووەتەوە: کە بوویـی. دەقـی نوسخەی«کم» و «من» لە پەڕاوێزدا کە ئەمەیە: «سەراپای گرتووی زوڵفەینـی خاوت»، چەندێکی دووریشە لە دەقی پەسەندکراوی شەرحدەر، بێگرفتە و عەیبـی تێدا نییە. نیوەبەیتەکە دەبێتە «عامل» بۆ موفرەداتـی نیوەبەیتـی دووەم. موخەلخەلیش لە خڵخاڵەوە هـاتووە بۆ پێـی.

لە بەیتـی یەکەمـی لاپەڕە ٢٥٣:

لــە پـێت ئـالاوە حـەڵـقـەی  مـاری گـێسووت
عـەجـایب حـەیـیـی بـێ جـان قـەیـدی  موطڵەق

شەرحەکەی تەواوە، تەنها یەك نوقصانیـی هەیە، ئەویش لە «قەیدی موطلەق»دا، مەبەس لێـی ئاڵقەی گێسووە، بووەتە قەید و قەیدەکەش بەرەڵڵایە، چونکە گێسووەکە نەبووەتە گرێ هەر ئەڵقەیە... بەڵام وشەی «مطلق» کە بوو بە وەصفـی قەید یان هەر شتێك بێ، هەڵدەگرێ هەمیشەیـی و هەمەگیر بێت، وەك کە دەڵێـی «مطلق الزمان»، «إطلاقاً»، «موطلقاً»... هتد. بەم مانایە قەیدەکە دەبێتە هەمیشەیـی لە پێیدا؛ چونکە چەندێکـی زوڵف شۆڕبووەوە لە پێـی ئالاوە. بەڵام دیسانەوە نەبووەتە گرێ، واتە ڕێـی هیچ شتێکـی لێ نەبەستووە، قەیدی موطلەق لە مەعنادا هەڵدەگرێ «مطلق القید» بێ، قەیدی هەمەکات بێت.

لە بەیتـی دووەم، لاپەڕە ٢٥٣ کە ئەمە دەقیەتـی، بە پێـی ڕێنووسـی کتێبەکە:

کـــە لـێڵ و سوور و کــول بـــوو چـــاوی  تیژت
ئەوەندە  پـــێـی دەڕێژی  خـوێنـی نـاحـەق

وشەی «کـە لـێڵ» لـە بـەرانـبـەر وشەی «تیژ»دا، بـە نـاچاری و لـە ڕێـی «تـەداعـی عکسـی»یەوە دەبێ «کلیل– کەلیل» بێ، واتە تیژیی پێوە نامێنێ و وەك تیغـی کولـی لێ دێت. وشەی «کول»، لە نیوەدێری یەکەم هاتووە بە واتای نەخۆشیـی کولییە، نەك کولبوونـی تیغە. دەگوترێ «ذهن کلیل»: واتە زەینـی نەبڕ، بێ بڕشت. لەگەڵ ئەمەشدا،

وێنەی مەعنا لێدانەوەی شەرحەکە کە «کول»ی نەبڕ داناوە جلوە دەبەستیٚ.

بەیتی کۆتاییی بڕە شیعرەکە لە لاپەڕە ٢٥٤ ئەمە دەقیەتی:

شوکر نالی سەری خەصمت وەکو گۆ

بە خواری نەك بە یاری کەوتە بەر شەق

شەرحەکە وەهای داناوە کە مەبەس لەو خەصمە – دوژمنە– زولفی یارە کە تێی ئالاوە و دەستوپێی بەستووە و... هتد «دەبیٚ شەرحەکە بخوێندرێتەوە».

ڕاستییەکەی من لەگەڵ هیچ وشە و شەرحێکی ئەو بەیتە نیم. هەرچی بەیتێکی ئەم غەزەلە زوڵفی تێدا هاتبێت بە مەدح و هەڵدانەوە بووە، چ هێما و نیمچە ڕستە و ڕاگەیاندنێك نییە، زوڵفی وەك خلْخاڵ و قەید و تۆق و ئاڵقەی مار ببێتە تۆپ و شەقی تیٚ هەڵدرێت.

بەیتەکە بیٚ تەئویل، ڕیسواکردنێکی خەصمە کە ئەگەر نەشبیٚ لە پێویستدا پەیدا دەکریٚ... ئەم غەزەلە لەلای «وحدە»ی مەعنای تێدا مەبەست نەبووە. لە گوارەوە بۆ ڕوطەب، بۆ زوڵف، چاوی کول و کەلیل، سەری خەصم، واتا ئاراییی کردووە و بەشێکی هەرە بەرچاوی شیعری فارسی و کوردی و زۆربەی وڵاتانی خاوەری موسڵمان لەم جۆرە بوون.

لە لاپەڕە ٢٥٥ بەیتی یەکەم:

ئەی شۆخی بیٚ نیاز و گران ناز و غەمزە سووك

تیری موژەت نیشانەیی دڵ کون دەکا بە نووك

شەرحەکەی ڕێکە؛ بەڵام وشەی «بیٚ نیاز»ی کە لێك داوەتەوە «بە کەس موحتاج نەبووی» و ڕاستیشە لەم تەرزە جێگەیەدا واتایەکی دیکەش دەبەخشێت کە جێی نیازی کەسیش نیت؛ چونکە لە خۆیان ڕانابینن تەما لەو هەموو جوانی و شۆخی و ناز و فەتتانییە بنێن.

دڵم بۆ ئەوەش دەچێت کە نالی لە دراوسێیەتیی دوو وشەی «کون» و «نووك –جاران نوك دەنووسرا» تەپکەیەکی نابێتەوە وەك بڵێی، خۆڕایی نییە هەر کامێکیان هەڵگێڕیتەوە، ئەویتر دەردەچێت... خەیاڵ دەگێڕم و بە شتێکەوە بەند نابیٚ.

لە کۆتاییی بەیتی دووەمی هەمان لاپەڕە «سولووك» نووسراوە گۆیا وێڕای شێخ

سولووکیش بەستەی کەمەندی زوڵفی یارە. «سولووك – سلوك بە نووسینی عەرەبی»، ناوی واتایە نەك مادە، ناشێ و نابێ بەستەی هیچ شتێك بێت... ڕاستییەکەی «سەلووك»ە کە بە واتای «سالیك» دێت. شەرحەکە لە کۆتاییدا دەڵێ: دەشێ وشەکە سەلووك بێ... دەبوو لە سەرەتاوە «سولووك» ڕەت بکاتەوە.

لە بەیتی یەکەمی لاپەڕە ٢٥٦:

نەقدی دڵێ کە ڕائیجی سەودایی تۆ نەبێ

مەغشووش و کەم عەیارە وو هەم قەڵب و هەم چرووك

شەرحەکە نەقدی بە زێڕ لێك داوەتەوە ، نەقد یا پارەیە یا ڕەخنە و نرخاندنە. وشەی سەوداش کە شەرحەکە دەڵێ: «زێڕی دڵێ کە لە بازاڕی خۆشەویستی تۆدا نەڕوا و تۆ پەسەندی نەکەیت و وەری نەگریت، زێڕێکی خاوێن نییە» و لە قەبەڵ مامەڵەی کڕین و فرۆشتن کراوە، واتایەکی دیکەشی هەیە کە عیشقە. ئەم واتایە نەقدەکە دەکاتە خولیا و شەیدایی کە ئەویش ئەگەر بەلای ئەو گران نازەوە ڕەواجی نەبوو، قەڵب و چرووك دەردەچێت. دەبێ خوێنەر بزانێ «نەقدی دڵێ...» لە هەر مەعنایەکیانەوە بۆی بچیت هەر دەبێتەوە خولیا و شێواوی و شەیدایی دڵ، بە مەجاز وەصفی «مەغشووش، کەم عەیار، قەڵب، چرووك» ئاراستەی نەقدینەی پارەی کردووە کە دەزانین دڵ پارەی لزووم نییە و پێشی هەڵناگیرێ! نالی، نەقدی دڵ کە خولیا و خەیاڵ و عیشقە بۆ لای سەودای دەباتەوە کە ئەویش شتێکی دەروونییە؛ بەڵام وەصفی مەغشووش و کەم عەیار... هتد کە هەمووی هی مادەیە «لە ڕێی ئیستیخدامەوە»، بە مل سەودای مامەڵەی کڕین و فرۆشتن و بە مل سەودای عیشق و دڵداریدا دەهێنێ... مادە دەبێتە نامادی و بەعەکسیشەوە.

لە لاپەڕە ٢٥٧:

دەستی چناری ڕووت و سەری شاخ و لێوی گوڵ

ڕازانەوە بە خەلعەتی دیبا وو بە بەرگ و تووك

لە شەرحدا «سەری شاخ»، بە لووتکەی شاخ «چیا»، لێك دراوەتەوە: وا دەزانم لووتکە، شاخ لە نێوان «دەستی چنار» و «لێوی گوڵ» جێی نییە و نابێتەوە، مەبەسی لە «شاخ» لکەدارە کە دەگوترێ شاخی درەخت، وشەکە فارسییە.

لە لاپەڕە ٢٥٧، بەیتی دووەم:

دەس بەندیانە دێن و دەچن سەرو و نارەوەن

صاحێب کولاە و سایە وو بەرگن وەکو مولووك

نیوەبەیتی یەکەمی بە دەقی خۆی لە لاپەڕە ١٩١ هاتووە، لەوێدا بەیتێکی «قوربانی تۆزی ڕێگەتم»ە. وشەی «صاحێب» نادروستە؛ چونکە بێگومان نالی، «صاحب»ی نووسیوە و مەبەسیشی «صاحیب» بووە بە ڕێنووسی ئەم سەردەمە. «کولاە» دەبوو «کولاهـ» بێت؛ چونکە «ە» لەبری فەتحەی عەرەبییە، نەك دەنگی «هـ» لە کوردی.

لە شەرحی بەیتی لاپەڕە ٢٥٨ «ئێجگار» هاتووە، ڕاستییەکەی «ئێکجار – یەکجار»ە، ناشێ بێژەی بازاڕیی ناوچەیی، جێگە بە وشەی ڕاست و دروست لەق بکات. شەرحەکە خۆی تەواو بێ عەیبە.

بەیتی دووەمی لاپەڕە ٢٥٩ ئەمە دەقیەتی:

ڕایـێڵ و تـار و پـۆیی کـولـووی بەفرە، ئابشار

با بای دەدات و ماسییی پێدا دێ وەك مەکووك

وشەی «پێدا»، نیوەبەیتەکەی لە لایەن کێشەوە تەنبەڵ کردووە، دەبوو «پیا» بنووسرێت وەك کە نالی خۆی لە جیاتی «تێدا» هاتووە «تیا»ی بەکار هێناوە:

پەچەیی پەرچەمیـ یو پرچی سیا

هەر دەڵێی مانگەشەوە کوڵمی تیا

هەر هەمان «تێدا»یشی بەکار هێناوە، بە پێی هەڵگرتن و داخوازی کێش. لە لاپەڕە ١٨١، ئەم بەیتە هاتووە:

یەعنی ڕیاضی ڕەوضە کە تێدا بە چەند دەمێ

موشکین دەبی بە کاکۆڵی غیلمان و زوڵفی حوور

لێرەشدا دەبوو «کاکوڵ» نەك «کاکۆڵ» بێت؛ چونکە بێ لزوم نەختێك کێشی نیوەبەیتەکە تەنبەڵ دەبێ... بەیتی سەرەتای لاپەڕە ٢٦٠ کە ئەمە دەقیەتی:

شەبنم کە نەظم و نەثرە لە ئەوراقی غونچەدا

گـۆیـا بـووە بـە زار و زوبـان و ددان و پـووك

شەرحەکە باشی بۆ نەچووە کە وەهای داناوە نالی لەم بەیتە و هی کۆتاییی برە

شیعرەکە، مەدحی شاعیریەتیی خۆی پێ کردووە. مەدحەکەی خۆی لە بەیتی کۆتایی هاتووە کە دەڵێ:

نالی عەجەب بە قووەتی حیکمەت ئەدا دەکا

مەعنایی زۆر و گەورە بە لەفظی کەم و بچووك

بەیتی یەکەمیان شاکارێکە لەوانەی لە زەحمەت زەحمەتترە لە وێنەی زیهنەوە، بڕژێتە قاڵبی وشە. نالی دەڵێ: شەبنم لە ئەوراقی غونچەدا نەظم و نەثرە. دەزانین ئاخاوتن یا نەظمە یا نەثر، کەواتە نالی جگە لە صورەتی شەبنمی سەر پەلکە گوڵ، دەیەوێ بە قسەشی بهێنێ. ئەمجارە کە نەظم و نەثر لە ئەوراقی خونچەدا، چەسپ بوو لەوە دەرچوو وتووێژی سادە بێت، نەخێر لە «وەرەق – کە واتای کاغەزی لێنووسین دەگەیەنێ» بوو بە نووسراو. نالی بەمەشدا واز ناهێنێ، وشەی «گۆیا» جگە لەو مەعنایەی لێتەوە دیارە، «ناطق»یش ڕادەگەیەنێ. نووسینەکە بوو بە «ناطق – قسەکەر» کەسیش ناتوانێ لێی نەسەلمێنێ؛ چونکە ئەوەتە «بووە بە زار و زوبان و ددان و پووك» کە تێکڕایان صورەتی غونچە شەبنم لێی نیشتووەکە دەکێشن، شەبنمی نەظم و نەثر هی ددانە کە ئەگەر پەخشانیش بێ هەر جوانە. زار ئەو هێندە کراوەیە کە جێگەی شەبنمی تێدا بووەتەوە و لە شکڵی تێکڕای خونچە، عەکسی داوەتەوە. زوبان تیژایی و هەیئەتی غونچەکەیە کە ئەگەر غونچە نەبایە و شکۆفە با، لە زمانی نەدەکرد. پووك ئەو هێندە پەڕ و پۆرگەیە کە پەڕە نەپشکووتووەکانی لە خۆیدا گرتووە.

لە لاپەڕە ٢٦١ بەیتی سەرەتای قەصیدە، کە ئەمە دەقیەتی:

بە هاوین جەستە خەستەی دەردی گەرمام

بە زستان دڵ شکستەی بەردی سەرمام

شەرحەکە شێوەی ئاشکرای وشەکانی کردووە بە واتای بەیتەکە و هەر ئەمەیشی لە پێشدا بووە، بەڵام لە جیرانەتیی «دڵ شکستە» و «بەردی سەرما»، نالی بۆ ئەوەمان دەبات کە دڵەکە بە «بەرد–حجر» شکستە بووبێ، جگە لە «بەرد» بە واتای ساردیی زستانە، کە شکستەکە دەبێتە شکاوی حەقیقی نەك هی داخوازی شیعر. زستانیش لە ڕەهێڵی تەزرە و بەفر ئامرازی شکاندنی لە دەستدایە.

لە لاپەڕە ٢٦٢ بەیتی یەکەم بەم دەقە:

لە قوربی «قاب قوسین»ی دوو ئەبرۆت

منی «أدنی» چ دوور و دەربەدەر مام

شەرحەکە لەوەدا نیشانەی پێکاوە کە بەیتەکە ئیشارەت دەکا بۆ ئایەتی «ثم دنی فتدلی فکان قاب قوسین أو أدنی»؛ بەڵام بۆ ئەوە نەچووە کە لە بەیتی دووەمی لاپەڕە ٢٦١ دەڵێ:

لە هێلانەی زەمیندا وەك شتور مورغ

منی قودس ئاشیان بێ باڵ و پەڕ مام

شەرحەکە «قودس ئاشیان»ی بە «هێلانەی ئاسمان» لێك داوەتەوە و «ڕاستیشی لێك داوەتەوە» بە هۆی ئەم «قاب قوسین»ەوە، «دوور و دەربەدەر» ما لە بەهەشت، لە ئاسمان. دەبوو شەرحەکە بڵێ «فکان قاب قوسین» و هەموو ئایەتەکە هی دەمی میعراجی پێغەمبەرە کە لە خوا نزیك بووەتەوە. بەڵام نالی لێك نزیکبوونەوەی دوو ئەبرۆی یار، کە نارەزایی دەگەیەنێ، دەهێنێتەوە بە هۆی دووربوونەوەی لە بەهەشت لە حاڵێکدا چەند «أدنی–هەرە نزیك» بوو. «ئەدنا»ش جگە لە نزیکتر واتای «زێدە دەنی– هەرە سووك» دەگەیەنێ کە پڕ بە پێستی دوورکەوتنەوەیە لە ئاسمان، لە بەهەشت.

لە بەیتی دووەمی لاپەڕە ٢٦٢ کە دەڵێ:

بەڵا گەردانی باڵات بم ئەگەر چووم

فیدای هیندوویی خاڵت بم ئەگەر مام

شەرحەکە واتای ئەم بەیتەی لەگەڵ بەیتی دواتریەوە تێك بەستووە کە دەڵێ:

نەفەس هەر وا لە ڕێدا دێت و نایێ

لە سەیر و مەیری ئەسبابی سەفەر مام

کە تێکبەستن هەبێ، مانیعیش نییە لە هەبوونیدا، جێی خۆی بوو بەیتی پاین لە پێشەوە بێت کە باسی سەفەری تێدایە و ببێتە پێشەکی بۆ چوون و نەچوون کە لە بەیتەکەی پێشتردا هاتووە:

نەفەس هەروا لە ڕێتدا دێت و نایێ

لە سەیر و مەیری ئەسبابی سەفەر مام

بـالاّ گـەردانـی بـالاّت بم ئـەگـەر چووم

فیدای هیندوویـی خاڵت بم ئەگەر مام

لە «دێت و نایێ»دا، ڕادەگەیەنێ کە مردن «بە نەهاتنی نەفەس» شتێکی چاوەڕوان کراوە. بە خۆڕاییش نییە نالی لە حاڵی چووندا خۆ دەکاتە بەلاّ گەردانی بالاّی یار و لە حاڵی مانەوەدا، دەبێتە فیدای هیندوویی خاڵ. هەرچی بالاّیە بزووتنەوەی لێ تەسەور دەکرێ. هیندوویی خاڵ نابزوێت.

بالاّ و بزووتنەوە و هیندوویی خاڵ و مانەوە مناسبی یەکترن.

بەیتی دووەمی لاپەڕە ٢٦٣:

دەمـێکـە وا لـەسەر پـێیـەك دەسووتـێم

لە شەوقی تۆ میثلی مۆم و هەرمام

دەبوو شەرحەکە تێکستی «لە شەوقی ڕووت»، هەڵبژێرێت و لە جیاتی «مۆم» کە ناشێ، نالی وەهای نووسیبێت، «مووم» بنووسێت. شەرحەکە خۆی لە «مۆم»دا گوتوویەتی، دەشێ «مووم» بێ، بە واتای وەك مووم: «واتە وەك شەعرم»؛ چونکە کە وەك موو بێ لە شەوقی ڕوو باشتر دەسووتێت کە ڕووناکە وەك ئاگر.

تەعبیری «لەسەر پێیەك»، جگە لەوەی بێ ئۆقرەیی بە دەستەوە دەدات، نالیش بە تەواوی دەکاتە شەبیهی مۆم کە مۆمیش لەسەر پێیەك دەسووتێ وەك نالی. دەبێ بشزانین، بەشی زۆری کورد لە جیاتی «مۆم» دەڵێن «مووم».

لە ئاست بەیتی سەرەتای لاپەڕە ٢٦٤، شەرحەکە لە دیاردەیەکی گرنگ و بەرچاو خامۆشە، ئەمەش دەقیەتی:

وەرە قوربان، بە جان هەر دوو برا بین

کە تۆ بێ مادەر و من بێ پودەر مام

[وابزانم پدەر ڕاستە لە جیاتی پودەر].

شەرحەکە نەهاتووە ئیشارەت بدات بۆ ئەو ڕاستییە زلەی کە وتووێژی نالی لەم بەیتەدا لەگەڵ کەسێکە نێرینە «برابین!» ئەگەر مەبەسی مێیینە بایە دەیتوانی بلێ:« وەرە قوربان بە جان خوشك و برابین» ئەوسا سازدانێك لە ڕێی تەئویلی برایەتییەکی مەعنەویی بێ دایکیی ئەو و بێ باوکیی ئەم دەشیا. کە دەشلێ :«بە جان»، پتر ڕێ خۆش

دەکات بۆ تەئویلی ئەو خزمایەتییەی مانیع لە عیشقی نێوان خوشك و برا... بەهەمەحاڵی ئەگەر بێ باوکیی خۆی و بێ دایکیی دڵدارەکەی بە ڕاست بزانین، دیارە نالی ئەم شیعرەی لە دەمێکدا گوتووە کە لە عومرێکدا بووە «بێ باوکی»ی پێوە دیار بێت نەك لە کامڵەیەتی پەنجا ساڵیدا. دەبێ بەو لە ئاوارەبوونی ئەم شیعرەی گوتبێ. بە زاهیر ئەگەر لە دەمی ڕیشی ماش و برنجیی گوتبێ، دەبێ یارەکەشی لە تەمەنی «بێ دایکەتی» تێ پەڕیبێت. خۆ ناکرێ نالی لە دووری وڵاتەوە ئەم ئاهـ و نزایە بۆ بێ دایکیی یارەکەی بکات.

دیمەنەکە بۆ زەینی خوێنەر بەجێ دەهێڵم لەوەندە نەبێ کە دەشێ بەیتەکە قبووڵ بکرێ بە خەیاڵێکی سەربەخۆی شاعیر کە پێوەندایەتیی بە بەیتەکانی بەر لە خۆیەوە نەبێ.

لە لاپەڕە ٢٦٤ موستەزادی «ئەی تازە جەوان»، هەندێ لێکدانەوە هەڵدەگرێ، نالی کە دەڵێ: «ئەی تازە جەوان! پیرم و ئوفتادە وو کەوتووم»، تەمەنێك ڕادەگەیەنێ زێدە پیر... بەوەدا دیارە چوونی بۆ مەدینە ئەو چوونە نییە کە ئاوارەبوونی هەوەڵ جاری بەرەو حیجاز ڕۆیی؛ چونکە ئەوسا زۆری مابوو بۆ پیری. بێگومان چوونی ئەمجارەی بۆ مەدینە لە مەکەوە بووە.

لە لاپەڕە ٢٢٩، سەرەتای قەسیدەی «ئەی کە ڕووزەردی مەدینە و ڕووسیاهی مەکە خۆم» هەیە. لە شەرحدا وەهای بۆ چووە کە نالی لە کاتی ماڵاواییکردن لە مەکە، بەرەو ئەستەنبۆڵ ئەم برە شیعرەی گوتووە. منیش عەینی باوەڕم هەیە؛ بەڵام لەبەر ناوهێنانی زێدە پیری، ناشێ ئەو سەفەرەی لە تەمەنێکی مامناوەنجیدا کردبێت. وا دەزانم هی ئەو دەمەیە کە حاجی مەلا عەبدوڵڵا، (نالی)ی لە مەکە دیتبوو بە پیری. باپیرم لە **١٢٨٩** نالیی بەجێ هێشتووە، دەبێ لەو ساڵەدا یا لە سەرەتای ساڵی **١٢٩٠** بەرەو تورکیا چووبێت و لە ئەستەنبۆڵ ساڵی **١٢٩٠** گیانی سپاردبێت.

لە میصرەعی یەکەمی لاپەڕە ٢٦٥:

تۆ یووسفی نەو حوسنی لەسەر میصری جینانی

وشەی «جینان»، لە کۆندا «جنان» دەنووسرا. شەرحەکە بۆ «جینان– جِنان» کە کۆی جەننەتە ڕۆیشتووە. دەشێ «جەنان – جَنان» بخوێندرێتەوە بە واتای دڵ و دەروون کە ئەمیان لە ڕووی سۆزی عیشقەوەیە.

شەرحەکە وای بۆ چووە، ئەم قەسیدەیەی موستەزاد لە سەرەتاوە ڕووی لە پێغەمبەرە. هەرچەند بەڵگەیەکی ڕەتکەرەوە نییە دژی ئەم ڕایە، بەڵام دیسانەوە هەڵدەگرێ لە سەرەتاوە سۆزی دەروون هەڵڕێژێ ڕووەو گەنجێکی خەیاڵی. شاعیرانی عەرەب لە کۆنەوە سەرەتای شیعریان بە شێوەن بۆ کۆنە هەوار دەست پێ دەکرد.

«بوصیری» لە «بردیە»، پێشەکییەکی درێژی هەیە تا دەگاتە سکاڵا لەگەڵ پێغەمبەردا. نالیش دەشێ وەهای کردبێ، لە پێشەوە بە سێ پارچە موستەزاد، ڕێی خۆش کردبێ تا دەگاتە قوبەی مزگەوتی پێغەمبەر لە مەدینە کە ڕووی تێ دەکات و دەڵێت:

ئەی قوببەیی طەیبە کە دەڵێی حوققەیی طیبی

مەئـوایـی حـەبـیـبـی

مسکێنم و بۆ خاکی عەطرناکە کە هاتووم

بـەو بـۆنـــەوە هـاتـم

وشەی «مسکێن» دەبێ «مسکین» بنووسرێ کە لەو سەردەمەدا ڕێنووسی ئەمڕۆکەی پەیدا نەبووبوو. لە شەرحەکەدا «مسکێن»ی بە فەلاحی بێزەوی لێك داوەتەوە، ئەمەیش دوورە لە مەبەسی نالی و ناشێ کێشەیەکی ئیمڕۆکە هەیە لەسەر مڵکیەتی زەوی لە نێوان ئاغا و فەلاحدا، بە دیاری بۆ بەر لە ١٢٠ ساڵ ڕەوانە بکەین. «مسکین» دوو واتای هەیە (شەرحەکەش بۆی چووە) یەکیان هەژار ، دووەمیان مسکاوی کە دەکات مشکین. نیوەی دووەمی ئەم پارچە موستەزادە، وشەکانی: مسکین، بۆ، عەطرناك «عیطرناك ڕاستە»، بۆنە هەمووی هەر دەوری بێن و بەرامە دەدەن.

لە لاپەڕە ٢٦٧: «قوربانی بیلالم کە هیلالانە هەڵاتووم»، دەبوو لە جیاتی «هیلالانە» نووسیبای «بیلالانە» هەرچەند «هەڵاتن» بۆ «هیلالانە» دەست دەدات لە هەمان کات بۆ «بیلالانە»ش دەس دەدات کە لە دەستی زوڵم هەڵدەهات. زێدە هێزێکی «بیلالانە»، لەوەدایە کە بە ڕێنووسی عەرەبی، کە «بلال» عەرەبە و بە ڕێنووسی کوردیی کۆن دەنووسرا «بلالانە»؛ واتە وەك بیلال و «بلا لانە»، بێ لانە دەگرێتەوە کە نالی خۆی دەربەدەری بێلانە بووە.

لە موستەزادی لاپەڕە ٢٧٠:

لەم خاکی دەری ڕەحمەتی بێ زەحمەتە،«نالی»

فـــــیـــــــــردەوسە مـــــــــەئـــــــالـی

حـاشا کـە لـەمـێدا ببـمـە سائـیـلـی مـەحـرووم
هــــــەرچـــــــەنـــــد لـــــــە عـــــــوصاتم

شەرحەکە دەڵێ: «... من هەرچەندە گوناهباریش بم، هەرگیز لەم شوێنەدا بێ بەش نابم»، بێ ئەوەی هۆی بێبەش نەبوون دیار بێ، تا لەمەدا کورتی هێناوە. هۆی بێبەش نەبوون لە سەرەتاوە بەیان کراوە بە «ڕەحمەتی بێ زەحمەت»، ئەگەر عصیانەکەی بە جەزا شورابایەوە نەدەبوو «بێ زەحمەت».

لە بەیتی یەکەمی لاپەڕە ٢٧١ کە ئەمە دەقیەتی:

حەنـایـی کردووە پـەنجەی بە خوێنـاوی دڵـی زارم
ئەمە ڕەنگە شەهادەت بێ کە کوشتەی دەستی دڵدارم

شەرحەکە بۆ ئەوە نەچووە ئایا بە چیدا دیارە کە کوشتەی یارەکەیەتی! زۆر بە سەیری ئیسپاتەکە وا لە کۆتاییی بەیتەکەدایە کە دەڵێ «کوشتەی دەستی دڵدارم»؛ چونکە وشەی «دڵدار»، تەرکیبێکی ئیضافییە بە واتای «خاوەنی دڵ»، ئیتر کە دڵ خوێناوی بێت و خاوەنەکەشی دەستی خۆی بە خوێن حەنایی کردبێت چ دەمێنێتەوە بۆ ئیسپاتەکە؟ ئەگەر گوتبای «کوشتەی دەستی یارم»، ئیسپاتەکە نەدەما.

لە جیاتی «ئەمە ڕەنگە شەهادەت بێ»، دەبوو «ئەمە ڕەنگی شەهادەت بێ»، نووسرابایە هەم لە بەر ئەوەی کە شوبهە ناهێڵێ وەك کە «ڕەنگە» گومان دەبەخشێ و هەر خوێنەکە سوورە و ڕەنگەکەی لە شیعرەکەدا دیارە.

بەیتی لاپەڕە ٢٧٢ کە دەڵێ:

عـەجـەب ئـەستێرە شەو هـەڵدێ لـە تـاوی خوسرەوی خاوەر
بە ڕووی تۆم دیدە هەڵنایێ شەو و ڕۆژ، گەرچی بێدارم

دەبوو لە جیاتی «بێدارم» بنووسرێ «بیدارم»؛ چونکە وشەکە فارسییە و وەهای دەڵێن. کوردەکە بە عمومی «بێدار» دەخوێننەوە، تەنانەت حاجی قادر کە لە مەدحی خودادا دەڵێ:

بێ دار و بێ دیاری، بیدار و پایەداری

ئەم «بیدارە» ە دەکەنە «بێدار».

شەرحی بەیتەکە مامناوەنجییە، بگرە نەختێك بەرەوژێرترە. لەوەدا کە دەڵێ: ئەستێرە

کە تیشکیشی لە ڕۆژ وەردەگرێ... هتد. ڕاستییەکەی چەند ئەستێرەیەك تیشك لە ڕۆژ وەردەگرن و تەنها پێنجیان لە ئێمەوە بە شەو دیار دەبن، بە پێی حەرەکەی ئەرز و ئەستێرەکان.

شەرحەکە وەهای داناوە کە ئەستێرە ترسی لە ڕۆژ نییە و کە ڕۆژ دیارە، ئەستێرەکان لێی دەخەون... و بە شەویش کە دیار نییە جریوەجریویان دێت... ئەم بۆچوونە لەگەڵ دەقی بەیتەکە لە هیچ ڕوویێکەوە یەکتر ناگرنەوە. نالی دەڵێ: سەیرە ئەستێرە بە شەو هەڵدێت، دەبوو لە پەرۆشی دەرنەکەوتنی ڕۆژ هەڵنەیەن. کەچی چاوی من لە بەرانبەر ڕووی تۆدا هەڵنایەت، هەرچەند بە شەو و بە ڕۆژ هەر بە خەبەرم.

نالی لەم بەیتەدا بە هونەری «استخدام»ی هەڵهاتن و هەڵنەهاتن، جۆرەك «مغالطە»ی ئەدیبانەی زێدە ناسك کە دەمانخاتە گلەیی لە ئەستێرە، بەوەدا کە شەوانە هەڵدێن و پەرۆشی ڕۆژیان نییە کە پەنهانە لە حالێکدا چاوەکانی نالی هەرگیز لە ڕووی یار هەڵنایەن، ناکرێنەوە، نە شەو، نە ڕۆژ...هتد، کەچی حەقیقەتی حاڵی ئەستێرە ئەوەیە کە بەڕۆژ هەر یەکجارەکی نەبوو دەبن چ جایی هەڵهاتن و هەڵنەهاتن. چاوی نالی لە ڕاستیدا قەرزدارە لە ئاست نەمانی ئەستێرەی ڕووەو ڕۆژ، چونکە هەر نەبێ چاوەکە هەیە و لە هەیبەتی یارەکەی هەڵنایەن بیبینن. ئەگەر ئەستێرە زمانی هەبایە دەیگوت: چەند سەیرە نالی، شەو و ڕۆژ، هەمیشە کات لە ڕووی یاردا لە جیاتی سڕانەوەی وجوودی، تەنها چاوەکان لێك دەنێ.

حیکمەت و هێزی شاعیرییەتی نالی لەم بەیتەدا، تەقڵەی بە هەموو قیاسێکی عادەتی لێ داوە کە هاتووە حوکمی دادگاهـ بە تەبریەی تاوانبار و تاوانبارکردنی بێ تاوان دەردەچوێنێت و حوکمەکەش بە ڕاست و دادپەروەر وەردەگیرێ.

لەلاپەرە ٢٧٨ بەیتەکە بەم دەقە هاتووە:

ڕەنگ و ئەثەری شۆڕشی لەعلی نمەکینە

ئەم ئەشکە کە بەم سووریی و سوێرییە دەڕێژم

لەو شەرحەدا دەربڕاوە کە نیوەی دووەمی بەیتەکە کێشی نالەبارە و لە نالی ناوەشێتەوە، ڕاستیشی بۆ چووە و دەڵێ هەرنەبایە «بەم سووریی و بەم سوێرییە دەڕێژم» بووایە. ڕاستییەکەی بەر لەوەی شەرحەکە بخوێنمەوە منیش ئەم دەقەم بە دڵدا هات.

لە ئاست وشەی «شۆڕش»دا، من وا دەزانم «سۆزش» بێت، هەرچی شۆڕشە بە هیچ کلوجێك بە واتای «ثورة»، جێی نابێتەوە مەگەر «شوورش» لە «شوور» بەواتای سوێر هاتبێت و «ش»ەکەی کۆتاییی پاشگری «اسم المعنی» بێت، وەك کە دەگوترێ «گونجایش، ئاسایش، سۆزش». لە کوردیدا دەنگێکی «ت»ی لێ زیاد دەکرێ وەك: فەرمایشت، خوایشت.

لە بەیتی سەرەتای لاپەڕە ٢٧٩ کە ئەمە دەقیەتی:

بێ نییەتی تەقبیلی دەمت عاطیلە ڕۆژووم

بێ حەضرەتی میحرابی برۆت باطیلە نوێژم

وەهام لەبیرە، بەر لە ساڵەها، نوسخەم دیتووە، نووسراوە «بێ زینەتی تەقبیلی دەمت...»، ئیتر چۆناوچۆنی ئەم نوسخەیە نەهاتووەتە نێو تێکستەکان، یاخود لە کوێوە بە ئەسل ئەو جۆرە نووسینە پەیدا بووە، نایزانم؛ بەڵام «بێ زینەت» لەگەڵ «عاطیل» جمرانەیە؛ چونکە «عاطیل»، «عاطل» بە نووسینی عەرەبی، بریتییە لە بێ زینەتی هەر وەك «ناصل» بریتییە لە بێ ڕەنگی.

لەمە زیاتر هیچی دیکەی تێدا ناڵێم.

لە بارەی بەیتی یەکەمی لاپەڕە ٢٨٠:

عومومێکە بە میزانی ئەدەب توحفە فرۆشم

زۆرم وت و کەس تێی نەگەیی، ئێستە خەمۆشم

شەرحەکە بەیتەکەی داوەتە بەر شەڕی چینایەتی و چەوساندنەوەی هەژاران و کەیفچییەتیی دەوڵەمەندان، ئیتر کەس نییە لە کۆمەڵگەی وەهادا، کڕیاری ئەدەب بێت. هەرچەند ئێرە جێی هەڵسەنگاندنی ئەم بۆچوونە نییە؛ بەڵام مەنتیقی شیعرەکەی نالی کە لە هەناو و هۆشی یەکێکی هەژاری بێدەرەتان دەرچووە، داوا دەکات نیگا فراوانتر بێت بۆ تێگەیشتنی حاڵ و باری ئەم جیهانەی کە لە هەزاران ساڵەوە بێ مەنهەج سەرەژێر بووەتەوە. خۆ ئەوەی ڕاستی بێ، زۆربەی هەرە زۆری خوێندووی بەر لە سەد ساڵ و هەزار ساڵ کوڕە هەژار بوون دەبوون بە فەقێ و مەلا و شاعیر... سەیری مێژووی عەرەب بکە، ئاخۆ چەند شاعیر و مەلا دەدۆزیتەوە لە نێوان پاشا و ئەمیر و دەوڵەمەندان. نالی گلەییی لە هەموو جیهانە، ئەویش بەپێی دابێکی بەربڵاوی نێوان زانا و شاعیر و ئەدیباندا، خۆ ئەگەر سەرلەبەری کورد زاراوەکانی نێو کتێبانیان، بە

قودرەتی قادیر، زانیبایە یەك نانی سووتاوی بەکەس نەدەگەیاند... کوردستان خۆی پێشێلی داگیرکەر بوو، گەورەکانی پتر لە فەلاحەکان ئیعدام دەکران؛ چونکە فەلاح جێی مەترسی نەبوو بۆ داگیرکەر... هەر ئەوەندەی تێدا دەڵێم بۆ ڕوونکردنەوەی حاڵ و باری کورد کە بە درێژاییی مێژوو یەك «صراف»ی کورد پەیدا نەبوو چ جایی بانك... فەلاحی کورد کە مەکتەب دەکرایەوە لە دێیەکەی، تای دەهاتێ، لە ترسی خەریکبوونی منداڵەکانی بە خوێندنەوە کە لە هەموو عومری جارێك دووان نەبێ، موحتاجی کاغەز خوێندنەوە نەبوو... هەر نەیسە!

لە «میزانی ئەدەب»دا، شەرحەکە بۆ «سەنگ و تەرازووی ئەدەب»، ڕۆیشتووە و ڕاستیشی کردووە؛ بەڵام واتایەکی دیکەی هەیە لەبارترە لەگەڵ شیعر، ئەویش کێش و وەزنی بەحری شیعرە کە هەر بەحرەی میزانی تایبەتی خۆی هەیە، شیعریش خۆی ئەدەبە.

لە بەیتی لاپەڕە ٢٨١:

وەك طورەیی پێچپێدەیی تۆ ساغ و شکستەم

وەك نەرگسی نادیدەیی تۆ خۆش و نەخۆشم

نەرگسی نادیدە، هەم بەو مەعنایە هاتووە کە لە شەرحدا دەڵێ «نەبینراو»؛ بەڵام نەك لەبەر خەواڵوویی بەڵکو لەبەر ناز و شەوکەت کە نایەڵێ، بەدەگمەن نەبێ، بدیترێت و هەم بەو واتایەی کە میسل و مانەندی پەیدا نییە و نادیترێ. خۆش و نەخۆش بۆ چاوی یار بریتییە لە: ١- بێ عەیبی بەواتای خۆش. ٢- سستی و بێهێزی کە لەنێو شوعەرا بۆ چاو بە مەدح ڕۆیشتووە و دەگاتە پلەی «نەخۆش».

بەیتی دووەمی لاپەڕە ٢٨٢:

شێخی یەو سەراپا دەڵەك و ڕێوی دەپۆشی

«نالی»م و بە ڕووتی لە هەموو دیدە دەپۆشم

دەبوو «شێخی وو سەراپا» نەك «شێخی یەو» بنووسرێت. خۆ ئەگەر «شێخیت و...» بوایە لە هەموان چاکتر بوو. ئەگەر نوسخەنووسان دەسخاوێنییان کردبێ، بێگومان نالی بە پێی سەردەمی خۆی «شێخی و» نووسیوە و «شێخی وو» خوێندراوەتەوە.

شەرحەکە لە دوو نوختەدا دەبێ یارمەتی بدرێت، یەکیان ئەوەیە کە مەتڵەبی نالی

لە پۆشینی دەڵەك و ڕێوی، تەنها مەبەسی جلوبەرگە نەك ئەخلاقی ڕێوییانە، کە دەزانین دەڵەك ناوی فێڵبازیی بە دواوە نییە و شیعرەکەش خاڵییە لە هێما بۆ لایەنی فێڵبازی.

دووەمیان کە دەڵێ، ″«نالی»م″ هەم نازناوی ڕادەگەیەنێ و هەم «نالاندنم». نالی خۆی لە شیعری خۆیدا، «نالی دەناڵێ»ی گوتووە نەك «دەناڵێنێ» کە ئەمیش هەر ڕاستە.

ئەم «لە هەموو دیدە دەپۆشم»، بە دوای «ناڵیم بە ڕوتی»دا، paradoxy یەکی زێدە دەگمەن دروست دەکات بەوەدا کە: ١- نالیی ڕووت (هەژار)، تەنها چاو دەپۆشێ کە دەبوو خەریکی پۆشینی لەشی ڕووت بێ، چاویش چ پۆشاکێك بە خۆیەوە ناگرێ، مەگەر لەفزەکەی «پۆشین» کە ئەویش: ٢- لێرەدا بە واتای گەردەن ئازادیی تێکڕایی هاتووە کە دەکێشێتەوە دەست بەتاڵبوون لە هەموو شتێك، مادی بێ یا مەعنەوی، ئنجا سەیری ئەم «پۆشین»ە بکە کە بە زاهیر جۆرێکە لە دارایی کەچی ئەوپەڕی ئیفلاسە.

لە بەیتی سێیەمی لاپەڕە ٢٨٣ کە ئەمە دەقیەتی:

هەم واریثی فەرهادم و هەم نائیبی مەجنوون
وا تێ مەگە، قوربان، کە گەدا، بولهەوەسێکم

شەرحەکە لەو میراتگری و وەکالەتەدا هەر عیشقی فەرهاد و مەجنوونی بۆ نالی تێ خوێندووەتەوە جگە لە کۆهکەنی و بیابانگەردی کە هی فەرهاد و مەجنوونە. نالی لەمانە زیاتر وارسی سەرەنجام و چارەنووسیانە کە بریتی بوو لە مردن بە دەستی عیشقەوە.

بەیتی دووەمی لاپەڕە ٢٨٤:

وەڵڵاهی کڵاوی سەری من چەرخی دەماڵێ
بـبوایە بە دامانت ئەگەر دەست ڕەسێکم

تا ڕادەیەك لە هی نالی دەکات بە تایبەتی نیوەدێری دووەم، هی یەکەمیان سوێندەکە تێیدا هەژارە، ئەمە لە کوێ و «ئەڵڵا ئەڵڵا کە چ حوسن و چ جەمالێکی هەیە» لە کوێ.

بەیتی سەرووی لاپەڕە ٢٨٥:

هــەر لــەحــظـە دەڵـێم مـن صـەگـی دەرگـام و ڕەقـیبیش

دێتــە سەر و چــاوم کــە مــنـیش سەگ مــەگــەسێکـم

شەرحەکە پێکەڵپێکی واتا ئاشکراکەی شیعرەکەیە؛ بەڵام وردەکارییەکی بچکۆلانە هەیە، جێی بەتاڵە. وشەی سەگ مەگەس جاران «سگ مگس» دەنووسرا، ئەم وشەیەش وەکو کۆمەڵێکی دیکە لە وشە و بەیت و بێژەدا لە خوارەوە بۆ سەرەوە دەخوێندرێتەوە. لە نموونەدا: «کل فی فلك»، بەشێکی ئایەتێکی قورئانە. ئنجا کە ڕەقیب لەم جۆرە بێ لە ڕادەبەدەر وەڕسکەرە. لەم شوێنەدا کە بە ڕەقیب گوتراوە «سگمگس»، ئەو لایەنەش دەگەیەنێ، مادەم بە دوو ڕووکاردا بڕوات و بنۆڕێت، دەشێ هەم موڕاقەبە بکات و هەم موناڧەسە.

بەیتی دووەمی هەمان لاپەڕە:

گرتوویە سەگت چاکم و لای تۆمەوە دێنێ

یـەعنـی وەرە نـالـی کـە منیش دادڕەسێکم

شەرحەکە وای داناوە کە ئەو سەگە بەدکاری بەینی خۆی و یارە، یەخەی گرتووە بۆ لای یاری دەبا وەك دادڕەسێك، بەهاناهاتووێك... ئەم مەعنایە لە بەیتەکە بێگانەیە؛ چونکە ناشێ بەدکار دادڕەس بێ، ئەدی بۆ دۆست و برادەر، چ دەمێنێتەوە؟ دەشێ بگوترێ نالی بە تەوسەوە یەخەگرتن و ڕاکێشانەکەی بۆ لای یار بە چاکەی سەگەکە لە قەڵەم بدات؛ چونکە «بۆ لای یار بردن»، ئەگەر هەر جۆرێك بێت هەر چاکە. دەشێ «دادڕەسی»ی، سەگەکە بۆ یار بێ کە وەفاکاریی تێدایە بە گرتنی نالی.

ئەو پێنج بەیتەی قەسیدەی «عاشق... دەڵێ... نابێ کە بدا خۆی لە داوم»، بەلای تەبیاتی منەوە هی دەمی نالی نییە، مەگەر لە سەرەتای شاعیریەتیدا، دای نابن، هەرچەند بڕوا دەکەم هی سەرەتاییشی بێت، نالی هەڵی ناگرێ بۆ دەیان ساڵ و لە خۆی بە شایەدی ناحەز بگرێت... هەر سەیرێکی غەزەلی دوا ئەوەوە بکەیت:

لایقی مەخزەنی طەبعە هەمو کەنزی غەزەلم

قــابـیـلـی ضەربی ڕەواجـە زەڕ و زیـوی مەثەلم

دەبــیــنـی ئــاسمــان و ڕێسمــانــە بــەیـنـیــان

بەیتی سێیەمی لاپەڕە ٢٨٨:

لایقی مەخزەنی طەبعە هەمو کەنزی غەزەلم

قابیلی ضەربی ڕەواجە زەڕ و زیوی مەثەلم

شەرحەکە وای بۆ چووە کە مەبەسی نالی لە «مەخزەنی طەبع»، شوێنی چاپە، گۆیا دەیەوێ شیعری لە چاپ بدرێت. لە بار تەبعی من، نالی بۆ ئەمە نەچووە: مەخزەن جێی داکردنە و پەنگ خواردووە، بەلای گەنجینەی تەبیاتی سازگاردا دەچێتەوە، دەشێ تێیدا خەزن بکرێ، خەزن و کەنزیش هەر یەك شتن، کەنز لە گەنجەوە هاتووە.

لە بەیتی یەکەمی لاپەڕە ٢٨٩:

سایەیی پایە وەکو باڵی هوما و بازی سیم

نەوەکو بوومی قەدەم شووم و نە هەمڕەنگی قەلم

وا تێ دەگەم «بازی سپی»، غەوسی گەیلانییە. لە دیار نیوەبەیتی سەرووەدا «لەف و نەشری مورەتەب» هەیە: باڵی هوما عەکسی بووم و بازی سپیش عەکسی قەلی ڕەشە.

لە بەیتی یکەمی لاپەڕە ٢٩٠:

کەوکەبەی طەلعەتی شاهانەی تۆم بورهانە

کە لە سەر مودەعی، سوڵطانی موبینە جەدەلم

شەرحەکە وەهای داناوە نالی منەت بە سەر خاوەن طەلعەتی شاهانەدا دەکات کە لە بەرەکەتی سێبەری هوما سیفەتی نالیدا بەو پایەیە گەیشتووە. ئەم لێکدانەوەیە قبووڵیش بکرێت لە پلەی دووەمدا دێت کە نالی مەبەسیەتی «بورهان و سولطانی جەدەل»ی بەسەر مودەعیدا ڕاست بکاتەوە لە شان و شەوکەتی یارەکەیەوە. هەر لە بەیتی دواتردا:

ڕۆژ سەری کوڵمتە ڕووناکییی نووری بەصەرم

شەو خەمی زوڵفتە تاریکییی طوولی ئەمەلم

دەردەکەوێ هەرچی خۆشی و ناخۆشی لە ژیانی نالیدا هەیە، لەو یارەوە سەر هەڵدەدات.

بەیتی سێیەمی لاپەڕە ٢٩٠:

حەرەکاتم سەکەنات و، سەکەناتم حەرەکات

چوستە، سستی، قەوییە ضعیف و سەریعە کەسەلم

شەرحەکە شتێکی باشی کردووە کە حەرەکات و سەکەناتی داوەتە بەر تیشکی مەقوولەیەکی زانستی «کەلام» کە دای ناوە «الحرکة کون ثان، في آن ثان، في مکان ثان. والسکون کون ثان في آن ثان في مکان اول». بە لای منەوە، ئەو قەیدەی «آن ثان» لزوومی نییە: زەمان بە تەکان و بازباز ناڕوات تاکوو دەمی دووەم و سێیەمی لێ بفامینەوە، ئەگەر بڵێین: «الحرکة کون ثان في مکان ثان»، شتێکمان نەگوتووە کورتی هێنابێ لە چاو ئەو مەقوولەیەدا. هەروەها : «السکون کون ثان في مکان أول».

لە بەیتی سەرەتای لاپەڕە ٢٩١:

بێش و کەم بێ شکەم و حیرص، وەکو طیفلی ڕەضیع

زاوییـــــــــــــە بێشکەم و بێ شکم و بێ حییەلم

وشەی «بێش» هەڵەیە، فارسەکە «بیش» دەڵێت.

زاوییە گۆشەگیری تەسەوف و دەست لە دونیا هەڵگرتن ڕادەگەیەنێ، جگە لە تەسکاییی جێگە. لە بەیتی دووەمی هەمان لاپەڕەدا «خۆشاهەنگ» دەکرێتە «خوشاهەنگ؛ چونکە فارسییە و بەیتەکەشی پێ هەموارتر دەبێ لەگەڵ کێشی بەحرەکەدا. «دووم نێش»، دەکرێتە «دوم نیش»؛ چونکە ئەویش فارسییە و وەهای دەردەبڕن.

پارچە شیعری لاپەڕە ٢٩٣ و ٢٩٤ لە شەقڵی نالی دوورە، ئەگەر بشسەلمێنین هی ئەو بێ، دەبێ دان بەوەدا بهێنین لە مامناوەنجی بەرەوژێرە هێندەش سادەیە شەرحی ناوێ. لە بەراوردا بۆ نموونە بەیتی سەرەتای شیعرەکە دەنووسمەوە:

عەزیزم، ڕۆحی شیرینم، دو چاوم

دەوای زامی دڵ و جەرگی بڕاوم

ئنجا بەیتێکی «حەزینە»ی کچی شێخ کەریمی بەرزنجیی کۆیە و خێزانی حاجی مەلا عەبدوڵڵا دەنووسمەوە کە بۆ کیژێکی خۆی ناردووە:

عەزیزم نووری عەینم نەونیهالم

لە دووریت هەر وەکو بولبول دەناڵم

لە ئاست بەیتی یەکەمی لاپەڕە ٢٩٦:

ئاوی سوێری چاو و باری تاڵی لێو

سوێر و تاڵی دەم دەم و ژەمژەم دەخۆم

شەرحەکە وەهای لێك داوەتەوە کە نالی ئاوی فرمێسك دەلێسێتەوە و باری سەر لێوانی بە ددان لێ دەکاتەوە و دەیخوا... لزووم بەم وێنەی ناجۆر و دڵ شێوێن نەبوو. دەبوو دەلالەتی تالآییی دەمدەم و ژەمژەم لەو فرمێسك و باری سەر لێوە وەربگرێت.

بەیتی دووەمی لاپەڕە ٢٩٦:

تا سەری زوڵفت لەسەر ڕوو حەڵقەدا

من وەکو ماری سەر ئاگر خەم دەخۆم

تەسویرێکی هێندە هونەرکار و شیرین و ڕەنگینە، مرۆ لەوانەیە دڵی نەیەت دەستی بۆ ببات...

بەیتی یەکەم لە لاپەڕە ٢٩٨:

تاڵی بێ یار و دیار و تار و مار

عەلقەمی چی؟ ئەرقەمی چی؟ سەم دەخۆم

لە شەرحەکەدا کە دەڵێ: من تاڵیی غەریبی و بێ کەسی و دەربەدەری دەخۆم. دەبوو بەیتەکە «دیاری تار و مار» بڵێ، نەك «دیار و...» بە زاهیر وا پێ دەچێ ئەم بەیتەی، یان قەسیدەکەی، لە غەریبی و پاش تێکچوونی ئیمارەتی بابان گوتبێ.

ئەو تێکستەی لە جیاتی «غەمی عالەم» هاتووە، «هەمی عالەم»ی پەسەند کردووە باشی بۆ چووە؛ چونکە جارێکیان «هەم» بە واتای «خەفەت» دێت، «هەمی عالەم» دەبێتە «خەفەتی عالەم»، جارێکیان دەبێتە «هەم هی» عالەم دەخۆم.

لە بەیتی سێیەمی لاپەڕە ٣٠١ وشەی «شەوارە» هاتووە، لە شەرحدا هاتووە: باڵندەیەکە بە شەوی تاریك ڕۆشنایی ئەبینێ و ڕێ ون ئەکا و بە ئاسانی ئەگیرێ. وەك بزانم شەوارە ئەو ڕاوەیە کە بە شەو بۆ گرتنی مەلی ئاوی وەك قاز و مراوی بە چرا دەکرێ و مەلەکە هەر ڕووناکییەکە دەبینێ و سڵ ناکاتەوە و دەگیرێ... دیارە بە ئەسل شەوارە بە مەلەکە گوتراوە، دواتر بۆ ڕاوەکە بەکارهاتووە. دەبێ لە شەوی بێ مانگدا بکرێت.

بەیتی سێیەمی لاپەڕە ٣٠٤:

لامـەدە نـالـی لـە ئـەنـبـاری   جیرایەی   صالْحان

گەرچـی ببیە خۆشەچینی دانەیـی خەرمانـی ڕۆم

شەرحەکە وەهـا دادەنـێ ئـەم بـەیتـە پـەشیمـان بـوونـەوە ڕادەگـەیـەنـێ لـەوەی  پێشتر گوتوویەتی، دژی کەسانێك چاویان بڕیوەتە خۆراکی مفتی حەرەمی کەعبە... وا دەزانم هەرچەند بێنێکی ئەم لایەنە لە بەیتەکە دێتە بەر هەست، دیسانەوە «جیرایەی صالحان» جودایە لەو بژێوەی «ئەهلی وەسیلە و مەسئەلە» بە ئیلحاحەوە داوای دەکەن و هەر «بێنە بۆم» دەڵێنەوە.

بەیتی لاپەڕە ٣٠٥:

دڵ دەڵـێ سەیـری  چـەمـەن خـۆشە، جـەوابـی نـادەم

مــودەتــێکــە لــە قــەفــەسدایــە، عــەذابـی نــادەم

شەرحەکە «جەوابی نادەم»، بە تەئویل دەبات بۆ واتای «بێ دڵیی ناکەم، وەڵامی نادەمەوە». لە نێوان عەشایر ئەم زاراوەیەی «جەوابی دا»، بە مەعنای «ڕەتی کردەوە»، بەکار دێت. ئەگەر ئەم واتایە نەبێ «عەذابی نادەم» جێی نابێتەوە.

نـیـوەبـەیـتـی دووەم هـەر وەك شکـڵـنـووس کـراوە، ڕاستـە، بـەڵام خـوێندنـەوەیـەکـی دیکەشی هەیە کە ئەمە وێنەیەتی: مودەتێکە لە قەفەس دایە، عەزابی نادەم، واتە بەینێکە لە قەفەس داویەتە عەزابی بێ وەخت و سەعات، هەمیشەیی، هەقی خۆیەتی داوای ڕەت نەکەمەوە.

لە نیوە بەیتی سەرەتای لاپەڕە ٣٠٦، یەك تێبینی و بیرخستنەوەم هەیە کە وشەی «گول و مول» هاتووە «مول» بە «جورەی مەی»ەك لێك دراوەتەوە.

تومەز چەندی ئەو «مول»ە بە «مل» خوێندرابێتەوە هەر بە گەردەن وەرگیراوە، بێ ئەوەی لە شەرحدا بۆ ئەو واتایەی «شەراب» ئیشارەت کرابێ.

لە بەیتی دووەمی لاپەڕە ٣٠٦:

گوتم: ئـەی  مـاهـ دڵـی مـن بـە دڵـی خـۆت بـکـڕە

گوتـی: من  بەردی  بەقیمەت  بە  کەبابی  نادەم

شەرحەکە وای بۆچووە کە نالی داوا دەکات لە یار دڵیان بە یەکتر بگۆڕنەوە. وەك بۆی دەچم ڕاستەواتای بەیتەکە ئەمەیە: ئەی یار پڕ بە دڵت دڵم بکڕە، نەك پێمی بگۆڕەوە، لە

نوسخەی تردا دیتوومە نووسراوە «... بە دڵی خۆت بگرە». هەڵبەت لە سەردەمی نالی «بکرە»، «بگرە» هەر «بکرە» بووە لە نووسیندا. لەم «... بە دڵی خۆت بگرە»دا و لە «... بە دڵی خۆت بکرە» لە ڕێی ئیستخدامەوە ڕێ دەبێ بۆ وەڵامەکە کە دەڵێ: بەردی بە قیمەت بە کەباب نادەم.

بەیتی دووەمی لاپەڕە ٣٠٧:

طەڵەبی سینەیی چاکم مەکە بەو چاوانە
سینەکەم چاکە بە ئینسانی خەرابی نادەم

شەرحەکە وای بۆچووە کە نالی دەڵێ: سینەکەم چاکە، باشە بە ئینسانی خراپ و بەدی نادەم. وشەی «خەرابی» مەعنایەکی دیکەی هەیە کە «سەرخۆشی بەدمەست» دەگەیەنێ، لێرەشدا وەسفی گلێنەی چاو «انسان العین» دەکات کە مەبەست لێی چاوی زێدە مەستی یارە. لە قەسیدەی لاپەڕە ٢٥٥، بەیتی دووەم «گەر مەست ئەگەر خەراب» هەیە. شەرحەکە «خەراب»ی وەها لێك داوەتەوە: ئەو سەرخۆشەی لە تام بەدەر سەرخۆش بێ، پێشی دەڵێن، بەدمەست. وا دیارە لێرەدا ئەو واتایەیان بە دڵدا نەهاتبێت لەبەر سێبەری وشەی «چاك».

بەیتی دووەمی لاپەڕە ٣٠٨:

فاتیحە! تەسخیرە شاری دڵ بە طابووری ئەلەم
موددەتێکی زۆرە پاتەختە لە بۆ خاقانی غەم

لەم«فاتیحە» و لە«فاتیح»ی کۆتاییی قەسیدەکە، ئیشارەت هەیە بۆ«محەمەدی فاتیح»ی تورك کە ئەستەنبۆڵی گرتووە. گۆیا هەرچی ئەستەنبۆڵ بگرێت، لە لایەن پێغەمبەرەوە موژدەی بەهەشتی پێ دراوە. لە«فاتیحە»ی ئەم بەیتەدا، هەڵدەگرێ مەبەست فاتیحەی تازیە و خوێندنی«الحمد لله رب العالمین»بێ، وەك کە شەرحەکە بۆی چووە.

ئەم بەیتەی لاپەڕە ٣٠٩:

تۆزی ئاینەی سکەندەر وا بەدەم باوە، وەلێ
گەردی دامانی غەریبانە بلووری جامی جەم

بە داخراوی ماوەتەوە، شەرحەکە پێی نەوێراوە، دەڵێ دنیا بۆ کەس نامێنێ تا سەر.

ئاوێنەی گرانبەهای پاشایەکی وەك ئەسکەندەر، ورد و خاش بووە. شووشەی ئاوێنەکەی جەمشیدیش بووە بە تۆزی دامێنی غەریبان... لێرەدا تێ دەگەین شکانی ئاوێنەی ئەسکەندەر کە ڕۆمییە تێکشکانی تورکەکان ڕابگەیەنێ و نالی پەرۆشی بێت خۆ جامی جەم هی ئێرانییەکانە، دەبوو تای تەرازووی دالەنگاو بۆ نالی ڕاست بکاتەوە. منیش شتێکم لێوە دیار نییە تەرازووەکە ڕاست بکاتەوە، ئەوە نەبێ کە بڵێین شاعیر بۆی هەبووە لە بەیت و دوو بەیتدا خۆ بدزێتەوە لە بابەتی هەڵبەست، بۆ وێنە واتایەکی سەربەخۆ کە دڵی بۆی چووە و هاوئاهەنگیشە لەگەڵ ڕۆحی هەڵبەستەکە.

بەیتی دووەمی لاپەڕە ٣١١:

نالیا بێ هیممەتی تاکەی بە دەست میحنەتتەوە

فاتیحی یو ڕۆستەماسا، صاحێبی تیغ و عەلەم

شەرحەکە لەم بەیتەش هیچی بۆ نەکراوە، ببێتە هۆی سەلماندنی ئەو تیغ و عەلەمە بۆ نالی! بە چیدا فاتیحە وەك سولطانی عوثمانی «محمد الفاتح» و هاوشانی ڕۆستەمە؟ من هەر ئەوەندەم بۆ دێ کە بڵێم مەبەس لە تیغ زمانیەتی، وەك کە خۆی لە بەیتی لاپەڕە ٦٥٤دا دەڵێ:

ڕاستی جەوهەریە تیغی زوبانی نالی

نەرم و توند، ئاوی گەلووگیرە قسەی پێ دەبڕێ

ڕەنگە بۆ عالەم کارەکە وەزەحمەت بکەوێ، مەگەر لە قەڵەم و شۆرەتی شاعیریەتیی خۆی ڕادیتبێ کە وەك عەلەم بە ئاسمانی شۆرەتی ناویەوە بشەکێتەوە .

دوو بەیتی فارسی لە لاپەڕە ٣١٣:

سوی مصر است مرا عزم از این لجهء غم

تا که در نیل کشم جامه ز بی داد و ستم

میرود نالی از اینجا چو حریص از دنیا

با لب خشك و کف خالی و چشم پر نم

شەرحەکە بۆ ئەوە چووە کەوا ڕەنگە نالی ئەم شیعرەی پاش تێکچوونی میرنشینی بابانەکان گوتبێ... هتد. مومکینە لە دەوری بابانەکانیش بیستبێتی، پێوەندی هەبووە لە نێوان ئیبراهیم پاشای میسر و میری ڕەواندز.

ئـەم بـۆچـوونـە زۆر کزە بـەتـایـبـەتـی بـیـستـنـی پـێوەنـدیـی ئیـبـراهـیـم پـاشـا بـە میری ڕەوانـدزەوە؛ چـونـکـە حـکـوومـەتـی بـابـان تـێك چـوو، پـاشـای ڕەوانـدوز، زووتـر ئـیـعـدام کرابوو. دەتوانم بڵێم هـەرگیز نـالـی بۆ میسر نـەچووە؛ چونکە خـەتـی بزووتنـەوەی و نیشتنـەوەی هێندە ئاشکرایە کە ناشێ سەفەری بۆ میسر تێیدا پەنهان بێ. ڕەنگە «بێ داد و ستەم»ەکە ڕووداوی ڕاستینە بگێڕێتەوە. ڕەنگیشە خەیاڵێکی بریـنداری شاعیرانە بێ، سۆز وەدەرنێ و جوانکاری و واتاسازیـی پێوە دەکات؛ چونکە لە ژیانـی نالیدا تێکچوونـی حکوومەتـی بابان گەورەترین کارەساتە پێی بڵێ «لجەء غم» و بەجێ هێشتنـی سلێمانییش تاکە شوێنە وەهـا عەزیز بێ، بشێ وەك دنیای دنیاپەرست بێ کە لێی دەردەچێ کەچی نالی کە بەرەو حەج دەچێ و موناجاتـی ڕێـی چوونـە مەکە لـە «ئەلا ئەی نەفسی بووم ئاسا»دا، وەك موعجیزە دادەڕێژێ داد و بڕوی وڵات کاولـی و کۆستکەوتوویـی هـەڵاتنـی تێدا نییە، بە پێچەوانەوە نەفسـی خۆی دەشکێنێتەوە، بەوەدا کـە دڵـبـەنـدە بـە دانـیـشتن لـە وێرانـەی نشیـمـەنـەکـەی. هـانـی نـەفـەس دەدات، لـەگـەڵ عیشقبازاندا بڕوا بۆ ژیان لە مەکە و مردن لە مەدینە. سەیری ئەم چەندە بفەرموو:

ئـەلا ئـەی نـەفسی بـووم ئـاسا هـەتـاکـەی حیرصـی وێرانـە
لــەگــەڵ ئــەم عــیشق بــازانــە بــڕۆ ئــازانــە بــازانــە
مسلــمــان لــێرە مــانـی خــان و مــانت هــەر نــەمــان دێنــێ
پەشیمان بە کە دەرمانـی نەمانت مایەی ئیمانە «مایەیی مانە»
بەقییەی عومری ضایــع گــەر مــورادت بــێ تــەدارەك بــێ
حــەیـاتـی مـەکـەت و مـەوتـی مـەدیـنـەت جـەبـری نوقصانە

بەڵێ بەیتەکان دنیا دزێوکردنیشی تێدایە، بەڵام هەڵاتن و تێکچوونـی حکوومەتـی بابان و زولم و زۆری تورکەکان هـەر پەیدا نییە. من لە «چەپکێك لە گوڵزاری نالـی»، گوتوومە نالی بەر لە تێکچوونی بابان چووەتە حەج، دەلیلیش لەو بەیتانە بەهێزتر بە خەیاڵدا نایەت.

بگەڕێینەوە بۆ ئەو دوو بەیتە فارسییە، ئەو سێ بەیتە و بەسەردا چوونەوەیان، بەخێر، هەڵدەگرین بۆ ئەو دەمەی سرەیان دەگاتێ:

شەرحەکە لە وشەی «نیل» ڕووبارەکەی میسری ڕەچاو کردووە و بەس تەنانەت کە ڕەنگی «نیلی»ش بە شین دادەنێ، دەیباتەوە بۆ ئەوەی کە ''قوماش خرایە نیلەوە ئەبێ

بە نیلی"؛ واتە نیسبەتێ بە نیل دەدرێ وەك كە بخرێتە فوراتەوە، دەبێتە فوراتی. ڕاستییەكەی «نیل»، خۆی مادەیەكی شینە. لە واتائارایی‌دا نالی، «چشم پرنم»ی دووجاران كردووەتە بنگەی فەندی «طباق». جارێكیان بەرانبەر «لب خشك- وشك» كە چاوەكە تەڕە بە فرمێسك. جاری دیكەش بەرانبەر «كف خالی» كە چاوەكە «پڕ»ە لە فرمێسك (وشك، تەر: خالی، پڕ). لەف و نەشری مشەووەشیشی تێدایە كە لە سرەدا وشك كەوتووەتە بەرانبەر «پڕ»، خالیش بەرانبەر «نم».

بەیتی سەرووی لاپەڕە ٣١٦:

شەقی كە، غەیری حوببی تۆی تێدا بێ

بەدەستی خۆت دڵم دەربێنە، قوربان

ئەم «شەقی كە» چ شیرناییی پێوە نییە لە چاو «ئەگەر دڵ»دا، ئەوەندە نەبێ كە مەفعوولەكەی بە پەنهانی هێشتووەتەوە بۆ ئەوەی لە نیوەبەیتی دووەمدا، دەدۆزرێتەوە كە دڵە. وشەی «تێدا» كێشی بەیتەكەی تەنبەڵ و ناجۆر كردووە «تیا» دەست دەدات.

بەیتی سێیەمی هەمان لاپەڕە:

فوتووری چاوەكانت نانوێنی

بە نالی فیتنە بەس بنوێنە، قوربان

شەرحەكە وشەی «نانوێنی»ی یەكەمی بە «ناخەوێنی»ی لێك داوەتەوە.

ڕاستییەكەی «دەرخستن»یش لە هەمان شوێندا بە دەستەوە دەدات، ڕەنگە دەرخستنیش مەبەستتر بێت؛ چونكە فتووری چاو، زێدە جوانیی تێدایە، نالی حەقیەتی داوا بكا یار ئەو فتوورە نەشارێتەوە؛ چونكە بە شاردنەوەی، نالی پتر دەشێوێ. هەر لەو توێكڵەدا. دانەیەكی دیكەش هەیە: «بەس» بە واتای «زۆر»یش هاتووە، لەم واتایەوە نالی داوا دەكا، یار فتووری چاوان دەرخات هەتا پتر مەفتوون بێ.

قەصیدەی لاپەڕە ٣١٧، «ڕەفیقان من ئەوا ڕۆییم لە لاتان»، بێگومان هەر پینج بەیتی شەرحەكە دەڵێ، دراوەتە پاڵ غەزەلێكی كوردی،ماڵی حەڵاڵی كوردییە. بەیتی دووەمی ناو شەرحەكەش:

بلاّ سا شار بەشار و دێ بە دێ بین

لـە دەس یـاران بـکـەیـن طـەیـی ولاّتـان

ئائەم بەیتە، هەم لەگەڵ ڕۆحی پێنج بەیتە ناوبراوەکەی یەکەم، سێیەم، چوارەم، پێنجەم، حەفتەم، کە بە یەقینی هی «کوردی»ن چ خزمایەتییەکی نییە و هەم لە سەبکی نالی ناوەشێتەوە، خۆ هەرچی بێ دوای دەرکردنی پێنج بەیتەکە دەمێنێتەوە دوو بەیت کە شتێك نییە پێی بگوترێ غەزەل، قەسیدە لە شەرحەکەشدا هاتووە ئەو برە شیعرەی بۆ کوردی بردراوەتەوە سێزدە بەیتە، ئەمی ئێرە حەفتە بەو پێیە هەشت بەیتی بێ مەکەمەکە هی کوردییە؛ ئەم دەقەی ناو شەرحەکە، حەفت بەیتە بە لێ دەرکردنی پێنج بەیت، کە کێشەی لە سەرە دوو بەیت دەمێنێتەوە بۆ نالی. ئنجا چۆناوچۆنی پێنج بەیت دەڕوا بۆ دوو بەیت کە چەژیشیان جودایە لەو پێنجە و ناڕوا بۆ هەشت بەیتەکە؟ دڵنیام لەوەدا کەوا نە نالی نە کوردی، شیعریان لە یەکتر و لە کەسی دیکەش نەدزیوە. ئەم دوو بەیتەی جودا لە پێنجەکە (تا ڕادەیەك بەیتی شەشەم مومکینە بدرێتەوە بە نالی) بە جۆرێکی نادیار و هۆیەکی کەس نەبیستوو لەلایەن ناسیخێکەوە کۆبوونەتەوە، ڕەنگە پتر لە ناسیخێك دەستی تێ وەر دابن و نازناوی «نالی»ی خرابێتە کۆتاییەکەیەوە. ئەگەر بگوترێ چۆناوچۆنی کابرایەك لە خۆیەوە ئەم کارە دەکات، دەڵێم ئەدی چۆن کابرایەکی دیکە لە خۆیەوە ناوی کوردی دەخاتە پاڵ ئەو سێزدە بەیتە؟ ئەمە با لەولا بێ و چی دیکەی لەسەر ناڕۆم: نازانم چۆناوچۆنی ئەم شیعرە دەدرێتەوە بە نالی کە دوعاخوازییەکی بە سۆزی عادەتییە، لە هەمان کاتیشدا دەڵێن نالی لەبەر تێشکانی بابان و هاتنی تورکان هەڵات! ئەم بەیتەش بخە پاڵ «ئەلا ئەی نەفسی...» و لە خۆت بپرسە کوا ترسی تورك و ڕووخانی بابان؟

بەیتی دووەمی لاپەڕە ٣٢٠ و یەکەمی لاپەڕە ٣٢١:

لە دوگمەی سوخمە دوێنێ نوێژی شێوان

بـــەیـــانـــی دا ســـفـیـدەی بـاغـی سێـوان

لە خەوفی طەلعەتی ڕۆژ هەر وەکو شێت

بـە ڕووزەردی هـەڵات و کـەوتـە کـێوان

مـن لـە وتـووێژێکـی تـەلـەفـیزۆنیدا، بـەر لـە حـەفـتـاکـان، شەرحـی ئـەم دوو بـەیتـەم

کردبوو، هەردوو ڕووی وشەی «هەڵات» بەواتای هاتنەدەر و فیرارکردن لەو شەرحەدا ڕوون کرایەوە. وابوو مامۆستا سالح کەریم، نامەیی ڕەزامەندیی خۆی بۆ ڕێکخەری وتووێژەکە هەنارد. شەرحی بەردەستیش هەمان دووڕووی ئەو وشەیە دەڵێتەوە، بێ ئەوەی ناوی من بهێنێ لزوومیش نییە بە ناوهێنان؛ بەڵام شتێکی زێدە گرنگ لەو شەرحەدا دەرنەکەوتووە، ئەویش دەستەواژەی «دوێنێ نوێژی شێوان»ە. ئەگەر هەڵاتن فیرارکردن مەبەست بێ لێی، هی دوێنێ ئێوارەیە کە بەرەو خۆراوا هەڵات. ئەگەر هەڵاتن هی دەرکەوتن بێ، دەبێتە دەرکەوتن لە ڕۆژی پاش دوێنێ واتە ئەمڕۆ. وشەی «بەیان»یش هەڵدەگرێ سبەینەی لێ مەبەست بێ و دەشبێتە جەمعی «بەی –بەهی» کە ئەویش وەك سێو لە مەمکەکە دەچێ. لە ڕەواکردنی پێشخستنی مەفعوولی «بەیان» لە فیعلی «دا» گوتوومە و دەیڵێمەوە: کارگێڕی قوتابخانە، کچانی پێش خست لە کوڕان – باپیر بەرخانی بردە لەوەڕ...

نوسخە هەن لە جیاتی «دوگمەی سوخمە» نووسیویانە «دوگمەی سینە» یەك لەوان «دیوانی نالی» کە مەرحووم گیوی موکریانی لە ١٩٦٢ چاپی کردووە. لەلایەن تام و شامەوە سینە سازگارترە لە سوخمە.

بەیتی دووەمی لاپەڕە ٣٢٤:

ئــەم غــەزالانــە کــە نــەقشی دیــدەمــن
تــەن سپین و چــاو و خــاڵ و مــوو سیـیـان

شەرحەکە دەڵێ: ئەو یارە نازدارانەی وەك ئاسك کە وێنەیان بووەتە نەخش و لە ناو چاوما کێشراوە، لەشیان سپی و چاو و خاڵ و موویان ڕەشە.

ڕاستییەکەی نیوەبەیتی دووەم دەقێکی دیکەی هەیە لە پەراوێزی شەرحەکەدا، هاتووە گەلێك دڵگیرترە لەم دەقە. ئەویان دەڵێ: تەن سپین و دیدە کاڵ و مووسیان. لەمیاندا سێ ڕەنگ لە جیاتی دووڕەنگ کۆبووەتەوە جگە لەوەی کە سێ ڕەنگەکە جوانتریش دێتە بەر زەوق سەرەڕای ئەوەی کەوا دەگەیەنێ، نالی خۆیشی دیدەکاڵ بێ؛ چونکە هەر وەك «نەقشی دیدەمن»، ئەو مەعنایەی شەرحەکە دەگەیەنێ یەکێکی دیکەش بەدەستەوە دەدات کە غەزالەکان وەکو نەقشی دیدەی شاعیرن.

لە لاپەڕە ٣٢٦ ئەم بەیتە:

ڕەقیب و مودەعی فیتنە و عیلاقەی چاوی جادووتن

لە گۆشەی گۆشەوارەت نائیبی هارووت و مارووتن

شەرحەکە هەوڵێکی مەردانەی داوە بۆ یەکالاکردنی ، تەواوێکیش تێیدا بەرەو پێش چووە؛ بەڵام جارێ ماوێەتی تێنوەتیمان بشکێنێ بۆ واتایەکی بێ قۆرت و متمانەبەخش. خۆ منیش چی ئەوتۆم پێ نییە زیاد لە شەرحەکە، مەگەر لە تێبینیی کەم بایەخی وەك ئەوەی کە بڵێم، مەبەس لە تەشبیهی ڕەقیب و مودەعی بە فیتنە و عیلاقە، لەف و نەشری مورەتەبە کە ڕەقیب فیتنەیە و مودەعیش عیلاقەیە... دەمێنێتەوە «لە گۆشەی گۆشەوارەت»: ئایا چۆناوچۆنی لەو گۆشە تەسکەدا ئەو دوو زەبەللاحە جێیان دەبێتەوە، ببنە هاڕووت و ماڕووت. شەرحەکە باشی پێ نەوێراوە کە دەڵێ: ئەو دووە لە گۆشەی گوێی یاردا بوونەتە مانیعی نالی لە دیتنی...

هەرچەند من دڵنیا نیم لەوەی بە دڵمدا دێت، دیسانەوە بەو وێنە ناجۆر و نامومکینەی شەرحەکە تەسەڵ نابم. من بۆ ئەوە دەچم کە وشەی گۆشەوار، گۆشوار مانای «خاوەن توانی بیستن»ی لێ دەفامرێتەوە کە دەکاتەوە ئالەتی بیستن خۆی. بەو پێیە ڕەقیب و مودەعی وەك هاڕووت و ماڕووتی جادووی لە خشتەبەر لە گوێی یار دەچرپێنن دژی عاشق. لەلایەن تەشبیهی مادیشەوە گۆشەوار گوارەیە و سووچی هەیە نزیك لە گوێ بەدکار لێیەوە بقرتێنێ... والله اعلم.

بەیتی لاپەڕە ٣٢٧:

نەباتاتی زەوی وەك مونزەوی هاتوونە دەر، یەعنی

هەموو سەرخۆش و مەست و ڕۆژپەرست و عاشقی ڕووتن

شەرحەکە وای بۆ چووە کە یار هەڵهات «وەك ڕۆژ» گیای ژێر خاك هاتنەدەر وەکو مەست و بوون بە مانەندی گوڵەبەڕۆژەی ڕووەوڕووی یار...

شەرحەکە تا ڕادەیەك لەگەڵ دەقی بەیتەکە و ڕاستەواتای ڕۆیشتووە بێ ئەوەی پێمان بڵێ، «وەك مونزەوی – منزوی عەرەبی» هێما بۆ کوێ و چی دەکا؟ خۆ منیش شتێکی لێ تێ ناگەم لەگەڵ تێکڕای بەیتەکە یان تاك تاکی وشەکان بڕوات. شەرحەکە «مونزەوی» داناوە بە «لە ژێر زەویدا گۆشەگیر» لێك داوەتەوە، کەچی «گۆشەگیر» پتر لەگەڵ واتای بەیتەکە دەڕوات.

بۆرە مەعنایەك بۆ «مونزەوەی» لەوەوە دێت کە مرۆی گۆشەگیر بە عادەت دەخزێتە

گۆشەکەیەوە تێیدا پەنهان دەبێت، ئیتر ئەو نەباتاتە وەك ئەو مرۆی شێوە پەنهانە بە هەڵاتنی ڕووی ڕۆژت دێنە دەر، وەك کە گیاش بە ڕووناکیی ڕۆژ دەردەکەون... دەبوو شەرحەکە بڵێ، «عاشقی ڕووت» هەم «عاشقی ڕووی تۆ» و هەم «عاشقی بێ بەرگ»، ڕادەگەیەنێ، کە دەزانین گیا بە ڕووتی دەردێت. تێبینیی ئەوەش دەکرێت کە نیوە بەیتی دووەم تێیدا «سەرخۆش و مەست» و «ڕۆژپەرست و عاشقی ڕووت» یەك شت دەگرنەوە.

بەیتی یەکەمی لاپەڕە ٣٢٨:

وەرە نێو بەزمی گوڵزاران و گوڵ زاران، تەماشاکە

سەراسەر پێکەنینی گوڵ، لەبالەب غونچە پشکووتن

نیوەبەیتی دووەم لە نوسخەی گیوی موکریانی بەم جۆرەیە: «سەراسەر پێکەنین گوڵ هەم لەبالەب غونچە پشکووتن»، ڕاستییەکەی منیش هەر وەهام بیستووە، بەر لەوەی نوسخەی جودا لەمە پەیدا بێ. نیوەبەیتی یەکەمی ئەم بەیتەشم، لە کۆنەوە وەها بیستووە: «وەرە نێو بەزمی گوڵداران و گوڵزاران (گوڵ زاران) تەماشاکە»، ئەم دەقەش گونجاوترە لەگەڵ نیوەبەیتی دووەم، چونکە «گوڵدار»، هەم خاوەن گوڵ و هەم داری بە گوڵ دەگەیەنێ. گوڵدار لەگەڵ «سەراسەر» ڕێك دێت وەك کە «لەبالەب» بۆ غونچە ڕێك هاتووە.

بەیتی دووەمی لاپەڕە ٣٢٨:

چ قەصر و دائیرە و تاقێ، تیا تۆ تاقی ئافاقی

نەی و موطریب، مەی و ساقی، گوڵ و بولبول، هەموو جووتن

لە شەرحەکەدا هاتووە کە نوسخە هەیە لە جیاتی «قەصر» «قوطر» هاتووە. بەلای منەوە «قوطر» مناسبترە لەگەڵ «دائیرە و تاق». وشەی «تاقێ» دەبێ «تاقی» بێت هەتا هاوئاهەنگی «ئافاقی» بێ. ئنجا دەبێ «تاقی تیا» بێ نەك «تاقی، تیا». دەشبوو ئیشارەت هەبێ لە شەرحەکەدا بۆ ئەو لانەیەی کە دەڵێ: «تۆ تاقی ئافاقی»، جگە لەوەی کە تاقانەی دنیا ڕادەگەیەنێ، لەلایەن زینەت و ئارایشتی بەیتەکەوە یار لەو نیوەبەیتەدا تاقە، هەرچی لە نیوەدێری دووەمدا هاتووە هەموویان جووتن.

بەیتی یەکەمی لاپەڕە ٣٣١:

ئـەم سەرسەری بـازانـە کـەوا هـەمسەری بوومن

مـوشکیل، بگـەنـە ساعیدی شاهـێکـی وەکـو مـن

شەرحەکە یەك تێبینیی لەبیر چووە، دەبوو بڵێ باز و تەیری تری شکار فێر دەکرێن لەسەر باسکی ڕاوکەر هەڵنیشن و کە نێچیریشی گرت هەر دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئەو باسکە.

بەیتی دووەمی هەمان لاپەڕە:

تـا نـەشئـە نـەچێژن لـە لـەبی کـەوثـەری ساقـی

بـێچـارە چـوزانـن کـە هـەمـوو مـەستـی زەقـوومـن

بە دەست خۆم نییە، دڵم بۆ ئەوە دەچێ کە نالی گوتبێتی «لە لەب و کەوثەری ساقی»؛ چونکە دەقەکەی سەروو هەر لێو مشتنی تێدایە، شەرحەکەش لێوەکەی بە کەوثەر داناوە و بۆ ئەوە نەچووە کە ساقی مەیگێڕە و ئەو مەیە بە کەوثەر چوێندراوە. ناشکرێ «لەبی کەوثەر» ببێتە «مضاف و مضاف الیە»؛ چونکە مەیەکە لێوی نییە هەر دەبێ «لەبی کەوثەر» بە «صیفەت و مەوصوف» بڕۆن. گریمان لێوی پیاڵەمان دانا بە لێوی شەراب، ئەوسا لێوی ساقی نامشترێ و خەسارەیەکی زلمان لێ دەکەوێ.

بەیتی لاپەڕە ٣٣٣:

دووری لە من خستەوە بێ سەبەبێ یاری من

باری خودایـا کـە تۆ، بگرێ سەبەبکاری من

بەلامەوە زێدە ئاشکرایە کە وشەی «باری» لە نیوەدێری دووەمدا بە واتای خوا هەڵەی نوسخەنووسانە، ڕاستییەکەی «یاری»یە بە واتای «یاریدە»، نالی داوای یاریدە لە خودا دەکات، نەك «باری خودایا» کە دەکاتەوە «خودا خودایا». «یاری من» و «یار»یش جیناسی تەرکیبی تێدایە.

بەیتی دووەمی لاپەڕە ٣٣٤:

دیدە نیگەهبانی یار، تیپی سوروشکم هەزار

نـاڵـەیـی دڵ نـەی سەوار، ئـاهـە عـەلـەمداری من

شەرحەکە «نیگەهبانی یار»ی بە پاسەوان داناوە کە – چاوەکە– بە هەموو لایەکدا دەڕوانێ نەوەك دوژمن لێی نزیك بێتەوە... ئەم واتایە خراپ نییە، بەڵام زۆر تێ

هەڵکشیوە لە پاسەوانی. دەشبوو بڵێ: نیگەهبان، مەبەست لێی ئەوەیە کە نالی هەمیشە چاوی بڕیوەتە دیمەنی یار.

لە ئاست «نەی سەوار» شەرحەکە دەڵێ: مەعناکەیمان بۆ ڕاست نەکرایەوە... خۆ منیش بە تەواوی بۆی ناچم؛ بەڵام وشەی «نەی» بلوێرە و دڵەکەی نالیی تێدا مەبەستە بە ناڵەناڵیەوە، خۆ بلوێریش هەر دەناڵێنێ.

دەمێنێتەوە وشەی «سەوار» کە بە ڕوواڵەت «نەی سوار» دەگەیەنێ کەوا بێ شك نالی وەهای نووسیوە. با خوێنەریش خەیاڵگێریی تێدا بکات. دەشێ لە مەثنەوی مەولانا کە تێیدایە:

بشنو از نی چون حکایت میکند
وز جدائیها شکایت میکند

جۆرە وێنە و واتایەك بۆ ئەو «نەی سوار»ە دەست نیشان بکات. لە کوردیدا کە دەڵێن «سوارە...» جارێکیان ڕژدی دەبەخشێت و جارێکیان هەناسەسواری. هی هەناسەش هەر بۆ ڕژدی دەچێتەوە کە هەواکە بە پاڵەپەستۆ دەردەچێت... ڕەنگیشە «نەی سوار» ئەو سەربازە بێت کە لە سەر پشتی ولاغ نەیژەنی دەکات؛ چونکە سەرلەبەری بەیتەکە خەریکی کاروباری لەشکرە... والله اعم!

دوو بەیتی لاپەڕە ٣٣٥:

دولبەری عالی دەماغ، هەم قەدەمی سەروی باغ
بێتە نەظەرگەی قەراغ دیدەیی جۆباری من
حیکمەتی تۆ مولهەمە، هەم قەدەمت مەرحەمە
موستەحەقی مەرهەمە سینەیی ئەفگاری من

«دولبەر» دەکرێتە «دلبەر». «موستەحەق» دەکرێتە «موستەحیق».

شەرحەکە دەڵێ، ئەم دوو بەیتە بە یەکەوە بەستراون: من ئەم تێکبەسترانە نابینم. «هەم قەدەمی سەروی باغ»ی بەوە داناوە کە یار لە باڵابەرزی و جوانیدا وەك سەروی ناو باغ وایە... ئەم مەعنایە تێرتر و متمانەبەخشتر دەبوو ئەگەر «دلبەری عالی دەماغ»ی بە «دەماغ، سەر بەرز» دانابایە، ئەوسا لە باڵا بەرزیدا دەبووە «هەم قەدەمی – هەمقەدەمی سەروی باغ»، واتە هاوتای سەروی باغ لە بەرزیدا. شەرحەکە «عالی

دەماغ»، بە «خاوەن بیر و سروشتی بەرز» لێك داوەتەوە و بەس، كە ئەمە نیسبەتی نییە لەگەڵ هاوقەدەمی، هاوبالآیی، هاوتایی... هاوقەدەم بە «هاوتا» دێ لەوەوە كە پێ و پێ وەك یەك بوون لێكتر پێش ناكەونەوە. وشەی «مولهەم»، لە كۆندا «ملهم» دەنووسرا. دەشێ بە «مولهیم» بڕوات بەواتای ئیلهامبەخش.

لە بەیتی سەرووی لاپەڕە ٣٣٦دا، وشەی «مەعدەن» كورد بەكاری دەهێنێ لە وتووێژی هەڕەمەكیدا. «مەعدێن»، ڕاستە وەك بزانم، قامووسیشم لا نییە بۆی بگەڕێم.

نیوەبەیتی یەكەمی لاپەڕە ٣٣٦:

مەشرەبی نالی گەلێ ئابی یو ترشە، وەلێ

«ئابی» بە «وەك بەهێ» لێك دراوەتەوە. مەعنایەكی دیشی هەیە: «نەسەلمێن»، لە «أبی، یأبی»ی عەرەبی هاتووە وەك ناوی كارا «اسم فاعل».

غەزەلی لاپەڕە ٣٣٧ كە هەشت بەیتە، كەم بەیتی هەیە لە هی نالی بكا.

فەرموو سەیری ئەمە بكە:

غیلمانە گوتم خاڵی لەطیفت كە لە سەردا

ئەم قیبلە برۆیانە كە غارەتگەری دینن

هی شاعیرێكە مامناوەنجی بێت، بە حاڵ و بە زەحمەت پێوەندیی نیوەبەیتی یەكەم بە دووەمەوە ساز دەبێت یان هەر نابێ. دوو قافیەی یەك لە دوا یەك، «شاهیدی چینن – بوتخانەیی چینن»...«موژگانی سییەهـ... دێن و دەچن» كە كالای نالین! ئەگەر بە شایەد و بەڵگە ئیسپات بوو، هی نالین دەبێ بڵێین خلیسكێكە لە نالییەوە یان بە سەرپێیی و بێ ڕێكخستن. بەیتی كۆتاییی بڕە شیعرەكە:

نالی وەرە لادە لە خەدەنگی موژەیی یار

ئەو كافرە مەستانە كە غارەتگەری دینن

لە شەرحدا هاتووە كە بێگومان هی نالییە... خوێنەر دەبینێ كۆتاییی بەیتەكە هەمان خاتیمەی بەیتی دووەمە.. لە دووەمدا «غیلمان»، «خاڵ» بوو. بە "قیبلە برۆ" دانرا كە غارەتگەری دینن. لە هەشتەمدا خەدەنگی موژە بوون بە كافری مەست و غارەتگەری دین. هەر نەیسە.

بەیتی دووەمی لاپەڕە ٣٤٠:

ئەم طاقمە مومتازە کەوا خاصصەیی شاهن

ئاشووبی دڵی مەملەکەت و قەلبی سوپاهن

شەرحەکە هەوڵێکی باشی داوە بۆ وەرگرتنی مەعنای دروست بۆ بەیتەکان. دەڵێ کە ئاشووبی مەملەکەتن– ئەم طاقمە مومتازە– ناشێ ئاشووبی قەلبی سوپاهیش بن، کەواتە ئاشووبی دڵی خەلقی وڵاتن – بە جوانی و ڕێکییان – لە هەمان کاتدا قەلبی لەشکریشن نەك مەیمەنە یا مەیسەرە. جگە لەمە تەوجیهاتی دیکەش هەیە؛ بەڵام ئەمە کاکڵی شەرحەکەیە و لە سنووری دیتنی خۆیەوە ڕاستی بۆچووە؛ بەڵام بەیتەکە مەعنای دووەمی بارتەقای ئەمەی هەیە. مەعنای شەرحەکە بۆ حاڵێك دەست دەدات کە مەملەکەت و سوپاه و وڵاتی بابان و سوپاهی ئەحمەدشا بن. ئەگەر وڵات و سوپاهی دوژمن بن، طاقمەکە دەبنە ئاشووبی مەملەکەت و ئاشووبی قەلبی سوپاهیش، بە هۆی جەنگاوەری و لێهاتوویی خۆیانەوە.

شەرحەکە بەیتی سێیەمی قەسیدەکەی «لە لاپەڕە٣٤١»، باش ڕوون کردووەتەوە کە بریتییە لە لێکدانەوەی واتای وشەکانی، خلیسکێکی بێلزوومی بردووە لە ئاست «سەمەن»دا کە دەڵێ: دووریش نییە لە ئەسڵدا «سیمین» بووبێ... ئەم وشەیە بچێتە جێی سەمەن، بەیتەکە دەشێوێ؛ چونکە ئەمە قۆرت پەیدا دەکا لە کێشی شیعرەکە، «سەمەن» وەك ئاوی ڕەوانە تێیدا.

بەیتی یەکەمی لاپەڕە ٣٤٢:

گوڵزاری دەر و دەشت و غیلمانی بەهەشتن

ئاهو صەف و ئاتەش بە کەف و تیز نیگاهن

دەبوو «ئاهو صیفەت» هەڵبژێرێت. چونکە مامز لەگەڵ ڕیزگرتن ناگونجێ، شەرحەکە، بە ناچاری زەمینەی بۆ پەیدا دەکات و دەڵێ: لە وەختی ڕابواردنیشدا، وەك ئاسك ڕێك ڕیز دەبەستن. شەش تێکستی ئیشارەت بۆکراو «ئاهو صیفەت»یان نووسیوە.

ئاهو صیفەت، ئاتەش بە کەف و تیز نیگاهن

تەنانەت لە کەمکردنەوەی یەکێك لەو دوو «و» عەطف، مۆسیقایەك لە تێکبەستنی «صیفەت» و «ئاتەش» کە دەبێتە «ئاهو صیفەتاتەش بە کەف» پەیدا دەبێ لەوی دیکە نییە، هەرچەند «صەف و کەف»یش، هاوئاهەنگن؛ بەڵام مامز ڕیز نابەستێ.

بەیتی دووەمی لاپەڕە ٣٤٢

صەحرا بە تەجەللی دەکەنە وادیی ئەیمەن

قامەت شەجەر و مەظهەری ئەڵطافی ئیلاهن

دەبوو شەرحەکە لە جیاتی «ئەلطاف»، وشەی «ئەنوار» هەڵبژێرێت کە لە سێ نوسخەدا وەها هاتووە؛ چونکە پڕ بە پێستی واتا و ڕۆحی بەیتەکەیە. وشەی «ئەنوار – أنوار» هەم جەمعی «نور»ە هەم هی «نەور» بە واتای غونچە. کە مەعنای «نور»ی لێ بگریت، دەچێتەوە بۆ خوا، کە بیکەیتە «نەور» دەڕوا بۆ «نەور». شەرحەکە لە «شەجەر» هەر ئەو شەجەرەی بە مەبەست داناوە کە لە کێوی طوور، بانگی مووسا پێغەمبەری کرد لەلایەن خواوە؛ بەڵام «شەجەر»، کارێکی دیکەی گرنگیشی کردووە لە بەیتەکەدا کە ئەو سەربازانەی قامەت وەك شەجەر، بە خۆ نیشاندانێك، صەحرا دەکەنە وادییی ئەیمەن لە طوور. «بەتەجەللی»یش ئەو ئایەتە دەهێننەوە یاد کە لە قورئاندا دەڵێ «فلما تجلّی للجبل»، چ سەیر و سەمەرەش نییە لەوەدا؛ چونکە شوێن دەرکەوتنی «أنوار»ی خوان. ئەو تەجەللییەش کە هی خوایە هەر لە وادیی ئەیمەنی طوور ڕووی داوە.

لە بەیتی سەرەتای لاپەڕە ٣٤٣، وشەی «بووقەلەموون»، هاتووە بە واتای «عەلیشیش»، ئێستاکە لە سلێمانی دەڵێن: قەل. بەر لە ٣٠–٤٠ ساڵ و نزیکتریش بۆقلەموون دەگوترا. دەمەوێ بە عەرزی خوێنەری بگەیەنم: ئەم وشەیە لە سەردەمی عەبباسییان بە قوماشێك گوتراوە «أبو قلمون». دیارە کە عەلیشیش پەیدا بووە ئەم ناوەیان لێ ناوە یاخود کە قوماشەکە پەیدا بووە، ناوی ئەوسای عەلیشیشیان لێ ناوە کە "أبو قلمون" بووە، دەشبێ ڕەنگیان لێکتر چووبێ. لە بەیتەکەدا:

گەهـ طاووس و گەهـ کەبکن و گەهـ بۆ قەلەموونن

گەهـ ئاتەش و گەهـ شوعلە، گەهێ دوودی سیاهن

نالی تاقمە مومتازەکەی، بە دوو جۆرە مادە تەشبیهـ کردووە: یەکیان خێزانی مەل، ئەوی دیکە خێزانی ئاگر، کە دووکەڵیش هەر بەرهەمی ئاگرە.

بەیتی دووەمی لاپەڕە ٣٤٣:

لالەن بە بەدەن، ئەطڵەسی ئەخضەر کە لەبەرکەن

نەورەستە گوڵن، بەستە لەگەڵ دەستە گیاهن

تێ ناگەم، بۆچی ئەم ڕستەیەی «کە لەبەرکەن» لەم نیوەبەیتە و لە نیوەبەیتی دوای ئەمەش هاتووەتەوە، کەچی تێکستەکان تێیاندایە لە جیاتی «لەبەرکەن» «دەپۆشن، بپۆشن»یان هەڵبژاردووە و لەمانە «عم» «دەپۆشن»ی بۆ بەیتی دووەم داناوە. «چن» بۆ بەیتی دووەم «دەپۆشن» و «ك،مز، اح»یش «بپۆشن»یان بۆ یەکەم داناوە. هەر چەشنێك بێ تا ئەوەی تیر و پشکی لێ بهاوێی، دەبوو بەیتێکیان «دەپۆشن» و یەکیان «لەبەرکەن» بۆی قەرارادە بکرێت. تەبیاتی بنیادەم سەیرە کە لە سەر ئەو بەدیهییەش هەرا هەڵدەستێنێ. بە ئیزنی خوێنەر چیرۆکێکی خەندە بزێو دەگێڕمەوە: گۆیا «کوفر ئەحمەد» هەبووە «مەسەلەی زۆر لەسەر هاتووە». کەرێك و مانگایەکی هەبووە، زستانی بەسەردا هات، لە خوا پاڕایەوە کەرەکەی بۆ بمرێنێ؛ چونکە ئالیکی دەوێ و سوودیشی نییە، مانگاکە بمێنێ شیر و ماستێکی لێ دەخوات... سبەی چووە سوێی ئاژەڵان، دیتی، مانگاکە مردووە و کەر ساغ و سەلامەتە. چووە شەقام و کوێرێکی دۆزییەوە هێنایە سەر لەشی مانگاکە و لێی پرسی ئەمە چییە؛ کوێرەکەش دەستی لە سەر و گوێلاکی لاشەکە کوتا، گوتی: ئەمە مانگایە. خولاسە کەرەکەشی بەکەر زانی. کوفر ئەحمەد، ڕووی لە ئاسمان کرد گوتی: خوای مەزن کوێرە بە کوێریی خۆی کەر و مانگای ناسینەوە...

بەیتی نۆیەم و دەیەم و یازدەیەم شەرحەکەی دوودڵ کردووە: دوو بەیتی کۆتایی نازناوی نالییان پێوەیە، بە پێی تێکستیش بەیتی بەر لەوان، ئەویش نازناوی نالیی پێوەیە... من ئەم حیرەتە نامگرێ و تێیدا بە سەهووش بچم لەو پاشاگەردانییە خراپترم نەکردووە. من دەڵێم بەیتی هەرە دواییی شیعرەکە بە هیچ مەزهەبێك هی نالی نییە: کابرایەك ڕوو دەکاتە نالی و پێی دەڵێ، ئەمما پێگوتنەکی شەق و پەق، دڵی خۆت مەڕەنجێنە و بێ ئەوەی مەبەستی بووبێت بە هی نالی حیساب بکرێت، بەیتێکی خستووەتە نیهایەتی شیعرەکەوە، واش پێ دەچێ لە حاڵەتی نوسخەنووسیندا، ئەمەی کردووە. کە ئەم بەیتە لاچوو دەمێنێتەوە، بەیتی دەیەم نازناوی نالیی پێوە بێت، بەیتی نۆیەم، تەنها یەکێك خۆی لەو بەیتە هەڵقوتاندووە و نووسیویەتی: بۆ سەیری خەرامیدەنی ئەم مەهوەشە نالی... لەمەشدا وەك شەرحەکە دەڵێ هەڵەی ڕێزمانیی کردووە کە ڕووی قسەی لە تاکە کەچی شیعرەکە ڕووی لە تاقم و کۆمەڵە، دەبوو بڵێ ئەم مەهوەشانە، ئەوساش کێشی بەیتەکە مردار دەبووەوە.

لەسەر پارچە شیعری دەیەم و یازدەهەمی پیتی «ن» سەرێشەیەکی بێلزووم هەیە لە نێوان خاوەن ڕایاندا کە یەکیان هەر لە نالییەوە وەڵامی نالی دەداتەوە... بەلای

بینینیی منەوە، چ گرفتێك پەیدا نییە و شەرحەكەش لەوەدا ڕاستی بۆچووە كە ئەم دوو پارچە هەڵبەستە پێوەندییان بە یەكەوە نییە. ماوەتەوە بڵێین، پارچەی دووەم «یانزەمین»، سەرەتاكەی بەیتێك یان زیاتری فۆتاوە.

بەیتی سەرەتای پارچەی دەیەم لە لاپەڕە ٣٤٥:

خەطات فەرموو كە خۆشە چین و ماچین

كە ناچین، لێرە خۆشە چینی ماچین

شەرحەكە، بە تێكڕایی، حەقی بەیتەكەی داوەتێ. یەك دوو خاڵی شیاوی تێبینی هەیە ماوە بگوترێ: وەك بزانم «خەطا و ختەن»، هەرێمن و بە بێنی خۆش و میسك مەشوورن. شەرحەكە خەطای بە شار داناوە. وەك لەبیرم بێ، ئەو هەرێمانە كە لەسەر ڕێگەی بەرەو چینن ناویان دەركردووە بە «آهوی مشك افكن»؛ واتە هەرێمی مامزی میسك فڕێدەر.

خۆشەچین لە بەری سۆران پێی دەڵێن، وشیكەر، وشیرن. ئافرەتان دوای درویێنە، بەتایبەتی هی مەرەزە، گوڵەچەڵتووكی نەدووراو و كەوتوو دەسگیر دەكەن و لێپێچانەوەی نییە. «ڕنەكەر» كەمێك دەستدرێژیی تێدایە، لێیان بەسەر بگیرێتەوە سزا دەدرێن. ڕنەكەر ئافرەتەكەیە...

خەطا و چین و ماچین وڵاتی بەسەر یەكەوەن.

بەیتی لاپەڕە ٣٤٦:

برۆت هەر چین و پەرچەم چین لەسەر چین

ئەمەندە چینە، قوربان، پێم بڵێ چین؟

شەرحەكە غەدری لە خۆی كردووە كە تێكستی«تۆ» و «عب»ی بەلاوە ناوە كە هەر ئەویان ڕاستە كە نووسیویانە، «بێ خەطا». قافیەی برە شیعرەكە هەمووی «لزوم ما لایلزم»ی تێدایە كە بەر لە وشەی دوایین وشەیەكی«ممدود»ی بە ئەلفی وەك: ماچین، تاچین، نەواچین، چراچین، لاچین هەیە «خەطا»ش وەك ئەوانە. جگە لەمە لایەنێكی پەنهاننی دیكەش هەیە كە وا هەر چۆن لە بەیتی یەكەمدا«خەطا» و «چین» هەبوون، دەبوو لێرەشدا بەولاتەریقەوە «خەطا» هەبێ؛ چونكە بەیتەكە پڕە لە چین. نالی لە ڕێی «استخدام»ەوە هاتووە «بێ خەطا»ی بە مەعنای«بێ سووچ» هەڵگێڕاوەتەوە بۆ هەرێمی

خـەطـا، لـەمـەشدا «تشابك» هـەیـە کـە هـەبـوونـی«خـەطـا» بـەنـدە بـە نـەبـوونـی «خطأ–خەطا»وە.

بەیتـی یەکەمـی لاپەڕە ٣٤٨:

ئـەتۆ میـهریـی و مـەهـڕوویـان ستـارەن

لە خزمەت شەوقـی تۆدا شەوچرا چین؟

شەرحەکە بەجێیە؛ بەڵام دەبوو بـە ڕوونـی بڵـێ کە ڕووی یـار ڕۆژبـێ و مـەهـڕوویـان ئەستێرەبن بە ناچاری دەبنە چرای شەو؛ چونکە ئەستێرە بە شەو دەجریوێنـی، چرای شەون.

شەرحەکە خلیسکێکـی بردووە کە دەڵێ ئەو مەهڕووانە ئەستێرەن و لەتۆوە ڕووناکـی وەرئەگرن... بەعەکسەوە، ئەستێرە لە ڕووناکایـی ڕۆژدا هـەر دەرناکەون. نالـی ڕاستـی کردووە کە شەوچرا لە شەوقـی ڕووی وەکو ڕۆژی یاردا، هیچ نین... لە کۆنیشدا پێنج ئەستێرە دەدیتران، لەوانەی گەڕۆکن و بە تیشکـی ڕۆژ دەگەشێنەوە.

بەیتـی دووەمـی لاپەڕە ٣٤٨:

هـەموو نەڕاتـی میهری ڕووتـە باقین

خـودامـان بـۆ بـەقـایـە لـێرە لاچین

شەرحەکە باش بۆ واتای موفرەداتـی بەیتەکە و دەلالەتیان چووە، شتێك ماوە بگوترێ. کە دەڵێ: خودامان بۆ بەقایە لێرە لاچین، بە ڕواڵەت و بە مەبەستیش ڕادەگەیەنێ کە پەنا بە خوا کە لاچین لەبەر نەڕاتـی قینـی ڕووت... لە هەمان کاتیشدا و لەبەر تیشکـی «خودامان بۆ بەقایە» مـانـای مردن و نـەمـانـیش لـەو لاچوونـە وەردەگیرێ. بـەیتـی کۆتاییش، کە دەڵێ:

هەموو موحتاجـی خاك و بێڵ و پاچین...

ئەم مەعنایە خەستتر دەکاتەوە...

دوای ئەم بڕە شیعرە، دێینە سەر غەزەلێکـی جەنجاڵ و بێنە و بەرەی پێوەیە و ئەمەتە سەرەتای بێ پێوەندیـی بە شتێکـی دیارەوە:

بەیتـی دووەمـی لاپەڕە ٣٤٩:

بە جان سەختـی یو دڵ بەردیـی من و تۆ

بـیـعـەیـنـی هـەر وەکـو پـۆڵا وو بـەردیـن

شەرحەکە دوور و درێژ باسی چەند و چۆنی ئەم برە شیعرە بە دەست نوسخەنووسان و شیعردۆستان دەکات و چ سوودیشی تێدا نییە ئەوە نەبێ کە شەرحدەر دەبێ قسەی تێدا بکات. بەلای مجێزی منەوە «بە جان سەختی وو» خۆشترە لە «بە جان سەختی یو» بەری سۆران، چەندی گوێم لە قسەیان بووبێ، لە شوێنی وەهادا «واو»ی عەطف درێژ دەکەنەوە، کە پێویست بوو، خۆ ئەگەر کێشی شیعر لە بەیندا نەبێ بەری بابانیش دەڵێن جان سەختی و بێ ئۆقرەیی، درێژی و پانی...

شەرحەکە دەڵێ مەعنای ئەو بەیتە و بەیتی دوایەوە، پێکەوە دێن. ڕاستییەکەی بەیتی سێیەمیش، پێیانەوە بەندە. لەف و نەشری مورەتەبیشی دۆزیوەتەوە لە هێنانی «من» و «تو»دا بە دوای «جان سەختی» و «دڵ بەردی»دا. منیش دەڵێم: لەف و نەشرێکی مورەتەبی دیکەش هەیە لەنێوان «پۆڵاو بەردی» کۆتایی شعرەکە و نێوان «من» و «تۆ»دا.

بەیتی دووەم لە لاپەڕە ٣٥١ کە ئەمە دەقیەتی:

وەرە بـا ئـاگـرێکـی وەصلـی خـۆمـان
بخەینە قاوی عومری دوشمنی دین

شەرحی دراوە بە چاکی. بە دوا ئەمدا، بەیتی سێیەم کە بووەتە بەیتی یەکەم لە لاپەڕە ٣٥٢ دا:

ڕەقیب و مودەعی وەك پووش و پووشوو
بسووتـێنین، کـە وەك بـەرقین لـە بـەر قین

شەرحەکە ئەم بەیتەی بە دوانی پێش خۆیەوە نەبەستووەتەوە، کەچی لەمیاندا، ئەنجامە مەبەستەکەی یەکتر دیتن و ڕەقیب و مودەعی لەناوبردن دێتە دی. لەف و نەشرێك هەیە لە پێك چواندنی ڕەقیب و مودەعی بە پووش و پووشوو، دەبێ بڵێین مورەتەب چونکە هۆیەك نییە بیکات بە مشەووەش. دەشێ لەوەدا کە مودەعی ناحەزترە لە ڕەقیب، پووشەکە خۆی بێت؛ چونکە ئاسانتر دەسووتێ لە پووش. بەڵام پووشیش لەم بەیتەدا هەر دەسووتێ؛ چونکە بەڕقی قین لێی زیادە.

بەیتی دووەمی لاپەڕە ٣٥٢:

مـەفـەرمـوو دڵ وەکـو ئـاوێنـە صافـە

بەڵێ بەم ئایینە بۆی بووی بە خودبین

دەبوو شەرحەکە لە جیاتـی «بۆی بووی» کە تێکستـی «چر، اح، خا»یە «بوویی» هەڵبژاردایە کە بە پێی قسەی خۆی تێکستی هەموو نوسخەکانی ترە، ئەمیش لەبەر دوو سەبەب: یەکەمیان ئەوەیە کە نازانین ئەم «بۆی» لە ڕستەی «بۆی بووی» کێ و چیی تێدا مەبەستە. چ فەرق نییە لەوەدا بیگوتبایە «لێی بووی»، چونکە ئەمیش هەر کەلە. هۆی دووەم ئەوەیە نیوە بەیتەکە لە وشەکانی «بەڵێ، بوم، بۆی، بووی، بە» پێنج دەنگی «ب»ی تێدایە جگە لە «خودبین». هەر نەبێ یەکێکیان تێ بچێ نەختێك، بگرە پتر، لە قورساییەکە دادەشکێنێ. کە دەڵێم «پتر لە نەختێك»، لەوەوە دێت، سێ وشەی «بۆی بووی بە» زێدە زێدە لێك نزیکن و «بووی» ناوەندی هەردوو وشەکە هەڵستێ مەودا دەخاتە نێوانیانەوە، کە دەشبێتە «بوویی» ئەو مەودایە فراوانتر دەکات و تێك چڕستانەکە خاو دەکاتەوە.

شەرحەکە، بەداخەوە وەها بەرەنگاری گیانی بەیتەکە بووە، چووەتە قالبی ناحەزییەوە کە لە شەرحدا دەڵێ: مەفەرموو دڵم وەك ئاوێنە ساف و بێگەردە. ئەگەر ڕاست دڵت وا بووایە، هەموو شتێکت تیا ئەدی و خەڵکی تریشت ئەهاتە بەرچاو و بەزەییت بە کەسانی تریشدا ئەهاتەوە. دڵت وەك ئاوێنە ساف نییە. ڕەشە و تۆیش ئاوێنەیەکی چڵکن بەکاردێنی. بۆیە وا خودبین و خودپەرستت لێ دەرچووە و لە خۆت بەولاوە کەست نایەتە بەرچاو. پووزش لە گیانی فاتیح دەخوازم کە دەڵێم: هەر مابوو هوتافێکی بمرێ خوێنمژی بە دوادا بێت.

نالی نەیویستووە، توانجی شکاندنەوە لە یاد بگرێ. لە ڕێی وشەی تێك ئاڵقاو و واتای پێکدا دووراودا و بە تەعبیری ناسکی «مەفەرموو»، شەکوای حاڵ دەکات لەوەدا کە صافیی ئاوێنەکە نۆنیگای یار بووەتە هۆی ناز و خودپەسەندی لەبەر زێدە بێ عەیبیی ئاوێنەکە کە هەموو جوانیی یار دەداتەوە. ئەگەر هونەری وشە و واتای توێکڵدار نەبێ ئاوێنەی دڵ هەرگیز ڕەنگ و وێنە، عەکس ناکاتەوە.

بەیتی سێیەمی لاپەڕە ٣٥٢:

وەرە تا عالەمی قەلبت نیشان دەم

کەوا فەقری غینایە، مردنی ژین

شەرحەکە ئەم بەیتە بە بەیتی دوایەوە دەبەستێتەوە، حەقیشیەتی:

تێدا ئومێدم و بیم و گریەوو سۆز [تیا لە جیاتی تێدا پەسەندە]

بەهار و پایز و زستان و هاوین

ئیتر بە پێی واتای «قەلب» کە دڵە بۆ شیکردنەوەی هەر دوو بەیت چووە... «وەرە با جیهانی دڵت پێشان دەم لە چ جیهانێکی خۆشدا دەژین... جیهانی دڵداران لە هیچ جیهانێکی تر ناچێ...» هتد. ئەم شەرحە زێدە سادەیە و دوورە لە قووڵاییی بەیتەکان: وشەی «قەلب»، سێ خوێندنەوە هەڵدەگرێ: قەلب بەواتای دڵ. قەلب بە واتای وەرگەڕان. قەلب، قەڵب بە واتای چرووك.

وەرە تا عالەمی دڵت نیشان دەم کە هەژارییەکەی دەوڵەمەندییە و مردنەکەی ژینە یاخود: لە جیاتی سەروەت هەژاری و لە جیاتی ژین مەرگی نەسیب دەبێ. وەرە تا عالەمی وەرگەڕاوت نیشان دەم کە فەقری غینایە و مردنی ژینە، هەمووی هەر وەرگەڕانە. وەرە تا عالەمی چرووکت نیشان دەم کە فەقر بە غینا و مردن بە ژین نیشان دەدات.

ئنجا، لە چوار کژی ساڵدا، لە بەهار و هاوین و پایز و زستاندا یەك ئومێد و سێ پەژارەیی لە ترس و گیان و سۆز... ئەم بەیتە یەکێکە لە شاکاری هەموو ئەدەبی کوردیدا.

لە بڕە شیعری «وەك قەفەس...» کە لە لاپەڕە ٣٥٥ ڕا تا ٣٦٦ ی خایاندووە، لەبەر ئاشکراییی واتای بەیتەکانی تەنها دەست بۆ ئەو وشانە دەبەم کە بەلای خۆمەوە هی باشتر هەیە لەوان.

لە بەیتی یەکەم «تار و پۆیی» هاتووە. لە تێکستەکانیش هی «ك» داروپەردووی نووسیوە. تێکستی «عم، کم، ت، مز، عب، اح، خا»، تاروپۆدیان نووسیوە. بێگومان نالیش بە پێی نەریتی ئەوسای شاعیران هەر «تاروپۆد»ی بەکارهێناوە. ئێستا کوردەکە «تان و پو» دەڵێ.

لە بەیتی دووەمدا «لانکە» هاتووە. هەشت تێکست «لانك»ی نووسیوە، ئەمیش ڕاست و لە بارە.

لە بەیتی دووەمی لاپەڕە ٣٥٨ «تێدا» هاتووە، کێشی نیوەبەیتەکەی تەنبەڵ کردووە. «تیا» دەست دەدات، شەش تێکستیش ئەمیان نووسیوە.

لە بەیتی لاپەڕە ٣٦٠ شەرحەکە دوای ڕاستەواتای وشەکان، بۆ «جەمعی حەربا» کە جانەوەرێکی ڕەنگگۆڕە و لە کوردی بزنمژگ «یان بزنمشك»ی پێ دەڵێن، ئەو ئیحتیمالە دەدا کە مەبەسی لەو کەسانە بێ، دێنە حوجرەکە و منافقن، بە زۆریش فەقێکانن... ئەم تەئویلە دوورە لە داخوازیی وشەکان و ڕۆحی شیعرەکە، ئنجا بۆ دەبێ فەقێی دووڕوو بچێ لەو تەرزە حوجرەیەدا ڕۆژپەرستی بکات؟ خۆی بزنمشك لەبەر تیشکی خۆردا ڕەنگگۆڕی دەکات، بەمەدا بەیتەکە ویستوویەتی بە موبالەغەوە بڵێ ژوورەکە لە دەرەوە ڕۆژ تێخزاوترە...

لە بەیتی سەرووی لاپەڕە ٣٦١ وشەی «حەتا» زەقە. ئەگەر لوابایە «حەتتا» بێ دەسەلمێندرا. تێکستی «عم، ت، مز»، ئەم دەقەیان قبووڵ بووە، «مەنعی هیچ ناکات حەتتا مێش کە خۆی لێ دا بە تاو» جێی قبووڵە. تێکستی «گم»: «مەنعی هیچ ناکا هەتا مێشیش کە خۆی لێدا بە تاو» ئەمیشیان سازە.

دەقی شەرحەکە «حەتا»ی ناسازە.

لە بەیتی دووەمی لاپەڕە ٣٦٣ سەرەتای وەها هاتووە: ئەو دەلاقەی تێ دەخا... گۆیا ئیشارەتە یان ڕاناوە، بۆ ئاو دەچێتەوە. بەڕاستی وشەکە وەك دوومەڵ وایە و کورد نایێ لەبەر تیشکی ڕێزماندا ڕاناو بخزێنێتە شوێنی وەها لەقەوە. لە پەڕاوێزدا، دە تێکست «ئاو»یان نووسیوە ئیتر...

لە ئاست «ماڵ بڕاو و ماڵ براو»ی هەمان بەیت، شەرحەکە بە دەست وشەی «براو»ەوە سەغڵەتە کە دەبوو شەدەی بەسەرەوە بایە، لەو تێکستانەی «براو»یان پەسەند کردووە. ئەم وشەیە زۆر لەباوە، بە ئەسل «بردراو» بووە و سوواوە وەك «بڕدراو» بووەتە «بڕاو». وا چاکە دەقی بەیتەکە بنووسم:

ئەو دەلاقەی تێ دەخا چشت و مەکی پێدا دەبا

من لەوێ حەیران دەبم وەك مال بڕاو و مال براو

وشەی «بڕاو» لە دوو سەرچاوەوە دێت یەکیان «بڕان» بە واتای تەواوبوون و کۆتاییهاتن. یەکی دیکەش «بڕین»ـە. ناوی کارا «اسم فاعل» لە «ڕان»ی کۆتاییهاتن «بڕاو»ە، وەك لوان، سوان، دەبنە «لواو، سواو».

دیارە، فیعلەکە تێنەپەڕە، هەرچی «بڕین »ە کە بووەتە «بڕاو»، ناوی بەرکار «اسم مفعول»ی لێ وەرگیراوە و بووەتە «بڕاو» کە بە ئەصل «بڕدراو»ە و دەکرێتە «بڕراو» و

دەسویٚ دەبێتە «بڕاو». دەستووری بیٚ بیژۆك لەو فیعلانەی کوردی کە کۆتاییيان بە «د» دێت و بەر لە دالەکە، «واو» یان «ییٚ» هەبوو، ئەم دالەی دەسوێت. لە فارسیدا دالەکان ماونەتەوە لە نموونەدا دەڵێم: فەرموون، ئەزموون، بڕین، دڕین، دروون، مژین... لە فارسیدا، ″فرمودن، ازمودن، بریدن، دریدن، درودن، مکیدن...″ لە هەمووان‌دا ئەو دالە بەردەوامە... لە پێویستدا ئەو دالە قرتاوەی فیعلی کوردی بەدەر دەداتەوە، وەك لە «کڕین» کە فیعلی کارا نادیاری لیٚ وەرگیرا، دەگوتریٚ، «کڕدرا»؛ چونکە «کڕرا» قورسە بەسەر زمانەوە، حاجی قادر لە شیعری خۆیدا دەڵیٚ:

«بۆ هاڕدنی ئێمە چ عەجایب دەگەڕیٚ»، دەبینین ئەو دالە قرتاوەی «هاڕین» بۆ کێشی شیعری هاتەوە. وشەی ئەوتۆ هەیە، جۆرێکی دیکەی ڕەفتار لەگەڵدا کراوە. «دیدن»ی فارسی لە کوردیدا بووەتە «دیتن». هەر چونکە دەستووری قرتانی دالی ئەو شوێنە زێدە چەسپاوە، دەبینی «دیدن» دەکرێتە «دین» لە جیاتی «دیتن».

لە بەیتی لاپەڕە ٣٦٦ وشەی «توخودا»، یا دەبیٚ «توخدا» بخوێندرێتەوە یان «توخوا» بێت، وەك کە پێنج تێکست پەسەندیان کردووە.

لە کۆتاییی بڕە شیعرەکەدا، تێبینیی ئەوە کراوە کە نالی چەند تەعبیرێکی بەکار هێناوە، نیشانەی دەوری نالییە لە بۆپێشەوەبردنی زمانی کوردی. لەمانە تەعبیری ئەم حوجرە «کون تێیە»؛ بە واتای «کونی تیایە». ڕاستییەکەی «کون تیٚ»، بە بەربڵاوی لە شوێنی مناسبدا بەکار دێت و هاتووە تەنانەت «نۆ کون تیٚ» بە لەشی ڕوحلەبەری وەك مرۆ، ئاژەڵ، دڕندە... دەگوتریٚ. تەعبیری «وەها سەرمای تێدا سەرما دەبیٚ» کە بە قسەی شەرحەکە و منیش لەگەڵیدام، دەبوو «... سەرمای دەبیٚ» بێت، لە حەقیقەتدا نالی هاتووە «ی» دوای «سەرمای دەبیٚ» ی ڕاگوێستووە بۆ سەرمای بەراییی بەیتەکە خۆ ئەگەر گوتبای «سەرما تیا سەرمای دەبوو»، فەرقێکی نەدەکرد. لەگەڵ ئەمەشدا، ئەم بەکارهێنانە، چ دەربوونەیەکی داخراوی بە ڕووی ڕێزمان و ئاخێوەری کورددا نەکردووەتەوە، لێشی داوا ناکریٚ دەربوونە بکاتەوە. چما ئەو هەموو مەهارەتەی وشە و واتائاراییيەی نالی، سێبەرێکی یان پرشنگێکی هاتە ناو ڕەواننووسیی کوردییەوە! شەرحەکە وشەی «هەورین»یشی لەو بابەتە داناوە، گۆیا خەڵق دەڵێن هەوری پێوەیە. ئەم بۆچوونە، ڕێك نییە لەگەڵ باری وشەکەی تێدا هاتووە: «هەورین»، صیفەتە، ئەمیان ڕستەیە. چ هەورین چ هەوراوی، هەردوویان لە شوێنی مناسبدا بەکاردێن. هەوری پێوەیە، جودایە لە هەورین؛ چونکە یەکەمیان هەموو

ئـاسمـان نـاگرێتەوە. تەعبیری «زانـانـدمـان»کە نـالـی لـە بـەیـتـی ٢٢ یـەمدا، بـەکـاری هێناوە، ئا ئەم تەعبیرە لە نێوان مەلا و فەقێیاندا، زۆر باو بوو، تەنانەت مامۆستای دەرسدەری پۆلـی سێ و چواری قوتابخانەی کۆیێ، کە من تێیدا بووم، «زاناندم»ی بەکار دەهێنا، خۆیشی مەلا بوو. لەمەش بەولاوە «زاناندم» غەیری «زانیم»ە، هەرچی زانینە، لەوانەیە، بێ مێشك گوشین پەیدا بێ، وەك كە بڵێی: تازە زانیم دارا چووەتە حەج. هـەرچی زانـانـدنیشە وردبـوونـەوە و لێکدانـەوە و... چـی و چـی دەوێ... وەك لەبیرمە، ئەم وشەیە لەلایەن کۆڕەوە، کە من ئەندام بووم تێیدا، لێی کۆڵرایەوە.

قەسیدەی «هـەرچەندە کە عومری خضر و...» کە لە لاپەڕە ٣٦٧ وە دەست پێ دەکا، شاکارێکە بۆ خۆی. شەرحەکە وەهـای بۆچووە کە نـالـی ڕووی قسەکـانـی لە مرۆیە، کاتێ دەگاتە مردن. ئەم بۆچوونە لە مەودای مەبەستی شیعرەکە، کەم دەکاتەوە. نالی دەیەوێ بڵێ هەمیشەکات بەبەر دەوری زەمانەوە هەیە باری مرۆ بگۆڕێت لە بەرزییەوە بۆ نزمی. لە بەیتی دووەمی بڕە شیعرەکە، بەپێی داخوازیی مەبەست نالی دەڵێ:

ئەی جامیعی دونیا وو قیامەت بە خەیاڵات

ئەو ڕۆژە کە مردی، نە ئەوت بوو نە ئەمت بوو

لەمەوە دیارە، نالی قسەی لەگەڵ تێکڕای ژیانە، نەك دەمی مەرگ.

شەرحەکە لە ئاست بەیتی سێیەمی قەسیدەکەدا کە ئەمە دەقیەتی:

بێزارە لە تۆ ئیستە، هەماغۆشی عەدووتە

دونیا، کە دوێنێ حەرەمی موحتەرەمت بوو

وەهای لێك داوەتەوە:"... ئەمڕۆ کە مردووی لێت بێزار بووە". ڕاستییەکەی دنیا لە مردوو بێزار نابێ، کەسیش لێی بێزار نابێ، مەگەر بابایەکی بە کفن و دفنیەوە خەریك بێ. بێوەفاییی دنیا کە بنێشتۆکەی زارانە، لە دەمی ژیاندا دەکرێت، دوای مەرگ بێوەفاییی دنیا لەگەڵ مردوودا هەر بە عەقڵەوە نانووسێ.

بەیتی دووەمی لاپەڕە ٣٦٩:

وەك شەڵتە پەین گەهـ پڕ و گەهـ خاڵییە بەطنت

صەوم و ئەمەلت باعیثی نەفس و شکەمت بوو

ئەم بەیتە مەکرۆیە: شەرحەکە بە کورتی، وەهای بۆچووە کە صەوم بۆ پڕکردنی

ورگ و دووهێنده خواردنی بەربانگە. ئەمەلی ئەو دنیاکەش «لە صەوم»، بۆ تەماعی نەفسە کە بە لەزەتی بەهەشت بگات.

ئەم مەعنا لێدانەوەیە ڕێکوپێکە؛ بەڵام دەقی شیعرەکە لە نیوەبەیتی دووەمدا وەها ڕادەگەیەنێ کە «صەوم و ئەمەل»، باعیثی «نەفس و شکەم» بوو: مرۆ دەبێتە باعیثی شەڕ نەك شەڕ ببێتە باعیثی مرۆ. هەروەها مرۆ، بەپێی مەعنای ناو شەرحەکە، بە هەموو پێوانەیەك، باعیثی صەوم و ئەمەل و چاکە و خراپەیە. ئەگەر بڵێین: «نەفس و شکەمت باعیثی صەوم و ئەمەلت بوو»، چیمان گوتووە ڕەخنەی لێ بگیرێ بەپێی مەعنای ناو بەیتەکە.

بەبیرمە لە دەمەتەقەی موستەعیددانی مزگەوت، دەمبیست کە دەگوترا: مەعنا لە قەلبدایە؛ واتە مەعناکە بەرەواژە لەگەڵ دەلالەتی وشەکان. نموونەی دیکەش دەهاتەوە لە تێکەڵپێکەڵیی وشان، وا ئێستا نیو بەیتم لەو نموونەیە بەبیر دێتەوە: «کما طیّنت بالفدن الصیاعا» واتە: وەك کە سواغت بە دیوار قوڕدابێ، مەبەسیش لێی: دیوارت بە قوڕ سواغ دابێ.

تا ئەم دەمە چەندی سەرم دەهێنم و دەبەم، هەر وێنەیەکی «مەعنا لە قەلبدایە»م بۆ دێت لەم بەیتە ئۆقرە نەگرتووە.

قەسیدەی مەرسیە و مەدحی «تا فەلەك دەوری نەدا»، هێندێ وردە تێبینی لە شەرحەکەی هەیە، یەك لەوان وشەی «سەد»، بە «هەرچەند» لێك دراوەتەوە و ناشبینم لە شەرحدا ئەو واتایە ئاشکرا بێ. بەهەمەحاڵ، بەیتی یەکەمی قەسیدەکە، مەعنای وەهای وەپاڵ دراوە، بنەمای نییە لە کەرەستەی تەعبیر. ئەمە بەیتەکەیە:

تافەلەك دەوری نەدا – سەد کەوکەبی ئاوا نەبوو–

کەوکەبی میهری موبارەك طەلعەتی پەیدا نەبوو

لە شەرحدا دەڵێ: تا ئاسمانی ژین خولی خۆی تەواو نەکرد و مانگی سلێمان پاشا ئاوا نەبوو، هەرچەند ئەستێرەکانی دەوروپشتیشی هەرمانەوە و ئاوا نەبوون [مەبەست لە ئەستێرەکان شازادەکانی تری بابانە] شان و شکۆی خۆر هەڵاتن– پیرۆزی ئاسمان کە ئەحمەد پاشایە دەرنەکەوت... مانایەکی دیکەشی لێ داوەتەوە، ئەستێرەکان بەهۆی نزیکبوونەوەی هەڵهاتنی ئەحمەد پاشا ئاوا نەبوون.

ئەستێرەکان چ پێوەندییان بە ئەمیرەکانەوە نییە. بەیتەکە دەرکەوتنی ئەحمەد

پاشا، دەگێڕێتەوە کە وەك ڕۆژ هەڵاتووە، هەڵبەت سەدان ئەستێرە ئاوا دەبن ئنجا ڕۆژ هەڵدێت.

من کارم بە بەیتی دوایین هەیە کە دەڵێ:

شاهی جەم جا ناڵیا تاریخ جم تەئریخییە

دا نەڵێن لەم عەصرەدا ئەسکەندەری جەم جا نەبوو

شەرحەکە وەها دادەنێ، «تەئریخی جەم – تأریخ جم» کە بە حیسابی ئەبجەد ١٢٥٤ دەگرێتەوە، ساڵمەرگی سلێمان پاشای مەبەستە و بە هاوتای ئەسکەندەری جەم جای داناوە. ئەم شەرحە ڕاستە، بەڵام نیوەی مەبەستی گرنگتری بەیتەکەی پشتگوێ خستووە: ساڵی ١٢٥٤، هەروەك ساڵمەرگی سلێمان پاشایە، هەروەها هاتنە حوکمی ئەحمەد پاشایشە.

کەواتە تەئریخەکە بۆ هەردووییانە. بەڵام «ئەسکەندەری جەم جا»، پتر بەلای ئەحمەد پاشادا دێتەوە؛ چونکە بە عادەت ئەو تەرزە تەشبیهە بۆ زیندوو پتر دەڕوات تا مردوو، خوا لە هەمووان خۆش بێ.

بەیتی یەکەمی لاپەڕە ٣٧٥:

دڵ شیشەیی پڕ خوێنی فیراقی، فەرەقی بوو

مەکسووری ڕقی بەو دڵی وەك بەردی ڕەقی بوو

تێکستەکانی «چر، جن، کم، ت، ك، مز، اح، خا»، لە جیاتی «دڵی وەك بەردی ڕەقی بوو»، نووسیویانە «لە منی خەستە ڕقی بوو». «عم، کم، گم، من» لە جیاتی «ڕەقیب بوو، ڕقی بەو» نووسیویانە، «ڕەقیب بوو»، دەمێنێتەوە وشەی «مەکسووری» کە شەرحەکە بەدیلی بۆ نەهێناوەتەوە، یان باشی بۆ ناچم، بەڵام لەخۆوە دیارە «مەکسوور»، لە جێی خۆیدا ماوەتەوە، بەو پێیە نیوەبەیتەکە وەها دەردەچێت:

مەکسووری ڕەقیب بوو، دڵی وەك بەردی ڕەقی بوو

ڕاستییەکەی، منیش هەمیشە وەهام بیستووە و پێشی ڕازی بووم. نیوە بەیتی یەکەم، ئەگەر لە جیاتی «فیراقی»، بنووسرێ «فیراق و»، واتای بەیتەکە ڕوون دەبێتەوە.

دڵ شیشەیی پڕ خوێنی فیراق و فەرەقی بوو

مەکسووری ڕەقیب بوو لە منی خەستە ڕقی بوو

گەلێك ڕوونتر دەبێ لەو قاڵبە پڕ تەکەللوفەی هەندێ لە تێکستەکان پەسەندیان کردووە و وشەی «فەرەق»، بە واتای ترس هاتووە. بەو پێیە واتای بەیتەکە ئەمە دەبێ: دڵ شیشەی پڕ خوونی فیراق و ترسی فیراق بوو، ڕەقیب شکاندبووی، کەچی لە منی خەستە ڕقی هەڵگرتبوو. دەشێ «لە منی خەستە ڕقی بوو»، بۆ یار بچێتەوە... لەلایەن شیانەوە ڕستەی «دڵی وەك بەردی ڕەقی بوو» ئا ئەویش بارتەقای «لە منی خەستە...» لە بەیتەکە، واتا بەخشە؛ بەڵام ناشێ دوو دەقی لێکتر جودا بە هی شاعیرەکە دابندرێن، ئەو دەقانەی ڕێنووسیان لەبارە بۆ فرەجۆرەیی دەشێ بە واتای جودایانەوە بدرێن بە تاکە شاعیر.

لە لاپەڕە ٣٧٦، ئەم دوو بەیتە:

ئەو نەشئە کەوا ساقی منی پێ لە خودی سەند

نەك نەوعە ڕەقێ بوو کە لە قەطرەی عەرەقی بوو

خەندەی نەفەسی تۆ بوو وەکو صوبح و نەسیمی

یا گوڵ دەمی پشکووتن و عەطری وەرەقی بوو

شەرحەکە بە تێکبەستراویان دادەنێ و دەڵێ: ئەو نەشئەی سەرخۆشی کە مەیگێڕ منی لە حاڵی هۆشیاری پێ دەرکرد، ئەو جۆرە عەرەقە نەبوو کە لە دڵۆپی ئارەقی ڕوویا دەرئەکەوێ، بمداتێ بیخۆمەوە و پێی سەرخۆش بم، بەڵکوو کرانەوەی بە پێکەنینەوەی دەمی یار و بڵاوبوونەوەی هەناسەی بۆنی خۆشی و دەرکەوتنی دانە سپییەکانی کە وەك بای نەسیم وایە، سبەینان هەڵئەکا و ئاسۆ ڕوون ئەبێتەوە.

چەند تێبینیی پێشەکی هەیە: لە دیوانی گیو موکریانی لە جیاتی «... منی پێ لە خودی سەند» نووسراوە «بە ئەو عەقڵ و دڵی سەند». لێرەدا ئیشارەتی بۆ نەکراوە.

شەرحەکە دەڵێ ″ ڕەق: بە تورکی عەرەقی خواردنەوە″. وشەکە «ڕەقی»یە نەك «ڕەق». شەرحەکە وا دادەنێ کە بەیتی دووەم جەوابدانەوەی، یاخود هۆی ئەو نەشئەیەی بەیتی یەکەم دەکا کە لە حاڵی هۆشیاریی دەرکردووە.

بەیتی دووەم دەپرسێ: ئایا خەندەی نەفەسی تۆ بوو...؟ یا گوڵ دەمی پشکووتن و

...ی بوو؟ پرسیار سەرەتای کارێکە نەك تەفسیری کارێك، بەلای منەوە تێکبەستران لە نێواندا نییە.

بەیتی یەکەم دەڵێ: ئەو نەشئە کەوا «ساقی منی پێ بێ هۆش کرد، یان بەو عەقڵ و دڵمی سەند»، قەترەی ڕەقی (عارەقی خواردنەوە) نەبوو، بەڵکو قەترەی عەرەقی یار یا هی ساقی بوو، کە دەشێ ساقی، یار خۆی بێ.

«خەندەی نەفەسی» نالەبارە، «خەندەو نەفەسی...»، جێی خۆیەتی، چونکە خەندە پێوەندیی بە هەناسەوە نییە: خەندەکە هی گوڵ پشکووتن و نەفەسیش هی عیطری وەرەقە، «عەطر هەڵەیە» خەندە و هەناسەکەش صوبح و نەسیمەکەن.

نوسخە هەیە هی «چر» و «عب»، «نەوعە ڕەقی» دەکەن بە «نەو عەرەقێ»، واتە عارەقێکی نوێ، ئەمەشیان تا بڵێی جوانە.

بەیتی سەرەتای لاپەڕە ٣٧٧:

ڕەققێتیی تەن و ڕیققەتی دڵ، ڕوقبەتی گەردەن

مەخصووصی ڕەقیب بۆ لە منی خەستە ڕقی بوو

لە دیوانی گیو «ڕبقەتی گەردەن» هاتووە بەلای منەوە ئەمیان ڕاستە و لە کۆنیشەوە وەهام بیستووە. لە پەڕاوێزی شەرحەکەشدا، حەفت تێکست «ڕیبقەت– ربقت»ی پەسند کردووە.

دەبێ بڵێم ناشێ و نەشیاوە نالی وشەی نووسیبێ خوێندرابێتەوە «ڕەققێتیی». شەرحەکە نالێ واتاکەی چییە وەك کە دەڵێ: ڕیققەت، ناسکی و ڕوقبەت؛ گەردەن. بەڵام کە دەست دەکا بە شەرح، «بوردەباری»ی لێ بە مەبەس گرتووە کە لەگەڵ عەبدایەتی «رق» دەڕوات. ئەوسا دەبێ «ڕیق» بنووسرێ و بەو ڕێژەیەی «اسم المعنی»، واتە ئەو ڕێژە کە «ڕیققێتیی» پێ دروست بوو، بە واتای عەبدایەتی، ناشێ لەگەڵ «ڕیق» بەکار بێت؛ چونکە «ڕیق» خۆی عەبدایەتییە. ئەو ڕێنووسەی بۆ وشەکەی «ڕیققێتیی» بەکار هاتووە و هی «اسم المعنی»یە و «یێ» لە ناوەڕاستدایە نەك «ی – یـ»، بەداخەوە هەڵەیەکی پەرەسەندووە؛ چونکە لە کوردیدا و بە پێی بڕیاری فۆنەتێك، دەنگی «ی» واتە یێی تیژی درێژ کە دەشکێتەوە و دەبێتە کەسرەیەك و یێیەکی کۆنسنانت لە میسالدا کە لە وشەی «برسی»، ناوی واتا «اسم المعنی» داڕێژێت، دەبێ بیکەیتە «برسییەتی»، نەك «برسێتی». بۆ ڕوونکردنەوە ئەم نموونەیە دەهێنمەوە:

وشەی «ئیتالی» کە دەکرێتە جەمع دەنووسن «ئیتالێکان». فەرموو صیفەتێك بۆ ئەوانە بەکار بهێنە وەك «زیرەکەکان»، ناشێ و ناشکرێ بگوترێ «ئیتالێ زیرەکەکان» دەبێ «ئیتالییە زیرەکەکان» و دەشێ سووك بکرێت و ببێتە «ئیتالیە...»، دەبێ بڵێی «برسییە ڕووتەکان» نەك «برسێ ڕووتەکان». ئەم بەکارهێنانە لە سلێمانی باوە، وەك کە لە ئاخاوتندا دەڵێن «مەنگ، لە جێی مەند» یان دیتوومە «گوێ رێژ» لە جیاتی «گوێ درێژ» نووسراوە. ڕەخنە لە شێوەی دەربڕینی وشە ناگیرێ؛ بەڵام ناشێ بەکارهێنانی هەڵە ببێتە دەستوور. بەشی هەرە زۆری کورد، هەر بە پێی دەستووری دەنگسازی، دەڵێن: برسییەتی، قاوەچییەتی، ڕۆمییەکان... زاری سلێمانی لە عیراق لە هەموو زارێك پێشکەوتووترە و بووەتە زمانی ئەدەبی؛ بەڵام ناشێ خڵتەی لەگەڵدا بێ بۆ نووسین: «ئەمەو بەچەن»، نابێ جێی «ئەمەت بە چەند» بگرێتەوە یاخود «ئەڕۆمەوەوانێ»، ببێتە دەستوور... دوور نابینم بابایەکی ڕەواندزی بە موجامەلە بە یەکێکی سلێمانیەتی بڵێ: تەمەنی جەنابت چەندەوانێ؟ وەك کە لە گۆرانیبێژی کۆییم، بیستووە گوتوەتی: مەمکی گوڵی هەناڵە... گۆیا لەسەر شێوەی ئاخاوتنی سلێمانی دەڕوا، کۆڵێکیش ڕای لە خۆی بووە.

بەهەمەحاڵ، ئەم وشەیە لەم قاڵبەدا، فڕی بەسەر زمانی شیعرەوە نییە و لە نالی دوورە. شەرحەکە لە بارەی مەعنای بەیتەکەوە دەڵێ: بوردەباریی لەش و ئامادەیی بۆ هەڵگرتنی هەر بارێ و ناسکیی دڵ و ملکەچی و بە گوێکردنی هەرچی بویسترێ، هەمووی لە مندا کۆبووەتەوە... بەدکار بۆچی لە ناو دڵداراندا هەر ڕقی لە منی خەستە بوو؟

ڕاستییەکەی ئەم واتایە لە ناچارییەوە نەبێ، هی ئەم کۆمەڵە وشەیەی بەیتەکە نین. بۆ نەیگوت «بە خصوصی ڕەقیب»، لە جیاتی «مەخصوصی ڕەقیب»؟ پێشتریش، ئەو ئەرکانەی باسی کردن، هیچ وشەیەك نییە لە ئارادا بۆ «نالی»یان بباتەوە. کێ دەڵێ هی یار نین؟ دوو وشەی پێشەوە بۆ یار دەست دەدەن، ڕیبقەتەکەش بە بۆرە تەئویلی نیوەچڵ و بە مەلعەنەتی ڕەقیب و بە نەختێك چاوپۆشی دەشێ بۆ یار بچێتەوە و هەموویان «مەخصوصی ڕەقیب بوو»، کەچی یار «لە منی خەستە ڕقی بوو».

ماڵی نوسخەنووسانیشم وێران نەبێ، هەر دەڵێی قۆنتەراتیان گرتووە لەسەر ڕێك نەکەوتن.

بەیتی دووەمی لاپەرە ٣٧٧:

هێند مونتەظیری تۆ بوو هەتا چاوی سپی بوو

نەرگس کە لەسەر یەك قەدەم و دیدە چەقی بوو

صەد ماشەڵڵای لێ بێ، ئەمەیە شیعری دڵکێش و یەك قالب کە هەرای نوسخەنووسانی پێوە نییە.

شەرحەکە نەختێك بە تەرجەمەی دەقاودەقی وشەکان بۆ واتای بەیتەکە چووە و ماندووەتیی تێدا چێشتووە، لە نموونەدا دەڵێ: "بەڵام نالی کە ئەڵێ بەیەك چاو بۆی ڕوانیت، مەبەستی ئەوەیە بڵێ هەردوو چاوی کردبوو بە یەك... هەروەها نێرگس چاوی سپییە. بەڵام نالی ئەیەوێ بڵێ لە چاوەڕوانیی تۆدا چاوی سپی بووە". من وای بۆ ناچم. نەرگس دوو چاوی نییە ببێتە یەك، لزوومیش نییە بۆ ئەمە. نالی زاراوەیەکی زێدە مەشووری قسەی کوردیی هێناوە کە واتا ئارایی و زێدە مەدحی پێوە بەند بێ... لەلایەن «یەك قەدەم»ەوە. کورد لەمەدا زێدە پەرۆش و سووربوون لەسەر کارێك بە مەبەست دەگرێ. نالی خۆی لە بەیتی دیکەیدا هەیە کە هەمان زاراوەی هێناوە. «دەمێکە وا لەسەر پێیەك دەسووتێم». دەشزانین نەرگس یەك پێی هەیە، بەڵام مەهارەتی نالی «یەك پێیی»ی نەرگسەکە دەدزێتەوە بۆ لایەنی «سووتان بۆ یار»، ئەویش، مەبەست ئەو «یەك پێیی»یە کە حەقیقەتە بووەتە بنەما و هۆی «چەقین بە یەك چاوی» چونکە لە شیعرەکەدا «یەك قەدەم» پێش کەوتووە. کە دیدەی بەدوادا هات لە ڕێی «واوی عەطف»ەوە و لە سەبکی هەڵبەستەوە بووەتە هاوبەشی «قەدەم» لە وەستان، چەقین و لە تاکیدا. تاکییەکە حەقیقەتە؛ بەڵام بە یاریدەدەریی «یەك قەدەم»، چەقین بۆ چاوەکەش جۆشی خواردووە. کە بڵێی: نان و چایەم خوارد، چایەت نەخواردووە، خواردووەتەوە، بەڵام بە دوا ناندا «خواردن»، بۆ ئەویش ڕەوا بوو. ئەگەر ئەم جەوازە نەبێ، دەبوو بڵێ: لەسەر یەك قەدەم بە یەك چاو چەقیبوو.

لە کۆتاییی بەیتەکەدا دەڵێ: وشەی نەرگس هەم فاعیلی «مونتەظیر» و هەم فاعیلی «چاوسپیبوو»یشە؛ واتە هەرای لەسەرە لە نێوان ئەو دوو فیعلەدا... مەبەستی شەرحەکە لەم «هەرا»یە، «تنازع»ە کە هەریەك لەو دوو فیعلە فاعیلەکە بۆ خۆی ڕادەکێشێ.

تەنازوع دیاردەیەکی ڕێزمانییە؛ بەڵام لەم بەیتەدا تەنازوع نییە؛ چونکە نەرگس

فاعیله بۆ «بوو»ی ڕستەی «مونتەظیری تۆ بوو». فاعیلی ڕستەی دووەم «چاوی سپی بوو»، وشەی چاوە کە سپی بووە. لە عەرەبیدا دەگوترێ: "انتظرك فتعب زید". لێرەدا تەنازوع هەیە. لە کوردیشدا هەیە؛ بەڵام لەگەڵ عەرەبی جوداوازییان دەبێ ئێرەش جێی ئەو کێشەیە نییە.

لە بەیتی دووەمی لاپەڕە ٣٧٨، وشەی «هیلاك» هاتووە، وەك بزانم «هەلاك» ڕاستە. بەیتەکەش، باش شی کراوەتەوە. یەك تێبینی هەیە: «بەو وشکە مەلە» هەڵدەگرێ، «مەل»یش جێی بۆ بکرێتەوە، تێیدا؛ چونکە مەل بە هەواوە هەر وشکە. ئەگەر ڕستەکە «بەم وشکە مەلەیە» بووایە «مەل»، جێی نەدەبووەوە... دەشبێ بزانین نالی لە جیاتی «بەو» «بو»ی نووسیوە، لە هەردوو حاڵدا، یەك واتا پەیدایە کە مادەم نالی لە هەوا کەوتە سەما «هەڵپەڕکێ» و بوو بە شەناوەر «مەلەوان»، هەقیەتی وەك وشکە مەل، ترسی خنکانی ژێراوبوونی هەبێ.

لە بەیتی دووەمی لاپەرەی ٣٨٠ وشەن «چەن» هاتووە: «چەند» ڕاستە، بۆ زمانی ئەدەب، نالیش هەروای نووسیوە. دیوانی «گیو»یش «چەند»ی نووسیوە.

لە بەیتی سێیەمی لاپەڕە ٣٨٠ دا نالی کە دەڵێ:

نەمردم من ئەگەر ئەمجارە بێ تۆ

نەچم، شەرط بێ، هەتا ئەم خوارە بێ تۆ

مەبەسی نییە کەوا ئەم جارە نەمردووە، وەك کە شەرحەکە بە سەهوو بۆی چووە، مەبەسی ئەوەیە بڵێ، بە مەرجێك کە نەمرم ئەم جارە، شەرطە نەچم هەتا ئەم خوارە... کێ دەڵێ لەم جارەدا نامرێ! بە فکری من «ئەم خوارە»، تەپکەیەکی تێدایە و بۆی ناچم... خەیاڵێکی چرووك دێتە وەهمم لە خوێنەری ناشارمەوە و پێشیەوە شەرمەندەم. دەڵێم ئەگەر «ئەم خوارە بێ تو»، هەڵوەشێنین و بربڕی بکەین، لە پێشەوە «ئەمخوا» دێت و بە کورتکراوی «ئەمخوازی»ی دانێین. دەمێنێتەوە «رەبی تو»، بە واتای «خوای تۆ»، دێت. نالی «بێ تۆ» ی «بی تو»، نووسیوە. واتای بەیتەکە وەهای لێ دێ: نەڕۆم شەرت بێ هەتا خوا دەمباتەوە بۆ خۆی... کە ئەمەم بە خوێنەر گەیاند، با شتێکی دیکەی بچووکی بەیتی پێشووشی پێ بگەیەنم. نالی کە دەڵێ «بە بێ دیداری تۆ خۆ لاڵە نالی»، وشەی لاڵەی وەك «لالە»، نووسیوە. لالە، گوڵێکە لێرەدا تەناسوبی هەیە لەگەڵ دیداری یار، کە ئەویش گوڵە.

بەیتی یەکەمی لاپەڕە ٣٨٢:

هەموو ئەعضایی ناڵینم دەناڵێ

سەراپام میثلی مۆسیقارە...!

دەبێ بە بیروڕای سەرلەبەری نالی دۆستان لە دیوانەکەی بسڕێتەوە... نالی گاڵتە بە خۆی ناکات. شەرحەکە بە هی نالیی داناوە، دەشڵێ لە تەنها دەسنووسێکدا دیتوومانە. مۆسیقاشی شەرح کردووە لە جیاتی مۆسیقار. بۆ مۆسیقا دووانی داناوە، بەکەڵك بێن، یەکیان. سازێکی لە قامیش دروستکراوە، ئەوی دیکەش. گۆیا پەلەوەرێکە کونی زۆر لە دەندووکیدا هەیە. ئاخر بڵێم چی و چۆن نەڵێم بەنیادەم هەر سێ شوێنی هەیە ئاوازی لێ دەرچێت... مۆسیقار مۆسیقاسازە وشەکەش تازەیە.

بەیتی سێیەمی لاپەڕە ٣٨٢، سەرەتای نیوەی یەکەم و دووەمی و سەرەتای بەیتی دووا خۆشیەوە بە «لەکن» دەست پێ دەکات. لە دیوانی گیودا، سەرەتای نیوەی یەکەمی بەیتەکە، بە «لەکن» دەست پێ دەکا، سەرەتای دوو نیوەبەیتەکانی دیکە، بە «لەلای» دەست پێ دەکات. بەپێی ئەوەی کە چوار تێکستی ناو شەرحەکەش بۆ هەردوو بەیت «لەلای»یان نووسیوە، باوەڕ دەکەم هەمووی هەر «لەلای» بێ، هەر نەبێ مۆسیقاکەی سازگارترە. وشەی «خەس» لە بەیتی سێیەمی لاپەڕە ٣٨٢ بە «وشترخوار» لێك دراوەتەوە. ئەم ڕووەکە لە بەری سۆران «حوشترالووك»ی پێ دەڵێن واتە، حوشتر ئالیك.

لە ئاست بەیتی لاپەڕە ٣٨٥:

دەستم کە بە صەد وەعدە لە صەد جێگە شکاوە

جەبری نییە ئەم کەسرە هەتا نەیخەیە ئەستۆ

نوسخە هەن لە تێکستەکانی شەرحەکە «نەیخەیە»ی نووسیوە، هەیشە، «نەیخەمە»ی پەسند کردووە. منیش هەر ئەوەندەم پێ دەکرێ، بڵێم: نازانم کامیان پەسەند بکەم؛ چونکە «نەیخەیە ئەستۆ»، سەرەڕای مەعنای گشتیی وشەکە، بۆ هەموو شکستێك کە هەڵبەسترێتەوە، خیطاب لەگەڵ یار کە خۆی یار دەستەکەی نالی بخاتە ملی خۆیەوە، زێدە چەژێك هەیە، تێیدا بەدەست ناکەوێت، لەلایەکی دیکەشەوە «هەتا نەیخەمە ئەستۆ»، جارێکیان «خستنە ملی خۆ» کە ئەمە عادەتی دەست هەڵبەستنەوە ڕادەگەیەنێ، جارێکیشیان نالی دەستی خۆی بخاتە ملی یارەوە، کوڵی دڵەکەی دادەمرکێنێ... خۆزی هەردوو تێکست وێکرا جێیان دەبووەوە. فارس گوتی:

ندانم گر بگیرم جام بگوذارم کودا مینرا

لە لاپەڕەی ٣٨٦ بەیتی سێیەم:

نەمبیستووە هەرگیز لە دەمت بێنی وەفایێ

هەرچەند سەراپا گوڵی، ئەمما گوڵی هێرۆ

خزم نییە لەگەڵ بەیتەکانی بەیتی پێش خۆی کە گوتی:

شەوبۆیی سەری سونبولی زوڵفت لە سەری دام

ئیستەش سەرەکەم مەستە لەبەر نەشئەیی شەوبۆ

بێنی دەم و زاریش، ئەگەر تێیدا بە تەقیە نەبێت و لایەنی چاکەی تێدا خەست نەبووبێتەوە، بە عەیب دەڕوات. بیستنی «بێن»ی لە دەمەوە، تەعبیرێکی فارسییە، هاتووەتە سەر کوردی، چونکە لە فارسیدا «شنیدن» بۆ بیستن و بێنکردن دێت. شەرحەکەش دەڵێ تەنها لە نوسخەی «ك» ئەم بەیتە هەیە. ڕەنگە خێرخوازێکی نەختێك شارەزای شێوازی نالی و بە هاندەری قافیەی «هێرو»، ئەم بەخشندەییەی کردبێ.

لە بەیتی کۆتاییی غەزەلەکە «تازە لەبەر کەین»، دەبێ «... لەبەرکەی» بگوترێ؛ چونکە نالی لەبەریەتی.

غەزەلی «شەوی یەلدایە»ی لاپەڕە ٣٨٧–٣٩٠، پتر بە لای «کوردی»دا دەچێتەوە. لە بەیتی سێیەمی لاپەڕە ٣٨٩، وشەی سەرەتای نیوەی دووەمی بەیتەکە، «جێگەم» لەگەڵ تەفعیلەی وەزنی بەحرەکە نەسازە و نەختێکی هەناسەسوار کردووە، ئەگەر «مەکانم» بوایە و «سەردارەکەی»، کرابایە «دارەکەی»، بێ قۆرت دەبوو، فەرموو تاقییان بکەوە:

جێگەم سەردارەکەی مەنصوورە ئەمشەو

مەکانم دارەکەی مەنصوورە ئەمشەو

وەك لە ڕووپەڕەکانی بەراییدا دیتمان، گەلێ جار، «تێدا» بەیتی عەیبدار کردووە. شیعر جۆگە لێدان و فووتبۆڵ نییە، شیعر نەقش و نیگارە، یەك تەقەڵی ناجۆر تێیدا زەق دەنوێنێ. تابلۆی بابایەکی نیگارکێش، یەك حەرەکەی فرچەی بێجێی تێدابێ، دە پلەی دادەبەزێنێ. مەزموونی شیعر، هەر چییەك بێ، لایەنی هونەرەکەی داڕشتنی،

ناشێ کەمترین عەیبی پێوە بێ.

بەیتی سەرەتای لاپەڕە ٣٩١:

ساقی بە مەیی کۆنە لەسەر عادەتی نەوبە

بشکێنە بەیەك نەوبە دووصەد ماتەمی تەوبە

شەرحەکە دەڵێ: مەیگێڕ وەرە سەر نەرێتی نوێ... ئەمما ناڵێ ئەم نەرێتە نوێیە چییە. هەرچەند سازاندنی مەعنا مومتازیش نەبێ، لە کاتی ناچاریدا دەستی پێوە دەگیرێ، وەك دەشزانین لە زۆر باردا چاوپۆشی دەکرێ بۆ قبووڵی تەئویلێکی کز و لاواز، هەر هەتا بەیتی شیعر، مافی تەواوی خۆی وەربگرێ لە ڕووی فرەواتاییەوە. لەم دەربوونەوە بۆ واتای «عادەتی نەو» دەچم.

وشەی «نەو» هەڵدەگرێ «نوء»ی عەرەبی بێ، هەمزەکەی قرتابێ، وەك کە «سماء» دەکرێتە «سما». «نوء–نەوئ» وەك لە «أنواء جویە» دەبیستین، بە واتای فرتەنەی کەشی هەوا دێت کە لەوانەیە، شتان تێك بشکێنێ، ساقی تۆش وەك عادەتی ئەو فرتەنەیە، ماتەمی تەوبە بشکێنێ. بۆ موبالەغەش داوای کردووە بە یەك نەوبە دووسەد ماتەم بشکێنێ کە ئەم هێزەش لە «نوء»دا هەیە.

بەیتی دووەمی لاپەڕە ٣٩١:

ساقی! قەدەحی گەردشی گەردوون دەشکێنێ

باری! کە دەبێ موعتەقیدی گەردشی ئەوبە

شەرحەکە دەڵێ: ساقی، مەیگێڕ! خوا پیاڵەی سووڕانەوەی چەرخی گەردوون ئەشکێنێ، ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێ کە باوەڕت بە گەردشی دەسەڵاتی خوا هەبێ، نەك هی گەردوون. ئەشگونجێ، مەبەسی بەیتەکە لە «ساقی» وشەی «ساق» بێ و ئیضافەی «ی» دەیداتە پاڵ «قەدەح» و دەبێتە «ساقی قەدەح»؛ واتە خوا دەسگری پیاڵەی سووڕانەوەی چەرخی گەردوون ئەشکێنێ.

ئەم واتایە بە لێکدانەوەی من لەگەڵ بەیتەکە بە هیچ جۆرێك ناگونجێ: لە بەیتی یەکەم هاندان هەیە بۆ مەینۆشی و تۆبە شکاندن. لە بەیتی دووەم، دەچینە مەجلیسی وەعزی گەیلانی و ئیمان هێنان بە قودرەتی خوا، ئەویش بە شێوەیەکی مسکێنانە کە قودرەتەکەی ئەوە بێ دەسگری پیاڵەی چەرخی گەردوون بشکێنێ. لەمەش چاوپۆشی

بکەین، کە ناکرێ، دارشتنی بەیتەکە کەموزۆر ئەم مەعنایە هەڵناگرێ. لە بەیتەکەدا «ساقی» لە سەرەتایدا، جێی فاعیلی گرتووە (لە عەرەبیدا دەبێتە مبتدأ) ئاخۆ لە میصرەعی دووەمدا، چۆن «باری»، دەبێتە فاعیل و قوڵپی پیاڵەی گەردوون، یاخود پیاڵەی گەردوون ئەشکێنی؟ فەرموو «باری» بکە فاعیل لە سەرەتای بەیتەکەدا، ئەمە دەردەچێ: باری ساقی قەدەحی... چەندێکی بە بیرمدا بێت، بەیتەکە ئەمە هەڵدەگرێ: ساقی، مەیگێڕ، قەدەحەکەی گەردشی گەردوون دەشکێنێ. تۆش ئەی گوێگر کە هەر دەبییە «معتقد»، وەرە ببە بە موعتەقیدی گەردشی قەدەحەکە. وشەی «باری» دەبێ «بارێ» بێ. من لە شەرحی بەیتی دووەمی لاپەڕە ۱۲۱: «یا توربەتێ یا غوربەتێ با ڕێ بشکێنن» چاوپۆشیم کرد لەوەی «با ڕێ» هەڵدەگرێ «بارێ» بخوێندرێتەوە، وا لێرەدا تووشی دێمەوە و بە ناچاری جێگەی «باری– خودا»ی پێ دەگرمەوە. لە فارسیدا ئەم وشەیە بەو مەعنایەی لێرەدا هەیەتی، بە هەراوی لەکار دێت.

بەیتی سەرەتای لاپەڕە ۳۹۲:

ئەی نەفسی موزائی چ گران باری، تەکالیف

بۆ خەڵقی دەکێشی دەهەرۆ ڕێش و جەدەو بە

ئەم «دەهەرو»، گرفتێکی هونەری نەك واتاییی تێدایە کە بە کاڵای ئەدەب ناشێ. هەرچی دەقی جێگیری ئەم دەقەش هەیە لە تێکستە جوداکاندا، یەکێکی ئەو ئێسکسووکە نییە بە کەڵکی زینەتی شیعر بێت، ڕەنگە دەقی «وەرە هەر» لە هەمووان لەبارتر بێ، ئەگەر «وەرە» بۆ نزیك خستنەوە نەبووایە، جگە لە جیرانەتیی دوو «ر» لە «هەرڕێش و...»دا. شەرحەکە خۆی بۆی هاتووە و گوتووەتی: «... دەبرو ڕێش...»، ئەمیان لەبارتر بوو لە چاو دەهەرۆ، ڕاستییەکەی من خۆم ئەم دەقەم بە بیردا هات بەر لەوەی هی ناو شەرحەکە ببینم، بە درێژاییی ئاشناییم لەگەڵ نالیدا ئەم شوێنەم لێ خۆش نەهاتووە. سەرەڕای ئەمە، پێنج دەقی جودا لە دەقی هەڵبژاردەی شیعرەکە هاتوون، کە هەرۆ، دەهەر، وەرەهەر، برۆهەر، کەهەرۆ، کە دەهەر... تومەز شەش دەقن.

بە هەڵکڕاندنی مێشك، واتایەکم بە دڵدا هات لە «دەهرو» کە بە ڕێنووسی نالی «هەرو» بێ. لە زمانی هەورامی «هەر» بە کەر دەگوترێ. لەمەوە واتای «دە کەرۆ»ی تیز پێ کردن هەیە. ڕێش و جەدەویش برینی پشت و ملی ولاغن، هەرۆ و هەرۆش، یەك شکڵیان هەبووە، بۆ هەردوویان دەچێتەوە.

بەیتی یەکەمی لاپەڕە ٣٩٣، لە نیوە بەیتی دووەمیدا: "ئەی مەستی ڕیاضەت هەڵە هوشیاری جلەو بە"، بێگومان «هەڵە»، لە کۆندا «هەلە» نووسراوە. جا ئەگەر وابێ و «هلە» نەنووسرابێ، دەشێ «هەلە» یەك پیتی ناوەندی قرتابێ و «هەر لە هوشیاری...» بووبێ؛ واتە نالی خۆی قرتاندبێتی بۆ خاتری دوو واتای کە ڕاست و غەڵەتی ڕیاضەت بگرێتەوە. والله اعلم.

ئەمە وێڕای بۆچوونی شەرحەکە.

بەیتی دووەمی ٣٩٣:

وەك مـــاه و ستـــــارەت کە ببێ مەیلـــی هەڵاتـــن [ماە دەبێ ماهـ بێ]

سەرکردەیی ڕۆژ، ڕەهرەوی شەو، ڕەهزەنی خەو بە

شەرحەکە بە چاکی نەچووەتە کلێشەی بەیتەکەوە کە دەڵێ: ئەگەر ئەتەوێ هەمیشە وەك مانگ و ئەستێرە هەڵبێیت، ئەبێ بە ڕۆژا لە پێشی هەمووانەوە دەرکەوی وەك خۆر و بە شەو ڕێگا تەی بکەی وەك مانگ و ئەستێرە و خەو نەچێتە چاوت...

ئەم مەعنایە تەناقوزی تێدایە؛ چونکە ئەگەر موخاتەب وەکو ڕۆژ لە پێش هەموانەوە دەرکەوێ، چۆن دەشێ وەکو ماهـ و ستارە هەڵبێت. لە یەك حاڵدا ئەمە مومکینە کە بە جۆرێك لە جۆرانی تەئویل «هەڵاتن» بە فیرارکردن و ئاوابوون لێك بدرێتەوە و بشێ سەرلەنوێ موخاتەب ببێ بە سەرکردە و حاکمی ڕۆژ، کە بمانەوێ دەتوانین ڕەخنە لە مەشیان بگرین.

موشکیلەی گەورە لە «ڕۆژ»دایە، ئەگینا شەوڕۆیی و بێخەوی لە مانگ و ئەستێرەدا هەیە؛ چونکە بە شەو دەردەکەون و دەڕۆن و ناخەون... من جارێ تەگەرەکەم پێ نارەوێتەوە، لەسەریشی هەڵناتووتەکێم و ڕاوەستم لە نیوەی ڕێگەی ئەم شەرحە. یەك گوتەی بچووکم کپ کرد، لێرەدا پەشیمانم لە کپکردنی. لە بەیتی سەرەتای قەسیدەکە «مەیی کۆنە»، بە «مەیی کەونە»، هاوئاهەنگتر دەبێ لەگەڵ وشەکانی: نەوبە، نەوبە، تەوبە. وشەکەش «کۆنە» و «کەونە»ی هەر «کونە» نووسراوە لە دەمی نالیدا.

لە بەیتی دووەمی لاپەڕە ٣٩٥، نیوە بەیتی دووەم:

تۆ هەمسەرت نەسیمە، من هەمدەمم لەهیبە

تێکستی «کم، من، خا»، لە جیاتی «هەمسەرت»، «هەمدەمت»یان نووسیوە،

شەرحەکە پێی ڕازی نییە لەبەر دووبارەبوونەوەی وشەکە، بەلای منەوە هەمدەمەکە لە دوو لاوە سازترە، یەکیان کە «هەمسەر» مێرد دەگرێتەوە، دووەمیان هەمدەمی یار نەسیمە کە هەناسەش لە دەمەوە دەردێت. لە هەمان کاتدا هەمدەمی نالی لەهیبە کە هەناسەی نالی وەها گەرمە دەڵێی لەهیبە. دووبارەبوونەوەی وشە بە پێی جێگە و هونەرێکی تێیدا بێ یا بەجێیە وەك ئەم شوێنە یا بێجێیە وەك گەلێك شوێنی تر.

لە بەیتی سەرەتای لاپەڕە ٣٩٦، «مەستی شەرابی نازە»، لە شەرحەکەدا ئەم ڕستەیەی کردووەتە کۆتاییی وەصفی: مەبەستی لەوە سەرخۆشی کار ناکاتە وریاییەکەی، خۆشی و ناخۆشی، بەدەست خۆیەتی.

«مەستی شەرابی نازە»، وەسفێکە هەتا بڵێی دڵپەسەند و هۆشپەسەند، نایەوێ لەلاوە یاریدەی بۆ بێ تاکو لە توانج ڕزگار بێ. ئەگەر مەستی شەرابی ترێ بووایە، بارەکە دەگۆڕا. شەرحەکە وشەی دڵداری واتا لێ نەداوەتەوە. دڵدار، هەم عاشق دەگرێتەوە هەم خاوەن بوونی دڵی عاشقان.

بەیتی سەرەتای لاپەڕە ٣٩٧، نیوەی دووەمی: «ڕەمزی هەموو بەڵایە، غەمزەی هەموو مصیبە»، دەبوو لە جیاتی «غەمزەی» بنووسێ «غەمزی»، هەتا ڕێکی «ڕەمز» بێ. خۆ «غەمز» و «غەمزە» هەر یەك شتن. واتای «غەمزەی هەموو مصیبە»، بە باشی لێك دراوەتەوە.

لە بەیتی دووەمی هەمان لاپەڕە، لە شەرحی «چاوی پڕ نەدامەت»، دەبوو ئیشارەت بۆ فرمێسکی ئەو چاوە بکات، کاتێك کە دەڵێ: «... وشکە صۆفی لەم فەیضە بێ نەصیبە». فەیزەکە هی چاوەکەیە کە سۆفیش لێی بێبەش بوو، دەبێتە وشکە سۆفی؛ چونکە تەڕ نەبووە. وشەی «غەرامەت» کە بە «دەرد و ئازار» لێك دراوەتەوە، وەك بزانم، خەسارەتە و جەزا، وەك دەڵێ: «بغرامة قدرها كذا». لە قورئانیش «إن عذاب جهنم كان غراما»؛ واتە خەسارەتە و تێشکانە.

لە نیوە بەیتی دووەمی بەیتی سێیەمدا، لاپەڕە ٣٩٧: نووسراوە، «خود نومائی». زۆربەی کورد، مەگەر ئەوانەی بە ڕێکەوت یان بە موصاحەبەی فارسی زمانان، ئەم هەڵەیە دەکەن: «خود نەمائی»یە. هەرە زۆری کورد، ئەگەر نەڵێم هەموو، دەڵێن قیبلەنوما. لێرەدا یادێکی بەسۆز دەکەمەوە: گیانشاد هێمن کە پەناهەندە بوو لە بەغدا و بەزۆری یەکترمان دەدیت، لە بارەی فارسی زانینی نالییەوە گوتی: من خۆم بە

فارسیزان دەناسم کەچی لە بەیتێکی نالی زانیم کە دەڵێ: «غەیری تەڕایی عیشق، حەرارەت نەما نەما». ئینجا زانیم غەڵەتم کردووە لە گوتن و خوێندنەوەی وشەی ئەوتۆیی وەك قیبلەنوما. شەرحەکەش، دیسان، لە لاپەڕە ٥٥٣ «حەرارەت نوما»ی نووسیوە وەك پێشتر کردبووی.

بەیتی سەرووی لاپەڕە ٣٩٨، نیوەدێری دووەم:

خولاصەیی لەبیبە، فەرمانبەری لەبی بە

«خولاسەو و لەبیبە» بە پێی شەرحەکە، هەموو نوسخەکان، دوو نەبێ، لەگەڵ ئەمیانن نەك پەسەندکراوی شەرحەکە. لە وشەی «خولاسە»، شەرحەکەش لەگەڵ هەمووانە کە دەکاتە پاڵاوتە. گۆیا ئەم خولاسەیە بۆ پیاوی عاقڵ بەسە لە شتان بگات... ئەم واتایە هی ناچاری نەبێ، وەرناگیرێ. لێرەشدا ناچاری نییە؛ چونکە وەسفی «لەبیب» لەبۆ «لەب-لێو»، بچێتەوە بێ تەئویل مەدحە، کەچی دەقی بژاردەی شەرحەکە خەڵقی دیکە دەکا بە «لەبیب» و لەوانەوە شایەدی بۆ یار دەردەچێت. کە لێوەکە خولاسە و لەبیب بوو، جێی خۆیەتی نالی فەرمانبەری لەبی لەبیبی یار بێت. شەرحەکە لە جیاتی «فەرمانبەری لەبی بە» «بڕۆ ببە بە قوربانی»، داناوە و بێ لزووم لە واتای ئاشکرا و شیرنتری شیعرەکە لای داوە.

بەیتی دووەمی لاپەڕە ٣٩٨:

خاڵی بەینی چاو و ئەبرۆت ئینتیخابی کاتیبە

یەعنی نوقطەی فەرقی ئیبنو موقلە و یبنو حاجیبە

شەرحەکە «کاتب»ی بە خوا داناوە... بەهەمەحاڵ دەشێ هەموو کەسێکی لێوەشاوە لە جێی نزمتر لە خوا دابندرێ؛ بەڵام لێرەدا بەیتەکە خەریکی کاتب و نوقطە و ئیبنوموقلە و ئیبنوحاجیبە. هەر لەبەر بێ لزوومیی تەفسیری کاتب بە خوا هاتووە، شەرحەکە بە ڕێبازێکی تەسکدا بۆ ئەوە دەڕوا «کە... کەس ناتوانێ بڵێ "ابن مقلة" و "ابن حاجب" کامیان لە هونەری خۆیدا سەرامەدتر و لە پێشتر بووە». ڕوواڵەتی بەیتەکە وا دەگەیەنێ کە ئەو نوقتەیەی نێوان چاو و برۆی یار بووەتە ترازانی ئەو دوو زانایە لێکتر کە یەکیان بە "ابن مقلە"ی دادەنێ، برۆکەشی بە "ابن حاجب". هەڵبەت نالی لە ڕێی «استخدام»ەوەیە کە چاو «مقلە»یە و برۆش «حاجب»ە، خاڵێکیشی خستووەتە نێوان چاو و برۆ، هاتووە نوقتەکەی نێوانیانی، کە خاڵەکەیە، کردووەتە ڕۆڵەی هەردوویان و بوو

بە «ابن مقلة» و «ابن حاجب»، ئیتر هەلی شاعیرییەتی بێ سنوور ڕێك كەوت، یان ڕێك خرا، كە فەرقەكە بكەوێتە نێوان دوو زانای بەناوبانگ...

بەیتی دووەمی لاپەڕە ٣٩٩:

لەشكری خـەطی شكستـە و تـیپـی زولْفـی تـار ومـار

پـادشاهـی حـوسنـی عـالـەم گـیری هێشتا غـالیبە

ئەم بەیتە فەندێكی تێیدایە، پێی دەگوترێ "مغالطة – موغاڵەتە" واتە بەهەڵە بردن. وادیارە شەرحەكەش پێوەی بووە كە دەڵێ: لەگەڵ ئەوەشدا كە لەشكری خەتی یار شكاوە، تاقمەی زوڵفیشی پەرت و بڵاوە، دیسانەوە پادشای جوانیی ئەو هێشتا هەر بەسەر مامڵەتی دڵاندا زاڵە.

جوانیی هەرە جوان ئەوەیە كە لەشكری خەت شكستە بێ، بە خەتی شكستەی سەخت نووسرابێ و تاقمەی زوڵفیشی تار ومار (ڕەش و ئەژدەها) بن. نالی لە شكستە و تار و مار، كە بە ڕواڵەتی وشە، بێهێزی و بەرگە نەگرتن، ڕادەگەیەنن [لە ڕاستیشدا ئەوپەڕی هێز و ئامادەییی تێدایە] موغاڵەتەكەی هەڵناوە، وشەی «هێشتاش»ی كردووەتە ئەو چەشەیە كە بە ڕاكێشانی لە لایەن جانەوەرەوە تەڵە دەتەقێ. ئەمە تەپكەكە و بەهەڵە بردنەكەیە. لایەنێكی دیكەی، بەعەینی مەعنا و بێ گۆڕینی دەلالەتی هیچ وشەیەكی، بەردەوامیی دەسەڵاتەكەی باس دەكات و پێت دەڵێ: لەشكری خەتی شكستە خوێنە و تیپی زولفی، ڕەش و عەزیان. پادشای جوانییە عالەم گیرەكەی هەروا لە غەلەبدایە.

بەیتی لاپەڕە ٤٠١:

درونـی لـدار الـ«شارزور» و بـردە

كـفـرمـیسك گـرم الـی او سردە

شەرحەكە لە هەمووی باشی بۆ چووە، یەك شتی بچووكی بەلاوە ناوە كە وشەی «بردە»، لە كۆتاییی نیوە بەیتی یەكەمدا، هەر بە بەرد بە «حجر»ی لێك داوەتەوە كەچی «سارد»یش دەگەیەنێ و لەگەڵ «كفر میسك گرم» لێك دەنۆڕن، دەروونم بۆ فێنكایی شارەزوور وەك فرمێسكی گەرمە بۆ ئاوی سارد، دیارە دەروونەكەی گەرمە.

لە بەیتی سەرەتای لاپەڕە ٤٠٣:

تَرى وَرْدَهُ قُوتاً و جُوتاً و سايقاً

فَـيـا قُـوتَـتـي مِـنْ جُـوتِـهِ ثُمَّ فَرْدِهِ

لەمیانیشدا خاڵێکی وردیلەی لەبیرچووە. لە دەستەواژەی «فیاقوتتی»، بە واتای «مایەی ڕۆزیم» بە پێی شەرحەکە و وشەکانەوە، لە هەمان کاتدا «یاقووت»، بەدەستەوە دەدات بە واتای: چ یاقووتێکە لەم جووت و فەردەوەم پێ دەگات... واتای شەرحەکەش لە جێی خۆیدایە.

لە سەرەتای نیوە بەیتی دووەمی هەرە سەرەوەی لاپەڕە ٤٠٤:

دەبوو لە جیاتی «نْمُ الورد»، بنووسرێ «نَمُ الورد»؛ چونکە عەرەبی بە حەرفی ساکن دەست پێ ناکا. «نەم»یش لە فارسی تاکە شێوەیەتی، لەنێو کوردەواریشدا ڕۆیشتووە تا ڕادەیەك.

لە بەیتی دواتردا:

شَوانی «سلیمانی»، صەبای «پیر مصور»کی

کـوانـی «قـرەداغ» هـوای «دارِ زرد»ە

دەبێ «کوانی» بیری لێ نەکرێتەوە؛ چونکە تەکەلوفێکی بێ لزوومی تێدایە. لە وشەی «شوانی» کە برژاندن و شەوی لێ وەردەگیرێ، وشەی «کوانی»ش داغ کردن و مەلی «کەو»ی لێ وەردەگیرێ. وشەی «کی» بە دوا «پیر مصور»دا دەشێ مەفعوولی موطلەق بێ بۆ شوانی بەرایی نیوە بەیتەکە؛ بەڵام لەبەر کێش، تەنوینی حاڵەتی نەسبی بۆ دانەناوە: شوانی کَیّ، شوانی کیّاً. «شیَ» و «کیّ» هێند لێك نزیکن دەشیا مەسدەری یەکێکیان ببێتە مەفعوولی ئەوی تریان.

بەیتی سەرەتای لاپەڕە ٤٠٥:

كَـأن كَـنـارَ أرضِهِ آسمـانـةٌ

لِـبَزرِیٌّ دوریٌّ لِسبزی عَرْدِهِ

نیوە بەیتی دووەم ناشێ وەها بنووسرێ. لامی بەرایی «برزی» کە حەرفی جەڕە، نایەڵێ «دوریٌّ» بە زەمەوە بێ دەبێ «لِبَزریِّ» بنووسرێت.

«دوریٌّ»یش هەڵناگرێ زەمەی بەسەرەوە بێ. نیوە بەیتەکە، بەم دەقە چاری نییە. وشەی «دوریٌّ– دووریییو» لە بنەڕەتدا هەڵەیە. «دەور...» ڕاستە کە دەوراندەوری

شارەزوور بەرزە نەك دوورە. ناشێ شاخێکی بە ڕۆخی دەشتەکەوە بێ کە دەکاتەوە بەشێکی بە دوور بژمێردری، وەك من بۆ بەیتەکە دەچم دەبێ دەقەکەی ئەمەبێ:

کـأن کَـنـارَ أرضِهِ آسمـانـةُ

لِـبَـزریٌ دورە: لِسبـزیٌ عَـرْدِهِ

دەشکرێ »بسبـزیٌ عَـرْدِهِ« بـێ... لـەم دەقـەدا قـۆرت پـەیدا نـیـیـە. «ئـاسمـانُـهـ»ش هـەرچەندە زۆر لە جێدایە دەشێ «آسمانەٌ» بێ؛ بەڵام نەختێك واتاکەی بەیتەکە شل دەبێتـەوە؛ چـونکە کناری خۆی ببێتـە ئـاسمانـی خۆی بـەلیغترە لـەوەی ببێتە هـەر ئاسمانێك.

بەیتـی دووەمـی لاپەڕە ٤٠٥:

أمـا «سرچـنـار» عـیـنـی جاریة لـه

أما «تانجرو» قد صار مجنون هردە

نـاوی کۆکـی «سرچنار» هـەڵناگرێ تـەنوینی بدرێتێ؛ چونکە «غیر منصرف»ە نە کەسرە نە تەنوین قبووڵ ناکات. پێشتر «قرەداغ»، بێ تەنوین هات. [دەشبوو بڵێم لە وشەی «قرە» نەدەبوو ئەم عەلامەتەی «ە» فەتحەی نووسینی کوردیی بە دواوە بێ].

«عینێ جاریة لە»، نەسەقی بەیتەکە تێك دەدا لەوەی کە هەرچی شاخ و دەشت و دێ هەیە، هەمووی دراوەتە پاڵ شارەزوور، لێرەدا سەرچنار بە زەقی بێخاوەن دەمێنێتەوە. ڕاستییەکەی ئەمەیە: «أما سرچنارٌ عینٌ جاریةٌ لە» شەرحەکە لە بەرەژێرتر «عینٌ» کە غەیری «چن»، هـەمـوو تـێکستـەکـان نـووسیـویـانـە، ڕەت دەکـاتـەوە بـە هـۆی، گـۆیـا لەنگبوونـی میسرەعەکە. ئەم قورساییەی شەرحەکە پێـی دەڵی، «لاسەنگ» گەلێك کـەمـتـرە لـە «تـێدا»ی زۆر شوێنـی دیـوانـەکـە کە من کردوومـنـەتـە «تیـا». جگـە لـەمـە نووسینـی «سرچنارٌ»، بە تەنوینەوە دەخلێکی هەیە بەسەر ئەو قورساییەوە. کە گوتت «أمما سرچنارٌ عینٌ جاریة لە»، قورساییەکە هیچ حیسابـی بۆ ناکرێ، وەك نەبێ وای لێ دێ. شەرحەکە چاو بپۆشێ لە «ڕەقڤێتیی تەن»، نابێ لێرەدا ڕەخنە بگرێ.

دەشێ «عینٌ جاریةٌ لە»، بخوێندرێتەوە، «عینٌ جاریةٍ لە» بە واتای «... سەرچنار چاوی کەنیزەکێکی شارەزوور». هەر وەك تانجەڕۆ بووەتە مەجنوونی هەردەکەی.

شەرحەکە «أما»ی سەرەتای دوو نیوە بەیتەکەی داناوە بە سووککراوەی «أمّا» بە

واتای «هەرچییەکو». لە ڕاستیدا وشەی «أما» بە واتای «أليس» کە نەفیەکەی «ما»ی نەفی و «لیس»ی نەفی هەڵدەگرێتەوە بەو «أ»ی «استفهام، انکار» و دەیکاتە «تصدیق و إیجاب» و واتای بەیتەکە وەها دەردەچێ.

ئەوە نییە سەرچنار چاوی کەنیزەیەکی شارەزوورە؟

ئەوە نییە تانجەڕۆ مەجنوونی هەردی شارەزوورە؟

لە نیوە بەیتی دووەمی بەیتی سێیەم لە هەمان لاپەڕەدا: «فوا دردتی» هاتووە. وا دەزانم ئەم وشەیە «درونی» بێ، بە مانای ختووکەی ئارەزوو... لەم دەمەدا ناچمەوە سەر ئەو سەرچاوەیەی وشەکەم لێ گرتووە.

بەیتی سەرەتای لاپەڕە ٤٠٦

وکم نال نالی من شفا ساقیانه

شِفا، هل شَفا من نالَ «نالی» بدَرْدِهِ

شەرحەکە دەڵێ: ئای نالی چەند جار لە لێوی کچە ئاوگێڕەکانی سەرچنار بەهرەمەند بووە لە دەردی دڵ ڕزگار بووە. مەبەستی ئەوەیە بڵێ چەند جار دەمم ناوەتە جۆگاکانی سەرچنار... ساتوخوا بشێ ئەو کەسەش کە نالیی تووشی دەردی دووری کرد، ئێستا دڵی ڕەحەت بووبێ؟ بێگومان نەء؛ چونکە پیاوی حەسوود بە مەرگ نەبێ دڵی دانامرکێ.

ئەگەر «ساقیانە» بۆ جۆگاکان ببڕێتەوە، ئەوسا «شِفا ساقیانە» دەبێتە «شَفا ساقیانە»، بە واتای ڕۆخی جۆگەلەکان، «شَفا حفره من النار» هاتووە. ئەگەر بۆ «ساقی» یان بچێتەوە «شِفا- شِفاه» بە واتای لێوەکان دێت. مەبەست لە «من نالَ (نالی) بدَرْدِهِ» حەسوود و دڵ پیس نییە بەڵکو یارەکەیەتی کە تووشی دەردی کردووە. «هل شفاه من نال نالی بدرده؟» تانووتدانە بەر ئەو کەسەیە دەردەداری کردووە، شیفای بداتێ. وشەی «شفا» بە پێی ڕێنووسی عەرەبی «شفی»یە؛ بەڵام پێداویستی شیعرەکە «شەفا – شفا» دەسەپێنێ. لە ڕستەی «شفا من نال نالی»، دوو فیعلی «شفا – شفی – ونال» تەنازوعیان هەیە لەسەر نالی.

بەیتی لاپەڕە ٤٠٦:

لە دڵدا ئاتەشی عیشقت بڵێسەی  میثلی تەندوورە

شەطی ئەشکم نەبێ مانیع دەسووتێم دەبمە کۆی نوورە

ئەم بەیتە نیوەی ڕێگەی بەیتێکی لێرە بە پێشەوەی بڕیوە لە لایەن واتاوە:

ناری سینەم گەر نەبێ غەرقم ئەمن

ئاوی چاوم گەر نەبێ سووتاوم ئەز

بەڵام لە بەیتی پاش خۆیدا دەنگ دەداتەوە، بەلامەوە سەیریشە کە شەرحەکە هەردوویانی تێك نەبەستوون، کە دەزانین وابووە دوو بەیتی تێك بەستوون، پێوەندییەکی ئەوتۆیان نییە:

بەناری عیشق و ئاوی دڵ جەسەد وەك حەزرەتی مووسا

طەریقی بەحری فیرعەون و ڕەفیقی ئاتەشی طوورە

لە دیوانەکەی گیودا، ئەم بەیتە سەرەتاکەی: «بە ئاوی چاو و ناری دڵ» هاتووە. لە میاندا لەف و نەشری مورەتەب هەیە لە تەرادوفی «ئاوی چاو و ناری دڵ»، لەگەڵ تەرادوفی «طەریقی بەحر» و «ئاتەشی طوور» لە دەقەکەی شەرحەکەدا لەف و نەشرەکە مشەوەشە. شەرحەکە لەوەش وستە کە بە پێی دەقەکەی خۆی «ناری عیشق و ئاوی دڵ»، لە یەك سەرچاوەوە دەردێن، دەبوو تەوجیهێك بکا بۆ بەردەوامیی هەردوویان. دەقەکەی گیو تەوجیهی ناوێ. بەبێ تەوجیهی پێکەوە هەڵکردنی ئاگر و ئاو لە دڵدا و بەپێی ئەوەی کە دەقەکە ئاوی بۆ دڵ داناوە، ئاگری عیشق چ جێی لە باری، بگرە نالەباریشی نییە.

شەرحەکە بۆ لایەنی ئەوتۆ چووە لە عەینی دەقەکەدا نییە وەك کە دەڵێ، نالی کە دەبێ بە سەر فرمێسکی خۆیدا بپەڕێتەوە... هتد هەر ناگاتە ئامانج وەك کە مووسا لە پەڕینەوەی بەحری فیرعەون سەرکەوتوو بوو... ئاگری مووساش ئاگری خوایی بوو، بەڵگەی ئیمکان نەبوونی دیتنی خوا بوو لەلایەن مووساوە، کەواتە نالیش بە یار ناگات... نالی وەك من بۆی دەچم، مەبەسی لە «طەریقی بەحری فیرعەون»، ئەوەیە کە بەحری فرمێسکی خۆی، دەیخنکێنێ، وەك کە فیرعەون خنکا. ئاگری عیشقیش دەیسووتێنێ وەك ئاگرەکەی «تەجەللی»ی خوا کە «فلما تجلی للجبل جعله دکا». نالی وەك مووسا هەردوو ڕێی گرتە بەر، بەڵام بە ئەنجامێکی جوداوە. کە لە ئاوی چاودا نالی خنکا و لە ئاگری دڵدا سووتا.

بەیتی دووەمی لاپەڕە ٤٠٨: پەیامت هات و پەیکت ڕۆی... هتد سەرەدەری لێ ناکرێ، مەگەر دەقی ئەسلیی پەیدا بێ. شەرحەکە خۆی ماندوو کردووە؛ ئەمما بێ

سوود و دوور له واتای موفرەداتی بەیتەکە و بە تەئویلی خەیاڵی و بێ بنەما. بێگومان لە سۆزەوە بۆ نالی ئەم ئەرکەی کێشاوە؛ بەڵام ناچێتە دڵەوە و عەقڵ ڕەفز دەکا، «ڕەسوول» هەناسە گەرمەکەی نالی بێ و کەوتە ڕێ و بەدکاری گرت وەك ئاورە سوورە و هێنای... ماوەتەوە بگوترێ، بەیتی دواتریش کە دەڵێ: «کە دیتم شەکڵی صەد ڕەنگی...» مەبەست لێی ئەو بەدکارەیە و لەوێشدا، تەئویل پەیدا بکەین بۆ نەکوشتنی بەدکار... چ دەبوو نالی لە جیاتی «ڕەسوولم کەوتە ڕێ...» گوتبای «هەناسەم کەوتە ڕێ...» ئەگەر بەڕاستی مەبەس بە ڕەسوول هەناسەبێ... خۆ ئەوساش بەیتەکە لە یاریی «هەدار هەدارانێ» دەکات. ئەم بەیتە لەم دەقەدا بۆ عەقڵی ئێمەمانان بێ کلیلە.

بەیتی سەرەتای لاپەڕە ٤٠٩:

کـە دیـتـم شەکڵـی صەد ڕەنـگـی، گـوتم: بـابـایـی عـەیـیـارە

کـە بـیستم لـەفظی بێ دەنگـی، گوتم: شەیپووری شاپوورە

شەرحەکە نالێ، «لەفظی بێ دەنگ» چۆنە و چییە. «دەم دەجووڵێنێتەوە...» وەك لە شەرحدا هاتووە نابێتە «لەفظی بێ دەنگ»، مەگەر لە حاڵەتێکدا جوولەی لێوەکە مەفهووم بی... ڕاستییەکەی ئەم بەیتە و هی پێشووتر و دوو بەیتی دواتر هەمووی وتووێژە لەگەڵ یاردا. شەرحەکە لەگەڵ موستەحیل خەریکە. فەرموو گوێ بگرە لە شەرحی بەیتی دواتر:

گوتم ڕاستی صەبا هەڵسە! گوتی مەشرەب موخالیفیە

گوتم ناریێ، گوتی بایە، گوتم: ئەو جێ، گوتی دوورە

بە بەدکارم وت: بەم بەیانییە «ڕاست» بە لەگەڵم، وتی ئارەزووم «موخالیف»ی ئەوەیە لەگەڵت ڕاست بم؛ گوتم کەواتە «ئاگر»ی باسی پێوەندیی خۆت و یار بنێ بە جگەرمەوە. گوتی «با»یە و ئاگرەکە بە هەموو لایەکا بڵاوە ئەکا. گوتم کەواتە دوورکەوە لە یار با من بگەمە «ئەوج»ی بەختەوەری.

نیوە بەیتی دووەم لە لاپەڕە ٤١٠: «گوتم: شیشەی دڵم ناتوی»، ئەم «ناتوێ»یە زمانی شیعر نییە. لە شەرحەکەدا تێکست هەیە دەڵێ، «گوتم شیشەی دڵت ناوێ»، چەند شیك و شیرینە. لە دیوانی گیویش وەها هاتووە. بەیتی یەکەمی لاپەڕە ٤١١، نیوە دێڕی دووەم: نالی سوێند دەخوا دەڵێ: بە مەرگی تۆ قەسەم... قسەشی لەگەڵ یارە. لە بەیتی قەسیدەی دیکەشی ئەم سوێندە هەیە؛ بەڵام ڕووی لە زاهیدە و کەلێنێکی

گەورەشی گرتووە لە بەیتەکەدا. تەقیەیەکی تەنك و بچووکی تێدایە کە هاتووە لە جیاتی یار، چاوی خۆی [کە هەر یارە] کردووەتە بەرمەرگ و تا ڕادەیەك چەپارەی داوە.

لە بەیتی دووەمی لاپەرە ٤١٤: سەرەتای بەیتەکە نووسراوە «بێ ئەگەر بێتە دەرت...»، لە تێکستی ناو شەرحەکە و لە دیوانی گیوی موکریانی نووسراوە: "سەر ئەگەر بێتە دەرت دەیدەیە بەر شەق وەکو گۆ". لەلایەکەوە سەر لەگەڵ گۆدا گونجاوترە، لەلایەکی دیکەشەوە دەقی نیوەی دووەم: «نییە ذاتیشی نەیێ دڵ چ بکا قوڕ بەسەرە...»، ئەم قوڕ بەسەرییە بۆ دڵێکی وەکو گۆ کەوتبێتە بەر شەق دەست دەدا کە پێیەوە قوڕاوی ببێ. ڕستەی «نییە ذاتیشی نەیێ دڵ چ بکا...» لە شەرحەکەدا بە «بێ تۆ ئۆقرە ناگرێ» لێك دراوەتەوە. واتاکەی لەوە بەهێزتر و قووڵترە: کە دەڵێ: «نییە ذاتی»، نەمان و نەبوونی دڵەکە دەگەیەنێ، واتە کە «نەیێ، نامێنێ». واتایەکی دیکەشی ئیشارەتە بۆ گوتەی «زات کردن» و نەکردن بە واتای وێران و نەوێران. بەو پێیە دڵەکە زات ناکات، ناوێرێ نەیێ. تارماییەکی بەرچاوی مەعنای دووەم لە «بێ ئەگەر»دا، هەیە، سەرەڕای مەعنا ئاشکراکەی ئەویش وەك کە دەگوترێ: بێ ئەگەر، کارەکەی کرد، قەرزەکەی داوە، لێرەشدا دەبێتە: بێگومان، بێ بەهانە.

لە بەیتی سەرووی لاپەڕە ٤١٦:

عەرشی بەرین کە دائیرەیە، ڕەوضە مەرکەزە

فەرشی زەمین بە عەرصەیی طەیبە موجەوهەرە

شەرحەکە لە بارەی زیادەڕۆیی جوانیی ئەم بەیتەوە دەڵێ: بە عادەت دەبێ زەوی بە فەرش بڕازێتەوە نەك فەرش بە زەوی [کە عەرصەکەیە] بڕازێتەوە. ڕاستییەکەی وشەی «فەرش – فرش» وەك بزانم، هەموو ڕووپۆشێکی زەوی و ڕێگەوبان دەگرێتەوە، هەرچی «بساط»ە بە مەعنای ڕایەخ دێت. نالی هات زەمینی دانا بە ڕووپۆش، مەدینەشی دانا بە گەوهەری زینەتی ڕووپۆشەکە. ئەمە ڕاگەیاندنی بەیتەکەیە، بۆچوونەکەی شەرحەکەش جێی دەبێتەوە، وەك زێدە پاروو یان خەیاڵی جوان.

لە لاپەڕەی باسکراودا، بەیتی دووەم، نیوە بەیتی یەکەم:

طەیبە کە یەعنی عەکسی بەقیعی هەموو عەبیر

شەرحەکە دەڵێ: پێچەوانەی «بەقیع، بقیع» دەبێتە «عەبیق» بە واتای بۆنخۆش.

لەمەدا بە سەهوو چووە، چونکە «بەقیع، بقیع» هەڵبگێڕیتەوە دەبێتە «عەیقەب، عیقب» بە ڕێنووسی عەرەبی دەبێتە «عیقب، عیقەب» وشەیەکی بێ واتایە، تا ئەوەی بزانم.

بەیتی لاپەڕە ٤١٨، دووەم بەیت:

یەعنی گوڵاوی قودسە گوڵاوی ڕەفع ئەکا

ئەو خاکە چاکە پاکە وو ئەو ئاوە مەطهەرە

شەرحەکە لە ڕەتکردنەوەی وشەی «موطەهەهەر» و پەسەندکردنی «مەطهەر» ناڵێ ئەمیان چ ڕادەگەیەنێ، بە پێی دەستووری عەرەبی بە قیاس لە «مەکتەب، مەلجەء، مەنجەم»، وشەکە ناوی جێگایە بەو پێیە ناشێ ببێتە سیفەت بۆ ئاو، جا ئەگەر لە پەنا و پەسێوی زمانی عەرەبی بە صیفەت هاتبێ من ئاگاداری نیم. جێی خۆیەتی «موطەهەهیر» بەلاوە بنێ؛ چونکە ڕەویەی جودایە لە قافیەی بەیتەکانی دیکە. هەتا لێم مەعلووم دەبێ «مەطهەر»، واتایەکی مناسبی جێگەی هەیە، من نیوە بەیتەکە وەها دەخوێنمەوە: «ئەو خاکە چاکە پاکە، ئەو ئاوی موطەهەهەرە»، «ئەو ئاوە» دەخوێندرێتەوە «ئەواوە».

قەڵەمم تەلەزگەیەکی کرد بەسەر بەیتی یەکەمی لاپەڕە ٤١٨ دا کشی، کەچی خۆم بۆی ئامادە و ساز کردبوو کە خزمەتێکی بکەم بە دەقێکی کەس نەدیتووی ناو نەهاتووی [بە ظاهیر خەلقی کۆیێ]. ئەو پیاوە، خەتیشی خۆش نییە، لە زۆر شوێنی دیوانی نالی، چاپی گیو، بە پەڕاوێز شتی نووسیوە، یەك لەمانە نیوە بەیتی دووەمی سەرووی لاپەڕە ٤١٨ ی شەرحەکە، بەم جۆرەی لە پایینی لاپەڕە ٤٧ی دیوانی گیو نووسیوە: «فرقی دەلین گولیکە لە گولاوی کەوثرە». من شکڵ نووسم کرد. دەقەکە بێقۆرتە، یەك «لە»ی حەرفی جەڕی تێدایە نەك دوو. دەشێ «گولاوی کەوثەر» بە «گۆلاوی کەوثەر»یش بخوێندرێتەوە.

با بڵێم، چەندێکیش بە درەنگەوە بێ، ئەو مرۆیە لە سەرووی لاپەڕە ٣٨ ی دیوانەکەی گیو، لە ئاست «وەك قەفەس ئەم حوجرە کون تێیە» نووسیویەتی «لە هجوی حجرەی مزکەوتی کونە جمعە کە لەوی دەخوند». نالی لە کۆیەی خوێندووە. مەلا محەمەدی مەلا ئیبراهیم، کە لای باوکمی دەخوێند و لەقەبی دلاوەر بوو لەویشەوە فەردی «گۆشتی قەڵەو» وەرگیراوە، دەیگوت نالی کە هاتووەتە کۆیێ نیازی بووە لە مزگەوتی بایزاغا لای مەلا شێخ طەیب، باوکی مەلا بەهائودینی مەشووری ئەو ناوە و باوکی

باپیری مەلا بابە شێخی ئێستاکەی، نوێنەری ئەم بنەماڵە عیلمییە، بۆ خوێندن دامەزرێ. بەپێی ڕیوایەتی مەلا محەمەد شۆرەتی شاعیرییەتی نالی، مەلا شێخ طەیبی دوودڵ کرد لە داخوازییەکەی نالی، وا دیارە چووبێتە مزگەوتی کۆنە جومعە کە ئەوسا نوێژی جومعە لەوێ دەکرا، جارێ مزگەوتی گەورە کە لە ١٢٦٢هـ کرایەوە لە بەیندا نەبوو. بەداخەوە ئەو دەمەی باسی «گۆشتی قەڵەو...» خرایەوە پەڕەیەکی گوڵزاری نالییەوە، ناوی ئەو مرۆیەم لەبیر نەمابوو، کە من زۆر گێلم لە ناو ئەزبەرکردن، شەرمیشم کرد ئەو ڕاستییە بدرکێنم لەبەر تێبینیی دڵڕاگریی جوانمێرەکە. لە شەرحەکەی بەر دەستدا دەبینم کاکە جەماڵە و فاتیحیش ناوی باوکی لەبیر چووەتەوە. وا بەدەم ئەم موناسەبەیەوە، کە پەڕەکانی دیوانی گیوم تەماشا دەکرد، دیتم نیوە بەیتی «لا پەراسووی بارگیرێکی کە زیندووبێ بە چاو» مرۆی بێناو لە پەراوێزی لاپەڕە ٣٦ی دیوانی گیو نووسیویەتی: «وەك پەراسووی پیرە بارگیرێ کە زیندووبێ بەناو»، ئەم نیوە دێرەم بە ڕێنووسی نوێ نووسی – ڕاستییەکەشی، ئەمیان بێقۆرتە و پتریش بارگیری بەرەو مەرگ بردووە لە مەفهوومی وشەی «پیرە»وە.

لە بەیتی لاپەڕە ٤١٩:

نالی کەوا سەگی ئەم مەرز و بوومەیە

ئەمما سەگی موعەللەمی بێ دەنگ و بێ وەڕە

لەم بەیتەدا سێ جاران «سەگی» هاتووە. تێکست هەیە «سەگی» یەکەمی «سەگە» نووسیوە، دیارە، ئەمیان لە قاڵبی هونەرییەوە نزیکترە. ئەگەر بۆ زێدە خۆ کەمکردنەوە شیعرەکە کەمڕەنگ بکەین، خۆ نالی لە بەیتی ١٣ دا خۆ دەکاتە «خاکی خادیمی قیطمیری ئەو دەرە»، ئیتر بۆچی بەیتەکە زەدە بێت...

بەیتی دووەمی لاپەڕە ٤٢٠:

بێ تووکی جیفە خواریێو گورگین و بێ وجوود

لەم ئاو و خاکە ظاهیر و باطین موکەدەرە

شەرحەکە دەڵێ: نالی لەم وڵاتە دەر و ناو لێڵ و تاریکەدا، سووکی چاو لە دەسی ئەم و ئەو بوونە کە وەك بنیادەمێکە بە خواردنی مردارەوەبوو بژی...

لە لاپەڕە ٤٢١ شەرحەکە دەڵێ: نالی ئەم شیعرەی لەو سەردەمەدا گوتووە، قەسیدەی

«وەی کە ڕووزەردی مەدینە و...»ی تێدا گوتووە و ژیانی مەکەی زۆر لا تاڵ بووبێ.

ئەم بۆچوونە هی قبوولکردن نییە؛ چونکە ناشێ بە لای نالییەوە مەدینە وەها بێ کە هەڵیداوە، مەکەش بە ئاو و خاکییەوە دەر و ناوەوەی لێڵ بێ و خواردن تێیدا بۆ نالی وەك لاشی مردوو خواردن بێ. قەسیدەی «وەی کە ڕووزەردی...» لە ڕۆژێکدا گوتووە کە مەکە و مەدینە بەجێ دەهێڵێ، بە زاهیر بەرەو ئەستەنبۆڵ. لەم قەسیدەیەدا بەرەو حیجاز دەڕوات و ئیزن دەخوازێ لە پێغەمبەر کە ڕێ بدا بچێتە زیارەتی... ئەم قەسیدەیە جمرانەی موناجاتە درێژەکەی «ئەلا ئەی نەفسی بووم ئاسا»یە.

لە بەیتی یەکەمی لاپەڕە ٤٢١ وشەی «قەلادە» وەك بزانم «قێلادە»یە.

لە ئاست بەیتی دووەمی لاپەڕە ٤٢٣:

قەت سێبەری دەبێ لەسەر ئەم ئەرضە فانییە

ئەو تاقە نەخلی عەرشە کە طووبایی سێبەرە؟

شەرحەکە وەهای داناوە کە طووبای بەهەشت لە سێبەری پێغەمبەردایە، ئیتر چۆن سێبەری دەبێ لەسەر خاك کە دەزانین خاك، زەوی نامێنێ بەو پێیە سێبەری پێغەمبەریش نامێنێ کەچی لە بەهەشت و بەسەر طووباوە، کە درەختی بەهەشتە، هەر بەردەوامە... ئەفسانەی نەبوونی سێبەری پێغەمبەر، جگە لەوەی کە ئەگەر لەش لە شووشە یان مادەیەکی پشتبین "شفاف" نەبێ، سێبەری دەبێ، مادەم کە پێغەمبەر خۆی لەسەر خاك دادەنیشێت و دەڕوات و تەیموومی پێ دەکات بۆ دەزنوێژ، بۆچی سێبەرەکەی لە خۆی موبارەکتر و پتر بە قەدر بێ. بە هەمەحاڵ، ئێرە جێی موناقەشەی ئەوتۆیی تێدا پەیدا نابێ؛ بەڵام وەهەمەکە هێند بێ ئەساس و خۆهەڵوەشێن و منداڵانەیە، چارم نەبوو ئەوەندەی تێدا بڵێم...

نالی دەڵێ طووبا سێبەری پێغەمبەرە، نەك لە سێبەریدایە وەك شەرحەکە گوتی. لە بەیتەکە پێغەمبەر تاقە دارخورمای عەرشە کە طووبا سێبەریەتی یان «طووبای سێبەرە»، واتە طووبایەکی سێ جاران بەر بگرێ کە ئەمە ئەوپەڕی موبالەغەیە، چونکە نەمبیستووە ئەم درەختە بەر بگرێ. بەڵام کە طووبا سێبەری بوو، با سێ جارانیش بەر بگرێ، یان طووبای سێبەری ئەو کە تاقە نەخلی عەرشە، نەخلیش بەردارە، با ئەو طووبایە سێ کڑان بەر بگرێ لە ڕەحمەتی خودا و بەخشندەیی بۆ گوناهکاران.

ئەو بەیتانەی ژمارە ١٥، ١٦، ١٧، ١٨، لە لاپەڕەی ٤٢٣ و ٤٢٤دا هاتوون کە

سێبەری پێغەمبەر هەڵدەکێشن تا لە بەیتی ١٨دا دەڵێ:

ئــەو سێبــەرە کــە عــالــەمــی عــولــوی لــە نورییە
شەمس و نوجووم و هەرچی لەواندا موقەڕەڕە

لە گوتەیەکی مەشوور سەر هەڵدەدەن کە دەڵێ: خوا پێغەمبەری لە نووری خۆی خەلق کردووە. جێگە یاریدە نادات، ئەگینا موناقەشەیەکی لەسەر ئەم مەسەلەیە ڕووی دا لە نێوان مەلا ئەفەندی و ئیبراهیم ئەفەندی حەیدەری بە لایەکدا و باوکم بە لایەکدا [باوکم گوتبووی ئەم قسەیە فەرقی نییە لەگەڵ ″تثلیث″ی مەسیحی...!].

بەیتی لاپەڕە ٤٢٥:

دنیای چلۆن دەوێ کە بە قەد هیمەتی نەکرد
ئەم خەلعەتە کە ئەتڵەسی نۆ چەرخی ئەستەرە

شەرحەکە لە وشەی «ئەستەر» داماوە. ئەگەر سەیرێکی دیوانەکەی گیو کرابایە، لەوێ ئیشکالەکە دەڕەوییەوە، تومەز «نۆ چەرخی ئەخضەرە»یە. دیارە نوسخەنووس «اخضر»ی نووسیوە و قەوسی «ضـ»ەکەی سواوە و نوختەکەی ئەو و «خـ» بوونەتە دوو... کڵاوی «خ»ەکەش بەر سووان یان ڕەشبوونەوە کەوتووە... نازانم بۆچی بایەخیان پێ نەداوە و نەیانخستووەتە پاڵ نوسخەکانی دیکە.

بەیتی سەرەتای ٤٢٦:

تــەشبیـهی حوسنی فائیقی، ئاخر، بەچی بکەم
نووری سونووحی طەلعەتی صەد لەوحی ئەنوەرە

شەرحەکە «لەوحی ئەنوەر»ی بە ″تەختەی زۆر ڕووناك و ڕۆشن″ لێك داوەتەوە. لە ڕاسیتدا، پاش ئەوەی قەدری پێغەمبەر گەیشتە ئەوپەڕی ئەوپەڕی ئەوپەڕی ناموم‌کین، بەم «لەوحی ڕۆشن»ە، پایەی هەزاران پلە دێتە خوارەوە: مەبەست لە «لەوح» هەمان «اللوح المحفوظ»ە قورئان باسی دەکات و هەرچی بووە و دەبێت تێیدا تۆمار کراوە. تەشبیهەکەش هی «نووری سنووحی طەلعەت»ەکەیەتی نەك هی خۆی کە دیارە لەوەش بەولاترەوەیە.

لە شەرحی بەیتی دووەمی لاپەڕە ٤٢٧:

ئەو دێ دەبا بە کەشمەکەش، ئەم دێ دەبا بە لوطف

ئـــەو شاهـی دڵـــبـــەرە، نـــە شاهــەنشاهـی دڵــدەرە

وا هـاتووە: "یوسف دێ بە کێشمەکێش دڵی خەڵك ئەبا بۆ خۆی و پێغەمبەریش دڵی خۆییان ئەداتێ". ئەم واتایە کە لەفزی «دێ» بەکار دەهێنێ لە جیاتی «ئەبا»ی چەند تێکستێك و دیوانی گیویش، ئا ئەم «دەبا»یە لە ئاست «شاهەنشاهی دڵدەرە»دا کورت دەهێنێ، شەرحەکەش «دەبا»کەی بۆ یووسف دوویات کردووەتەوە؛ بەڵام خۆی لێ دزیوەتەوە کە دەگاتە «دەبا»ی پێغەمبەر و هەر «دڵدەر»ەکەی بۆ کردووە بە مەداری هەڵدانەوە. دەقی بەیتەکە لەگەڵ «ئەبا بە کەشمەکەش، ئەبا بە لوطف»، ڕێك دێت. ڕاستییەکەی حاڵی یووسفیش بەپێی ڕیوایەتی قورئان بردن و ستاندنی تێدا نییە. ئەو کەشمەکەشەش کە شەرحەکە دەیباتەوە بۆ پڕکێش کردنی ژنی عەزیزی میصر، لە یووسف چ بەدایەتییەك و زۆر و دڕی لە یووسفەوەی تێدا نەبووە، بە پێچەوانە لێی هەڵاتووە. تا ڕادەیەك مەسەلەی زولەیخا وەك مەسەلەی خێزانی زەیدە کە مێردەکەی بە دڵی خۆی تەڵاقی دا بۆ پێغەمبەر و قورئان دەیڵێتەوە: «... قضی منها زید وطرا زوجناکها».

بەیتی سەرەتای لاپەڕە ٤٢٨:

ئەفرادی مورسەلین هەموو یەك ڕازە، ئەم کەلام

لــەم جــێگــەدا بــزانــە مــوقــەدەم مـوئــەخــەرە

شەرحەکە لە واتای ئەم دەقە دەڵێ: یەکە یەکەی پێغەمبەران، هەموو یەك قسەن کەوا ئەبێ بزانرێ لەم شوێنەدا هەموو کۆببنەوە، ئەمیان لەپێش هەموویانەوەیە، هەرچەندە لە پاش هەموویانەوە هاتووە. دەقی دیکە هەیە لە جیاتی «یەك ڕازە...»، «... هەموو یەك زارە، ئەم کەلام». لە شەرحی ئەمەدا دەڵێ: پێغەمبەران هەموو بریتین لە زمانێك و پێغەمبەریش قسەی ئەو زمانەیە، چونکە لە مەیدانێکدا هەموو پێغەمبەران کۆببنەوە تێیدا، ئەوەیان ئەکەوێتە پێشیانەوە.

من لەگەڵ دەقی «هەموو یەك زارە، ئەم کەلام» ڕێکم، مەعناکەشی ئەوەیە: چەندێکی جۆرەها دین هاتبێت هەموو دەکەونە جغزی ئەو دینە و ئەو قورئانەی پێغەمبەرەوە، وەك بڵێی پێشەکی قەراردادەیە پێغەمبەرە پێشینەکان لە دەریای دینی ئەو هەڵێنجن بۆیەیە دەشێ بگوترێ هەموویان زارن، ئەمیان قسەیانە و بەمەدا «موقەدەم موئەخەرە» نەك

تەنها لە ڕیزبوونیان بە دوای ئەوەوە. لە بەیتی ۲۳ شدا کە دەڵێ: مەعلوومە؛ چونکی جەمعی ڕوسول موقتەبیس لەون، ئەم مەعنایەی مەبەستە.

«ئەفرادی مورسەلین هەموو یەك ڕازە، ئەم کەلام»، مەعنایەکی دیکەش هەڵدەگرێ کە هەموو پێغەمبەران بریتی بوون لە ڕاز، لە سیر کە بە تەواوی جێی لێ تێگەیشتن نین، تەنیا ئەمیان، واتە پێغەمبەری ئیسلام، کەلام بوو سیرڕ و ڕازەکەی ئاشکرا کرد. بەم پێیە، هی هەرە دوایین دەبێتە ڕابەر.

لە شەرحی بەیتی دووەمی هەمان لاپەڕە:

شوبهەی نییە کە شەمس و قەمەر سێبەری ئەون

نیسبەت بە هەردوو وەجهی وەکو نوور و سێبەرە

واتایەکی ئەوتۆی لێ داوەتەوە، بشێ کەلێنگر بێ؛ بەلام وا دەزانم لە ناوتوێژ و توێکڵی «نیسبەت بە هەردوو... هتد»دا، کاکڵ هەیە تێیدا جارێ دەرنەکەوتووە؛ چونکە شەرحەکە لەوەوە بۆ بەیتەکە چووە کە مەفروضە پێغەمبەر نووری هەموو دنیایە کەواتە دەبێ ئەم دوانە سێبەری بن... ئەم «مسلّمە – موسەللەمە»یە، هەموو دنیا دەگرێتەوە بە نوور و بێ نوور و تارێك و...هتد کە لزووم نامێنێ بگوترێ کارەبا سێبەری ئەوە... هێزی ئاتۆم سێبەرە... ئاگری پووش و بابەگوڕگوڕ سێبەرن. ئێمە لەم ئیددیعایەدا پێویستیمان بە فێڵێکی ئەدیبانەی نالی ڕەفتار و گوفتار هەیە، داواکەمان لە گوتەی ڕووتی بێ پاڵپشت دەرباز بکات. ئایە لە «نیسبەت بە هەردوو وەجهی» مەبەست چییە؟ کام دوو «وەجهـ»؟ قەمەر خۆی تەنها دوو شەو، لە ۳۰، ۲۹ی شەودا نووری تەواوە، لە محاق و دەمی هیلالدا ئەوەیە کە دەیزانین. خولاسە من بە عومری خۆم لەم بەیتە و چەند بەیتێکی دیکەی نالی دڵ ئارام نەبووم.

بەیتی سەرەتای لاپەڕە ٤٢٩:

بورهانە صوورەتی بەشەری، چونکە نوورە، نوور

بێ ظیللە، ما سیوای بە دوو نیسبەت موعەببەرە

شەرحەکە خۆی لێ لاداوە و تەنها واتای وشەکانی تەرجەمە کردووە. مەعناکەی ئەمەیە: پێغەمبەر کە بە شکڵ مرۆیە و سێبەری نییە. نەبوونی سێبەرەکە بورهانە، بەڵگەیە لەسەر هێندی کە لە نوور دروست کراوە، چونکە هەر نوور بێ سێبەرە، ماسیوای ئەو واتە لە خۆی بەولاوە هەرچی هەیە نیسبەتی بۆ یەك لە دوو شتان دەچێتەوە: یا نوور

یا مادە، غەیری پێغەمبەر هیچ کەس و هیچ شتێك نییە مادە و نوور بێ؛ واتە ماددەکەی نوور بێ، بە شکڵ مادەیە و سێبەریشی نییە. کەواتە نووری رووتە.

لە بەیتی دووەمی لاپەڕە ٤٣١:

ئەی شەمسی مایە پەروەر و ئیکسیری قەلبی خاك!

بنوارە حاڵی هالیکی ئەم خاکە ئەحقەرە

شەرحەکە دەڵێ دەشێ مەبەست لە «خاکی ئەحقەر»، نالی خۆی بێت وەیا وڵاتەکە بێ. ئەم بۆچوونەی کە وڵاتەکە بە ئەحقەر دابنێ دوورەکی زێدە دوورە لە مەبەسی نالی؛ چونکە لای ئەو مەکە و مەدینە پیرۆزترین شوێنی دنیان. لە سەرەتاکانی قەسیدەکەدا ڕەوزەی دانا بە مەرکەزی عەرش و مەدینەی کردە جەوهەری فەرشی هەموو زەمین... مەدینە ڕۆژ و شەو «طیب»ی جیهانە... مەدینە گڵی گوڵە، ئاوی لە کەوسەرە... دیسانەوە شەرحەکە وا دادەنێ «هالیك» نەبێ، «حالیك» بێ، بە واتای تاریك... ئەم بۆچوونە وەها دادەبڕێ کە بەیتەکە پتر لە قەبەڵ وڵاتەکە بکات بۆ حەقارەت. هەرچی «هالیك»ە پتر بە لای نالیدا دەچێتەوە، چونکە گیانلەبەرە و هەلاکی بە دمەوەیە. بۆیە «هالیك» جێی خۆیەتی و «حالیك» دەست نادات، با بڵێین جێی «هالیك» ناگرێتەوە.

بەیتی دووەمی لاپەڕە ٤٣٤:

گۆچانی غیرەتت لە ملمدا موعەوزە بێ

تا موژدە دێ کە نووری یەقینم موظەفەرە

شەرحەکە دەڵێ نالی لە پێغەمبەر دەپاڕێتەوە، لە دەمی سەرەمەرگدا، گۆچانی غیرەتی بکاتە ملی نالییەوە... «ئاگادارم بی» تا موژدە دێ کە باوەڕ و ئیمانی زاڵ بووە بەسەر بێباوەڕیدا.

شەرحەکە باشە؛ بەڵام خۆی لە «موعەوزە»، بێئاگا کردووە و نالێ چییە. ئەم «مەعەوزە – معوذە»یە. ئیشارەتە بۆ دوو سوورەتی قورئان، یەکیان، «قل أعوذ برب الفلق»، ئەوی دیکە، «قل أعوذ برب الناس» لە هەردوویاندا خۆ دانە پاڵ خوا لە شەڕی «النفاثات فی العقد» و «الوسواس الخناس الذی یوسوس فی صدور الناس» هەیە. بەو دوو سوورەتەش دەڵێن «المعوذتان». لە دیوانی گیودا لە بری «موعەوزە» نووسراوە «معوذ». بەلای منەوە ئەمیان ڕاستە؛ چونکە نایەتە دڵەوە، نالی لە قەصیدەی وەها

غەرِادا «موعەوذە»ی ناچاری و پەککەوتن لەسەر وشەی نایاب بەکار بهێنێت.

لە بەیتی لاپەڕە ٤٣٥، نیوەی دووەمی بەیتەکە:

واصیل ببم بە ڕەحمەتی بارانی، مەقبەرە

لە دیوانی گیو و تێکستی «عم» و «گم» «مەغفیرە» کە دەکاتە لێخۆشبوون، هاتووە. ئەمیان لەگەڵ نەفەس و ئاووهەوای قەسیدەکەدا ڕێکتر دێت، چونکە پاڕانەوەکە بۆ لێخۆشبوونە.

شەرحەکە دەڵێ: بۆ ئەوەی شەیتان ڕووزەرد بێ، منیش بە هۆی بارانی ڕەحمەتی خواوە بگەمە گۆڕستان... هتد. گەیشتن بە مەقبەرە، بە باران و بێ باران، بۆ مسوڵمان و کافر تەگەرەی تێدا نییە، شەیتانیش مەنعی ناکات. نالی دەپاڕێتەوە بگاتە ئەو بارانەی ڕەحمەتی خوا کە بڕژێتە سەر قەبرەکەی.

بەیتی سەرووی لاپەڕە ٤٣٦:

دوومینە ئیلتیجام ئەمەتە ئەو دەمەی دەبێ

ئەلواحی ئەلحەدم بە زەنابیلی مەعطەرە

شەرحەکە، ئەم بەیتەی بە دوو بەیتی دوا خۆیەوە بەستووەتەوە، حەقیشیەتی؛ بەڵام چ لەم شەرحەدا و چ لە تێکستەکاندا و چ لە دیوانی گیودا، ئەم وشەیە «مەعطەرە»، تا بڵێی بێجێیە: نالی تۆقیوە لە جیفەخۆریی خۆی، چۆناوچۆنی قەبرەکەی دەبێتە شوێنی عەتر فرۆشی؟ بە پێی باوەڕی من، وشەکە «مەعصەرە – معصرە»یە، بە واتای جێگای شت تێدا گوشین، وەك کە ترێ دەگوشن، بە زەنبیلە دەیبەن بۆ کۆگەی دۆشاو... بارەها لە منداڵیمەوە بەزمی دۆشاوگوشینم دیتووە. لەبیر نەکەین کە باوەڕێکی کۆن هەیە بەوەدا کە مردووی بەد، گوڕەوشار دەدرێت کە لە «گور أفشار»ەوە هاتووە واتە «گورگوش».

بەیتی یەکەمی لاپەڕە ٤٣٧:

سێمینە ئیلتیجام دەڵێم ئەی غەوثی عاصییان

هاواری بگرە بەردەیی ئاشووبی مەحشەرە

بەدەست خۆم نییە، ئەم «دەڵێم»ە ناچێتە دڵمەوە. چەند تێکستی ناو شەرحەکە لە جیاتی «دەڵێم» وشەی «دڵم»یان داناوە بە گۆڕینی هەندێ باری بەیتەکە. ئەم وشەیە

زۆر لەبارترە و ڕاگەیەنترە. لە جیاتی «دەڵێم»ی بێلزووم «دڵ»ی خاوەن هەست و سۆز هاتووە کە حاڵەتەکەش پڕە لەو جۆرە موچڕکانە [سێمینە ئیلتیجای دڵم ئەی غەوثی عاصیان].

بەیتی دواتر:

ئەو ڕۆژی ئاخیرەی کە چ ڕۆژی لە دوو نییە

ڕوترش و قەمطەریر و عەبووس و غەضەنفەرە

شەرحەکە وا دادەنێ کە ئەو ڕۆژە ئاخری ڕۆژانە نابڕێتەوە... بەلای من و واقیعیشەوە ئەو ڕۆژە لە سرەی ڕۆژانی دنیادا ڕۆژی دیکەی بە دوادا نایەت نەك خۆی برانەوەی بۆ نییە؛ چونکە ئەگەر هەر بەردەوام بێ بەو هەموو ترشی و گرژی و تووڕەیییەوە، کەس ئومێدی بە بەهەشت نامێنێ، بگرە دەبێتە جەژنی گوناهباران. لە مەنتیقی جەزا و پاداشی دوا ڕۆژی پاش دنیا، دەبێ ئەو ڕۆژە بەسەر بچێ، دەنا بەهەشت و دۆزەخ بێکەڵك دەبن.

نالی لەم بەیتانەدا، پێوەی دیارە چ باوەڕی بە فەلەکییاتی نوێ [دوای کۆپەر نیکۆس و گالیلیۆ] نەبووە، لە فەلەکییاتی بەتلەمیۆسیش هەر ئەوەندە ڕەنگەی سەلماندبێ کە لەگەڵ واتای ئاشکرای ئایەتی قورئان ڕێك دەکەوێت. دەتوانم بڵێم ئیمانی بە ئەرز و ئاسمانێك هەبووە کە پێش تەرجەمەی زانستەکانی یۆنان و لە دەقەکانی ئاین و کتێبی سەر بە ئاینەوە دەناسرێنەوە. لە سەرەتادا کە زانستەکانی یۆنان تەرجەمە کران هەمووی لەلایەن مەلاکانەوە بە کوفر داندران، هەتا ماوەیەك کە پەنگاوی دایەوە و بوو بە جێی باوەڕی عەقڵی ئەو سەردەمە، ئنجا مەلاکان، ڕەنگە هی چینی دووەم، باوەڕی ئاینییان لەگەڵ ئەو زانستانەدا گونجاند. هۆیەکی هەرە زلی ئەو گۆڕانکارییە لە باوەڕدا، دەچێەوە بۆ ئەوەی خەلیفەکانی، بە تایبەتی عەباسی لاهووتی نەبوون. ئیبنو خەلدوون لە «مقدمة» کەیدا دەڵێ: «سیدنا عمر أمر بمحو علوم الفرس»، قەشەکانی کەنیشتە بەر لە ٤٠٠-٥٠٠ ساڵێك زانای فەلەکییان سووتاند کە دەیگوت ئەرز دەسووڕێ...

بەیتی سەرەتای لاپەڕە ٤٤٠:

دنیا بووە بە تاوە وو صەحرا بە ژیلەمۆ

دنیا دەڵێن کە ئاگرە، ناری سەمەندەرە

دووبارەبوونەوەی «دنیا» لە سەرەتای نیوە بەیتەکاندا، هـی سەلماندن نییە. حەفت تێکست لە جیاتـی دونیا «دەریا»یان داناوە، گیویش هەروەهـا. بوونـی دەریاش بە ئاگر پتر گەرمیی ئەو ڕۆژە ڕادەگەیەنێ تا ئەوەی دەریا وەك ئاگری سەمەندەری لێ هـاتووە. واتە سەمەندەرێکی هـەر لەناو ئاگر دەژی، لەو ڕۆژەدا دەتوانێ بچێتە بەحرەوە و بژیت [و دەڵێم: تووشی زوکامیش نەیەت].

بەیتـی دووەمـی لاپەڕە ٤٤٠:

دیـوانـی گـەرمـی بـاری خـودایـە، بـە پـایـە عـام

ئیصغایـی خەڵقە، ساعەتێکی عەرضـی مەحضەرە

شەرحەکە دەڵێ: خوا دیوانـی گەرمـی خۆی بەستووە و خەڵك بە پێوە ڕاوەستاون، گوێیان شل کردووە، کاتـی عەرزکردنـی سیاهەی کرداری خەڵکە لە حوزووری خوادا.

ئیصغای خەڵق شتێك نییە لە شکۆی ئەو ڕۆژە زیاد بکات. زۆر لە تێکستەکان و دیوانـی گیویش «أصغار – ئەصغار»یان نووسیوە لەباتـی. وا دەزانم ئەمیان بە هەڵە لە «أسفار – ئەسفار»ەوە هـاتووە بە واتای «سیاهـ» کە لە وشەی «مەحضەر»ەوە دێت و یەك واتـایـان هـەیـە. شەرحـەکـە لـە تـەرجـەمـەی وشەکـان «مـەحـضـەر»ی بـە: خزمەت، حـوزور لـێك داوەتـەوە. دەگـوتـرێ «مـحــاضر الجلسات»، واتـە سیـاهــەی وتووێژی کۆبوونەوان. [ساعەتەکەی] مناسبترە، بە واتای قیامەت دێ.

لە بەیتـی لاپەڕە ٤٤١:

لایـەك «زەبـانـییـە» لـە سەروکـاری نـارە، نـار

«هَـلْ مِـنْ مَزِیدْ» زوبـانـیـە وەك مـاری ئەژدەرە

نالـی نووسیویەتـی «زبانیە» لە جیاتـی «زوبـانـی...» بەمەدا لەگەڵ «زەبانییە»، دەبنە جـیـنـاسـی تـام. فـارسیش «زَبـان» دەڵـێن. لـەم وشەیـەی «زوبـان»، ئـەو واتـایـەش دەفامرێتەوە کە دەگوترێ: زمانەی ئاگر ئیتر جێی خۆیەتـی ئاگر بە زبان بێت و بڵێ «هل من مزید». دیارە زمانەی نارەکەش وەك ماری عەزیا زل و بێڕەزایە.

بەیتـی یەکەمـی لاپەڕە ٤٤٢، جێگەیەکـی لەقـی خلیسکـی تەسکـی هەیە:

لایێکی کەش لە جەننەت و ڕیضوان تەدارەکە

حۆری ئـەوا بـە مـونـتـەظیریـی دێنە مەنظەرە

ئاخر لەو هەموو ئاگرستانەدا چ جێگەی حۆرییە؟ بەیتی دواتریش «أشخاص خاص»، وا چاویان ئەبڵەق بووە. بێگومان بەیتەکە لە چاو تێکڕای قەسیدەکە لاوازە دەشێ خێرەومەندێك ئەو بەیتە بن بزێوکەی بۆ دڵدانەوەی ئەهلی مەحشەر کردبێتە سەدەقــە. وشەی «تـەدارەك» کورد دەیڵێت، ڕاستییەکەی «تـەداروك»ە لـە کێشی «تەفاعول».

بەیتی سەرووی لاپەڕە ٤٤٣:

زێڕ و زەبەر دەبن بە دو فیرقە، لە فیرقەتەین

واوەیل و ئیمتیازە کە کێ بێنە کێ بەرە

سێ تێکست لە جیاتی «کێ بێنە»، نووسیویانە «کێ سینە». ئەو سێ تێکستە و دووی دیکەش لە جیاتی «کێ بەرە» نووسیویانە «کێ سەرە». گیویش سینە و سەری نووسیوە. سەرەڕای ئەمە، بەیتی دووەم، یەکسەر دەچێتە شەرحی حاڵی سینە [ئەکثەر کە سینە تابیعی...] دیاریشە سینە لە بەیتەکەدا دەوەستێتەوە بەرانبەر «زێڕ» و «واوەیل».

لە بەیتی دووەم، لاپەڕە ٤٤٣:

ئەکثەر کە سینە، تابیعی بەرد و حەرارەتە

یەعنی وەقوودی نارە، بوخاری موسەییەرە

شەرحەکە دەڵێ: لەم بەیتە و بەیتی دواوەی گومانـاوین کە مەعناکەمان بە تەواوی زانیبێ و بەم شێوەیە شەرحی دەکات: نالی ئەڵێ، زۆربەی ئەوانەی لە مەیدانی حیساب خڕبوونەتەوە، کە کافرانن، شوێنکەوتووی سەرمای زەمهەریری دۆزەخ و گەرمای ئاگرەکەیین... واتە سووتەمەنیی دۆزەخن و هەڵمی کوڵانیان لە ناو گەرمای دۆزەخدا، ئەرەوێنرێ و سەرئەخرێ...

وا دەزانم «سینە تابیعی بەرد و حەرارەتە»، لەوەوە دێت کە ساردی و گەرمیی خۆراك و خواردنەوە بە سینەدا تێپەڕ دەبێ؛ واتە پێی ئاشنایە و ڕاهاتووە. لەمەوە جێی خۆیەتی «تابیعی بەرد و حەرارەت» بێ. ئەوەی ئیشکالە وشەی «موسەییەر»ەیە. لە شەرحەکەدا دەڵێ: هەڵمی کوڵانی کافران لە ناو گەرمای دۆزەخدا، ئەرەوێنرێ و سەر ئەخرێ. ئەم قسانە چەندێکی مێشك گوشینی لەگەڵدا کرابێتیش بە چ ناگات و چ ڕوون ناکاتەوە. تێ دەگەین گەرما شت بکوڵێنێ، بەڵام «بوخاری موسەییەر»، بۆ لای

ساردایییەکەی سینە دەچێتەوە. دەمەوێ لە «موسەیەر»ەوە بۆ ئیحتیمالی هەڵەی نوسخەنووسان بچمەوە و بڵێم ڕەنگە «موسەببەر» بێ کە لە «سَبْر»ەوە هاتووە بە واتای پێوانە و تاقیکردنەوە وەك کە دەگوترێ «سَبَرَ غَورَهُ»؛ بەڵام بە کەڵکی بەیتەکە نایەت. خولاسە، بەوەندە کەرەستەی تێگەیشتن لە دەستدایە، خۆ پێوە ماندووکردنی بێبەرە.

بەیتی دووەمی لاپەڕە ٤٤٥:

ئـەعـمـالمان لـەگـەڵ هـەمـوو ئـەوضاعی حـاڵـمان

مەغشووش و جەمعی، حاضرە، گەر خەیر، گەر شەڕە

شەرحەکە واتای بەیتی دووەمی لێ داوەتەوە، وای داناوە کە «مەغشووش و جەمعی» ئەعمال دوو جۆری دژ بەیەکترن. مەغشووش واتە ساختە و چرووك لەگەڵ «جەمع» نە بە دژایەتی و نە بە برایەتی ناگونجێن، من وەهای بۆ دەچم، وشەکە «مفشوش – مەفشووش» بێت، بە واتای پەرت و بڵاو. لە زاراوەی لوبنانییان «فَشّهْ خلق» بە واتای دەروون ڕەهاکردن لە قسەی پەنگخواردوو دێت. وا بزانم سوورییەییش هەروەها دەڵێن.

بەیتی سەرووی لاپەڕە ٤٤٦:

ذەرێك لـە چـاوی بـۆتـەیی صەڕافی کـەفـەدا

مـەخـفـی نـیـیـە، دیـارە، وەکـو ڕۆژی نیمەڕە

شەرحەکە بۆ ئەوە نەچووە کە ئەم «ذەڕ»ەیە و سەبك و موفرەداتی بەیتەکە، وەك: چاو، صەڕافی کەفە، مەخفی نییە، ڕۆژی نیوەڕۆ... ڕادەگەیەنن کە مەبەستی نالی لە بەیتەکە ئایەتی «ومن یعمل مثقال ذره...»، ئیتر چاکە بێ یا خراپە «آیَه»ە.

بەیتی یەکەمی لاپەڕە ٤٤٨:

سەراپـا گـوارە زەردی تـرس و لـەرزە

دەڵێی عاصیی بووە لەو جێگە بەرزە

دەبوو شەرحەکە بشڵێ وشەی «سەراپا»، جگە لە «هەموو»، ئەو لایەنەش ڕادەگەیەنێ کە هێمای بۆ ئەوەی سەر لە جێی پێ بێ، کە دەکاتەوە مەعنای نیوەبەیتێکی لێرە بە پێشەوەی: «بە گوێ هەڵتاوەسیوە سەر موعەللەق».

لە بەیتی دووەمی هەمان لاپەڕەدا:

سوروشکم ئاب و دانەی نارە، کێ دی

بە گەرمی داوەرێ بەم طەرزە تەرزە

شەرحەکە باشی مەعنا لێ داوەتەوە تەنها یەك نوکتە هەیە بگوترێ: وشەی «بە گەرمی»، هەر وەك گەرمی ڕادەگەیەنێ، واتای بێوچان و خێرا و لەسەر یەکیش بەدەستەوە دەدات و بەمەدا دەروو پەیدا دەبێ بۆ شوبهاندنی دڵۆپی فرمێسکەکان، بە تەرزە کە دەزانین گەرمایی لەگەڵ تەرزەدا نایەت.

بەیتی سەرەتای لاپەڕە ٤٥٠:

دەفەرمووی: چاوەکەت زەنجیرکە نالی

کە موطڵەق چا نییە ئینسانی هەرزە

شەرحەکە «هەرزە»ی بە «بێ ئەدەبییەت» داناوە. ڕاستییەکەی هەرزەکار، گەنجی پێش تەمەنی باڵغ بوونە، با بڵێین ١٠-١٢، ١٣ ساڵی. لە وەسفدا «ئینسانی هەرزە» دەشێ بێ باك و بێ تەقیە، مەبەست بێ. «موطللەق چا نییە»، دوو واتای هەیە، یەکیان بە مەعنای «هەرگیز چا نییە»، ئەوی دیکەیان «بە بەرەڵڵایی چا نییە» کە ئەمیان لەگەڵ زنجیرکردن ڕێك دێت.

شەرحەکە لە هەرزەوە «بیبیلەی چاو»ی وەرگرتووە: ئەم بیبیلەیەش لای خۆیەوە، وەها دەگەیەنێ کە منداڵە هەرزەکاریش هەر منداڵە.

لە بەیتی دووەمی لاپەڕە ٤٥٠، شەرحەکە وشەی «کف» بە «کوفی»؛ واتە بە کەسری «فّ» نووسیوە، ڕاستییەکەی «کُفًّ، کوفە»یە.

بەیتی سەرەتای لاپەڕە ٤٥١:

نەی، کە صاحیب سیرە، سەر تا پا بە ئەمری «کن» کونە

باطینی «قِف قِف علی سری» بە ظاهیر قەف قەفە

ئەم دەقە لە نووسینی «بە ئەمری...» کەلێنێکی خستووەتە شوێنی یەك لە مەعناکانیەوە. من هەر بیستوومە، لە دەوروبەری تێدا ژیانم و لە دیوانی گیویش نووسراوە: «بە ئایەی...». وەك لەبیرمە لە «چەپکێك...»یشدا هەر وەهام شەرح داوە. «ئایەی» لەگەڵ نەختێك تێرکردنی بزوێنی فەتحەی سەر «ی»ی ناوەڕاستی وشەکە

دەبێتە «ئایای» کە مەقامێکی مەشووری کوردییە و تا بڵێی بەسۆزە. لە «صاحیب سیرە»دا، ئیشارەتی بەرچاو هەیە بۆ مەثنەویی مەولانای ڕۆمی: «بشنو از نی چون حکایت می کند».

لە ئاست «میندەفە»ی بەیتی دووەمی هەمان لاپەڕە، ئەوەندە دەڵێم، لە کوردیدا «سەرومەندەفە» بە «دەستاڕەی بوزورگ» دەگوترێ.

بەیتی دووەمی لاپەڕە ٤٥٣:

صاحێبی «علم الکتاب»ە موطریبی هودهود نەفەس

یا سولەیمانە لە «اخوان الصفا» ئاصەف صەفە

وشەی «صاحێبی» دەبێ «صاحیبی» بێ. چ لزوم نییە ڕاوێژی نالی بهێنینە سەر ڕاوێژی گفتوگۆی عادەتی، کە دەزانین نالی پەڕوای نەبووە لە بەکارهێنانی سەختترین وشە لە جێی پێویستدا. بەو «ێ»یە بەیتەکەش نەختێك تەمبەڵ دەبێت و جوانییەکەی دادەشکێ. ساحیب لێرەدا کە هودهود نەفەسەکەیە هەم بە واتای «خاوەن» و هەم بەواتای «برادەر» دێت. هودهودی حیکایەتی «سەبەء» و بەلقیس هاومەجلیسی ساحیبی «علم الکتاب» بوو نەك خاوەن. شەرحەکە وا ڕادەگەیەنێ کە نالی خۆی مەبەستە لە هودهودی هاومەجلیسی علم الکتاب، سلێمانیش سولەیمان پاشای بابان بووبێ. ئەم بۆچوونە بە چاوپۆشی و لێبووردوویی و سەلماندنی تەئویل نەبێ، ناچێت، کلێشەی «یا سولەیمانە لە اخوان الصفا ئاصەف صەفە»، جگە لەوە کە هودهود نالی بێ ئەو هودهودە خاوەنی علم الکتاب نەبووە، هاومەجلیسی بووە. لەمەش زیاتر، کە نالی هودهود بێ، چۆن دەبێتەوە سولەیمان پاشا. شەرحەکە دەیەوێ بە باسکردنی تەوازوعی سلێمان پاشا گونجاندنێك بۆ نالی پەیدا بکات، ببێتە هودهود نەفەس، بەڵام ڕێگەی ئەم تەئویلە کوێر بووەتەوە لە بەیتەکە بەوەدا کە هودهود نەفەسەکە «سولەیمانە لە ئیخوانوصەفا».

بۆ لێکدانەوەی ئەم بەیتە دەگەڕێمەوە لای **چەپکێك لە گوڵزاری نالی**، هەرچەند نەختێك درێژەشی هەیە. لەوێدا نووسیومە [نەختێك کورتکردنەوەی تێدا کراوە]:

«دەزانین ئەم «صاحبی علم الکتاب»ە هەمان کەسە کە بەدوا گێڕانەوەی حیکایەتی سەبا و بەلقیس و عەرشەکە لە لایەن هودهودەوە هەستا و عەرشەکەی [بۆ سلێمان پێغەمبەر] هێنا. فکرمان بۆ ئەوەش دەچێ کە گۆرانیبێژەکە [ی قەصیدەی نالی]

هودهود نەفەس بێ، دەبێ خۆی لە گۆرانیدا وەك هودهود باسی بەلقیس و عەرشەكەی سەبای كردبێ. لە هەمان كاتدا ئەم گۆرانیبێژە خۆی «صاحیبی علم الكتاب»ە [وەك كە نالی دەڵێ] یا بە ڕاستی [وەك ڕیوایەتی قورئان] یا بە ئاهەنگی گۆرانی، عەرشی بەلقیسی حازر كردووە لە كۆڕی بەزم و گۆرانیدا [ئەویش لە قەسیدەی نالیدا]. هەروەها «سلێمان»ی پاشا و پێغەمبەر دەبێ لە نێوان «اخوان الصفا»دا واز لە پاشایی بهێنێ و بێتەوە ڕیزی «ئاصەف» كە وەزیری خۆیەتی و لەو دەمەدا ئەو «الذی عنده علم الكتاب» – كە دەكاتەوە هەڵگری عەرشەكە – بووە... جارێكی دیكەش لە مەبەس نزیك دەبینەوە كە دەزانین لە نێوان «اخوان الصفا»دا پیاوێك هەبووە ناوی «ابو سلێمان» لەمەوە بە جارێ «سلێمان پێغەمبەر»، ئەندامەتیی گرووپی «اخوان الصفا»ی لێ دەبێتە بەشێكی كەسایەتیی ڕاستەقینە، نەك لە ڕێی تەشبیه و مەجاز... بەڵام جارێ دوورین لەوپەڕی واتاكەی چ دووریی ئاسۆیی بێ بەرەو پانایی، چ دووریی ستوونی بێ بەرەو بەرزایی وەیا قووڵاییی بەیتەكە».

بەیتی یەكەمی لاپەڕە ٤٥٤:

جامی تاقی مەیكەدە میشكاتی قیندیلی دڵە
شیشە پڕ قەرقەف لە ڕەفرەف شاهی عالی ڕەفرەفە

شەرحەكە دەڵێ: پیاڵەی شەراب كە لە دەلاقەی مەیخانەدا دانرابێ، ئەو تاقەیە كە چرای دڵی سەرخۆشانی تیا دائەنرێ. شیشەی پڕ لە شەرابیش [هەر دەكاتەوە پیاڵەی شەراب م.م.] لەسەر چیمەنی پڕ لە گوڵ و شینایی، شاهێكی پایە و ڕێ و شوێن بەرزە، هەرچەندە لەسەر زەویش دانراوە. هەڵەیەكی ڕێكەوتانە لە داڕشتنی سەرەتای شەرحەكە هەیە كە دەڵێ: «پیاڵەی شەراب...» دوای شەرحێك خەبەری ڕستەكە دێت بە «ئەو تاقەیە...». هەڵبەت پیاڵە نابێتە تاق، ڕاستییەكەی سەرلەبەری بۆچوونی شەرحەكە دەبێ لە نوێ و بە جۆرێكی زۆر جودا هەڵنرێتەوە.

وا دەزانم ئەمەی دەیڵێم بەلای حەقیقەتی بەیتەكەوە نزیكە. جامی تاقی مەیكەدە، دەلاقەی چرای دڵە. شیشەی دڵ [لەجیاتی وەك چرا نەوتی تێ بكرێ] پڕە لە قەرقەف [شەراب]. ئەو دڵە لە ڕەفرەف بە خۆی و شەرابی مەستییەوەی شاهێكی ڕەفرەف بڵندە.

شەرحەكە ڕەفرەفی بە "ڕایەخی جوان، تەختانی پڕ لە گوڵ و سەوزی" داناوە. لە شیعری ئەحمەد شەوقی هاتووە: «وأت قاعا كرفرف الخلد طیبا» كە دەكاتەوە

شوێنێکی بەهەشت. کە وشەکە کەرت بکەین دەبێتە «ڕەف – ڕەف»، هەر دوویان تاقی مەیکەدە دەڵێنەوە کە دڵە پڕ شەرابەکەی لێ دانراوە. واتە لە هەر «ڕەف»ێك یاخود لە هەر لای ڕەفڕەف بێت، دڵەکە ئەو شاهەیە.

بەیتی دووەمی لاپەڕەکە:

طەبعی نالی توندە ئەمڕۆ، یا بە نەشئەی نیم نیگاهـ

مـەستی ڕەحـڕاح و مـەی و ڕاح و قــەراح و قــەرقــەفـە

شەرحەکە دەڵێ: نازانم نالی هەر لە خۆیەوە ئەمڕۆ تەبیعەتی توندە و قسەی تیژ و بە توێکڵ ئەکا و لە چەند لاوە تێ هەڵچووە، یاخود مەستی بە لاچاو ڕوانینی یارە بۆی، وەك بڵێی شەرابی سازگاری لە دەستی یار وەرگرتبێ و خواردبێتیەوە. لەم شەرحەدا تێبینیی ئەوە دەکرێ، ئەگەر نالی شەرابی دەستی یاری خواردبێتەوە، لەوە دەرچووە بە نەشئەی نیوەنیگا مەستی ئەو هەموو وشانە بێ کە هەمووی شەرابە. هێزی نیم نیگا لەوەدا دەبێ کە نالی شەرابی نەخواردبێتەوە، ئنجا هێندەش سەرخۆش بێ.

لە بەیتی دووەمی لاپەڕە ٤٥٥، شەرحەکە «سەمەن» و «یاسەمەن»ی بە یەك شت داناوە. من قامووسم لا نییە بۆی بچمەوە، بەڵام شیعری فارسی هەیە دەڵێ [بە ڕێنووسی کوردی]: «سەر و سەمەن و یاسەمەن و عەرعەر و شمشاد...»

بەیتی دووەمی لاپەڕە ٤٥٦:

نـەولـی ئـاهـەنگی «قد قـامت» طـەریقـی جـەمعـی زوهـهـادە

قـەد و قـامـەت بـە لـەهـجـەی ڕاستـی طـووبـایـی عـوشاقـە

شەرحەکە دەڵێ: بۆ زاهیدان، ڕێگا بریتییە لە گوێگرتن لە ئاوازی بەزمی «قد قامت الصلاة»، قەد و باڵای یاریش طووبای بەهەشتە.

نـالی کـە دەڵـێ:«جـەمعـی زوهـهـاد– زاهـیدان»، لـەو جـەمـعـە ئـیشارەت بۆ نوێژی جەماعەت دەچێتەوە کە «قد قامت الصلاة»، بۆ ئەو نوێژەیە نەك هی تاك. ئەو طەریقەش یـەکسەر دەچێتەوە بۆ بەهەشت، بۆ طووبـای بـەهـەشت، کـە قـەد و قـامـەتی یـار ئـەو طووبایەیە...

بـە«لـەهـجـەی ڕاستـی»ش، ئیشارەتـە بۆ قـەد و بـاڵای ڕاستـی یـار، جگـە لـە واتـای وشەکە، ڕاستی و دروستیی تێدایە، بۆرە هێمایەکیش هەیە بۆ گوتەی «من مات فقد

قامت قیامتە»، دیارە مەرگیش ڕێگەی هەمووانە.

بەیتی سەرەتای لاپەڕە ٤٥٧:

بە زولفی تۆیە وابەستە، لە من دڵ گەر پەرێشانە

بە ئەبرۆی تۆیە پەیوەستە، ئەگەر طاقەت لە من تاقە

شەرحەکە هەوڵێکی باش و تا ڕادەیەك، سەرکەوتووی داوە کە دەڵێ: دڵەکەم کە بڵاوە و لای خۆم نییە، پێوەندیی بە زوڵفی پەرێشانی تۆوە هەیە. کە تاقەتیشی نەماوە، لەگەڵ برۆی پەیوەست و وەك تاقی تۆ پەیوەست بووە. لە بواری حوسنی تەعلیلەوە، شەرحەکە دەڵێ: وەصفی «وابەست و پەرێشان»، کە بۆ زوڵف لەبارن، داونی بە دڵ. وەصفی «پەیوەست و تاق» کە بۆ برۆ ئەگونجێن، داونی بە تاقەت. ئەمەی شەرحەکە بەجێی خۆی. منیش لەلای خۆمەوە ئەمەیە شەرحم: پەرێشانیی نیوەبەیتی یەکەم لە هەمان کاتدا دەشێ بە زوڵف و بە دڵیش وەك لەمەدا دیارە دەدات:

هەرچەند دڵم پەرێشانە، وابەستەیە بە زوڵفت

هەرچەند زوڵفت پەرێشانە، دڵم وابەستەیە پێوەی

لە نیوە بەیتی دووەمدا، «تشابك» هەیە لە نێوان لەفز و مەعنادا، تا دەگاتە «تبادل». ئەم حاڵەتەی «تشابك وتبادل»یش لە چڕی و پڕیی نیوە بەیتەکەی زیاد کردووە، بەم شێوەیە، طاقەتی من کە تاق بووە و نەماوە بە ئەبرۆی تۆوە پەیوەستە [چونکە تاق واتای قەوسیش دەدات، بەمەدا «تاق» بە واتای فەوتان بووەتە «تاق»، بە واتای قەوس] دیسانەوە: «ئەگەر طاقەت لە من تاقە» تاقیش قەوسە؛ لەوەوە هاتووە کە طاقەتەکە پەیوەستە بە برۆکانی، برۆش قەوسە. ئنجا دیسانەوە طاقەتی من کە تاقە، فەوتاوە و نەماوە، وا پەیوەستە بەو برۆیانەوە.

بەیتی دووەم، لاپەڕە ٤٥٧:

بە نەهری کەوثەر و شیر و عەسەل چەند تینووە صۆفی

لەبی نالی دوچەندان بۆ لەبانی لەعلی موشتاقە

شەرحەکە تینوەتیی صۆفیی بردووەتەوە بۆ تەماعی دنیایی، ئیشتیاقی دڵدارانیش دەباتەوە بۆ «ڕاحەتی ڕوح» و خواپەرستی. شەرحەکە تینوەتیی صۆفی عەیبدار دەکا لە ئاست ئیشتیاقدا. من لەو باوەڕەدا نیم، نالی پاتەوپات دەڵێ: صۆفی چەند بۆ کەوثەر و

شیر و عەسەلی بەهەشت تینووە، من دوو هێندە، بۆ لێوە لەعلەکانی ئارەزوومەندم. تینوەتیش بە تاوترە لە موشتاقی، لە حەقیقەتیشدا، ئەو صۆفی و دەروێشانەی دەیانناسین، مەگەر چۆنها، دەنا هەمووی ڕەش و ڕووتن. نالی کە دەڵێ بۆ لەبانی لەعلی یار، دوو هێندەی ئارەزووی صۆفی بۆ بەهەشت ئارەزوومەندم، لەوەوە دێت کە یار دوو لێوی هەیە، هەر لێوی بە بەهەشتێکە، بۆیەش دەڵێ «لەبی نالی» و «لەبانی لەعلی». وشەی «لەبانی» کە «لبان» دەنووسرا بۆ «لُبان – لوبان»یش دەچێتەوە کە کامی دڵە. شاعیری عەرەب دەڵێ: «فشبت ولم أقض اللبانه من عمری».

بەیتی سەرووی لاپەڕە ٤٥٨:

بە مەرگی خۆت قەسەم، زاهید هەموو عومرت عوبوورێکە

مەقام و مەنزڵت ئاخر لەکن جەمعی قوبوورێکە

شەرحەکەی زۆر سادەیە و دەقی بەیتەکە پێکەڵپێکە لەگەڵی. من تێڕوانینێکی جودام هەیە. نالی کە سوێند دەخوا بە مەرگی زاهید و ناڵێ بە قورئان و بە حەدیس و مەرقەدی شێخان، لەوەوەیە کە لەعەینی سوێندەکەدا، قسەی نالی دێتە جێ؛ چونکە بە مەرگ عومرەکە عوبوور دەکات. لە دیوانی گیو «مەکان» نووسراوە لە جێی «مەقام»؛ بەڵام لەمەدا گەوهەرێکی زێدە نرخدار لە دەست دەچێت؛ چونکە «مقام» لە «قیام»ەوە دێت. «منزل» لە «نزول»ەوە دێت، کە بە هەردووان سەرلەبەری حاڵاتی صۆفی دەگرێتەوە، یا بە پاوەیە یا بە ئەرزەوە.

بەیتی دووەمی لاپەڕە ٤٥٨:

دڵم بەردە ئەگەر شاخە، بە چاوی سووکی مەنواڕێ

بەخۆڕایی نەسووتاوە، ئەمیشە کێوی طوورێکە

شەرحەکە ڕاستە واتای وشەکانی لە ڕستەدا بە مەبەستی شیعرەکە گرتووە، تەنانەت «ئەمیشە کێوی طوورێکە»ی مەیلەو پشتگوێ خستووە، وەك دێتە بەر شەرحی دواتر، «دڵم بەردە»، هەر وەك گاشەبەرد بەدەستەوە دەدات «واز لە دڵم بێنە»ش ڕادەگەیەنێ بەرانبەر تەعنەی دڵ بەتاڵان. وشەی شاخیش هەم کێو هەم تەرزە بەردێکی سست ڕادەگەیەنێ و لە خڵتەی ساڵ لە دوا ساڵی لێشاوکەی ئاوی لێڵ وەیا مەعدەنی پەیدا دەبێ. نالی دەڵێ واز لە دڵم بێنە، یاخود دڵم ئەگەر بەردە، ئەگەر شاخە، بە چاوی سووکی سەیر مەکە، لە هیچە نەسووتاوە، بەڵکو ئەمیش کێوێکی وەك طوور وایە کە

نووری خوا تەجەللیی بۆ کرد و سووتاندی، دڵەکەی منیش [کە شاخە، شاخیش کێوە] تەجەللیی نیگای یاری بۆ کراوە و سووتاندووەتی. ئەم لایەنەی «تەجەللیی یار» یەکسەر لە بەیتی دواتر دەردەکەوێ؟

شوعاعی ڕووت لە گەردندا دیارە دڵ دەسووتێنێ

بنازم بەم تەجەللایە، چ خورشید و بلوورێکە!

شەرحەکە ڕاستەواتای وشەکانی لێك داوەتەوە و بەس، ئاوڕیش لە بەیتی پێشووتر ناداتەوە کەچی پێوەی نووساوە. نالی کە دەڵێ شوعاعی ڕووت لە گەردەندا، جگە لە گەردەنی بنیادەم، گەردەنەی شاخیش ڕادەگەیەنێ، لەمیشدا تەجەللی هاتەوە بە ئیشارەت بۆ شاخی طوور و بە پاتەوپات بۆ دڵ، هی طوور تەجەللیی خوا بوو هی دڵ تەجەللیی یار بوو.

بەیتی لاپەڕە ٤٦٠:

غەمی چاوت لە چاومدا، هەمی قەدت لە سینەمدا

لەبەر سستی و ضەعیفی ئەو خەوێکە، ئەم خوطوورێکە

شەرحەکە دەڵێ: خەم و خەفەتی دووریی چاوت لە چاوما نیگای کێشراوە و دەردی دووریی بالاّت لە سینەمدایە. ئەمە دڵم ڕەحەت دەکات کە پێوەندیم لەگەڵتدا پەیدا دەکا، بەلاّم چەرخی ڕۆژگار پێم ڕەوا نابینێ ئەوەتە لەبەر سستیی دڵ و بێهێزیی چاوم، خەمی چاوەکەت وەك خەون و دەردی دڵەکەت وەك خەیاڵێکیان لێ هاتووە، پێیان ناحەسێمەوە.

من نابینم شتێك لە بەیتەکەدا هەبێ، چەرخی ڕۆژگار بێنێتە ناوەوە، نەشی گوتووە غەم و هەمی چاو و سینە ئازاری داوم، بگرە غەم و هەمەکە بوونەتە خەون و خوطوور لە چاو و لە سینەدا. نالی غەمی چاوی یاری بۆ ناو چاوی خۆی هێنا هەتا بشێ ببێتە خەون؛ چونکە چاو دەخەوێ. قەدی باریکیشی کردە خوطوور هەتا بە سینەدا تێ پەڕێت. چاو سستە، قەد زەعیفە.

بەیتی لاپەڕە ٤٦١:

سەری هەر مووی بەدەنم طەرزە تەمەننایێکە

گەردشی تووکی سەرم دووکەڵی سەودایێکە

لە پەراوێزی شەرحدا، یەك تێكست «دووكەڵی» نووسیوە، هەشت تێكست و دیوانی گیویش «هێلەگی»یان نووسیوە. من لەگەڵ ئەمانەدام.

شەرحەكە دەڵێ: ئاوات لە دەروونمدا پەنگی خواردووەتەوە هەتا وام لێ هاتووە سەری هەر موویەكم جۆرە ئاواتێكە، هەر موویێكی سەرم كە ئەجووڵێ دووكەڵی عیشقە لە كەللەمدا ئەیجووڵێنێ. خۆدزینەوەی شەرحەكە لە هێڵەگی سەودا [مامەلە]، بێ لزوومە، چونكە مادەم سەری هەر مووی بەدەن تەرزە ئاواتێك و هەویایەك بێ، گەردشی تووكی سەر لێی دەوەشێتەوە، ببێتە هێڵگەی مامڵەتكردن. «تەمەنی» لە كوردیدا خۆزی كێشانە كە پتر تەمای تێدایە لە ئاوات...

بەیتی دووەمی هەمان لاپەڕە: «وەرە سەر سەیری صەفاگاهی نەظەرگەی چاوم» وەك خۆی بە داخراوی ماوەتەوە، چونكە شەرحەكە دووپاتی قسەكانی ناو بەیتەكە دەكاتەوە و شتێكی زیادی ناخاتە سەر و نهێنییەكی تێدا ئاشكرا ناكات. ڕاستییەكەی منیش وەك شەرحەكە لە بەیتەكە ڕادەمێنم و دیمەنێكی قەشەنگ و دارشتنێكی هونەركار دەبینم و بەس: زرەخەیاڵێك خۆی ڕەپێش دەكات، لەوەدا كە واتای خەیاڵی لە تەمەنناكانی هەزاران سەرەموو بكەین، بە كەرەستەی «عەجەب مەنظەرە...» بە پاڵپشتی هێڵەگی سەودا كە لە سووڕی مامڵەتی سەلەم و ڕوبێدەدایە. هاتنی وشەی «سەیر» لە هەردوو نیوە بەیتەكەدا، تانووتێك دەدا بۆ دەردەستكردنی مانایەك؛ چونكە سێ واتای هەیە، سەیر: تەماشا كردن، سەیر: ڕۆیشتن، سەیر: ئەنتیكە، بەڵام بێسوودە... قەتیش بە دڵمدا نایەت نالی بەو مەعنا سادەیەی ڕواڵەتی بەیتەكە ڕازی بێ. لە زووێكەوە گوتوومەتی:

بەحری غەزەلم پڕ لە دوڕ و گەوهەرە
ئەما غەوواصی دەوێ یەعنی بە تەعمیقی بزانە
پڕ دانەیە ئەمما نەوەكو دانەیی چەڵتووك
بەحرم گوتووە نەك وەكو گوڵی مەرەزانە

هەزار هەزار ڕەحمەت لە گیانی... وەی كە ناخۆشە بە دەستی بەتاڵ لەسەر سفرەی نالی هەڵستیت.

بەیتی سەرەتای لاپەڕە ٤٦٢:

سۆزشێکی نەفەس و شۆڕشی نائیی نایێ

هەر یەکە نەوعە غینایێکە بە مەعنایێکە

تێکست هەیە، نیوە بەیتی یەکەم وەها دەنووسێ: «شۆڕشێکی نەفەس و سۆزشی نای ناڵەی». وشەی «نائی» لە جێدا نییە؛ چونکە دوورییەکە تێ نەخوێنراوەتەوە. شۆڕشیش لە بۆ نەفەس لەبارترە؛ چونکە سۆزی تێدا نییە، سۆزەکە بۆ نای جوانترە و ڕاگەیەنتری هەستی دەروونە، لە حەقیقەتیشدا شۆڕشی نەفەس و سۆزی نای یەك شتن، چونکە نەفەسەکە بە بلوێردا دێتە دەرەوە، چاکتر ئەوەبوو بڵێم ئەو بایەی لە بلوێردا دەبێتە سۆزش، هەمان هەوایە کە لە نەفەسدا دەبێتە شۆڕش. نالی بە مەهارەتی خۆی لێکی ترازاندوون هەر یەکەیانی نەوعە غینا و مەعنایەکی تایبەت بە خۆی داوەتێ.

بەیتی دووەمی لاپەڕە ٤٦٣:

نالی ئاسوودە نییە طوولی نەمامی عومرت

بە نەفەس دێت و دەچێت ئەصلی لەسەر بایێکە

شەرحەکە، لە سەرەتاوە بەیتەکە دەکاتە قسەی نالی بۆ یارەکەی. ئەم بۆچوونە بنەمای نییە لە دەقی بەیتەکەدا. نالی قسە لەگەڵ خۆیدا دەکات.

«طوولە نەمام»، چاکترە لە «طوولی نەمام»؛ چونکە «توولە مێو» – توولە هەرچییەك بێ – بۆ نەمام دەڕوات. کە بە «طوول»یش بنووسرێ درێژاییش دەگرێتەوە.

«بە نەفەس دێت و دەچی»، بۆ شتی بێ ڕیشە و باریك و سووك بەکار دێت. واتە بای هەناسە دەیبزێوێ. لە بەیتەکە مەعنایەکی دیکەش هەیە کە نەفەس بێت و بچێ ماوە و نەمردووە.

«ئەصلی لەسەر بایێکە» واتە طوولە [توولە] نەمامی عومر لە بنەڕەتدا بەندە بە بایێکەوە کە ئەویش بای نەفەسە.

مەعنایەکی زێدە پەنامیشی هەیە لەبەر تیشکی «طوول»ە، نەمامدا ڕوون دەبێتەوە. «ئەصلی لەسەر بایێکە» کە بۆ طوولە نەمام دەچێتەوە، جگە لە بای نەفەس «با»ی حروف "الهجا"ش دەگرێتەوە. طوولی نەمامەکە بەندە بە «با»ی ئایەتێکی قورئان کە دەڵێ: «وما کان لنفس أن تموت الا بأذن ربها»، ئنجا طوولە نەمامێکی بە بای هەناسە

دێت و دەچێت هەر دەژێت، هەتا بای «بأذن ربها»ی بۆ دێ.

بەیتی دووەمی لاپەڕە ٤٦٤:

صۆفی و سەر و مێزەر، من و زوڵف و سەر و دەسماڵ

من کوشتەیی لاجانگم و ئەو کوشتەیی جانگە

شەرحەکە لە وەصفی حاڵی سۆفی تێ هەڵکشیوە بە دزێوکردنی تا دەرچووە لە جغزی واتای موفرەداتی بەیتەکە، گۆیا خەریکی شۆڕکردنەوەی لفکەی مێزەریەتی بە لاجانگدا و کوشتەی جەنگی سەر لێشێواوییە... گۆیا نالی دەڵێ من لە مەیدانی دڵدا بێ جەنگ کوژراوم، سۆفیش لە جەنگی ڕیاکاریدا کوژراوە، دنیا و قیامەتی لە کیس چووە... هەڵبەت شیعرەکە وەهای نەگوتووە:

جانگی سۆفی و لاجانگی یاری نالی. بنەمای بەیتەکەیە و وێنەیەکی دڵپەسەندی دوو وشەی بە شکڵ لێکتر نزیك و لە واتادا لێکتر دووری کۆ کردووەتەوە بە تابلۆیەکی هونەریی شیرن. بەڕاستی لەم تەرزە لێکتر نۆرینی دوو لایەنی دڕدۆنگ، لایەنی ناحەز لێ قەوماوتر و دەست بەتاڵترە... ڕیاکاری بۆ دارایی و دەسەڵاتی دنیایی سوودبەخشە، لەم بەیتەدا، بەپێی شەرحەکە بۆ دارایی و دەسەڵاتی دنیایی سوودبەخشە، لەم بەیتەدا بەپێی شەرحەکە صۆفیی «ڕیاکار»، دوژمن بەحاڵی! دوو بەیتی پاش ئەم بەیتەش کە زاخاوی دڵ و مێشك دەدەن، لە مەهارەتی هونەری نالییەوە دوو تابلۆی وشە و واتای قەشنگیان لێ پێك هاتووە، لێیان داوا ناکرێ بۆ کامەرانیی دنیا و قیامەتمان بەکەڵك بێن، خۆ نە تابلۆی پیکاسۆ و نە ئۆینی شەترەنج و نە یەکبازی نۆ مەترەیی و نە کۆڵەمستی بۆکسەر و دەیان و سەدان چشتی ئەوتۆیی کە جیهانی پێشکەوتوویان پێوە خەریکە، یەك نان ناخەنە لەپی هەژارەوە، بگرە نان و ئەرك و پارە و کات و کارەبا و زۆر جاران، گیانیشی بە قوربان دەکەن:

فەرمووتە کە بانگم کە، شەوێ، دێمە کەنارت

قوربان! وەرە شەو ڕۆیی، ئەوا وەعدەیی بانگە

بنوێنە بڕۆ، یەعنی هیلالی سەری ماهت [یان: کوڵمت]

چون وەعدەیی ماچی سەری کوڵمت سەری مانگە

ئائەم جووتە بەیتە کە ختووکەم بەهەناودا دێنێت و دەستەملانێی نەریت و

دەستوور و کەلتوورێکی کوردانەی هەزار ساڵیم دەکات، دەبێ بە کێشانە و پێوانەی «بژی، برمێ» بە خاوەن و خوێنەریشیانەوە تەفر و توونا بکرێن... مەلای مودەڕیس و دوو کوڕە لەخۆ بووردووەکانی کە دوایین دڵۆپی مێشك و دەروونیان لە شەرحی نالی بە مەرەکەب ڕشتووەتە سەر ٧٥٠ لاپەڕەی سامانی سەقافەتی کوردییەوە، چییان دووریەوە لە خەرمانی دارایی دنیایی بۆ خۆیان و بۆ هەژاری کورد، کێ کراسێکی بەو لاپەڕانە لەبەر کرد، یان چوکلاتێکی خستە زاری هەتیوێکی تامەزرۆ. دەسا هەر ئێستا دەست دەبەم بۆ بەیتی پایینی غەزەلەکە و پێوەی خەریك دەبم، دەشزانم فتاری ئێواریم [کە ئەمرۆ ٢٤ ی ڕەمەزانە] پێی چەورتر نابێ:

بەیتی لاپەڕە ٤٦٦:

«نالی» مەکە، تۆرا بوو، لەبەر جەبهەیی گرژت

نایێتە ئەلات، عیجزی لەبەر دووکەڵی قانگە

وشەی «عیجز» دەبێ بگۆڕێ بە «عەجز». شەرحەکە دەڵێ: نالی، واز بێنە، یار تووڕە بووە تۆراوە، لە داخی ناوچاوی گرژ و مۆنت نایەتە لات. لە دووکەڵی هەناسەی ساردی لە سینەدا قانگداو و پەنگخواردووەوەت بێزارە. وشەی «مەکە» بە چاوپۆشی نەبێ ناڕوات، چ نەکات؟ کە ئەمە ئەم مەکەیە ڕەوا بێ، ڕێم دەبێ بڵێم «نالی مە» واتە «نالی ئێمە»، کە تۆرابوو لەبەر جەبهەیی گرژت، نایەتە لات و نەتوانینی سەبەب بە دووکەڵی قانگە [کە بریتییە لە جەبهەی گرژت]. لەم بۆچوونەدا، واتای شەرحەکە وەردەگەڕێ لە تۆرانی یار بۆ نەتوانینی نالی.

خوێندنەوەیەکی سێیەمی بەیتەکە، کە وا دەزانم ئەویان بنەڕەتییە، بەم جۆرە دەبێ، وشەی «مەکە» کەرت دەکرێ و «مە» جودا دەبێتەوە کە لە نووسینی فارسیدا «مەه» دەگوترێ. واتە ئەی نالی! مەه [یار] کە تۆرابوو، لەبەر جەبهەیی گرژت، نایەتە لات لەبەر دووکەڵی قانگی گرژیت.

بەیتی دووەمی لاپەڕە ٤٦٦:

بنوارە وشکە صۆفی یو ڕەقصی بە هەلهەلە

دیسان لە بەحری وشکی هەوا کەوتە پێ مەلە

شەرحەکە لەگەڵ ڕواڵەتی واتای وشەکان ڕۆییوە، لەوەدا نەبێ کە دەڵێ «سەیری صۆفی بکە، چۆن لە ڕێی خۆی لا داوە»؛ چونکە حاڵی صۆفی ئەوەیە کە پێیەوە

دەدیترێ وەك دەفەزەینی دەروێشی قادری، کە نابێ لێی بە عەیب بگیرێ وەك کە رکوع و سەجدەی نوێژیش عەیب نییە.

لە شەرحەکەدا نوکتەیەك پشتگوێ خراوە، یان بە بیردا نەهاتووە، لەوەدا کە بۆچی نالی«پێ مەلە»ی هێناوە نەك باسکەمەلە و پشتەمەلە! سەبەب ئەوەیە کە ڕەقص بە پێ دەکرێ. لە نێوان وشکە صۆفی و بەحری وشك تەناسوب هەیە، شەرحەکە هەڵی بواردووە.

بەیتی سەرەتای ٤٦٧:

ئەم ئەرضە مەزرەعەی عەمەلە و کوڵخەنی ئەمەل

هەندێ بووە بە مەسجید و هەندێ بە مەزبەلە

شەرحەکە مەزرەعەی عەمەلی داوە بە مەسجید و کوڵخەنی ئەمەلی داوە بە مەزبەلە [کوڵخەن: توونی حەمام کە زبڵ و سووتەمەنیی تێ دەهاوێژرێ و دەسووتێ].

دەشێ مەعناکەی شەرحەکە هەڵگەڕێتەوە بەوەدا کە «عەمەل» جگە لە ئیشکردن، واتای دەزبەئاو گەیاندنیشی هەیە. لەمەوە کوڵخەنی ئەمەل بۆ مەسجید دەچێتەوە، کە ئەمەلی دینایی تێدا دەسووتێ، عەمەلیش بۆ مەزبەلە دەچێتەوە، کە مەبەس لێی کاری بەدە... نالی بە تێبینی واتای دووەمی «عەمەل» و «کوڵخەنی ئەمەل»ی بەکار هێنا نەك کوڵخەنی طەمەع سەرەڕای ئەوە کە عەمەل و ئەمەل جۆرێکن لە جیناس. لەم واتایەی من دەیڵێم لەف و نەشری کە شەرحەکە بە «مورەتەب»ی داناوە و حەقیقەتیشە، دەبێتە مشەووەش؛ چونکە «عەمەل – پیسایی» بەرانبەر مەسجید و «ئەمەل» بەرانبەر مەزبەلە دەوەستێ.

لە بەیتی دووەمی لاپەڕە ٤٦٧ شەرحەکە واتای بەیتەکەی لێك داوەتەوە و بە قەدەر ڕاگەیاندنی وشەکانی، لە یەك نوختە نەبێ کە «حالی ئەمانە»ی بە «وەزعی ئەم ژن و پیاوە...» لێك داوەتەوە، ڕاستیشی کردووە بەڵام نوقسانە، چونکە «حال» بەر لە وەزع «حاڵ گرتن» و خۆ ونکردن دەگەیەنێ. لە وشەی «ذیکرت» کە نالی بە «ذکرت»ی نووسیوە، شەبەنگێکی «ذکر – ذەکەر» دەهێنێتە بەر خەیاڵی شەرحدەرەوە، بەتایبەتی لە تەك وشەی «حەلقە، ڕەشبەڵەك»دا کە شێوەیەکی «ذکر» دەدەنەوە.

بەیتی لاپەڕە ٤٦٩:

دنیـا مـەحـەڵلـی کـەون و فـەسادێکـە، حیز و دوون

مـەعلـوومـە چـەند بـە حیلـەیـە، عـەیـارە، چـەند دەڵـە!

لە دیوانـی گیو، نیوەی دووەمـی بـەیتـەکە، «چەند محیلە چ عەییارە...» هـاتووە، لە تێکستێکـی نـاو شەرحـەکەدا لە جیاتـی «بـەحیلـە»، «محل، موحیلل – حـەلاڵکەر» هـاتووە. لەبەر تـەبیاتـی مندا «محیل» تـەواوە بـە واتـای کافر و مولحید. وشەی «دەڵ»یش لە شەرحـەکەدا بـە مێچکەمێچکەکەر هـاتووە. دەڵ بـە دێڵـەسەگ و گورگ و... دەگوترێ.

بـەیتـی سێیەمـی لاپەڕە ٤٦٩:

نـالـی سەرت لـە گونـبـەدەکـەی خـانـەقـا دەکا

لایێ پڕە لە مەشعەلە، لایێ پڕە لە مەشغەلە

وشەی «پڕە»ی دووەم زیادە، دوو بڕگەی لە بەحری بـەیتـەکە تـێ پـەڕاندووە، دەبـێ بنووسرێ: «لایێ پڕە لـە مـەشعەلە، لایێ لـە مـەشغەلە».

ئێمە لێمان مەعلووم نییە نالی، ئەم قەسیدەیەی کەی داناوە. ناوی خانەقا لە بەیتەکەدا دەلالەتـی تەواوی نییە لەسەر ئەوەدا کە نـالـی پێش ڕۆیشتنـی بۆ دەرەوەی وڵات قـەسیدەکەی دانـابێ؛ چونکە دەزانین بـەشێکـی بـەرچاوی شیعرەکانـی لـە غـەریبـی داناون، ئەگەر نالی ئەم هـەڵبەستەی لە دەمـی پیریدا دانـابێ، دەشێ «مەشعەلە» بۆ مووی سپـی بچێتەوە هـەروەك بۆ «چراخان و شەمعـی خۆشەویستـی و دڵداری و بیری ڕوون» بچێتەوە، وەك شەرحەکە بۆی چووە. تەشبیهـی سەریشی بـە خانەقا کردووە چونکە، خانـەقا مۆمـی تێدا دەسووتێ و مـەشغـەڵـەتـی تـەسەوفـی تێدا ئـەدا دەکرێ.

بـەیتـی دووەمـی لاپەڕە ٤٧١:

ئیشارەم کردە ئەبرۆی، یەعنـی، میحرابت کەچە، فـەرمووی:

ئـەمـە قیبلـەی تـەمـامـی عـالـەمـە، جێـی جیلـوەی ئیمـامـە

چـوار تـێکستـی نـاو شەرحـەکـە و دیـوانـی گیـویش لـە جیـاتـی «میـحرابت کـەچـە»، نووسیویانە «میحرابـی کەچـی»، ئەمیشیان لەبارتر و پاراوترە، مەعناکەشی پێ کەم نـاکـات. «جیلـوەی ئیـمـامـە»، دەبـێ بـخـوێنـدرێتـەوە «جیـلـوەیـی مـامـە»، لـەبـەر کێشی بـەیتـەکە. نیوە بـەیتـەکە وەهـای لێ دێ: «ئیشارەم کردە ئەبرۆی یەعنـی میحرابـی کەچـی فـەرمووی:».

دەشێ «میحراب کەچی»، صفەت و مەوصوف بن، دەشکرێ لێك بترازێن و بڵێین: «یەعنی میحرابی» و وشەی «کەچی» سەربەخۆ بێ بەو مەعنایەی کە دەیزانین.

لە بەیتەکەدا شتێکی نادیار هەیە کە بۆی ناچم، دەبێتە تەبریری ئەو داوایە زلەی کە ئەبرۆی قیبلەی تەمامی عالەم بێ. شەرحەکە لێی وسکتە و باسیشی ناکات. ئەگەر ڕێ هەبایە «ئیمامە» بە «إمامە» دابندرێ، ئیمامیش لە میحراب جیلوە دەکات، میجرابیش ڕووی لە قیبلەیە، خەلقیش بەدوا ئیمامەوەن. دەشیا، لە ڕێی موبالەغە و پان دابڕینەوە، مەعناکە قبوڵ بکرێت؛ چونکە نالی بە عادەتی زێدە شیرینیەوە وشان هەڵدەنێ، بۆ دوو قاڵب و پتریش، هەر قاڵبەش بۆی دەبن بە پشتیوانی قاڵبەکەی تر لەو واتای خۆی پێ دەبەخشێ، لێرەشدا «ئیمام»ی نوێژ خۆی بە «ئیمام» – ئیمای بە واتای ئیشارەت – دەگۆڕێ و ئیماکە دەکاتە هۆی بوونی ئەبرۆ بە قیبلەی هەموو عالەم.

بەیتی لاپەڕە ٤٧٢:

لە سایەی ڕووی تۆوە شامی خەلقی طەلعەتی صوبحە

لە شامی زوڵفی تۆوە صوبحی ئێمە ظولمەتی شامە

شەرحەکە «ظولمەتی شامە»ی لێك داوەتەوە بە تاریکەشەو، مەعنایەکەش لە وشەکانەوە هەڵدەستێ؛ بەڵام ڕێ دەمێنێ «ظولمەتی شام» ببێتە تاریکایی ئێوارە؛ چونکە «شام» ئێوارەیە ڕۆژی دیار نییە بەڵام تاریکیش نییە. لەمەوە دەڵێم ڕووی یار هەرچەند بەزوڵفی نادیار بووە بەڵام وەکو ڕۆژی ئاوابووی، ڕووناکییەکی لێ ماوەتەوە. سەرنج بگرین دەبینین لە نیوە بەیتی یەکەمیش ئێوارەی خەلق بووەتە طەلعەتی صوبح نەك ڕۆژ، خۆر؛ چونکە ڕووی یار بە تەعبیری «لە سایەی ڕووی تۆوە» لە سێبەرەوە یا لە نەدیارەوە کە سێبەر پەیدا دەکا و عەینی ڕووەکەی لێ دیار نییە، دەبێتە طەلعەتی صوبح کە ڕووناکە و ڕۆژیشی دیار نییە.

بەیتی یەکەمی لاپەڕە ٤٧٣:

لە ئاب و تاب و ئەشك و ئاهی خۆمدا بووم بە بوریانی

لە باتیی پوختەگی سووتام و ئێستەش پێم دەڵێ: خامە

«ئاب و تاب و ئەشك و ئاه»: لەف و نەشری مورەتەبن. لە نێوان پوختەگی و خام طیباق هەیە. وشەی «خامە»ش هەڵدەگرێ، ببێتە خەبەری موبتەدایەکی مەحذووف کە نالی خۆیەتی، دەشکرێ ببێتە «منادی» کە بە نالی دەڵێ: خامە! واتە هەی خام! وەك

کە دەگوترێ: گێلە! شێتە! ڕستەی «پێم دەڵێ»، پتر بۆ منادی دەست دەدات کە ڕووەڕووی قسەکەیە.

بەیتی دووەمی لاپەڕە ٤٧٣:

نیشانەی پوختەگی بێ دەنگییە نالی ئەگەر پوختەی

بە حوججەت طەی بکە نامە، بە حیدەت پەی بکە خامە

شەرحەکە دەڵێ: نیشانەی کوڵان لەسەر ئاگری عیشق، ئەوەتە بنیادەم بێدەنگ بێ و مل کەچ بکا. کەواتە... کاغەزی شیعرت توند بپێچەوە و قەڵەمەکەت ببڕەوە، بیشکێنە.

ئەم بۆچوونەی شەرحەکە هەمان تەڵە و تەپکەیە کە نالی بۆ شیعردۆستانی ناوەتەوە و شەرحەکەش پێوەی بووە.

نالی دەڵێ: بێدەنگی بەڵگەی ژیرییە کەواتە نامەکەت وەکو حوجەت «حجە» و بەڵگە بگەیەنە کۆتاییی [طی المسافە نەك پێچانەوەی کاغەز] بە تیژیش قەڵەمە قامیشەکەت ببڕە، دادە، [نەك بە تووڕەیی بیبڕەوە] لەمانەش یەك دەنگ دەرناچێت دنیاش پڕ دەکەن.

بەیتی لاپەڕە ٤٧٤:

سەودازەدەکەی زوڵفت، ئەزهاری لەکن پەشمە

دوور لەو گوڵە بێ خارە، گوڵزاری لەکن پشمە

شەرحەکە ڕاستەواتای وشەکانی کردووە بە مەعنا لێکدانەوە.

بۆرە مەعنایەك هەڵدەستێ لە کەرتکردنی «ئەزهاری» و بکرێتە «ئەز» – «هاری». واتاکەی وەهای لێ دێ: سەودازەدەکەی زولفی تۆ، ئەز [واتە: من] لەبەر شێدەتی شەیداییەکە دەردی «هاری»ی لا هیچە. گوڵزاریشی لە لا پەشمە، دوور لە گوڵی ڕووی تۆ [وەك کە دەگوترێ: دوور لە تۆ فڵان مرد]. چونکە گوڵزار لەفزی گوڵی تێدایە بۆیە دەڵێ: دوور لە گوڵی تۆ.

نیوە بەیتی یەکەم، مەعنای ڕواڵەتی وشەکانیش هەڵدەگرێ. بە ڕای من نالی ئەگەر ئەو «ئەز» و «هاری»یەی مەبەست نەبایە، دەیگوت: «گوڵناری لە کن پەشمە» کە شیکترە لە «ئەزهار»ی عەرەبی بە خۆی و بە ڕێژەی جەمعییەوە. گوڵنار لەگەڵ گوڵزاری نیوە بەیتی دووەمیش هاو ئاهەنگە.

بەیتی دووەمی لاپەڕە ٤٧٤:

صۆفـی کە گران بـارە، بێ مەغز و سەبوك بـارە

صوف پۆشی غەمـی بارە، ئەوبـاری لەکن پەشمە

دوو تێکست و دیوانـی گیویش نیوەی دووەمـی بەیتەکەیان بەم جۆرە نووسیوە: «صوف پوشی غەمـی یارە، ئەوبـاری لەکن پەشمە».

شەرحەکە لە نیوەی یەکەمـی بەیتەکە، کەموزۆر، قسەی ئەو دەکاتەوە. لە شەرحـی نیوە بەیتـی دووەمدا دەڵێ: ئەو خوری پۆشەی بـاری خەمـی بەسەر شانەوە بێ و بیر بکاتەوە، گوێ بە کورگ و خوری نادا و ئەو جۆرە شتانەی بەلاوە بێ ئایە و مایەیە... ئەم بیروڕایە بەحاڵ ڕزگار بووە لەوەی بۆ شەرحـی نیوە بەیتـی یەکەمـی داناوە. سوفـی سەرەوە گران بـارە... صوف پۆشی بەرەوەش غەمـی بـارەکەیەتـی، ئیتر لە کوێ جودا دەبنەوە. بەڵام کە «یار» هـاتە نـاوەوە، حیسابەکە گۆڕا؛ چونکە بە هۆی غەمـی یـارەوە صوف پۆشەکە «ئەوبـاری» لە لا پەشمە. «ئەوبـار»، هـەم جەمعـی وەبـەرە بـە واتـای کورگ و هـەم دەشێ وشەکە کەرت بکرێ بۆ: «ئەو» و «بـار».

بەیتـی یەکەمـی لاپەڕە ٤٧٥:

دێوانە کە شەیدا بێ، تووکـی سەری سەودا بێ

قـەط هیچـی لەسەر نـابێ، دەستاڕی لەکن پەشمە

شەرحـەکـە نوکتەی بەیتەکەی نەدۆزیوەتـەوە کە بـریـتـییـە لـە دوو واتـاییـی «قـەط هیچـی لەسەر نـابێ». ڕاستەواتاکەی هەرە سادەی بەیتەکە ئەگەر «هیچـی لەسەر نـابی» تـەنـهـا کـڵاو و مـێزەر بـگرێتـەوە لـە لایـەن واتـاوە، سادە لـەوح دەردەچـێ، دەمـێنـێتـەوە سەبکـی جوان و قەشەنگی و بەس:

نـالـی دەڵێ: دێوانەی دەردی عیشق، بگاتە پلەی ئەوتۆ، مووی سەری سەودای لێ دابێ و تێك ئاڵابێ وەك کە دێوانە پێیانەوە دیارە، موویـان درێژ و گرژ و لوول و خواردووە، ئا ئەم تـەرزە دێوانـەیە، هـەرگیز هیچ گلـەیی و سزا و توانجـی بـە سەرەوە نـامێنێ و عـەیبـی لێ ناگیرێ وەك کە بڵێی فڵانە کەس هیچـی لەسەر نەبوو، بەردرا. «دەستاڕی لەکن پەشمە»، بۆ ڕاستە مەعنای وشەکان و بۆ ئەمەی دەیڵێم دەڕوات. «پەشم»ەکەش مناسبـی لەسەرنـانە و مێزەرێکـی زبریشە، جگە لە واتـای «بێبایەخـی».

بەیتـی دووەم لە لاپەڕە ٤٧٥:

سینەی   دڵـی بـێکـینـە، صافـە وەکـو ئـایـینـە

مەستوورە بە پەشمینە، ئەسراری لەکن پەشمە

شەرحەکە لێرەشدا وەکو لە بەیتی پێشوودا، ڕاستەواتای لەفزەکانی گوتووەتەوە. من دەڵێم: سینەی دڵی بێکینەی ئەو دێوانەیەی باسکراو [سینەی دڵی – واتە دڵی دێوانە] وکو «ئایینە» وشەی «ئایینە»، هەم ئاوێنە هەڵدەگرێ هەم «ئایین – دین – ئیمان». بەوەدا «ئایینە» دەبێتە «مبتدأ وخبر» وەك کە بڵێی «صافە، وەکو ئیمانە». ئەم مەعنایەی دین وئیمان ڕێك دێت لەگەڵ «ئەسراری لەکن پەشمە»؛ چونکە ئیمان بێگەردە و خۆی ناشارێتەوە، تەنها سینەی دێوانەکە داپۆشراوە بە پەشمینە، کە بریتییە لە مووی سەر سینگی کە بەشێکە لە لەش.

وشەی «ئەسرار»، بێگومان، «أسرار» نووسراوە لە سەردەمی نالیدا. ئەم وشەیەی «اسرار» هەم «ئەسرار»ی باسکراو دەگرێتەوە، هەم «إسرار – ئیسرار» کە بە واتای میحاقی مانگ دێت. بەمەشدا هەموو خۆشاردنەوە و نهێنبوون، بەلای دێوانەوە دەبێتە هیچ.

بەیتی یەکەمی لاپەڕە ٤٧٦:

عاشق کە دەکا ڕاوی، ظولماتی شەوە داوی

موژگانی تەڕە چاوی، بێداریی لەکن پەشمە

لێرەشدا وشەی «بیدار» بە «بێدار» نووسراوە. بێگومان نالی بیداری نووسیوە کە بە دوو جۆر دەخوێندرێتەوە: «بیدار» بە واتای بەخەبەر، نەنوستوو، «بێدار – بێ دار» بە واتای بێخانە. لەمەوە عاشیق هەم نەنووستن و هەم بێخانەیی بەلاوە پەشمە.

وشەی «داوی»، ئەویش دوو واتا هەڵدەگرێ، یەکیان وەك شەرحەکە بۆی چووە و ئاشکرایشە کە داوی ڕاوچییە دووە بە واتای «داوی» لە «دوی، یدوی» بە واتای «تەداویکەر – پزیشك، شیفابەخش». لێرەدا ئەو ڕەخنەیە هەڵناسێ کە گۆیا عاشق بە شەو دەردی گرانە، چونکە بەیتەکە خۆی بەو لایەدا نەچووە. بەعەکسەوە لە شەو ڕازییە.

بەیتی سێیەمی لاپەڕە ٤٧٦:

چەن واسیعە ئەم ذیهنە، ئەفلاکی تیا ڕەهنە

ئەجبالی لە لا عیهنە، ئەدواری لەکن پەشمە

شەرحەکە بە بیریدا نەهاتووە کە «ئەدوار... و ئەجبال»، بەلای ذیهنەوە یەکیان وەك پەشم و ئەوی دیکە وەکو «عیهن – عهن»ە، ئیشارەتە بۆ ئایەتی «یوم تکون السماء کالمهل وتکون الجبال کالعهن» لە سوورەتی «المعارج». دیارە لە بەیتەکەدا چیاکانی بە خوری [یان لۆکە]ی شیتەڵکراو و «أدوار»ی ئاسمانیش بە «مهل – موهل»، واتە شتێکی ناچیز داناوە. بە پشتیوانیی ئایەت نەبوایە، ئەو داوایە زل و زەبەللاحە جێی نەدەبووەوە، نالیش لە بادی هەواوە شتی وەهای نەدەگوت.

لە بەیتی کۆتاییی بڕە شیعرەکە، نالی کە دەڵێ قەدەح نۆشم و مەستانە و سەرخۆشم، مەبەستی شەراب نییە، یان هەر نەبێ، شەرابی دنیایی نییە؛ چونکە هەر تازە بە ئایەتی قورئانەوە ئاسمان و چیاکانی هەڵتەکاند. دیارە قەدەح نۆشی ئاخیرەتە.

بەیتی دووەمی لاپەڕە ٤٧٧:

بایێ لە طەرەف قیبلەمەوە دێت و وەزانە

یا بۆیی هەناسەی دەمی غونچەی لەرەزانە

بەپێی شەرحەکە زوربەی تێکستەکان لە جیاتی «بۆیی هەناسە»، نووسیویانە «عەطری هەناسە [عیطر ڕاستە]»، منیش هەر وەهام بیستووە. شەرحەکە «لەرەزان»ی بە «لەرزان: لەریوە» داناوە، «لە ڕەزان» ڕەت دەکاتەوە، واشی داناوە «ڕەز»، دێمەکارە، ئاو نادرێ. حاجی قادر دەڵێ: «نموونەی جەننەتە شیوی ڕەزانی»، مەبەستی باغەکانی شیوی ڕەزان، کۆییێیە، باغەکانیش هەمووی ئاوییەن. «لەڕەزان» بەقورسکردنی «ر»ەکەی نەبێ، کێشی بەیتەکە دەشێوێ.

وا دەزانم نالی مەبەستی لە «بای لای قیبلە»یەوە، ئیشارەتە بۆ بەیتێکی قەسیدەی «بردیە»ی نەعتی پێغەمبەر، کە دەڵێ: «أم هبت الریح من تلقاء کاظمە». لە هەمان کاتدا دەشێ ئەو قیبلەیە یاربێ. ئەگەر قیبلە هەر قیبلە بێ، ئەوسا نیوە بەیتی دووەم دەپرسێ: یان عیطری هەناسەی دەمی، وەك غونچەی لەڕەزان، وایە. یاخود عیطری هەناسەی دەمی یار، وەك غونچەی لەڕەزانە.

بەیتی لاپەڕە ٤٧٨:

ئەشکم، کە لەگەڵ عەشقمە، طیفلێکی فەهیمە

هۆشم، کە لەکن خۆشمە، پیرێکی نەزانە

عـەشق دەکـرێتـە عیشق، مـن هـەمیشە لـەو دەوروپشتـەی تێیدا ژیـاوم بـیستـوومـە و گوتوومـە: «هۆشم کە لەکن خۆشمە»، بە واتـای: ئاگادارم و نەشێواوم. کە دەگوترێ: «هۆشی لەکن خۆی نییە»، ئەو کەسە بە نیوە شێت دادەندرێ.

بەیتـی سەرەتـای لاپەڕە ٤٧٩:

تیژاوی سوروشکم وەکو ئیکسیری سوهەیلە
ڕوخسارەیـی زەردم وەکـو ئـەوراقـی خـەزانـە

من لە بـارەی «ئیکسیری سوهەیل»، بیستوومە وەصف کراوە لە شیعردا: «جـای أنبـان مـی کند جـای أدیم». واتە کە ئەم ئیکسیرە ڕژایە سەر پێستە، جێگەیەکـی دەکا بە هـەنبانـەی بێکەڵك و جێگەیەکیش دەکا بە «أدیم» کە پێستـی نرخدارە. ئنجا ئەگەر سەهووم نەکردبێ [چونکە مەسەلەکەم بەر لە ساڵـی ١٩٦٠، بگرە پەنجا، بیستووە] ئنجا لێرەدا ڕووی نالـی لەم شیعرەدا بە فرمێسکـی وەك ئیکسیری بووەتە شکڵ هەنبانە کە زەرد، وەکو ئەوراقـی خەزان. چ دەبوو ئەگەر سووری هـەڵگەڕاندبایە، وەك پەلکـی زۆر لە درەختان سوور هەڵدەگەڕێن. تەشبیهێکی قەشەنگیش هەیە لە نێوان چاو و فرمێسك و نێوان سوهەیل و ئیکسیردا.

بەیتـی لاپەڕە ٤٨٢:

ئـەلا ئـەی نـەفسـی بـوم ئـاسا هـەتـاکـەی حیرصـی وێرانـە
لـەگـەڵ ئـەم عـەشقـبـازانـە بـڕۆ بـازانـە، ئـازانـە

عەشق، دەبێ عیشق بنووسرێ. شەرحەکە ئەم بەیتەی داناوە بە پەسەندکردنـی تەرکـی دنیا و هـاندانـی نەفس بۆ ئەم لایەنە. عیشقبـازیشـی دانـاوە بەو کەسانەی ڕێگای ڕاستییـان گرتووە بەرەو ئاوەدانیـی عیشق و خواناسـی. ئەم بۆچوونە دوورە لە مەبەسی بەیتەکە. نیگایەکـی بەپەلە لەم دوو بەیتەی دوایەوە دەری دەخات کە مەسەلە هـاندانـی نەفسە بۆ چوونە حەج:

مـوسڵـمـان! لـیـرە مـانـی خـان و مـانـت هـەر نـەمـان دێنـێ
پـەشـیـمـان بـە کە دەرمـانـی نـەمـانـت مـایـەی ئـیـمـانـە
بەقییەی عـومـری ضایع گەر مـورادت پـێ تـەدارەك بـێ
حـەیـاتـی مـەکـەت و مـەوتـی مـەدیـنـەت جـەبـری نوقصانـە

«خـان و مـانت» دەبـێ «خـانمـانت» بـنـووسرێ؛ وشەکـە دوو کـەرتیـیـە، یـەکـەمـیـان «خان»ە و دووەمیان «مان»ە، پێشگرێکی ناوی جێگایە وەك: نیشتمان، ساختمان، گـرودمـان – بـە واتـای عـەرشی خـوا لـە ئـاڤێستـادا. شەرحـەکـە دوورە لـە مـەبـەستـی بەیتەکە. وەك من بۆی دەچم، ئەمە ماناکەیەتی: نشیمەنت لێرە، کە دەکا سلێمانـی، هـەر نەمانـی پێوەیە. پەشیمان بە لەم نیشتەجێبوونەت، دەرمانێکی کە بریتییە لە نەمانت [لـە سلـێمـانـی و چـوونت بـۆ حـەج] مـایـەی مـانتـە، یـاخـود مـایەی ئیمـانە. دەبێ بخوێندرێتەوە: مایەییمانە.

لە بەیتـی دووەمـی لاپەڕە ٤٨٣:

بلا بۆ کوندەبوو بێ، مفتـی مشك و ماری کەندوو بێ
خەطیرەی گەنجـی وێرانە، ذەخیرەی کونجـی کاشانە

شەرحەکە دەڵێ: [ئەی نەفس] لێگەڕێ لە دونیا با گەنجی شاراوەی بۆ کوندەبوو بێ، زەخیرەی سووچـی مـاڵـی هـەژارانیشی بۆ مشك و مـاری نـاو کەندوو بی... نـالـی خـاوەن گـەنجانـی دنـیـاپـەرستـی بـە کـوندەبـوو و هـەژارانـی دنـیـاپـەرستـی بـە مـارومشك شوبهاندووە. ئەم بۆچوونە زۆر دوورە لە مەبەستی بەیتەکە.

وشەی «بـلا» بـە ڕێنـووسـی کـۆن «بـەلا»ش دەخـوێنـدرایـەوە. نـالـی دەڵـێ: بـەلا لـە کوندەبوو بدات، کە نەفسەکەی خۆیەتی، با هەلـی مشك و ماری کەندوو بێ کە ناوێرن بێنە دەر لەبەر کوندەبوو. وشەی «خەطیرە» وادەزانم «حظیرە، حەظیرە»یە کە دەکا شوێنـی مـاڵ و شتـومـەك لـێ دانـان. حـەظیـرەی گـەنجـی خـانمـانـەکەت وێرانییە. زەخیرەشی «کونجـی – سمسم»ی خانووە شڕەکەتە... «کونجـی»ی لە بەری سۆران زۆر بە هـاراوی دەگوترێ. دیارە کەندووش دەفری کونجووەکەیە بە مار و مشکییەوە.

ئنجا ئەگەر پاشماوەی عومری بەخەسارچووت بە پێـی هاتنەدیی مرادت لەسەر خانمان بەجێ هێشتن مایەوە بۆت. ئەوسا ژیانت لە مەکە و مردنت لە مەدینە دەبێتە شکست هەڵبەستنەوەت، دەبێتە تێهێنەوی عومری بە فیرۆ چووت.

لە بەیتی دووەمی لاپەڕە ٤٨٥:

فـیـداکـاری تـەن و جـان بـە، لـە ئـاسانـی هـەراسان بـە
کە داغ و دەردی ڕێگەی مەکە باغ و وەردی مەردانە

نوکتەیەك هەیە شەرحەکە بۆی نەچووە: وشەی «ڕێگەی مەکە»، جۆرێکی دیکەش

خـوێندنـەوە هـەڵـدەگرێ: «ریـگـی مـەکـە» کـە دەزانین نـالـی وەهـای نووسیوە. «ریگ» بـەواتـای «ڕەمل» دێت، بۆیـەش ئـەم مـەعنـایـە دەست دەدات کـە دەزانین مـەبـەس لـە ڕێگە بڕینەکە گەیشتنە بەو لم و زیخەڵانەی دەر و دەشتی مەکە. هەڵبەت لە هەمان کاتدا «ڕێگە»ش هـەر مـنـاسبی بـەیـتـەکـەیـە.

بەیتی دووەمی لاپەڕە ٤٨٦:

وتم: داخـۆ چـیـیـە سوور و سپـی تـێکـەڵ؟! کـە تێفکریم

سەراسەر کەللەیی ئوشتر، لە بالەب خوێنی ئینسانە

لە بەکارهێنانی «سەراسەر» بۆ کەللەی حوشتر و «لەبالەب» بۆ خوێنی ئینسان، تەناسوبێکی لە ڕادە بەدەر هەیە، دەنیشێتە دڵی مرۆوە. شەرحەکە هەر ئەوەندەی گوتووە کە لە نێوان «سەراسەر» و «لەبالەب»دا تەقابولێکی جوان هەیە.

شەرحەکە لە بەیتی پێشووتردا، کە بەیتی حەوتەمە، وا دادەنێ «ڕێگە: خاکی خوێنە، داروبەردی ئێسقانە»، سووریی ڕێگەکە ئەوەیە کە ڕێگەی مەکە لمی سوورە. نالی لە بەیتی ١١ دا دەڵێ: «چ ڕێگێکی سپی واشە» شەرحەکەش بە «سپی ڕەنگ، مەیلەو سپی» دادەنێ. کەواتە لمی سوور جێی نابێتەوە و دەبێ خوێن و ئێسقانەکان بەواتای دەقی وشەکان لێك بدرێتەوە. چەندێکیش لەو بەیتانەدا، شەرحەکە، خوێن و ئێسقانەکان دەداتەوە بە تالان و کوشتوبڕینی چەتە و ڕێگران کە لە دەرحەق حاجییەکانیان کردووە، دەبێ ئەمیش بدرێتەوە بە نیشانەی مردنی سەدان و هەزاران حاجیی ڕێی حەج کە خۆیان «عیشقباز و ئازانە و بازانە»ی بەیتی سەرەتای موناجاتەکەن. مەرجیش نییە لەو مردنەیاندا خوێنیان ڕژابێ، وەك جارەهاش بووە کوژراون، چونکە لە مەعنادا هەر دەبێتەوە خوێن دۆڕاندن. ئیشارەتی شەرحەکەش بۆ ئەوەی کە غەزاکانی دەوروبەری مەکە خوێن و ئێسقانی سەحابە و حوشترەکانیان لێ ماوەتەوە بۆ ئەمرۆ بە نیشانەی تیری ڕێگەی عیشق، ئائەم بۆچوونەش چەندێکی شیرینیش بێ، لە ئاست بینینی خوێن و ئێسقانی ڕێی حەج کورت دەهێنێ. یەك وشە هەیە لەبەیتی ژمارە ٨ ی سەرەوودا، کەلێنێك دەدا بۆ ئەو تەئویلە، ئەویش وشەی «تێ فکریم»، بەڵام هەرهێندەی لێ هەڵدەستێ کە واتای باسکراوی شەرحەکە بە تارمایی و سێبەری مەعنا بنەڕەتییەکەی خوێن و ئێسقانی حەقیقی بێ.

لە بەیتی یەکەمی لاپەڕە ٤٨٧:

بـەڵـێ بـەم ڕێگـەدا جـەممازە جـانـبـازە کـە ڕۆژ و شەو

دەکا سەیر و سولووکی دائیمەن سەرخۆش و مەستانە

شەرحـەکـە ڕاستـەواتـای وشەکـانـی لـێك داوەتـەوە «سەیـر و سولـووك»ی دانـاوە بـە ڕۆیشتن بە پێی سادەواتای هەردوو وشە؛ بەڵام لێرەدا سەیر و سولووك بۆ واتایەکی دوورتر دادەبڕن، بشێ لەگەڵ سەرخۆش و مەستانە ڕێك بێت: «سەیر»، جگە لە ڕۆیشتن واتایەکی دیکەی هەیە کە دەڵێ: «دەکا سەیر و...» ئەویش تەماشاکردنە. «سلوك، سولووك»یش جگە لە ڕۆیشتن، سلوکی دەروێش و سۆفییانی لێ دەفامرێتەوە. لە تەعبیری «کە ڕۆژ و شەو»دا، مەبەستی بنەڕەتی هەیە، ئەویش «سەیرکردن» کە هی دەمی ڕۆژە، «سلوك»یش هی دەمی شەوە. بەڕۆژ حوشترەکە سەرخۆشە، بە شەو مەستە لـە سولـووکدا. «سەرخۆش» لـەگـەڵ سەیرکردن، واتـای دەقاودەقەکەی سەری خۆش بەدەستەوە دەدات، جگە لە سەرخۆشی. وشەی «دائیمەن» لە هەندێ، بەڵکو زۆرینەی تێکستەکان [٦ تێکست] و دیوانی گیویش «دائیمی» نووسراوە، ئەمیشیان بە ڕاست دەزانم. ئەگەر لەو دەقە زەقەدا هێما بۆ هەر شتێك هەبایە بدرێتە پاڵ واتای بەیتەکە و لێی زیاد بکات، دەمگوت نالی حەقیەتی و شەقڵیشیەتی لەوەی کردووەتی.

بەیتی لاپەڕە ٤٨٨:

چ ڕێگێکی سپی واشە، ئەوەندەی کەهکەشان دوورە

چ صەحرایێکی شین ڕەنگە، بە قەد نۆ ئاسمان پانە

پانایی سەحرا بە قەد نۆ ئاسمان لەوەوە هاتووە کە دیمەنی سەحرای کاکی بە کاکی لە بەرچاوی مرۆڤدا، هێندەی ئاسمان پان بووەتەوە، تا ئەوەی پەڕاوێزەکەی بە ئاسمانەوە دووراوە.

بەیتی دووەمی لاپەڕە ٤٨٩:

لە صەد جێ کلکی ئوشتر گەییە ئەرضی مەهلەکە، هێشتا

یـەمی فـەجی عـەمیـقی ئـاڵـی هـەر بـێ قـەعر و پـایـانـە

«کلکی وشتر گەیشتنە عارد»، گوتەیەکی مەشوورە، گۆیا وشتر نە بە پێوە، نە بە یخ بوون، کلکی ناگاتە زەوی، لەبەر کورتی، کاتێك مرد و بەلادا هات ئەوجا دەگاتە زەوی.

شەرحەکە وشەی «ئاڵ»ی بە ڕەنگی ئاڵ لێك داوەتەوە، لەمەشدا بەسەهوو چووە،

تومەز نەیزانیوە، گلەییشی لێ ناکرێ، وشەی «اَل، ئال» بە واتای سەراب دێت، بۆیە «یەمی... عەمیق»ی ئیزافە کردووە بۆی؛ چونکە سەراب وەك ئاو دێتە بەرچاو، کە «فەججی عەمیق»، بە واتای زێدە دوور دێت، بێپایان دەبێت. لە «عمیق»یشدا قووڵایی هەیە، بەحرەکە، بێبن دەبێت.

بەیتی سەرەتای لاپەڕە ٤٩٠:

لــە نــێو ڕیــگی ڕەوانــی قــوم نــوقــوم بــوو وشتــر و بــوو گــوم
نەما گوێی بیستنی «قُمْ قُم» چ جای ئیمکانی هەستانە

لە شەرحەکەدا «ڕیگی ڕەوان» بەو لمە لێك دراوەتەوە کە لە جێگەیەك ناوەستێ و بـەدەم بـاوە ئـەڕوا. وەك دەزانم «ڕیگی ڕەوان» ئـەوەیـە لـە ئینگلیزی پێی دەگوترێ Quicksand کە جانەوەرێکی تێ کەوت لێی دەرنایێ، نالیش هەر ئەمەی مەبەستە کە دەڵێ وشتر تێیدا نوقوم بوو. لمێکی بـا ببیات حوشتری تێدا نوقوم نابێ. «قم قم»یش دەلالەتی هەیە بۆ «قومقوم»ی سلێمان پێغەمبەر کە عیفریتی تێدا حەبس دەکرا و سەری دادەخرا، دیارە گوێی لە هیچ دەنگێك نابێت. دیارە نالی «قمقم»ی نووسیوە.

بەیتی لاپەڕە٤٩٣:

سمـــاقـی ئـــەحـــمـــەرە یـــاقـــووتـی ڕۆح و ئـــاگـــری نەفسە
حەصاتی ئەبیضە، یا شوهب و نەجمی ڕەجمی شەیطانە؟

شەرحەکە «سماقی ئەحمەر»ی بە ترشەسماق لێك داوەتەوە، وشەکە بێ تەئویل ناوی بەردێکە وەك بەردە حەلانە، بەردئەستێ... ڕەنگیشی سوورە، بۆیە بە یاقووت و بە ئاگر چوێندراوە. وشەکە دەکرێتە پرسیار و دەبێتە «یاقووتی ڕوح و ئاگری نەفسە؟» وەك شەرحەکە بۆی چووە. کە «سماقی ئەحمەر»، قووتی ڕوح [یاقووتی ڕوح] بێ سزا هەڵناگرێ. بەڵام کە بوو بە ئاگری نەفس، ئەوسا لە نیوە بەیتی دووەمدا «حەصاتی ئەبیەض – وردەبەردی سپیلکە» دەبێت شیهابی ڕەجمی شەیتان، ئاگری نەفسەکە دەکوژێنێتەوە.

لە بەیتی دووەمی هەمان لاپەڕەدا:

بە ظاهیر گەر مەگەس دارە، بە باطن صەد چەمەن زارە
بە صوورەت یەك بە یەك خارە، بە مەعنا صەد گولوستانە

شەرحەکە لێرەدا هیچی نەکردووە، وەك من بۆی دەچم. نالی لە وشەی «مەگەس»، مەبەسی «مگس نحل مەگەسی نەحل، مێشهەنگوین» بووە کە هەمیشە لە چەمەنزار خەریکی کۆکردنەوەی ڕەحیقە. نالی لەم بەیتەدا لە لایەن مەهارەتی ئارایشتەوە، مەودایەکی زێدە زێدە بەرینی بڕیوە، بۆ ئەوەی تەقابولی نیوەی یەکەم و دووەمی بەیتەکە تەواوی تەواو دەرچێ، هێناویەتی لە نیوەی یەکەمدا، «مەگەس دار»ی خستووەتە شیعرەکەوە کە کەرتی «دار»ەکە دەچێتە بەرانبەر وشەی «خار»ی بەیتی دووەم. لە سەرەوە «ظاهیر» و «باطین» و لە ژێرەوە «صورەت» و «مەعنا» لێك دەنۆڕن. ئنجا «چەمەن زار»یش لە ڕیزی «گولستان»ی ژێرەوەیە. لەف و نەشری وەها چڕ و پڕی لەفظی و مەعنەوی، هەر بە چەنگ ناکەوێ. دار – خار، ظاهیر – صورەت، باطین – مەعنا، چەمەن زار – گولستان.

بەڵام جارێ ماویەتی: «صەد چەمەن زارە»، واتە صەد چەمەن دەمە و قسە دەکات. لە ژێریەوە صەد گولستانی شێخی سەعدی شیعر دەچڕێ. دەك ماڵت ڕمێ، وەك ڕما، هەی کەڵەشاعیری جیهانی ئیبداع! سەیری هەرە سەیریش لەوەدایە کە ئەم هەموو ئوستادییە و خۆ خەریککردنە، لە جیاتی ئەوەی پشکێکی سۆزەکەی لە خۆی خەرج کردبێت کەچی لە کڵپە و بڵێسەی زیاد دەکات.

لە بەیتی دووەمی لاپەڕە ٤٩٤ کە نالی باسی دڕك و داری ڕێی حەج دەکات و بە دامەنگیر و شین و دڵنشینی ڕێی غەریبانیان دادەنێ، لە وشەی «دڵ نشین»دا، نەشتەرێك هەیە بۆ دڵی خوێنەر، لەوەدا کە مەعنای دووەمی بەیتەکە بۆ دڵنشینەکە ئەوەیە کە دەمی مەرگی غەریبان دێت و دەکەونە سەر زەوی، ئەو دڕکانە دەچنە دڵیانەوە، تێیان ڕۆ دەچێ وەکوو دەرزی، دەنیشنە دڵیانەوە. دامەنگیرەکە لەم ڕووانگەوە هەر ئەوەندە دەکا کە جلیان بدڕێنێ. هەڵبەت ئەم وێنانە لایەنی بۆچوونەکانی شەرحەکە دەست لێ نادات و بەجێی خۆیان دەمێننەوە.

بەیتی سەرووی لاپەڕە ٤٩٥:

شەفیری چالی شۆری هەر دەڵێی لەعلی نمەك پاشە

حەفیری چاهی وشکی هەر دەڵێی چاهی زەنەخدانە

شەرحەکە دەڵێ: لێواری چاڵ و بیری سوێراوی ڕێی مەکە کە ڕەنگی خۆڵەکەی سوورە و توێژی خوێی زەوییە شۆرەکەشی بەسەرەوەیە، ئەڵێی وەك لێوی لەعلی سوور، بەتام و خوێی یارە. قووڵاییی چاڵی وشکی بێئاویشی وەك چاڵاییی

چەناکەی وایە کە دڵۆپێ دوان ئارەقی پێوەیە... پێشتر گوترا کە ڕەنگی ڕێگەی حەج «سپی واشە»، سوور نییە.

نالی دەڵێ: لێواری قۆرتی سوێری وەك لەعلی خوێ بەدەورەوە، وەهایە، نەك «خوێی پیا وەشێنرابێ»، وەك شەرحەکە لە تەرجەمەی موفرەداتی بەیتەکە ڕای دەگەیەنێ؛ چونکە لێرەدا باسی «شەفیر – لێوار»ە نەك ڕوو. قۆرتی چاڵی وشکیشی وەك چاهی زەنەخدانی چیهرەی جوانە، دڵۆپی عەرەقەی پێوە نییە چونکە قۆرتەکە وشکە، زەنەخدانی پێ شوبهێندراوە. لەم بەیتەدا ئاو و تەڕایی بە جارێ بێگانەیە.

بەیتی دووەمی لاپەڕە ٤٩٥:

لە باتیی لالەیی حەمرا جگەر پوڕ داغی خورشیدە

لە باتیی سونبولی تاتا سەر و سەودا پەرێشانە

من لەگەڵ ئەو تێکستەم کە «سەری سەودا»ی پەسەند کردووە لە جیاتی «سەروسەودا». تێکستەکەی «سەروسەودا»، وای کردووە، شەرحەکە بڵێ: خەیاڵیشمان پەرت بووە و عیشق لە کەللەمانا نەماوە و ئەو پەرتوبڵاوییە، جێگەی گوڵی تاڵ تاڵی سونبولمان بۆ ئەگرێتەوە.

لە پێشەوە دەبێ بڵێم، مەبەست لە سونبولی تاتا، پەلك و لکیەتی، نەك گوڵی؛ چونکە گوڵ لەگەڵ سەری سەودادا خزم نییە. ڕەواش نەبوو شەرحەکە عیشق لە کەللەی حەج کردوو نەهێڵێ، کە نالی لە هەموو قەسیدەیەکدا، جەزبە و عیشق و سەودا و بەولاوەتریش وەپاڵ خۆی و حاجییان دەدات. لەم بەیتەشدا «سەری سەودا» هاتووە بە پەرێشانییەوە کە زێدەڕەوییەکی تێدایە، لەتەك تاتای سونبولدا کە پەرێشان نییە.

بەیتی سەرووی لاپەڕە ٤٩٧:

ئەسیری سیلسیلەی بەندی مەهاری سەرقەتارت بم

کە دەمکێشێتە ڕەوضەی حەی وەکو مەجنوونی دێوانە

شەرحەکە دەڵێ: دیل و دەستبەستەی ئەو زنجیرەبم کە بە داری لووتی وشترە سەرقافڵەکەتەوە بەستراوەتەوە کە وەکوو شێت، یان مەجنوونی لەیلا کە دەیبەن بۆ ناو هۆز، ڕام ئەکێشێ بۆ باخچەی مەکە... من دەڵێم: «ئەسیری سیلسیلە... ت بم» سێ ڕوو هەڵدەگرێ، یەکیان، دوعا لە خۆ کردن و پاڕانەوەیە وەك کە دەگوترێ: دەخیلت بم، کۆیلەت بم... دووەمیان لە وشەی «مەجنوونی دێوانە»وە کە دەکا شێت و لێشێواو،

زنجیرەکە دەبێتە زنجیری بەستنەوەی شێت. سێیەم ئەوەیە کە ئەسیری ئەو زنجیرە بوو، حوشترەکە بە دوا خۆیەوە بە پیادەیی ڕای دەکێشێ و بەمەدا پتر لە عادەت ڕەنج دەکێشێ، بەڵام هەمووی بۆ پاداشی گەیشتنە بە «ڕەوضەی حەی».

لە بەیتی دووەمی لاپەڕە ٥٠٣، وشەی «تێدا»، بەیتەکەی تەنبەڵ کردووە، دەبێ «تیا» بێ. لە بەیتی یەکەمی لاپەڕە ٥٠٤ وشەی «صاحێب»، دەکرێتە «صاحیب» کە دەزانین نالی «صاحب»ی نووسیوە ئەگەر «صاحێب» بووایە، هەرنەبا، «ێ»ەکەی، بێ نیشانە دەنووسی. هەر لە کۆتاییی بەیتەکەدا «صاحیب» نووسراوە.

بەیتی سەرووی لاپەڕە ٥٠٥:

سیراجی ئەنبییا، خەتمی ڕوسول، نووری موبینی حەق

کە عالیی کەعب و قەدر و دەست و صەدر و خاتەمی شانە

شەرحەکە وشەی «عالی»ی ئیزافە کردووە بۆ «کەعب و قەدر و دەست و صەدر» کە ئەمانە هەمووی بەرزن. لەمەدا «صەدر» بەرناکەوێ؛ چونکە سینەی بەرز نە مەدحە نە باوە لە وتووێژدا. صەدر بە واتای کەسێك دێت لە ژووروویی هەموو کەسانەوە بێت. لە تەك «خاتەم»ی تەنیشتیەوە، لە ڕووی واتای لەفزەوە، «طباق» پێك دەهێنێ؛ بەڵام بە ئیضافەی خاتەم بۆ «شان» کە دەبێتە «شأن، شەئن»، مەعنایەکە هەڵدەستێتەوە بەرەو شان و شەوکەت؛ چونکە «خاتەمی شان» ڕادەگەیەنێ بە دوا پێغەمبەردا، کەس پلەی حورمەتی بۆ نامێنێتەوە لەچاو هی پێغەمبەر. ئەوەی شەرحەکە گوتوەتی لە بارەی هەبوونی نیشانەی پێغەمبەرایەتی، بەناو شانیەوە لەجێی خۆیدا دەمێنێتەوە، زۆر مەقبوولە.

بگەڕێینەوە بۆ «عالی»: شەرحەکە لە ئاست ئیزافەی وشەکە بۆ «کەعب و قەدر» پێکاوەتی. بەڵام «عالی دەست» ناچێتەوە بۆ دەستەڵات، وەك کە شەرحەکە بۆی چووە. عالی دەست دوو ڕووی دیکە هەڵدەگرێ. یەکیان کە حەدیسی پێغەمبەر خۆی گوتوەتی: «الید العلیا خیر من الید السفلی» لە بواری بەخشین و خێر و سەدەقەدا. دووەم، «دست» ئەو مەفهوومەی هەیە کە لە دەستەواژەی «فی دست الحکم» ڕای دەگەیەنێ.

بەیتی سەرووی لاپەڕە ٥٠٦:

لە سایەی ئەمر و نەهیی، حەقق و باطیل بوو بە دوو فیرقە

بە میثلی فەرقی ڕۆژ و شەو کە فاریق نووری ئیمانە

شەرحەکە یەك نوکتەی لەبیرچووە، وشەی «سایە» لەلایەن وشە و واتائاراییدا، دەورێکی هەیە، جگە لە واتا ئاشکراکەی، خودی «سایە»، تاریکایی بەدەستەوە دەدات و بەسەر «باطیل» و بەسەر «شەو»دا دێتەوە. جگە لە طیباقی «ئەمر، نەهی» «حەق، باطیل» «ڕۆژ، شەو» کە شەرحەکە باسی کردووە، لەف و نەشری مورەتەبیش هەیە. تەناسوبێکی وەك تیباقیش لە نێوان «سایە»ی سەرەتای بەیتەکە و «نووری ئیمان»ی کۆتاییدا، دەنیشێتە دڵەوە کەوا چۆن «سایە»ی تاریك ئەو هەموو ڕووناکییە دەبەخشێ.

لە بەیتی دووەمی هەمان لاپەڕەدا، وشەی «ذەروە» وەك بزانم «ذیروە»یە.

بەیتی دووەمی لاپەڕە ٥١٠:

شەوەمما، کەوکەبەی هەر کەوکەبی نیلی فەلەك دەتگوت

لە میصری ڕۆژی زینەت دەستی مووسای ئیبنی عیمرانە

من لە کۆنەوە دەمبیست دەگوترا «... فەلەك ڕەنگت»، لە دیوانی گیویش وەها نووسراوە. بەلامەوە ئەمیان لە «فەلەك دەتگوت»، شاعیرانەتر و مناسبتری «فەلەکی نیلی»یە کە ڕەنگی شین تێیدا مەبەستە و بە لەفزیش دەبێتەوە ڕووباری نیل. شەرحەکە وشەی «کەوکەبە»ی بە «گەشداری و شان و شکۆ» لێك داوەتەوە. کەوکەبە کۆمەڵە مرۆن وەك دەڵێی «کوکبة من الفرسان»، ئەستێرەش ژمارەیان هەیە و هی بە کۆمەڵیشیان تێدایە.

بەیتی سەرەتای لاپەڕە ٥١١:

شەوەمما، غیبطەیی نووری سوەیدایی دڵ و دیدە

شەوەمما، خۆر تیا گۆیا لە شەرمی نووری پەنهانە

شەرحەکە دەڵێ: کاتی میعراج شەو بوو؛ بەڵام نووری گلێنەی چاو و خوێنی ڕەشی دڵ، ئاواتەخواز بوون وەك ئەو ڕەش بوونایە. ئەمە لە شەرحی نیوە بەیتی یەکەم. هی دووەم بێ عەیبە. «غبطە، غیبطە» لە عەرەبیدا حەزکردن بە گەیشتنی نیعمەتێکە وەك خەڵق پێی گەیشتووە. «حسد، حەسەد» حەزکردن بە گەیشتنی نیعمەت و ڕووتانەوەی خەڵکە.

شەرحەکە «سویداء»ی بۆ دڵ و چاو، بە یەك مەعنا واتا لێ داوەتەوە: ڕاستییەکەی ئەگەر «سویداء»ی دڵ بێ، دەکاتە ناوەڕۆکی دڵ [کە شەرحەکە لە سەرەتاوە وەهای نووسیوە] نەك خوێنی ڕەشی دڵ کە بیەوێ وەك شەوەکە ڕەش بێ. مادەم خوێنەکە

ڕەشە، ئیتر ئەم ئاوات و غیبطە پێبردنە لە چییەوەیە؟ وا هەردوویان ڕەشن! ئەگەر «سویداء»ی چاو بێ، دیارە ڕەشکێنەی چاوی لێ وەردەگیرێ. لەم مەعنایەی سەر بە ڕەشاییی چاو، جگە لەوەی ڕەشکێنە ڕادەگەیەنێ؛ لایەنێکی دیکەشی تێدا ڕەچاو دەکرێ کە چاوەکە حەز دەکا وەك ئەو شەوە بێ، هەرچەند بە کوێربوونیش بێ؛ چونکە «غبطە» ئەمەی بەبەرەوە هەیە. لە هەردوو نیوە بەیتدا «طباق» هەیە.

بەیتی دووەمی لاپەڕە ٥١١:

شەوەمما، ڕۆژی ڕۆشن نەیگەیشتێ گەرچی ئیستاکەش

لە دووی شەو کەوتووە، دەڕوا بە سەر سەر، گەرمی سەیرانە

شەرحەکە نوکتەی هەرە گەورەی بەیتەکەی نەدۆزیوەتەوە، لە قورئاندا هاتووە: «ولا اللیل سابق النهار»، واتە شەو پێش ڕۆژ ناکەوێتەوە. نالی لێرەدا، ئەم ئایەتە هەڵدەگێڕێتەوە و بە پشتیوانیی قودسییەتی شەوی میعراج، ڕۆژی دوای شەو خستووە. قسەی خۆمان بێ، بەپێ دزیلکە، ڕۆژی خستووەتە دوای هەموو شەوێك، نەك شەوی میعراج و بەس، چونکە دەڵێ: «لە دووی شەو کەوتووە». کە دەشڵێ: «دەڕوا بەسەر»، لەوەوەیە ڕۆژ هەمووی هەر سەرە. لە دیوانی گیو هاتووە: «بەسەر سەرگەرم و حەیرانە».

وشەی «ڕۆشن» دەکرێتە «ڕەوشەن»؛ چونکە نالی وەهای دەنووسی و مەطلەبیشیەتی بەپێی مەیلی ئەو سەردەمە بۆ وشەی ئەدەبی، تا ئەوەی لە زۆر باردا، بێ لزوم، زاراوەی سەخت و بێگانەیان بەکار دەهێنا.

لە بەیتی دووەمی لاپەڕە ٥١٢، وشەی «بیداریی» کە دەبێ بۆ کێشی شیعر «بیداریی» بخوێندرێتەوە، زۆر ناقۆڵا و بێ لزوومە؛ چونکە تێکست هەیە [پێنج تێکست] وشەی «طولوعی»یان نووسیوە، ئەوسا «بیداری» [دەنووسین بیداریی لەبەر دەستووری ڕێزمان کە «ی» ئیضافەی دەوێ] سووك هەڵدەستێت و بەیتەکە عەیبی دەبڕێ. فەرق زۆرە لە نێوان خوێندنەوەیەکی سەخت بۆ پەیداکردنی مەعنایەکی نوێ و دژواریی کێشی شیعر کە فرزەی ناسکی و قەشەنگی و فرەواتاییشی دەبڕێت.

بەیتی سەرەتای لاپەڕە ٥١٣:

بە فەرموودەی خودا فەرمووی بفەرموو، هەستە هەر ئیستە

لە جێی بەدری دوجاوو و دوڕڕی یەکتا، دوڕی یەکدانە

شەرحەکە فەرقی نێوان «دوڕی یەکتا» و «دوڕی یەکدانە»ی باس نەکردووە. هەرچی یەکتایە؛ واتە دوڕێکی هاوتای نەبێ. یەکدانە دوڕێکە، لوولوویەکە لە قەپێلکدا تەنها بێ.

وەك بۆی دەچم لەم «دوڕی یەکتا» و «یەکدانە»یە ئیشارەتێك هەیە بۆ ئایەتی «مثل نوره كمشكاة فيها مصباح، المصباح في زجاجة، الزجاجة كانها كوكب دري».

لە بەیتی دووەمی لاپەڕە ٥١٣:

ئەمن مەهدی ئەتۆ هادی شەوی تەجرید و تەقریبە

لەبەرکە خەلعەتی قورئان و ئەم تەشریفی ڕیضوانە

وشەکانی «تەجرید و تەقریب» دەوەستنە بەرانبەر «لەبەرکە» و «تەشریفی ڕیضوان». «تەجرید» کە جلك داماڵینە، دەبێتە موقەدیمەی «لەبەرکردنی خەلعەت»ی قورئان. تەقریب، نزیك خستنەوەش بۆ گەیاندنە بە «تەشریفی ڕیضوان».

بەیتی دووەمی لاپەڕە ٥٢٠:

سوروشکی من کە لێڵاوە، غوباری کوە و هاموونە

وەرە سەرچاوەکەم بنواڕە، وەك ئاوێنە، چەند ڕوونە

شەش تێکست لە جیاتی «لێڵاوە» «لێڵاوی»یان نووسیوە، هەر ئەمیش ڕاستترە. «کوە» دەبێ «کوهـ» بنووسرێت. دڵم بۆ ئەوە دەچێ نالی «ئایینە»ی نووسیوە؛ چونکە لەگەڵ تەبیاتیدا ڕێك دەکەوێ، جگە لەوە کە دەشێ مەبەستی شوبهاندنی «سەرچاو»ەکەی بە «ئایین» بێ کە ڕوونە، بەوەشدا لێڵیی فرمێسکی دەدرێتەوە بە خڵتوخاشی دنیایی، دنیاش جگە لە بەحرەکانی، یان دەشتە یان شاخ.

بەیتی لاپەڕە ٥٢١:

مونەججیم کەرگەس و لاشەی لەلا شەیئێکە نەیزانی

کە ئەم ئەفلاکە چەند لاکە، کە ئەم گەردوونە چەند دوونە

واتە دێتە دڵمەوە نالی ئیشارەت دەکا لە وشەی «کەرگەس» بۆ «نەسری واقیع» و لە دوو وشەی «لاشە»وە بۆ «بنات النعش»، وێڕای مەعنا ئەسلییەکەی.

شەرحەکە بۆ ئەوە چووە، نالی مەبەسی لە مونەجیم پیاوێکی هەڵمەتەکاسەی ئەو سەردەمە بووە، چاوەڕوانی گۆڕانی باری دنیا بووە... من ئەمە بە دوور دەزانم.

بەیتی لاپەڕە ٥٢٢:

لە دەورانی طەبیعەتدا لەگەڵ ثەوری فەلەك جووتە

لە ملیا چەمبەری دەوران و طەوقی چەرخی گەردوونە

شەرحەکە لە ئاست «چەمبەر» وشەی «چەنبەر»ی بەکار هێناوە، ڕاستیشی بۆچووە. وەك ئەم وشەیە وشەی «بەرانبەر»یش بەگشتی دەنووسن «بەرامبەر» کە هەڵەیە. دەنگی «ن» کە بە وەستاوی کەوتە بەرایی «ب»ەوە، بە میم گۆ دەکرێ. لە نموونەدا تەنبەڵ بە تەمبەڵ دەخوێندرێتەوە.

نیوە بەیتی یەکەم دەشێ وەهای لێ بێ: لە دەورانی طەبیعەتدا، فەلەك لەگەڵ ثەوری جووتە.

لە بەیتی سەرەتای لاپەڕە ٥٢٣ لە جیاتی «شەخصێکی» دەبێ «شەخصەکی» بگوترێ؛ چونکە کێشی تەنبەڵ بووە. ناوی «کودروون» لە بەری سۆران «گدروون» ڕۆییوە؛ بەڵام زۆر دەگمەنە. بەڵام بەپێی باوەڕی من، گدروونێکی بەرزبێت و خیطەی سلێمانی لە سایەیدا ئاسوودە بێت، ئەو کەسەیە شاخی «پیرە مەگدروون»ی بەناوەوە کراوە. باوکم بە لەتیفە هەر دەیگوت «پیری ماگدروون»، ئێستە بە زۆری دەڵێن «پیرەمەگروون».

لە بەیتی سەرەتای لاپەڕە ٥٢٥ لە وەصفی زوڵفدا، وشەی «بەهلوولی» دەشێ ببێ بە دوو کەرت: «بەهـ لوول» بە واتای لوولی ڕێك و جوان.

لە بەیتی دووەمی هەمان لاپەڕەدا «ئایەتی جان»، جگە لەوەی شەرحەکە باسی کردووە، لە ئیشارەتی تێکڕای بەیتەکە بۆ قورئان لە ڕێی وشەی «ئایەت»، «ئیعجاز»، «بەیان» ... هوە، وشەی «جان» خۆی هەڵدەگرێ عەرەبی بێ بە واتای جەمعی «جن – جینن» کە خۆی یەك لە سوورەتەکانی قورئانە کە ئەمە سەرەتاکەیەتی: «قل أوحی إلی أنه استمع نفر من الجن فقالوا إنا سمعنا قرانا عجبا».

طەلعەتی ئایەتی جان، مەظهەری ئیعجازی بەیان

لەبی دورج و دەهەنی سیرِ و کەلامی عەلەنە

طەلعەتی، بە واتای دەرکەوتنی، عەلامەتی ڕوحە [جان] کە ڕوح [و جان] دەرناکەوت. دیمەنی پەکخەری ڕەوانبێژییە کە مومکین نییە بتوانی وەصفی بکا، یاخود دیمەنەکەی واتە مەظهەرەکەی کە بە چاو دەدیترێ، موعجیزەی ئاشکرابوونی

«جان» و جیننە. نیوە بەیتی دووەمی لەجیاتی «لەبی دورج و»، «لەب و ڕوح و» هاتووە، خۆیشم هەر وەهام بیستووە، تێکستێکی شەرحەکەش وەهای نووسیوە، جگە لە دیوانی گیو. بەو پێیە لێو و ڕوح و زاری «سیر»ە، قسەی عەلەنە، وەك کە ئەجندەکانیش لە ئایەتەکەدا وەها بوون.

بەیتی سەرەتای لاپەڕە ٥٢٧:

ڕۆشنیی دیدە بە ئینسانە کە موژدەی قەدەمت
ڕۆشنیی دیدەیی غەمدیدەیی «بیت الحزن»ە

شەرحەکە دەڵێ: ڕۆشنایی چاو بە گلێنەیەوە دەبێ، تۆیش گلێنەی چاوی منی. بۆیە مژدەی هاتنت ئەبێ بە مایەی ڕۆشنبوونی دیدەی غەم دیتووی ناو خەفەتخانەی چاوم.

من دەڵێم: وشەی ئینسان بۆ گلێنەی چاو و بەر لەویش، بۆ مرۆ خۆی دەچێتەوە. نالی دەڵێ: چاو بە دیتنی مرۆی خۆشەویست ڕەوشەن دەبێ کە لێرەدا هەم یارە هەم یەکێکی دیکەیە پێوەندیی بە «بێت الحزن»ەوە هەیە. ئنجا بە یار دەڵێ: موژدەی پێت، پێ و قەدەمت، بووەتە ڕووناکاییی دیدەی غەمدیدەی «بیت الحزن». دیارە ئەم «بیت الحزن»ە لەم واتایەدا دڵی نالییە، کە چاوی غەمدیدەی دڵەکەی پێ گەش بووەتەوە.

لەلایەکی دیکەوە «بیت الحزن»، بەماڵی یەعقووبی باوکی یووسف گوتراوە کە لە دووریی یووسف چاوی کوێر بوو، کاتێك یووسف کراسی خۆی بۆ نارد، چاوی پێ ڕوون بووەوە.

نالی موبالەغەیەکی عەجایب و دڵکێش دەکا کە دەڵێ: تەنها موژدەی قەدەمت، نەك قەدەمەکە و هاتنت، بوو بە ڕەوشەنیی چاوی دڵم لە حاڵێکدا یەعقووب بە کراسی یووسف چاوی ڕوون بووەوە، چۆن کراسەکە بێنی یووسفی پێوە بوو.

ڕەوشەنیی دیدە، دەبێتە ڕەوشەنیی «انسان العین – بیبیلە»، ئەمە دەڵێم بۆ ئەوەی واتای «انسان» بۆ هەردوو لا دەچێتەوە، مرۆ و بیبیلە.

بەیتی دووەمی لاپەڕە ٥٢٧:

دڵی نالی کە ئەنیسی قەرەداغە، ئیستەیش
داغی سەرچاوە وو دێوانەیی دار و دەوەنە

شەرحەکە نەیزانیوە کە [بەپێی بیستنم] شاخێك هەیە لە نزیك ئەستەنبووڵ ناوی

قـەرەداغـە، لـەوێوە، کە دڵـەکـەی هـاوسێـی ئـەو قـەرەداغـەیـە، تـا ئێستـەش داغـی ئـەو شوێنانەیە کە لە قەرەداغـی کوردستان هەن. شەرحەکە باشی بۆچووە کە دەڵێ: واپێ دەچێ نالـی ئەم پارچە شیعرەی لە نامۆییدا و لە سەردەمـی پیریدا وتبێ.

بەیتـی لاپەڕە ٥٢٨:

لــەو وەخــتــەوە بــیستــوومــە دیتن بــە قــەدەر چــاوە

هـەر مووم لە بەدەن یەکسەر، وەك عەینـی فەنەر، چاوە

شەرحەکە وای بۆچووە کە نالـی لە دەمـی گوتنـی ئەم شیعرە چاوی نەمابێ، گۆیا کە دەڵێ: «لەو وەختەوە بیستوومە»، نەك «دیتوومە». دیارە بێ چاو بووە. ئەم بۆچوونە دوورە لە واقیع؛ چونکە نالی بە پیرییەکی زێدە پیر لە مەکەوە سەفەری کردووە بۆ ئەستەنبۆڵ... باپیرم دیتووەتـی بە چاوی ساغەوە، لە هیچ بەیتێکی شکاتـی نەکردووە لە چاوی. خۆ ئەگەر لە وشەی باسکراوی «بیستوومە»، کوێربوونـی نالـی بفامینەوە، خۆ «لەو وەختەوە» هەموو عومری بیرهاتنی نالـی دەگرێتەوە. بەو پێیە نالـی لە منداڵییەوە کوێر بووە. ئەگەر ئەم کوێرییە جێی ئیحتیمال بایە، دەبوو لە بەیتـی «کەعبە ئیشراقـی وەکو خورشیدە من چاوم ضەعیف»، موقەدیمەی کوێرییەکە بفامینەوە کە بەپێی تەحقیقێ کراوە، بەر لە ساڵێك لە مردنی، ئەم بەیتەی گوتووە؛ چونکە لە زیمنـی قەصیدەی «وەی کــە ڕووزەردی مـەدینـە و...» هـاتـووە کـە عـوزر دەخـوازێتـەوە لـە بەجێهێشتنـی مەکە و مەدینە. ئنجا کە ئەمەمان کرد، تووشی بەیتێکی دواتری ئەمەیان دێین کە دەڵێ: «... من کە بازی دیدەبازم نەك شەوارەی دەستەمۆم»، ئەوسا بازی دیدەباز، چۆناوچۆنـی بۆ کزبوونـی بەرەو کوێربوونـی چاو بادەدرێتەوە... هەڵبەت نالـی دەیتـوانـی بڵـێ: «دیـتـوومـە، زانـیـومـە، بـیستـومـە»، هـەمـووشی دەست دەدەن، بەڵام بیستنەکەی پەسند کردووە بە تایبەتی؛ چونکە «دیتوومە» زەق دێت، بەوەدا خۆی دووپـات بکـاتـەوە هـەم بـە لـەفـز هـەم بـە مـەعـنـا [دیتومە دیتن...]. «زانیومە» لەتەك «بیستوومە»، زۆر هەژارە؛ چونکە سادەیی و بەداهەتـی «بیستوومە»ی تێدا نییە. خەڵك دەڵێن: بیستوومە، تا ئەوەی بە چاویش دیتبێتیان.

لە بەیتەکەدا، لەطافەتێك هەیە کە فەنەر مۆمـی تێدابێ. وشەکەش شکڵـی «مووم»ی بە هاراوی لە گوتندایە. ئنجا کە دەڵێ: «هەر مووم» یەکسەر دەبێتە عەینـی فەنەر، واتە چاوی فەنەر. «مووم» بە واتای «شەمع» و بە واتای «مووی من» دێت.

غـەزەلـی «ئـەو سیلسیلـە وا میشکـی خـەتـا نێوی بـراوە...»، بـەپێـی ڕای پێوانـە و

کێشانەدار و شایەدی حاڵ، هـی کەیفییە. تەنها ئەوەندەی تێدا دەڵێم، سەرەتای بەیتـی دووەم «لاولاوە کە لەولاوە» ڕاستە. «بە ڕووی ڕۆژدا...»، ناقۆڵایە و کێشی بەیتەکەش دەشێوێنێ، «بە ڕووی ڕۆژە» ڕاستە. لە کۆتاییی شیعرەکە «حەیاتم غەلەتاوە» ڕاستە؛ چونکە مانای نوقومبوون دێت، ئیتر یان لە ظولمەت یان لە ئاو یان لە هەردووکیان.

بەیتـی سەرەتای لاپەڕە ٥٣٣:

ئەم عومرە عەزیزە کە لە بۆت نەقد و دراوە

صەد حەیف و دریغا کە موسوڵمانـی نەماوە

بە هیچ کێشانە و لێکدانەوەیەك هـی نالـی نییە. لە لایەکەوە کە هەردوو نیوە بەیتـی قافیەدارن هەر دەڵێی خزمە لەگەڵ غەزەلـی پێشووتر. لەلایەکـی دیکەشەوە، بەیتـی دوای ئەم بەیتەش، لەگەڵ عومر خەریکە، بەڵام تا بڵێی مەیدانیان جودایە و تا بشڵێی لەلایەن هونەر و چەژ و داڕشتنەوە لێك دوورن.

بەیتـی دوومـی هەمان لاپەڕە:

عومرێکـی درێژە بە خەیاڵـی سەری زوڵفت

سەودا وو پەرێشانم و سەودایەکـی خاوە

هەندێ لایەنـی وردەکاری هەیە، لە بەیتەکەدا شەرحەکە خۆی تێ نەگەیاندووە. عومرێکـی درێژ بە خەیاڵـی «سەری زوڵف»، طیباقـی تێدایە و دەلالەتـی هەیە لەسەر زێدە خەریکبوونـی بە خەیاڵیەوە. هەروەها دەلالەتـی درێژیـی زوڵفەکە بەدەستەوە دەدات؛ چونکە عومرێکـی درێژ بۆ تەنها «سەری زوڵف» بێ دەبێ، هەموو زوڵفەکە چ عومرێکـی بەدەمەوە بێت. نالـی بە خەیاڵ... سەودایە، پەرێشانیشە، وەك زوڵفەکە، سەودایەکەش بۆ زوڵفـی خاوە، وەك کە زوڵفەکە وێڕای پەرێشانـی خاویشە.

عومری درێژ و خەیاڵ و سەودا و پەرێشان و خاو، هەمووی وجوودی مەعنەوییان هەیە، تەنها سەری زوڵف مادەیە... لێرە مناسب دەبینم بڵێم: مەرحووم «نیهانـی»، شێخ محێدین کوڕی شێخ کەریمـی بەرزنجـی لە کۆیە، ئەم غەزەلەی تەخمیس کردبوو، تەخمیسـی دوو بەیتیم لەبیر ماوە، یەکەمیان ئەمەیە:

بـێزار مـەبـە لێم مـن سوپـەری تیری عەدووتم

بۆ شەمعـی جەمالت وەکو پەروانە لە دووتم

بۆ ئاتەشی سەرگۆنە بە صەد گۆنە دەسووتم

هەرچەند کە ڕووتم بە خوا... هتد

دووەمیان ئەمەیە:

ڕۆژێ نەبوو صەد دەفعە یەخەت هەڵنەتەکێنی

زنجیری وەفا و عەهدی قەدیمت نەپسێنی

بۆ فەرقی یەتیمی دڵەکەم سەنگ نەوەشێنی

بۆچی نەگریم صەد کەرەتم دڵ دەشکێنی.

بەیتی دووەمی لاپەڕە ٥٣٦:

هەر جۆگە وو جێگێکی کەوا سوور و سوێر بێ

جێی جۆششی گریانی منە و خوێنە ڕژاوە

دەبوو قافیەکەی «خوێ نەڕژاوە» بنووسرێ، نەك «خوێنە ڕژاوە»؛ چونکە قافیەی بەیتی پێش خۆی «ئاوە ڕژاوە» هاتووە، جۆرە هەژارییەك بە مل بەیتەکەدا دەدا.

بەیتی یەکەمی لاپەڕە ٥٣٧:

سۆزی دڵمە باعیثی تاو و کوڵی گریان

مەعلوومە کە ئاگر سەبەبی جۆششی ئاوە

شەرحەکە دەڵێ: نالی مەبەسیەتی بڵێ، سۆزی دڵم بە تینترە بۆ گریان لە گەرمایی ئاگر بۆ کوڵانی ئاو. بە ڕێکەوت، دەبینم بەر لە ساڵەها ئەم چەند ڕستەیەم نووسیوە لە پەراوێزی دەوری بەیتەکە: باعیث لەبارە بۆ ئەوەی سۆزی دڵ، کوڵی گریان پەیدا بکات. هەرچی «سبب»ە دەشێ یەکسەر بەرهەمهێن بێ وەك کە ئاگرەکە و جۆششی ئاوەکە، یەك شت بن. باعیث هاندەرە خالق نییە وەك سەبەب.

بەیتی لاپەڕە ٥٣٩:

ماهی من تەنها مەهێکە صەد نوجوومی مەحو کرد

یاری من تەنها گوڵێکە صەد هەزاری گرتووە

شەرحەکە لێرەشدا «هوزار» دادەنێ بە بولبول و دەڵێ نالی «هزار»ی نووسیوە، بۆ ژمارە هەزار و بۆ «هوزار»ی بولبولیش دەست دەدا. لێرە بە پێشەوە، دەمێکیشە گوتوومە

«هەزار» بولبولە، لە هەزار ئاهەنگەوە هاتووە، فارسەکان وەهایان ناوناوە. بەو پێیە گوڵەکەی نالی کە تاکە گوڵە سەد بولبولی گرتووە یاخود هەزار گوڵی ژێرخستووە.

لەتافەتێکی دیکەش هەیە، لە وشەی «محو، مەحو»ەوە دێت. لە قورئاندا ئایەت هەیە: «وَمَحَونا آيَةَ الّيْل...»، لێرەدا نالی ماهی ڕووی یاری لە شەودا کردووەتە جێگری ڕۆژ و ئەستێرەی پێ مەحو کردووەتەوە. دیارە بەلای بەیتەکەی نالییەوە، شەوی بێ مانگ، ئیتر مانگ لە محاقدا بێ یان زوو ئاوا بووبێ، یاخود درەنگ هەڵێ، دادەنێ بە مەبەسی ئایەتەکە.

بەیتی سەرووی لاپەڕە ٥٤٠:

دامەنی پاکی مەداری دائیرەی خامەك نییە

خوێنی مەقتوولانە وا دامێنی یاری گرتووە

شەرحەکە، وادیارە، قوماشی خامەکی زانیوە کە ڕەنگی شینە. ڕەنگەکەی وەك ڕەنگی وڵاغە بەرزەی کوێتی مەیلەو کراوەیە، بەلای سووریدا دەشکێتەوە، بە پێی داخوازیی جێگە. «مەداری دائیرەی خامەك» دوو شوێن دەگرێتەوە لە پۆشاکی ئافرەتی ئەو سەردەمە و بەشێکی ئەم سەردەمەش، یەکیان پەڕاوێزی دامەنی کەوا. ئەوی تریان دوو دەلینگی دەرپێی ئافرەت. عادەت بوو ئەم دوو شوێنە بە قوماشی خامەك دەدوورا، هەردووشیان دائیرەیین. لە خەستیی واتای «دامەنی پاکی» کە بۆ ڕووسووریی ئافرەت دەچێتەوە، بەیتەکە پتر بەلای دەلینگدا [دەرلینگ ڕاستە، کورتکراوەتەوە] دێتەوە.

لە بەیتی سێیەمی لاپەڕە ٥٤٠، وشەی «ڕاستە»، لە نیوە بەیتی دووەمدا: «سەروی قەددت ڕاستە ئەنواعی ئیماری گرتووە». جگە لەوەی کە تەسدیقی قسەیەك دەکات، ئەوەش دەگەیەنێ کە سەرووی قەدی یار خوارایی تێدا نییە، ڕاست هەڵچووە.

بەیتی سەرەتای لاپەڕە ٥٤١، نیوەی یەکەمی: «لەعلی شەککەرباری تۆ تێراوە، شەککەر بارییە»، دووجاران «شەککەربار»ی تێدا هاتووە، بەپێی شەرحەکەش یەك واتا دەبەخشن، وەك ئەوەیە بڵێی: چاوی جوانت جوانە. من لە کۆنەوە دەمبیست [ناشزانم لە نوسخەی عەلی موقبیل چۆن نووسراوە] دەگوترا و دەمگوتەوە: «لەعلی شەککەر باری تۆ تێراوە «شکری باری»یە»، واتە شوکری خوایە، یاخود شەکرێکی خوداییە.

بەیتی سێیەمی لاپەڕە ٥٤٢:

شەمعی بەزمی من کەوا سووتاوە، زەرد و ئەشك ڕێژ

قەت نییە فەردێك نەڵێ ڕەنگی مەزاری گرتووە

شەرحەکە شەمعەکەی داناوە بە چاوی خۆی کە سووتاوە و زەرد هەڵگەڕاوە، وەکو مۆم و کەس نییە نەڵێ ڕەنگی گۆڕستانی لێ نیشتووە.

ئەم لێکدانەوەیە دوورە لە موفرەداتی بەیتەکە، چاویش ناسووتێ بە فرمێسك و ناشبێتە شەمعی بەزم. وەك من بۆی دەچم، نالی وا دادەنێ کە مۆمی بەزمی ئەو زەرد بووە و فرمێسك دەڕێژێ، تەعبیر لە حاڵی بێحاڵی نالی دەداتەوە، تا ئەوەی کەس نییە نەڵێ، «ئەو بەزمە» ڕەنگی گۆڕستانی گرتووە. لە وشەی «فەردێك»ەوە، مانایەکی دیکەش هەڵدەستێ، بەوەدا کە واتای تاکە بەیتی شیعر ڕادەگەیەنێ. لەمەوە مانای بەیتەکە وای لێ دێت: تاکە فەردێکی شیعرم نییە وەسفی بەزمەکەم بکات و بە گۆڕستانی دانەنێ. دەشێ بۆ ئەم مەعنایە بەزمەکە دیوانی شیعری بێ کە شەوانە لەبەر شەمعی زەرد و فرمیسکڕێژ موتاڵای دەکاتەوە یان لێی زیاد دەکات، هەمووی وەك گۆڕستانە دەلاڵێتەوە.

بەیتی دووەمی لاپەڕە ٥٤٣:

نالی وا دائیم کە مشغووڵی فوغان و ناڵەیە

باعیثی هیجرانی یارە دڵ شەراری گرتووە

زۆر لە بەیتی سەرەتای لاپەڕە ٥٣٧ دەچێت، لە ڕووی واتاوە. هەرچەند بەیتەکە عەیبی لێ ناگیرێ؛ بەڵام ئەو بەیتە شەرحەکە ڕەفزی کردووە و ئەمە دەقیەتی:

چاوی نالی دائیمەن فرمێسکی لێ دەڕژێتە خوار

وادەزانم هەر کە شێوەی سەرچناری گرتووە

ئەویش بێعەیبە، لە دیوانی گیودا، هەردوو بەیت بە ڕێنووسی نیوداشتی سەردەم پێکەڵپێکی ڕێنووسی شەرحەکە، یەك لە دوای یەك بوونەتە کۆتایی غەزەلەکە. بەلای منەوە، ئەم بەیتەی کە شەرحەکە پێی ڕازی نییە، پوختەترە لە بەیتی «کانی دمدم و مێگور» و پتر لە چەژی شیعری نالییەوە نزیکە. بەهەمەحاڵ، بەیتە ڕەفزکراوەکە هیچی کەمتر نییە لە بەیتی کۆتایی غەزەلەکە، گوناهێکیشی نییە لەوەدا بەیتێکی دیکەی وەك ئەو هەیە نازناوی نالیی پێوەیە. هەرچۆنێك بێ، بەوەدا کە بەیتەکە بە ڕەفزکراوی چووەتە ناو شەرحەکە، زەرەر لە نیوەی گەڕاوەتەوە، ئەگەر نەڵێم زەرەرێك ڕووی نەداوە.

وشەی «فغان» کە نالی لە بەیتێکی تردا بە «ئەفغان»ی نووسیوە، «فیغان»ە نەك «فوغان»، ئەویش بە باوەڕی خۆم.

غەزەلی «گوڵبنی قەددت...» لە لاپەڕە ٥٤٤ تا ٥٤٧، جەنجاڵێکی زۆری بەدمەوەیە، لێی دەوەشێتەوە گوتارێکی لەسەر بنووسرێت، لێرەدا جێی نابێتەوە.

بەیتی لاپەڕە ٥٥٠:

فەصڵێ کە هەر لە فەرقی بەشەر تا ڕەگی شەجەر

وشکیی بە غەیری صۆفی یو عاصای نەمایەوە

لەجیاتی «عاصای» دەبوو «عاصی – بە واتای شوێنی عاسێ» بنووسرایە.

شەرحەکە ڕاستەواتای وشەکانی داوەتەوە. نوکتەیەك هەیە لە بەیتەکەدا، نەختێك وردە، بریتییە لەمە: فەرقی «بەشەر» بە واتای سەرەکەی، لە هەمان کاتدا پیتی یەکەمی وشەکە دەگرێتەوە کە پیتی «ب»ە. ڕەگی «شەجەر»یش بە هەمان ڕێگەدا پیتی «ر» دەگرێتەوە، بە هەردوویان «بر» واتە «بەڕ» زەوی پێك دەهێنن. ئا ئەم زەوییە، هەر صۆفی و سووری ماهی تێدا بە وشکی ماوەتەوە.

بەیتی دووەمی لاپەڕە ٥٥٣:

غەیری تەڕیی عیشقی حەرارەت نوما نەما

بەفریش لە سەرد و گەرمی خەجاڵەت توایەوە

وشەی «تەڕیی» زۆر ناقوڵایە، «تەڕایی» لە تەبیاتی نالی دەوەشێتەوە و مۆسیقا و کێشی شیعریش پێی ڕازییە. «حەرارەت نوما»ش هەڵە پەرەسەندووەکەی زۆربەی فارسی ئاشنای کوردە: «حەرارەت نەما» وەك «قیبلە نەما» ڕاستە.

بەیتی دووەمی لاپەڕە ٥٥٤:

صاف و ڕەوان و نەرمە وەکو زەمزەم و فورات

نەك ڕەنگی نیلە یەعنی کە هات و گەڕایەوە

شەرحەکە بۆ ئەوە نەچووە کە «فورات» بە ئاوی بەهەشت حیساب کراوە، زەمزەم لە تەکیدا قودسییەتی خۆی دەنوێنێ. «نەك ڕەنگی نیلە»، واتە «نەك چەشنی نیلە»، یاخود ڕەنگی خمە بە خۆی و خڵتەیەوە. لە «هات و گەڕایەوە»دا، مەهارەتێکی سەیر هەیە: «هات»، فیعلێکی موبادەرەیە وەك دەڵێی: هات بدرکێنێ، هات دەربازبێ... بە

ڕواڵەت «گەڕایەوە» دژی «هات»ە، لە حەقیقەتیشدا «گەڕایەوە» حاڵەتێکە بەسەر هێندێ شتدا دێت وەك کە ترشیاتی ئاوی ترێ «دەگەڕێتەوە» و دەبێتە شەراب لە جیاتی ئەوەی وەکو خۆی بە ترشیات بمێنێتەوە. خمیش دیارە ئەو حاڵەتەی هەیە. لە بەرانبەر «گەڕایەوە»دا «ڕەوان»ی میصرەعی یەکەم هەیە کە دژی گەڕانەوەیە. «نیل»یش جگە لە خم، واتای ڕووباری نیلی هەیە کە مناسبی فراتە. لە نێوان «صاف» و «ڕەوان» و «نیل» و «گەڕایەوە»دا طیباق هەیە.

بەیتی لاپەڕە ٥٥٥:

نالی بە داوە شەعری دەقیقی خەیاڵی شیعر

بۆ ئەو کەسەی کە شاعیرە صەد داوی نایەوە

ئەم بەیتە هەڵدەگرێ «بە داوە شیعری خەیاڵی شەعر»یش بڕوات. لێرەدا ڕەوا دەبینم کە شتێکی بە دوا ئەو بەیتەدا هاتووە لە کتێبی **چەپکێك لە گوڵزاری نالی** بۆ شەرحی بەیتەکە ڕاگوێزم تا خوێنەر باشتر لە بەیتەکە و مەبەستی من لێی، ئاشنابێ. یەکسەر دوای نووسینی بەیتەکە ئەم دێرانە دێن:

**«**ئێمە کە بزانین نالی داوی بۆ ناوینەتەوە، چۆن ڕەوایە سووك بەسەر شیعرەکانیدا تێ پەڕین، ئەم سووك تێپەڕینەمان یەکسەر پابەندی داوەکانمان دەکات چ عوزرێکیشمان بە دەستەوە نابێ؛ چونکە وەك گوتم «لقد أعذر من أنذر». بێگومان دەبێ هەر ئەم بەیتە خۆی داوی وەهای تێدابێ کە ئەگەر ورد نەڕۆین، پێیەوە بین. من یەك دوو داوم لێ هەڵگرتووەتەوە، هونەرەکەش بۆ نالی دەگەڕێتەوە؛ چونکە خەبەرداری کردمەوە لە داوەکان. یەکێك لەوان ئەمەیە کە شیعرەکە بە شێوەیەکی تر بخوێنرێتەوە؛ چونکە لە ڕێنووسی کوردیی کۆندا هەردوو خوێندنەوە جایەزە: «نالی بە داوە شیعری خەیاڵی شەعر» بەمەدا خەیاڵی داوە مووە باریکەکانی یار بووەتەوە داوە شیعری غەزەلەکە، وەصفی «دقیق»یش، دەشێ بۆ شیعرەکە و بۆ شەعرەکە بگەڕێتەوە و هەردووکیان ببنە ئەو داوە کە بۆ شاعیرانی ناوەتەوە. «خەیاڵی شەعر» [شەعرێك کە خەیاڵە، خەیاڵێك کە شەعرە]یش هەڵدەگرێ «اضافەی بەیانی» بێ نەك «اضافەی حەقیقی» ئەوساش واتاکەی ئەمە دەبێ «ئەو خەیاڵەی وەك شەعر باریکە». ئەمیان داوێك.

داوی دووەم لە کۆتاییی بەیتەکەدایە: کە دەڵێ، «صەد داو». لە نووسیندا دوو پیتی

«د» دەنووسرێ؛ بەڵام لە گوتنەوەدا یەك «د»ی گوشراو دەدرکێنێت. نەختێك زمان ڕەها بکە لە گوشینی «د»ەکە وشەکان دەبنە «صەداو – صەد ئاو»، مصرەعەکەش ئەمەی لێ دێتەوە «بۆ ئەو کەسەی کە شاعیرە صەد ئاوی نایەوە». چاوێك بە غەزەلەکەدا بگێڕەوە، دەبینی دەیان وشەی وەهای تێدایە کە هەمووی واتای «ئاو» ڕادەگەیەنن چ بە حەقیقەت بێ و چ بە مەجاز وەیا تەئویل وەك وشەکانی «تەڕی – بەهار – پشکۆکوژانەوە – گوڵ گەشانەوە – خەڵووز کوژانەوە – گوڵ زار [گوڵزار] – دەم و پێکەنین – غونچە گەشانەوە – ڕەگی شەجەر – فیض – نار مردن – خاك ژیانەوە – هەنجیر – شیر – صاف – طیفلی عینەب – ڕشانەوە – سونبول – شمشادی تازە – خضرا – برد العجوز – تەڕایی عیشق – بەفر – سارد و گەرمی خەجاڵەت – توانەوە – چاوە – زانەوە – ڕەوان – زەمزەم – فرات – نیل...». لەبەر تیشکی فنونی شیعردا هەموو ئەو وشانەی دژی ئاو و تەڕایین وەك «پشکۆ، مەحجەر، خەڵووز، وشکی، عاصی، نار، خاك...»، لە ڕێی «مفهوم المخالفە»وە، ئەوانیش واتای ئاو و تەڕایی دەبەخشن وەیا تارماییان دەخەنە ناو بەیتەکانەوە. نالی زۆر ڕاستی کردووە کە دەڵێ «بە داوە شەعری خەیاڵی شیعر». صەد ئاوی نایەوە؛ چونکە سەرلەبەری بەیتەکانی بە «ئاو» ئاوسن، من و تۆش لەسەر وردبینی و خوردکردنەوە و بۆچوونی شاعیرانە پەکمان کەوتووە بۆ دیتنی ئەم هەموو ئاو و تەڕاییەی کە خەریکە دامەنی خەیاڵی شیکەرەوە تەڕ دەکاتەوە».

بەیتی سەرەتای لاپەڕە ٥٥٦:

سەری زوڵفت کە ڕشتەی عومری خضرە، نیوە هەودایە

چ هەودایە؟ کە هەر حەلقەی دو صەد زەنجیری سەودایە

تێکست هەیە لە شەرحەکەدا «عومری خضری» نووسیوە، گیویش هەروەها. ئەگەر «خضرە» بنووسین، موبتەدا و خەبەر، دروست دەبێ و «نیوە هەودایە»، دەبێتە موبتەدا و خەبەرێکی بێ مەرجەع، واتە نازانین «نیوە هەودا» بۆچی دەچێتەوە. لەو دەقەی دیکە «ی»ی دوای «خضر»، دەبێتە ضەمیر بۆ «سەری زوڵف» دەچێتەوە و دەشێ بەیتەکە بەم جۆرە بنووسرێ [بێ چاوەدێری کێش و قافیە]: «سەری زوڵف... عومری خضر نیوە هەودایەتی». وەك کە پرس بکەیت: کێ براتە؟ یەکێك بڵێ: منی برام، دارای برایە، دارا برایەتی.

لە سەرەتای دێری دووەمدا وا پەسەندە بنووسرێ: «چ هەودایێ؟» نەك «چ هەودایە؟» وشەی «سەودا»ش لە کۆتایی بەیتەکەدا جگە لە دڵداری و عیشق ڕەنگی ڕەشیش دەگەیەنێ کە مووی یاری پێ تەشبیهـ دەکات. ئنجا «زنجیری سەودا»، ڕادەگەیەنێ کە مرۆی سەودا زەدەی پێ دەبەسترێتەوە: بە موبالەغەی یەك حەلقە بۆ دوو صەد سەودا.

ئەم غەزەلە بە پێی بۆچوونی خۆم و بە بڕیاری سەرلەبەری بەیتەکانی شتێکە، کەممانەند، بگرە لەوانەیە بێمانەند بێ، لە مەڵبەندی هەڵبەستی کوردی کە پارێزبردنی شەوەکیی شاعیرە بۆ سەر بالینی یارەکەی. ئەو شەوە مەشوورەی «ئەدەب»، عەبدوڵلابەگی میصباحوددیوان کە بە ئیقراری خۆی دەڵێ:

هەرچەندە کە هەڵدەگرێ خەیالاتی چتی دی
ئەمما بە خودا غەیری تەصەووور نییە چی دی

وەك ئاشکرا دیارە شوێن پێ هەڵگرتنەوەی نالییە لە حیکایەتی:

مەستوورە کە حەسنا وو ئەدیبە بە حیسابێ
هاتە خەوم ئەمشەو بە چ نازێك و عیتابێ

وا لێرەدا، چی نووسیومە دەربارەی ئەم غەزەلە لە **چەپکێك لە گوڵزاری نالی** ڕای دەگوێزم، بۆ بەرچاوی خوێنەر:

«زۆر شیعردۆستی نالیدۆستم دیوە، وای زانیوە بەیتەکان هەر یەکە بۆ خۆی لە واتادا سەربەخۆیە و پێوەندیی بەوانی ترەوە نییە؛ بەلام ئەم هەڵبەستەیان وەك چەندێکی تر لە دیوانەکەدا «وحدە»ی تێدایە و تەجرەبەیەکی سەردەمی گەنجایەتیی نالی دەگێڕێتەوە کە گومان نییە لە ڕوودانی. فڕکەی دەمار و گەرمیی نەفەسی نالی لە هەڵبەستەکەدا ئەو ئیحتیمالە پاشگەز دەکەنەوە کە زادەی خەیاڵ بێ. با شیعرەکان خۆیان بێن و پەیامی ڕاستبوونی ڕووداوەکە ڕاگەیەنن:

سەری زوڵفت کە ڕشتەی عومری خضری نیوە هەودایە
چ هەودایێ کە هەر حەلقێکی صەد زنجیری سەودایە
بڕۆت تیغێکە وەسمەی «صیقل»ی مەسلوول و مووکارە
کە عیشوەی جەوهەرە، ڕەمز و ئیشارەی ئاو و مەودایە
بە نەشئەی سستی و مەستی وەها مەستوور و مەخموورە

نەزانم خەو لە چاوتدایە یا چاوت لە خەودایە
لە سایەی کوفری زوڵفت دڵ «فنا فی النور»ی ئیمانە
مەڵێن ظوڵمەت خراپە وەصلی پەروانە لە شەودایە
هەناسەم زوڵفەکەی لادا و مەیلێکی نەکرد چاوی
نەسیم ئەنگووت و شەو ڕابورد و نەرگس هەر لە خەودایە
لە «دوری» تۆیە ئەی خورشیدی پرتەو بەخشی شەوگەردان
کە نالی وا لە حاڵاتی محاقی ماهی نەودایە

نالی لەم هەڵبەستەدا، پاتەوپات، بزۆزییێکی دڵدارانەی کاتی گەنجایەتیی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە: لە تاریکیی شەودا پارێزی بردووە بۆ بالینی خۆشەویستەکەی و گەیشتووەتە تەنیشت و ڕۆخی تا ئەو ڕادەیە هەناسەی زولفەکەی لاداوە لە سەر ڕووی، نەك هەر لەرزاندوەتیەوە؛ بەڵام نەوێراوە، یاخود لە دەرفەتی ڕانەدیوە، ئەوەندە لەو وەزعەدا دەوام بکا یارەکەی بەخەبەر بێنێ. دزانە چووە و دزانە هاتووەتەوە، هێندەش تینوو و کەسەر لە دڵ بووە، دوا دڵۆپی لەزەتی لەم چەند لەحزە کورتیلەیە هەڵگوشیوە و پڕ بە دڵ دەمی بردووە بۆ زولف و ڕوومەتی و تێروپڕ سەیری ئەو ڕوخسارە پەرستراوەی کردووە و وێنەی هەڵگرتووە. لە سەرپاکی بەیتەکاندا تارماییی نالی بە دەوری یارە نووستوەکەیەوە هەندێ دیمەنی شەوەکە ئاشکرایە. گرنگیی موناسەبەکەش، بەلا باوەڕی منەوە، هۆی ئەو هەموو ئیعجازەیە کەوا لە سەرانسەری بەیتەکانەوە هەڵدەڕژێن. کە بە تەواوی لێیان وردبینەوە بەسەر وشەی وەهادا دەکەوین لە بەیتەکاندا بە تەنها خۆی بەسە پێی بگوترێ «معجزه». گڕ و سۆزی عاشق و تام و لەزەتی هەڵوەستەکەش وایان کردووە «اعجاز» و فسوون و وردەکاریی ناو بەیتەکان، وەك ئاو ڕەوان بن، بێ قۆرت و گرفت. لە هەندێ شوێندا ڕەوانیی ئەو فەندانە گەیوەتە پلەیەك، هەست و زیهنی مرۆڤ لێیان هەڵدەزەلێ و بەسەریاندا تێپەڕ دەبێ. خوێنەر دەبێ لەگەڵ من و بەیتەکانیشدا باخەڵ فرەوان بێ و پەلەم لێ نەکا، سەرەڕای پەلە نەکردن، دەبێ لەلای خۆیەوە یارمەتیشم بدا لە تەواوکردنی ئەو واتایانەی بۆم تەواو نەکراون وەیاخود ترسی درێژەکێشان هەندێکی پێ بەجێ هێشتووم.

با بەیتەکان بەدەنگ بهێنین و من لە گوتەی خۆم بوەستم:

سەری زولفت کە ڕشتەی عومری «خضر»ی نیوە هەودایە

چ هەودایێ کە هەر حەلقێکی دوصەد زنجیری سەودایە

[نۆ دێڕی دوای ئەم بەیتە بۆ ئێرە بێلزووم بوون، نەمنووسین].

هەودا – موو. خضر – خدری زیندە وەیا نالی کە ناوی «خضر»ە. سەودا – شێتی، شەیدایی عیشق [ئێستە دەڵێم: ڕەنگی ڕەش، کە مناسبی ڕەنگی زولفەکەیە].

واتە سەرەتای زولفت، کەوا کەمێکی یەکجار کەمە لە تێکڕای زولفەکە، نیوە هەودایێکی [نەك هەودای تەواو] بەقەدەر ڕشتە عومری خضر درێژە، ئەو خضرە، دەکرێ خدری زیندە بێ کە مەشوورە، لە «ئاوی حەیات»ی خواردووەتەوە و قەت نامرێ، یاخود «خضرەکە» نالی خۆی بێ. دیارە کە مەبەس خدری زیندە بێ ئیشارەتی بەهێز بۆ درێژیی داوە مووەکەیە، کە مەبەسیش نالی بێ، خۆ بە قوربانی زولف کردن و عومر بەهیچ دەرچواندنە لە تەك ئەو داوە مووەدا. هەردوو مەبەسیش بە جووت لە بەیتەکەدا کۆبوونەتەوە؛ چونکە وشەکانی هەردوو واتا ڕادەگەیەنن.

هەودایەکەش چۆن هەودایەکە؟ هەر ئاڵقێکی سەد زنجیری سەودایە، واتە هەر یەك لەو ئاڵقانەی نیوە هەودای سەری زولفی یار بەستوونی، بەرانبەر سەد زنجیری سەودایە. دەزانین زنجیر بۆ خۆی سەراپا ئاڵقەیە، کەچی تاکە ئاڵقەیەکی سەری زولفی کاری سەد زنجیر دەکات.

زنجیری سەودا مومکینە «زنجیری سوداء» بێ، واتە زنجیری ڕەش کە مناسبی ڕەنگی زولفەکەیە... مومکینیشە «زنجیری سەودا» بێ کە دەکا ئەو زنجیرەی شێت و شەیدای پێ دەبەستنەوە. کەواتە لە جوانیدا ئاڵقەی نیوە هەودایێکی زولفەکە ئەوەندە کاریگەرە، بەقەدەر سەد زنجیر عاشق و شەیدایان دەبەستێتەوە.

بڕۆت تیغێکە وەسمەی «صیقل»ی مەسلوول و مووکارە

کە عیشوەی جەوهەرە ڕەمز و ئیشارەی ئاو و مەودایە

نالی لە تێوەڕامانی ڕووی یارەکەی بەدوا وەسفیدا دێتە سەر وەسفی برۆی. وەسمە – دەرمانێکی ڕەشە بۆ ڕەنگکردنی موو... صیقل – تیژکەرەوە [فەرهەنگی المنجد]. مسلول – دەرکێشراو لە کالان... عیشوە – نەشوەی برۆ. جەوهەر – نەقشی سروشتی لە تیغدا. ئاو – زێدە صافی و ڕوونیی تیغ. مەودا – خەنجەر، تیغ، شمشیر.

وەسمەی تیغی برۆت بووەتە تیژکەرەوەی شمشیرێکی دەرکێشکراو و «مووکار».

برۆکەی قەوسە وەك شمشێر و تیغ چونکە لە ژێر پەردە و لەناو کالاندا نییە. برۆ بە لای نالییەوە لە تیژیدا وەك تیغ وایە، چونکە هێندەی تیغ جەرگبڕە.

وشەیەکی قرتاو هەیە لەپێش دوو وشەی «مەسلوول و مووکار» کە دەبێتە موصوف بۆیان: وەسمەی تیغی برۆت صەیقەلی شمشیرێکی مەسلوول و مووکارە.

نەشوە و عیشوەی برۆکەی وەك جەوهەری تیغ وایە کە شەپۆڵ بدا لەسەر ڕووی تیغەکە – هێما و ئیشارەی برۆکان هێندە برندەن کاری «ئاو»ی شمشیر و خەنجەر دەکەن... تیغ کە زۆر ساغ و پەسند بوو پێی دەڵێن ئاودار.

ڕەمز و ئیشارەکە لە «ئاوی تیغ»یش زیاترن، هەر خۆیان وا دەبڕن دەڵێی «مەودا – تیغ»ن. وشەی «صیقل» واتای تریشی هەیە جگە لە تیژکەرەوە، بەڵام نەکرا بە تەواوی ساغی بکەمەوە، واتاکەی تری بهێنمە ئەم شیکردنەوەیە [لە شەرحەکەدا «زاخاودەرەوە»ی داناوە] تۆ سەیری، چۆناوچۆنی ناو و نیشانی تیغ و هەموو سەروبەرێکی پەسەندی و بڕندەیی لەو بەیتەدا کۆمەڵ کردووە کە هەمووشی خزمەتکاری برۆکانن. لە بەیتەکە تاکە وشە پەیدا نابێ کە خزمی برۆ و تیغ نەبێ. برۆ، تیغ، وەسمە، صیقل، مەسلوول، مووکار، عیشوە، جەوهەر، ڕەمز، ئیشارە، ئاو، مەودا. کە بڵێین «بەیتەکە» «ظرف»ە و «برۆ» کە «مظروف»ە هەردوویان مشتی یەکترن. کەم وا هەیە قاڵب و واتای بەیتی شیعر تا ئەم ڕادەیە بەبەر یەکتر گیرابن و یەکیان لەوی تردا غەرق بووبێ.

بە نەشئە سستی و مەستی وەها «مستور» و «مخمور»ە

نەزانم خەو لە چاوتدایە یا چاوت لە خەودایە

ئەم بەیتە لە برۆ دەمانگەیەنێ بە چاو...

مستور – داپۆشراو، پەنهان بە عەرەبی.

مستور – زۆر مەست، مەند و مەستوور بە کوردی.

مخمور – سەرخۆش کە لە «خمر»ەوە وەرگیرابێ.

مخمور – داپۆشراو کە لە «خمار»ەوە وەرگیرابێ بە واتای ڕووپۆش.

چاوەکان «نووستوون» لە نووستندا شرایەوەن.

سست و مەستن... چاو کە زۆر جوان و فرشتەیی و پەریکار بوو، پێی دەڵێن سست، نەخۆش، بیمار. ئەم تەشبیهەی چاوی زۆر جوان و فتنەجۆ لە ناو ئەدیبانی هەموو

ڕۆژهەڵاتی ئیسلامدا باوە. نالی خۆی لە چەند شوێنی تردا، چاوی یاری بە نەخۆش داناوە [نموونەکانم نەنووسین] جگە لە سستی بە هۆی «نەخۆشییەوە»، چاوەکان لێرەدا لەبەر خەویش سست بوون. چاوەکان نەك هەر سستن، مەستیشن. چاو لە خۆوە مەست بوو، دەگاتە ئەوپەڕی جوانی.

نالی چەند جاران لە وشەی «مەست» سوودی وەرگرتووە بۆ بەیتەکەی. دوای ڕاگەیاندنی «جوانی»، یاریدەیەکی سستییەکەش دەدات؛ چونکە لە مەستیدا سستی پەیدا دەبێ. لە نیوەی دووەمی بەیتەکە مەعلووم دەکرێ، چەندمان کار بە سستی و بێهێزی هەیە. جگە لەمانە وشەی «مەست» بە لەفز و واتاوە خزمی «مەستور»ە و لەگەڵ «مخمور»یش هاوواتایە. بە نەشئەی ئەم سستی و مەستییە چاوەکە «مستور و مخمور» بووە.

وشەی «مستور» کە عەرەبی بێ، بە واتای داپۆشراو دێت و لە «ستر»ەوە هاتووە. کە «مستور»ی کوردیش بێ [مەستوور] بە واتای زێدە مەست دێت. مەستوور وشەیەکە لە مەست وەردەگیرێ، وەك ڕەنج، ڕەنجوور – گەنج، گەنجوور. دەگوترێ مەند و مەستوور.

وشەی «مەخمور» ئەویش دوو واتای هەیە یەکیان «سەرخۆش» کە لە «خمر، شەراب»ەوە وەرگێرابێ، ئەوی تریشیان «ڕۆپۆشکراو» کە لە «خمار – خیمار»ەوە هاتبێ، لەمەڕا جارێکیان دەبێتە خزم و هاودەنگی «مەست» و جارێکیشیان هی «مەستوور».

واتە: مەستیی چاوەکان لەگەڵ سستیی نەخۆشییان و هی خەو لێکەوتن و وەزعی کەوتنە سەر یەکتری برژۆڵە و پێڵوەکانیان، وەها پەنهان و ژێر پەردەی کردوون هەر دەڵێی «ستار و خمار» یان بەسەردا هاتووە. چاوە پەنهانە، سستە، مەستە... بەرەو ئەوە دەچێ وەك خەوی لێ بەسەر بێ کە ئەویش پنهانە لە چاوەکەدا. خەو بۆخۆیشی «سستی موطلەق»ە.

کە ئەم هەموو سستی و مەستی و پەنهانییە لەو چاوە خەو لێکەوتووانەدا کۆبووەوە، نالی حەقیەتی بشێوێ و بڵێ: نەزانم خەو لە چاوتدایە یا چاوت لە خەودایە.

لەم نیوە بەیتەدا نالی گەیشتووەتە پایەیەك لە هونەر و هەستیاریدا کە بەڕاستی پێی دەگوترێ: «إعجاز». بە تین و هۆندنەوەیەکی ساحیرانە، وشەی «مادی و مەعنەوی»ی وەها تێك هەڵکێشاون و تێکەڵ بە یەکتری کردوون کە خەوی «موهوم» لەگەڵ چاوی «موجود»، وەك ئەصل و وێنەیان لێ هاتووە... لە یەکتر جودا ناکرێنەوە

و نازاندرێ کامیان لە کامیاندایە.

لە سایەی کفری زولفت دڵ «فنا فی النور»ی ئیمانە

مەڵێن «ظلمە» خراپە وەصلی پەروانە لە شەودایە

لە سایە: لەبەر خاتر. لە سایە: لە سێبەردا. کفر: پێچەوانەی ئیمان. شاردنەوەی حەقیقەت. فنا «فناء» فی النور: نەمان و توانەوە لە ڕووناکاییدا، وەك «فناء فی الله»، بە مەزهەبی صۆفییان. پەروانە: ئەو پەپوولەیەی شەو بە دەوری ڕووناکیدا دەخولێتەوە.

لەم نیمچە ڕستەیە «لە سایەی کفری زولفت»، نالی چوار تاریکاییی کۆکردووەتەوە: ١– سایە: بە واتە سێبەر. ٢– کفر: کە داپۆشینی ڕاستییە و بەلای موسڵمانەوە شەوەزەنگ خۆیەتی. ٣– زولف: کە ڕەنگەکەی ڕەشە وەك شەو و بەسەر ڕۆناکاییی ڕوویدا هاتووە. ٤– شەوەکە خۆی لە تێکڕای بەیتەکاندا. لە سایەی کفری زولفت، دەشێ «بەهۆی کفری زولفت وەیا لە سێبەری کفری زولفت»ەوە بێ. زولفەکەی داناوە بە «کفر» لەبەر سەختی و خەستیی ڕەشاییی ڕەنگەکەی. کفریش «شاردنەوەی» ڕاستییە. لەوەڕا زولفەکە و کفر هەردوویان وەك یەکترن؛ چونکە زولفەکەش ڕووناکیی ڕووی داپۆشیوە. ڕووەکەش وەك «نوری ئیمان» وایە لەبەر زێدە پاکی و سپیەتی و بێگەردی.

دڵەکەی «فنا فی النور» بووە، لەناو ڕووناکاییی «فانی» بووە و تواوەتەوە. لە سایەی کفری زولفت یاخود لەبن سێبەری کفری زولفتدا، کەوا ڕەش ڕەش کەوتووەتە سەر سپیەتیی ڕوخسارت وەك کفر بەسەر ئیماندا بێ، دڵەکەم فانی بووە لەو نوورەدا کەوا لەبن سایەی کفری زولفتەوەیە... یاخود شیدەتی کفری زولفت هێندەی لە جوانیی ڕووی تۆ زیاد کردووە، دڵم بۆی فانی بووە... تاریکی و کفر و سێبەر، دەوری ئەو نووری ئیمانەیان داوە کە ڕووی تۆیە. نالی هەرچەند ناوی «ڕوو» ناهێنێ؛ بەڵام بەهۆی تێکڕای مانای بەیتەکە، بە تایبەتی لە وشەی زولفەوە. لزووم بەوە نەماوە ناوی بهێنێ.

مەڵێن «ظلمە – ظولمەت» خراپە، وەصلی پەراونە لە شەودایە، تازە کێ ڕێی هەیە باسی تاریکایی بکا بە خراپە. ئەو شەوەی کۆتاییی بەیتەکە چ شەوی ڕاستەقینە بێ کە نالی تێیدا چووە بۆ پارێزی یارەکەی، چ سێبەر و کفری زولف بێ کە ڕووی یاریان لەناو خۆیاندا گرتووە و بە ناو ئەواندا نالی لێوی بۆ دێنێ، لە هەردوو حاڵدا، نالی وەك ئەو پەروانەیەیە کە لە تاریکاییی شەودا، دەوری شەوقی مۆم یان ئاگر هەڵدێ و بە وەصلی دەگات، هەرچەند لەو وەصلەشدا دەسووتێ. دڵی نالیش کە «فنا فی النور» بووە،

پەروانەیە و بە ئاوری وەصل سووتاوە لە شەودا، کە شەوی ڕاستەقینەیان مووی زولف بێ.

هەناسەم زولفەکەی لادا و مەیلێکی نەکرد چاوی
نەسیم ئەنگووت و شەو ڕابورد و نەرگس هەر لە خەودایە

ئەم بەیتەیان هەم لەبەر ئاشکرایی واتاکەی، هەم لەبەر ناوبانگی زۆری، لەوە دەرچووە پێویستی بە شیکردنەوە هەبێت، هێندەش نازکە لە ڕووی داڕشتن و واتا و وێنەکێشان و تەشبیهەوە، دەستی لێ نەدرێ چاکترە. وەك بەلوورێکی پاك و ساف و بێگەرد وایە هەموو شوێن پەنجەیێکی لێ دەبێتە عەیب. لەمەوپێش بۆ زمانی بێگانەش تەرجەمەکراوە.

برا نالی ئەگەر ڕاستت کردبێ کە دەڵێی «نەرگس هەر لە خەودایە»، سوێند بە شاعیریی و خوولیا و دڵداریت دەخۆم، نەتوێراوە هێندە لێو لە لێو و ڕوومەتی توند کەیت، بەخەبەری بێنیت.

من کاری زۆرم بە بەیتی کۆتاییی غەزەلەکەوە هەیە:

لە «دوری» تۆیە ئەی خورشیدی پرتەو بەخشی شەوگەردان
کە نالی وا لە حالاتی محاقی ماهی نەودایە

ئەوەندە گوێم لێ بووبێ، یەکێك ئەم بەیتەی خوێندبێتەوە یاخود واتاکەی لێك دابێتەوە، وشەی «دور»ی سەرەتای بەیتەکەی بە «دوور، بعید» خوێندووتەوە. بەو پێیە، دەبێ لە نووسیندا بەم شێوەیە بنووسرێ «لە دووری تۆیە». لە نوسخەی دیوانەکانیشدا چ دەسخەت چ چاپکراو، هەر وەها نووسراوە و واتاکەی وەك ڕواڵەتی وشەکان ڕای دەگەیەنن وەها دەبێ: لە دووریی تۆیە ئەی ڕۆژی ڕووناکایی بەخش بۆ ئەوانەی بە شەو دەگەڕێن کەوا نالی کەوتووەتە حاڵەتی هیلالی نوێ لە محاقدا. واتە بەهۆی دوورییەوە لە تۆ، نالی وەك هیلالی نوێ کەوتووەتە حاڵەتی محاق و نەمانەوە...

ئەم واتایە کە هەموو ئەو ئەدیبانەی من دیتوومن پێی ڕازین تەڵەیێکە و نالی بۆی ناوەتەوە. نالی لە هەر پێنج بەیتی پێشوودا باسی نێزیکیی خۆی دەکا لە یارەکەی تا دیتمان لێوی گەیاندە دەم و لێوی، ئەم دوورکەوتنەوە لە کوێوە هەڵقوڵیوە؟

ئەوەی ڕاستی بێ کە بێت و لە تەڵەکە ڕەها بیت، دەبینیت هەرچی دوورییە لە بەیتەکەدا نییە، بە پێچەوانە ئەنجامێکی ئاسایی و یەکجار شاعیرانە و دڵدارانەی هەر

پێنج بەیتی خۆیەتی. ئەم بەیتەیان لە هەمووان پتر نێزیکیی نالی لە یارەکەی نیشان دەدا تاکو دەتوانین بڵێین غەزەلەکە مشت بووە لە وەصل و نێزیکی. با بزانین چۆن.

وشەی «دور» لە نووسینی کۆندا دوو جۆر خوێندنەوە هەڵدەگرێ، یەکێکیان ئەو تەڵەیە بوو باسمان کرد «دوور – بە واتای (بعید)ی عەرەبی» جۆری دووەمی «دەور»ە بە واتای ڕۆخ – تەنیشت. واتە: ئەی خۆرشیدی ڕووناکی بەخش بۆ ئەوانەی بە شەو دەگەڕێن، کە نالی خۆی یەکێکە لەوان و بە شەو چووەتە بالینی یارەکەی، لەبەر نێزیکی لە تەنیشت و دەوری تۆدا، نالی کەوتووەتە حالاتی محاقی مانگی نوێ. مانگ کاتێك دەکەوێتە حاڵەتی «محاق» کە یەکجار لە ڕۆژەوە نێزیك بێ نەك دوور بێ... کە لێی دوور کەوتەوە دەبێتە «بدر – بەدر». مانگ هەتا لە ڕۆژەوە نێزیك بێ جورمی نامێنێ. بەو پێیە، هەرچەند لە ڕواڵەتدا محاق نەمان و فۆتان رادەگەیەنێ لە ڕاستیدا ئەوپەڕی نێزیکی و گەیشتن بە یار لە محاقدایە. نالی هەرگیز لەو حاڵەی خۆشتر نەبووە و نابێ کە هێندە لە یاری نێزیك بووەتەوە وەك هیلالی کاتی محاقی لێ هاتووە و لەگەڵ ڕۆژدا جووت بووە. نالی ڕێی هەیە خۆی بە هیلالی حاڵەتی محاق دابنێ چونکە یارەکەی دانا بە خورشید و خۆیشی لە نووری ئەودا غەرق بووبوو.

سرنجێکی ورد بگرە لە «ماهی نەو»، ئەم وشەیەی «نەو» پێویستی قافیە داخوازیی نەکردووە، واتای شیعر و هەڵوەستی نالی خۆی، بە «ماهی نەو» نەبێ ڕاست نایێ، با بڵێم، زێدە جوانیی بەیتەکە بەهۆی ئەم وشەیەی «نەو» پەیدا بووە.

هیلال لە دوو حاڵدا خۆی لە محاقدا دەبینێ: یەکەمیان لە کۆتاییی مانگ، واتە ڕۆژی ٢٩ وەیا ٣٠ی مانگی عەرەبی. لەم حاڵەدا هەڵاتنی لەگەڵ ڕۆژ لە سبەینەدا دەبێ. دووەمیان ئەو محاقەیە کەوا بەر سەرەتای مانگ دەکەوێ، واتە هیلالەکە لە محاقی سبەینەوە کەم کەمە دوای قورصی ڕۆژ دەبێتەوە تا وای لێ دێ ئاوابوونی مانگەکە لە ئێوارەدا، دەکەوێتە سەر حیسابی شەو.

لەمەڕا مەعلووم دەکەیت، هیلالی محاقی مانگی کۆن بەسەر ڕۆژی ڕووندا دێت کە ئەمە هیچ لەگەڵ وەزعی نالیدا ڕێك ناکەوێت، بەڵام محاقی «ماهی نەو» ئەو محاقەیە کە هیلالەکە تێیدا بەرەو شەو دەبێتەوە، کە ئەمەیش حاڵی ڕاستەقینەی نالییە. کە دەشڵێ «حالاتی محاقی ماهی نەو» هەموو سەروبەرێکی ئەو محاقە و

ئەنجامەکەی دەگرێتەوە چونکە «حالات» کە جەمعە بە بەریەوە هەیە حاڵی ئێستاکە و دواییش ڕاگەیەنێ لەو ڕووەوە کەوا هیلالەکە وردە وردە لە محاق دەردەچێت و دەبێتە یەك شەوە و دوو شەوە... هتد. نالیش وەك ئەو هیلالەیە لە کۆتاییی شەودا لە یارەکەی دوور دەکەوێتەوە و «وجود» پەیدا دەکاتەوە... چ سەیر نییە دوای ئەو خۆشییە زلەی گەیشتن بە یار و وەدەستهێنانی پیرۆزی و سەرکەوتنی وەها گەورە، نالی وەك مانگ لەزیادکردندا بێ».

بەیتی یەکەمی لاپەڕە ٥٦١:

بیستم لە هەموو لایە مەیلی شەڕ و دەعوایە

سەودا لە سەرمەدایە، باکم چ لە غەوغایە

شەرحەکە، وا دیارە، لە واتای «غەوغا – غوغاء» هەر ئاپۆرەی خەڵقێکی ئاژاوەچیی پەسەند کردووە، گۆیا نالی دەڵێ: چش با خەڵکی یەکتر ببڕنەوە، من هەرای عیشق لە کەللەمدایە. بەلای کوردەوە «غەوغا» هەرا و هوریاکەیە نەك خەڵکەکە، نالیش نەیگوتووە پەکم بە بڕانەوەی خەڵك نەکەوتووە، مەبەستی تێك هاویشتنەکەیە کە لە تەك سەودای سەری، خۆ نانوێنێ. مەرجیش نییە هەرای ڕاستەقینە لە بەیندا بێ؛ چونکە کەم شاعیر هەیە ئەم لایەنەی نەخستبێتە ناو شیعریەوە، بێ ئەوەی هەرا و مەزاد هەبووبێ. حافزی شیرازی قەسیدەیەکی سەرلەبەری لەم مەعنایەدا هەڵبەستووە: این چ شور ست کەدر دور قمر می بینم...

چەندێکی دەکەم ناچێتە دڵمەوە بەیتی کۆتاییی غەزەلەکە هی نالی بێ، نە واتاکەی نە داڕشتنەکەی لە نالی ناوەشێنەوە.

بەیتی دووەمی لاپەڕە ٥٦٣ و هی یەکەمی لاپەڕە ٥٦٤:

سەرمایەیی سەودا کە دەڵێن زوڵفی دو تایە

هەر پێچشی تایێکی صەد ئاشووبی تیایە

بیدە بە دڵم شیفتە بۆ شیفتە چاکە

بیخە ملم، ئەم قەیدە بە دێوانە ڕەوایە

شەرحەکە لایەنێکی بەرچاوی وێنە و واتای ئەم دوو بەیتەی پشتگوێ خستووە. لە وشەی «سەرمایە»وە کە «راس المال»ە بە ناچاری بیر بۆ لای مامڵەتکردن دەچێتەوە هەر چەند وەك سێبەرێکی تۆخی ئەسلە واتاکە بێت. سەودا خۆی بریتییە لە مامەڵە،

«زولفی دو تا» بە زەقی، دوو تای تەرازوو دەهێنێتەوە یاد. «بیدە بە دڵم» ئەویش زاراوەیەکی فرۆشتن و کڕینە. «بیخە ملم»، ئەویش کە تەرازوو زۆر قورس بوو داری تەرازووەکە دەخەنە سەر مل لە جیاتی ئەوەی بە دەست هەڵی کێشن.

بەیتی دووەم و سێیەمی ئەم غەزەلە بە جۆرێکی باوەڕ پێ نەکراو دەمهەژێنێ، بەڵام لە دێر زەمانێکەوە ئەم بەیتی سێیەمەم وەها گوتووەتەوە: خاکی دەرەکەت... نەك ئەو خاکی دەرە. بێگومان من لەخۆوە وەهام نەگوتووە، دیارە نوسخەی ئەو بەیتەی لێ نووسراوە بە من گەیشتووە، وا بزانم لەفزی «عوذار» لە بەیتی چوارەم و «ویقار» لە پێنجەمدا، «عیذار» و «وەقار»ە.

بەیتی لاپەڕە ٥٧١:

دڵڕفێنێکە لە بۆ مەدحی، سەراپایی ئەوێ

واجبە مەدحی بکا هەرچی کەماڵێکی هەیە

تێکستەکانی «چر، عم، گم»، لە شەرحەکەدا، «سەراپای قەدی ئەو»یان نووسیوە، ئەمیشیان شیاوترە لە «...ئەوێ». شەرحەکە «هەرچی کەماڵێکی» لێك داوەتەوە بە «دەسمایە». ڕاستیی وشەکە «کەمال»ـە بە واتای تەواوی و بێ نوقسانی، جگە لە لایەنی ماڵ و دەسمایە. هەر ئەم «کەماڵ»ەیشە لەگەڵ «مەدحی سەراپای قەدی ئەو» بەرانبەر دەوەستێ، چونکە «سەراپا»ش تەواوی دەبەخشێ.

بەیتی سەرەتای لاپەڕە ٥٧٢:

خەطی سەبزی لە کەناری لەبی «نالی»! هەروەك

«خضری زیندە» لەسەر چاهـە، زولالێکی هەیە

واتای بنەڕەتی ئەم بەیتە بریتییە لەمە: لێوی نالی لە کەناری خەطی سەبزی یار وەك خضری زیندەیە بەسەر چاهی ئاوی حەیاتەوە. تەشبیهەکە لە وانەیە پێی دەڵێن: «تشبیە بدیع» کە لەسەر جوملەی عیبارەت وەردەگیرێ، نەك تاکتاکی وشەکانی. ئەگەر بەپێی بۆچوونی شەرحەکە، کە دەڵێ: «چن» لە پەڕاوێزی ئەم بەیتەدا، نووسیوەتی "«نالی» منادی، لا مضاف الیە" ئەوسا، خەطی سەبزی کەناری لێوی یار، دەبێتە خضری زیندە، بە سەر زولالی کانیاوی ئاوی حەیات. چی شەرحەکە دەڵێ: لێرەدا مەبەس «نال»ە کە بە قامیشی باریك و ناوبۆش ئەڵێن و لێوی یار بەو قامیشەی باریك و بۆش شوبهێندراوە، دوورە لە دەقی وشەکان و بە دوا یەکتردا

هاتنیان، جگە لەوە کە هیچ پێوەندیی نییە بە مەدحەوە.

بەیتی یەکەمی لاپەڕە ٥٧٢:

عاشقی بێ دڵ دەناڵێ مەیلی گریانی هەیە

بێ شکە هەورە تریشقە تاوی بارانی هەیە

وەك من بۆی دەچم، نالی لە پەنا واتا ئاشکراکانی موفرەداتی بەیتەکە، لە «بێ دڵ و بێ شکە»، هێمای نیازێکی تەماوی و سەرپۆشکراویشی ڕاگەیاندووە: وشەی «بێ دڵ» کەم هۆشی و کەم برشتیی هەست و زانین ڕادەگەیەنێ کە ڕێك دێت لەگەڵ ئەوەی بگوترێ ئەو تەرزە عاشقەی بێ دڵی وەك منداڵ، «بێ شکە، شك ناکات». لە هەمان کاتدا دەشێ «بێ شکە»، بخوێندرێتەوە «بێشکە»ی منالّی ساوا. هەڵبەت منداڵیش پیشەی گریانە. نالی ئەم وێنەیە بە ئارایشتێکی هونەری هەڵدەنێ و هیچی زیادیشی تێ ناچێ... با بڵێین، وەك قازانجی سەرمایە بۆ واتا بنەڕەتییەکەی، چونکە باوەڕ ناکەم نالی بێ ئاگا و بە ڕێکەوت، بێ دڵ و بێ شکە و بێشکە کۆ بکاتەوە.

لە بەیتی سێیەمی غەزەلەکە، لاپەڕە ٥٧٣ وشەی «شەبوستان» دەبێ «شەبستان» بنووسرێ.

بەیتی سەرەتای لاپەڕە ٥٧٤:

ئاسمانی حوسنی مەحبووبەم لە ئەبرۆ و زوڵف و ڕوو

دوو هیلال و دوو شەو و دوو ماهی تابانی هەیە

لە شەرحەکە دەڵێ: نالی ڕووی جوانی یاری شوبهاندووە بە ئاسمان، ڕاستییەکەی نالی «حوسنی مەحبووبە»ی شوبهاندووە بە ئاسمان کە دەزانین «حسن، حوسن» ڕەنگ هەڵناگرێ؛ چونکی شتێکی مادی نییە، ئەگەر «ڕوو» مەبەست بێ ڕەنگەکەی شین دەردەچێت. خۆ ئەگەر بگوترێ ئاسمانەکە هی شەوە، شەویش تاریکە، ڕەشە، ئەوسا ڕووەکە خۆی تاریك و ڕەش دەبێ.

بەیتی یەکەمی لاپەڕە ٥٧٥:

هەر لەبت یا سینەشت هەردوو بەدەرخە، دا بڵێن:

لەعلی ڕوممانیی هەیە، یا لەعل و ڕوممانی هەیە

هەرچەند ئەم دەقە مەقبولە؛ بەڵام مادەم سەرەتاکەی بۆ «مخاطب»ە شیاوتر

ئەوەیە نیوەی دووەمیشی بۆ «مخاطب» بێ کە دەزانین ئەمە مومکین نییە، هەر نەبێ لەبەر قافیە. کەواتە وا چاکە سەرەتاکەش بۆ «غائب» بێ. بەو پێیە دەبوو تێکستی «ت، ك، اح، خا» پەسەند بکرێ کە دەڵێ: «هەر لەبی یا سینەشی هەردوو بەدەرخا».

بەیتی یەکەمی لاپەڕە ٥٧٧:

تۆ ئەگەر هەستی، لەجێ ڕاوەستی، دێو و کافریش

دێن دەڵێن: بە خودا قیامەت ڕاستە هەستانی هەیە

ڕاستەواتای شەرحەکە، پێکەڵپێکە لەگەڵ ڕاگەیاندنی وشەکانی ئەم بەیتە، بەڵام کە دێتە سەر «بە دەرکەوتنی تۆ شۆر و فیغانێك پەیدا ئەبێ... وەك قیامەت دەچێ» لە سنووری مەبەستی نالی تێ پەڕیوە. نالی دەیەوێ تەنها «قیام» و هەڵستانی یارەکە ببێتە دەلیلی ڕاستبوونی هەڵستانی قیامەت. نالی لە وشەی «قیامە – قیامەت – قیامت» و «هەستی، ڕاوەستی» وێنەی ئەفسووناویی قەد و قامەت و دیمەنی یارەکەی دەکاتە بەڵگەی ڕاست بوونی قیامەت، وشەی «هەستی» واتای «لە خەو هەستان»یش دەگەیەنێ. «لە جێ»، بە واتای «لە نوێن»یش دێت. ئنجا «قیامەت» بە «قیامت» دەخوێندرێتەوە، بە دوا ئەودا «ڕاستە» بۆ «تصدیق»یشە و بۆ دروستکردنی وشەیەکی وەسفیی لێکدراویش دەڕوات و دەبێتە «ڕاستە هەستان»، واتە هەستانێکی ڕاست و بێ کووڕی و خواری، واتە «قیامی تۆ ڕاستە هەستانی هەیە»، نەك خوارە هەستان. تۆ ئەی یار ئەگەر لە خەوی سبەینان هەڵستیت و لە نوێن دەرچیت و ڕاوەستیت، دێو و کافریش سوێند بە خوا دەخۆن [کە کافر بڕوای بە خوا نییە] قیامەت «قیامت» هەڵستانی شتێکی ڕاستە. وشەی «دێن» بە ڕێنووسی کۆن «دین – بە مەعنای ئاین» دێت کە مناسبی بەیتەکەیە هەرچەند تێکەڵ بە تەرکیبی بەیتەکەوە نەبووە.

بەیتی دووەمی لاپەڕە ٥٨١:

فەرقی کۆساران لە پاساران دەفەرمووی وەك چییە

وەك عەزیزیی باز و وەك بێ حورمەتیی پاسارییە

شەرحەکە وەهای بۆچووە کە باز بەدەرەوەیە و خۆ لە شتی پیس و ناشیرن ناگەیەنێ، گۆشتی مەلی ڕاوکردووی خۆی ئەخوا، باز هی کۆسارانە، پاساریش هی پەنە گوێسەوانەیە و حەیا و حورمەتی نییە و تاوناتاو نێر و مێیەی لێك دەپەڕن.

نالی لە قەصیدەکەیدا ژیانی سادە و دەشت و دەر و کۆسار هەڵداوێرێ بەسەر هی

ئاوەدانی، نموومەش لە عەزیزیی باز و بێ حورمەتیی پاساری دەهێنێتەوە لە نەظەر خەڵقدا، بەوەدا باز لە کۆسار و شوێنی سەخت و بەرز دەژیت، پاساریش لە کونی گوێسوانە هێلانە دەکات. مەسەلەی نێر و مێی پاساریی لێکتر پەڕین، شتێك نییە هەمیشەیی بێ وەك شەرحەکە بۆی چووە، لای بەهار ئەو پێدافسینە دەبێ، چ بۆ پاساری و چ بۆ باز...

نیوە بەیتی دووەمی بەیتی دووەمی لاپەڕە ٥٨٠ [کە دەبوو زووتر باسی بکەم] دیتوومە و بیستوومە وەها تۆمار کراوە: «جووتی سەر کێوان گەلێ چاتر لە تاقی شارییە».

بە باوەڕی من لە کۆتاییی قەصیدەکە «نەظمی نالی» لەبارترە تا «نوصحی نالی»: «نەظمی» نیوە دێری یەکەم بۆ شیعرەکەیە، «نەظمی» دووەم بۆ هۆندنەوەی مروارییە.

بەیتی سێیەمی لاپەڕە ٥٨٥:

بیدی مەجنوونە وجوودم لە هەموو بەر بەرییە

نە کەسێ مونتەفیعی یەك بەری یا سێبەرییە

شەرحەکە «بیدی مەجنوون»ی هەر بە شۆڕەبی لێك داوەتەوە. ڕاستییەکەی وشەی «بید» هەر وەك لە فارسی بە واتای «بی» دێت، لە عەرەبیدا بە جەمعی «بیداء، بەیداء» دێت کە بریتییە لە سەحرا، مەجنوونیش قەیسی عاشقی لەیلایە. سەحرای قەیسیش وەکوو شۆڕەبی نە بەری هەیە نە سێبەر. ڕێنووسی کۆن «بەر»ی بە «بر» دەنووسی. لەوانەیە «بر» بە «بر، بیر» بخوێندرێتەوە بەواتای چاکە. دیسانەوە «بر» بە «بر، بور» دەخوێندرێتەوە بە مەعنای گەنم کە ئەویش بژێوە و لە سەحرا شین نابێ.

لە نیوە بەیتی یەکەمی بەیتی دووەمی لاپەڕە ٥٨٥، دەبوو «موویی میانت» بێ نەك «موویی میانی»؛ چونکە ڕووی قسە لە یار بێ، نەك لە خەڵقی لاوەکی مناسبترە لەگەڵ مەبەسی بەیتەکە:

چیت لە کاکۆڵی سەر و موویی میانت داوە

هەمو هەر هەمم و پەرێشانی یو دەردی سەرییە

وشەی «داوە» لە کۆتاییی نیوەی یەکەمی بەیتەکەدا، یەك لە واتاکانی ئەوەیە کە بڵێ چ ڕەنگێك، بۆنێکت لە کاکۆڵی سەر و مووی کەمەرت داوە؟ ئەم پرسیارە هەر بۆ دڵدارەکە دەچێتەوە، خۆ نالی نابێ لە هەموو کەسێك بپرسێ: چیت لە مووی سمێڵت

یان داوی کەمەرت داوە؟ کەی نالی خەریك دەبێ کەمەری پوور فاتم یان صۆفی ڕەشید تەشبیهـ بکا بە موو؟ دەردی سەری تووش دێ نایێ چش!

واتای دووەمی «داوە» ئەوەیە کە بڵێ: چیت بەسەر کاکۆڵی سەر و مووی کەمەرەوەیە؟ واتای سێیەمی داوە موو، داوە دەزوو دەگەیەنێ بە پێی جێگەی وشەکە.

بەیتی یەکەمی لاپەڕە ٥٨٦:

بە ڕیا باری تەکالیفی ڕوسوومی بۆ خەڵق

چ دەکێشی؟ ئەمە حومقێکە عەلاوەی کەرییە

من لە کۆنەوە خوێندوومەوە: بەریا باری. تەکالیف و ڕوسوومی خەلقی. لە جیاتی «ئەمە حومقێکە» «ئەمە بارێکە»م دیتووە و بیستووە.

لە دەقی ناو شەرحەکە زانیمان، «تکالیف» ئیضافە کراوە بۆ «ڕوسوومی»، ئەدی «ڕوسوومی» بەو «ی» "مضاف الیە" بۆ کێ دەچێتەوە؟ ضەمیرەکە «ی – کەسی سێیەمی تاك» بێ، مەرجەع دەمێنێتەوە. حومقیش هەر بریتییە لە «کەری». هەرچی «بار»ی نیوە بەیتی دووەمە لە مەعنادا «سەربار»ە؛ چونکە «عەلاوە»ی کەرییە، بەمەدا کەرایەتی دەبێتە باری تەکالیف.

لە بەیتی دووەمی لاپەڕە ٥٨٦ دەبوو شەرحەکە لە ئاست «نەفسی ئەممارە»دا، بڵێ کە ئەمە ئیشارەتە بۆ ئایەتی «ان النفس لأمارة بالسوء».

بەیتی لاپەڕە ٥٨٧:

لۆمەیی «نالی»یی دێوانە مەکەن ئەی عوقەلا

ئەمە موددەیێکە زەدەی لەطمەیی دەستی پەرییە

لەم بەیتەدا نالی کە خۆی بە دێوانە «شێت» داناوە، هۆیەکەی درکاندووە، ئەویش «لەطمەی پەری»یە کە مەشوورە پەری، جنۆکە دەست لە خەڵق دەوەشێنن و شێتیان دەکەن. ڕووی قسەشی لە «عوقەلا» هەم جۆرێکە لە توانجی داپۆشراو کە دڵیان لە عیشق بەتاڵە و هەم ڕووبەڕووکردنی عەقڵ و دێوانەییە کە دەبوو جێگۆڕکێ بکەن؛ چونکە لە حەقیقەتدا، بەلای نالییەوە، دێوانە عاقڵە، ئەگینا چۆن عاقڵ لۆمەی عاشق دەکات!

لە تەك «پەری»دا وشەی «دێوانە»، «دێوئاسا»ش، جۆرێکە لە مەخلووقاتی نەدیتراو.

بەیتی سەرەتای لاپەڕە ٥٨٨:

شەرحەکە «خرخاڵ»ی بە «بازنگەکانی قۆڵی یار» لێك داوەتەوە. «خرخاڵ» [خلخال ڕاستە – لە بەیتی نالیدا «مخلخل» هاتووە بە واتای خڵخاڵدار] لە گۆزنگی پێ دەکرێ، هەر ئەمیش خزمی «سۆل» و «ژێر پێ»یە.

بەیتی سەرەتای لاپەڕە ٥٨٩:

دڵ کەوا هەم قاسییە، هەم عاصییە، دوورە لە تۆ

مونزەجیر نابێ، کە حوببی تۆ لە قاصی دانییە

ئەم بەیتە زۆر ئاوخوازە. شەرحەکە ماوەی باشی بڕیوە؛ بەڵام وادەزانم وردە حیسابی تێدا هەیە، بەر شەرحەکە نەکەوتووە: وشەی «قاسی» بنەمای «مقاساە»ە، ڕەنگە «قاسی» خۆی بە واتای «مقاسی» ڕۆیشتبێت، بەداخەوە قامووسم لا نییە بۆی بگەڕێم. نالی خۆی ئەم لایەنەی چارە کردووە بە جیرانەتیی «هەم» لەگەڵ «قاسی» کە بەسەریەکەوە بخوێندرێتەوە «هەمقاسییە»ی لێ دێتەوە و «مقاسی» پەیدا دەبێ. «موقاسی» بە واتای عەزابچێژ دێت. بە زۆری ئێستا خەلق «معانی، معاناە، موعانات» بەکار دەهێنن – نالی کە «مقاسی»یە، لەبەر دوورییە لە یار. کە «عاصی – نافەرمان»ە لەوەوەیە، وەك شەرحەکەش دەڵێ، کە «منزجر» نابێ و کۆڵ نادات، سەبەبیش ئەوەیە کە عیشقی مەعشووقە لە «قاصی – دوور» «دانی – نزیك»ە چ جاییی ئەوەی لێی نزیکە.

وشەی «قاصی» لە خوێندنەوەی کوردانە دەبێتە «قاسی»، بە واتای ڕەق و توندوتیژ. لەوەی گوتمان «هەمقاسی» وشەی «قاسی» پەیدایە کە «قاصی، قاسی» دەنگدەرەوەیەتی. لەمەوە کە «قاسی»ی یەکەممان سڕیەوە «قاسی»ی دووەم هەم دەسڕێتەوە و هەم «قاصی» بە زەقی دیارە. بەو پێیە، نالی دوای پاکانە لە «عصیان» و لە «قسوەت»، حەقیەتی بڵێ حوببی لە قاسیدا نییە «حوببی تۆ لە قاصی دانییە»، نزیکە بەڵام لە قاسیدا نییە.

بەیتی یەکەمی لاپەڕە ٥٩٠:

گوێت لە ئاوازی سوروشکی من گرانی گوارەیە

غافڵی لەم دوڕی بەحرەین و عەقیقی کانییە

شەرحەکە باشی بۆچووە. یەك نوکتە هەیە، بەلای بینینی منەوە، وەها دەکا «دوڕی

بەحرەین و عەقیقی کانی»ی فرمێسکەکانی نالی بۆ گوارەی گوێی یاریش ماڵ بن. وا دەزانم لەفظی «کانی» لە فیعلی «کنی، یکنی» وەرگیراوە و دەبێتە «اسم فاعل»، بە واتای «کینایە ساز» واتە بە کینایەی گرانبوونی گوێ لەبەر دوڕ و عەقیقێکی بە گوارەکەوەیە، ئاوازی سروشکی نالی نابیسێ... دەڵێم، ئەگەر کینایە لە بەیندا نەبێ گوارە لە خۆوە دوڕ و عەقیقی پێوە هەڵناواسرێ، گوارە گوێی گران کردووە بەو دوڕ و عەقیقی فرمێسکان کە لە ڕێی کینایەوە بۆی بووەتە ماڵ.

بەیتی یەکەمی لاپەڕە ٥٩١:

خوێنی صیرفە پێی سەر و دەستت حەنایی کردووە
ڕەنگی دەست و سەر نییە، ڕەنگی سەری دەستانییە

شەرحەکە ناحەقی نییە کە دەڵێ: «... ئەمە ئەو ئەندازەیە کە ئێمە لەم بەیتە بۆمان هەڵکرێنراوە. لاشمان وایە، نیوەی دووهەمی بەیتەکە، بەتایبەتی دوا برگەی، شتی تری تیایە».

وەك من بۆی دەچم «دەست و سەر»، لە نیوە بەیتی دووەمدا «دەستەسر» مەبەستە لێی، کە یار ئالوودەی خوێنی عاشقانی کردووە و دەست و سەری پێ سڕیوەتەوە. ئەو دەستەسرە، جاران «چەورە»ی پێ دەگوترا، ڕەنگیشی سوورێکی خەنەیی بوو، نالی بێگومان نووسیوەتی «سری دستیانیە» لە کۆتاییی نیوەبەیتی دووەمدا. هەروەك شەرحەکە وشەی «دستانیە»ی کردووە بە «داستانییە»، دەشێ بشبێتە «دُستانییە» بە دانانی «ضمە» لەسەر دالەکە و بخوێندرێتەوە «دوستانییە»، بە واتای عاشقان. خەیاڵێکی زێدە بەربڵاوی وەك زرەخەون بە وەهممدا تێ دەپەڕێ و بەند نابێ، لەوەدا کە «سەری دەستانییە» ئیشارەت بێ بۆ «سەری دەشتانییە»، واتە سەرەتای حاڵەتی عوزری مانگانەی ئافرەتانیەتی. بێگومان نالی ئەم وێنەیەی بە دڵدا هاتووە.

بەیتی دووەم لاپەڕە ٥٩١:

دوور لە تۆ نالی سەگێکە، بێ وەفایە، هەرزەگۆ
بۆچی بانگی ناکەی ئەم کەلبەی کە نانی نانییە؟

شەرحەکە «دوور لە تو»ی هەر بە «عەیب نەبێ لە ڕووتدا»ی لێك داوەتەوە، سەرەڕای ئەمە و لەمەش بەهێزتر ئەوەیە کە نالی دوور کەوتەوە لێت، سەگێکە بێوەفا و قسەپووچ [هەڵەوەر]. کەواتە بانگی بکە لای خۆت ئەم سەگەی «نانی نانی» کە بێ

حورمەتترین سەگە کە دەڵێن «کوچ کوچ نانی نانی» بۆی دەجمێ. سەگی بەوەفا گوێ ناداتە ئەو جۆرە بانگهێشتنە. دەشێ «نانی نانی» بکرێتە «نانی نانییە» واتە تاکە یەك نان بەسیەتی بۆ بەدووکەوتن.

لە بەیتی سەرووی لاپەڕە ٥٩٢: «پەیوەندی نییە» هەر وەك «سەر و ساختی لەگەڵمان نییە» ڕادەگەیەنێ، وەك کە شەرحەکە دەڵێ، ئەو مەعنایەشی هەیە کە موتربەکردن هەڵناگرێ تا بشێ بەری هەبێ.

بەیتی لاپەڕە ٥٩٣:

دەرحەقی من زەهر و سرکە فرۆشە بە برۆ

دەرحەقی غەیری ئەمن غەیری شەکەر خەندی نییە

نیوەی یەکەمی بەیتەکە ئەگەر «هـ»ی وشەی «زەهر» قورس نەکرێ، واتە ئەگەر «کسرە مختلسة»ی نەدرێتێ کێشی تێك دەچێ. پێنج تێکست نووسیویانە: «دائیمەن دەرحەقی من سرکە فرۆشە...» هەر ئەم دەقەش دەست دەدا چونکە: ١- سرکە ترشە دژی شەکەر خەندە کە شیرنە. ٢- زەهر هی فرۆشتن نییە. وشەی «برۆ» کە بە ڕێنووسی کۆن دەنووسرا «برو» بەمەدا «بڕو»ش دەخوێندرێتەوە کە هی دەرکردن و قاودانە.

بەیتی دووەمی لاپەڕە ٥٩٣:

دولبەرێکم هەیە مەشهوورە بە بێ مانەندی

بێ شك و شوبهە، خودا شاهیدە، مانەندی نییە

لە هەر شوێنێك نووسرا «دولبەر» دەبێ «دلبەر» بخوێندرێتەوە. خۆشەویست «دل» دەبات نەك «دول». نالی سوێندی هەرە زلی خواردووە لەسەر «بێ مانەندی» و دەستی خۆش بێ. لەگەڵ ئەمەشدا کە شك و شوبهە دەبڕێت و خوا بە شاهید دادەنێ، ئنجا دەشێ مەبەسی بێ مانەندیی زاتی خوا بێ کە شاهیدی ئەحواڵ و هەموو شتێکە.

بەیتی لاپەڕە ٥٩٤:

خانەقاش هەر وەکو مەیخانە، کە هەر ئاوا بێ

مەجلیسێکی هەیە، ئەمما گەپ و گۆبەندی نییە

شەرحەکە دەڵێ: خانەقاش وەك مەیخانەیە، خوا ئاوەدانی کا، خەڵکی تیا کۆئەبنەوە، بەڵام بێ تام و خوێن. ئەشگونجێ «خوا ئاوای کا» بە «خوا ئاوای کا»

بخوێنینەوە، واتە: وای لێ بکا.

ڕاستییەکەی «ئاوا بی» سێ مەعنا هەڵدەگرێ: ١- بە واتای «ئاوەدان بی»، دوعای چاکە بۆ مەیخانە دەچێتەوە. ٢- بە واتای «بزربوون بێ»، دوعای خراپە، تووکە بۆ خانەقا دەچێتەوە. ٣- «ئاوابێ»، بە واتای «ئەوهایی بێ»، دیسان بۆ خانەقا دەچێتەوە بە توانج و طەعنە.

بەیتی سەرەتای لاپەڕە ٥٩٥: دڵم پێی ئارام نییە، چونکە سەبەبەکەی عەیبدارە و یەکسەریش بە دوا بەیتەکەدا دێت کە دژی خانەقایە کەچی لەمیاندا مەدحی زەمزەمەی دەکات. ئنجا بەیتی دواوەیشی هەر طەعنەیە لە مەدرەسەی مەحبەسە و مەبحەث و وەسوەسە. لە هی نالی ناچێ.

بەیتی لاپەڕە ٥٩٦:

شیعرەکانم، کە جگەرگۆشی منن، دەربەدەرن

دڵی «نالی» چ ڕەقە قەط غەمی فرزەندی نییە

شیعرەکە ڕواڵەتی «دەربەدەری» بە مەبەست گرتووە لە بەیتەکە، کەچی نالی لە بن پەردەوە پێمان دەڵێ: شیعرەکانم بە دنیادا بڵاوبوونەتەوە. بە شۆخییەوە خۆی «دڵ ڕەق» داناوە؛ چونکە فرزەندێك کە شیعر بێ، هەتا دەربەدەر بێ بە برەوترە. گۆیا ئەگەر هەر لە دەفتەرێکی لای خۆیەوە مابانەوە چ نرخێکیان دەبوو!

بەیتی لاپەڕە ٥٩٧:

حەریقی ضیقی زیندانم نەسیمی صوبحدەم با بێ

ئەگەر ڕۆحی منت باقی دەوێ، ساقی! مەیی نابێ

شەرحەکە وای داناوە نالی سووتاوە لە تەنگژەی زیندان. چەژی بەیتەکە و داخوازیی شەرابی ناب لەگەڵ زیندان ڕێك ناکەوێ. نالی حاڵی ناسازی خۆی داناوە بە زیندان و ئاگر، هەر ئەم وەزعەیشە وا دەکا داوای بای صوبحدەم بکات کە بە زاهیر بایەکە لە ئاگرەکە زیاد دەکات لە حەقیقەتیشدا دەرووی تەسکینی پێ دەکرێتەوە. لە ساقیش، مەبەسی مەیگێڕە نەك یار چونکە یار بۆخۆی دە جاران لە شەراب مەبەستترە. «مەیی ناب»یش شەرابی ئەوتۆیە نە ئاو نە هیچ شتێکی دیکەی تێکەڵ بووبێ، تاکو باشتر پێی مەست بێ. چ ڕێکەوت و چ ئانقەست بێ، بەیتی دواتر کە دەڵێ: «لە وەصلی تۆ زیاتر خەوفناکم، نەك لە هیجرانت»، بە بەڵگەی ئەو واتایە دێت کە من بۆی دەچم.

بەیتی سەرەتای لاپەڕە ٥٩٨:

نییە دەخلم لە شانامە و مەصافی، غەیری ئەم نوکتە

کە کوشتەی بەندی تۆیە هەر کەسێ ئازاد و ئازا بێ

من بەلای مەعنایەکەوە دەچم لە شەرحەکەدا نییە:

نالی ناودارانی مەیدانی عیشقی کردووە بە سێ دەستە، یەکیان، ئەو ئازادەیە کە گرفتاری بەندی یارە. دووەمیان، ئەو ئازایەیە کە کوژراوی یارە. سێیەمیان ئەوەیە کە ئەسیری بەند و کوژراوی یارە واتە هەم ئازادە و هەم ئازایە.

بەیتی لاپەڕە ٥٩٩:

فیدای تەشریفی ڕێگەت بێ خەراجات و خەزێنەی دڵ

نیثاری تۆزی پێت بێ گەر لە چاودا قەطرەیێ مابێ

شەرحەکە «خەراجات» و «خەزێنەی دڵ»ی داناوە بە «هەرچی خۆشەویستییەك لە دڵدا بێ، هەمووی بە قوربانی ئەوە بێ کە ڕێگا پیرۆز ئەکەی و دێی بۆ لام. هەر دڵۆپە فرمێسکیش لە چاوما مابێ، ببێ بە شاباشی تۆزی بەری پێت و ڕێگەتی پێ ئاوڕشێن بکری».

لە پێشەوە دەڵێم: دەقی نیوەی دووەمی بەیتەکە، بە ڕێنموونی هەندێ لە تێکستەکان و بەو ڕیوایەتی دەماودەم کە لە کۆنەوە گوێبیستی بووم، بەم جۆرەیە: «نیثاری تۆزی بەر پێت بێ لە چاوا قەطرەیێ مابێ».

لە بارەی شەرحی نیوەی یەکەمی بەیتەکەوە: ناشێ عاشقی عیشقی خۆی بکاتە قوربانی لە پێناو هاتنی یار بۆلای، کە عیشق نەما هاتن و نەهاتن هەر باس ناکرێت.

نالی «خراجات و خزینی دڵ»ی نووسیوە «خراج» کە «خوراج» دەخوێندرێتەوە، بەڵام لەبەر کێشی شیعر «خوراج» دەخوێندرێتەوە، بریتییە لەو هەڵامسان و هەوا دەرکردنەی لە برینی تەشەنەکردوو پەیدا دەبێ. «خزین»یش هەر خەزنەکردنی برینە، بەڵام بە «استخدام» لەگەڵ «خەراجات و خەزێنە» یەك دەگرنەوە. فیداکردنەکە، جگە لە تەئویلی «خراج و خزین»، بە گەنج ونەقدینە، برین و ئێش و ئازاری دڵەکە دەگرێتەوە. لە هەمان کاتدا دەشێ خەراج و خەزینە، بەتایبەتی «خزین»، شیعرەکانی شاعیر بێت وێڕای بیرکردنەوە و خولیا و حاڵەتی عاشقانەی پڕ سەودا.

بە عادەت «نثار» بۆ شتی وەك پارە و بەردی بەقیمەت دەچێتەوە، بەڵام نالی ئاوپرژێنی چاوەکانی لێ گرتووە بە مەبەست بۆ مراندنی تۆزی بەر پێی یار. لە گۆرانیی بەغدایی هاتووە «خَزَّنْ جرح قلبي من عذابك».

بەیتی یەکەمی لاپەڕە ٦٠٠:

لە عەکسی ذاتی بێڕەنگت هەتا کەی  دیدە ڕەنگین بێ

جونوونی لەیل و مەیلی نەقشبەندی  عەکسی ئەسما بێ

ئەم بەیتە تا بڵێی ئاوخوازە، گاڵتە هەڵناگرێ: «ذاتی بێ ڕەنگ» جارێکیان «بێ مانەند» و جارێکیشیان «بێ ڕەنگ، بێ لەون» ڕادەگەیەنێ. «ذات»یش کە «بێ لەون» بوو دەچێتەوە بۆ دەروون، نەفس کەسایەتی کە «بێ مانەند» بوو، مەبەس لە لەش و جوانیی بەرچاو دەبێت کە پەیکەرەکەیەتی.

عەکسبوونەوەی «ذاتی بێ مانەند»، واتە جوانیی یار، لە چاوی عاشقدا وەها دەکا، چاوەکە ڕەنگین بێ بە فرمێسك، دیارە فرمێسك بێڕەنگە، بەڵام کە چاوی ڕەنگین کرد بووەتە خوێن، خوێن دەگریێ، نەك ئاو. هەڵبەت سۆزی عیشق و دووری لە یار، ئەم گریانە سووررەنگە دەزێتەوە.

عەکسبوونەوەی «ذاتی بێ ڕەنگ»، لە ڕێی دەلالەتی وشەی «عەکس»ەوە کە پێچەوانە و دژ بە دەستەوە دەدات، «بێ ڕەنگ»ەکە دەبێتە «بە ڕەنگ، ڕەنگدار»، لە چاوی عاشقدا و هەمیسان فرمێسکی خوێنین ڕادەگەیەنێ.

جنوونی لەیل [کە دەکاتەوە جنوونی قەیس، مەجنوون] و مەیلی نەقشبەندیش هەردوویان عەکسی دەلالەتی وشە بەدەستەوە دەدەن: جنوونەکە بە هۆشیاری و مەیلەکەش بە ڕاسترۆیی لێك دەدرێتەوە.

وشەی «میل، مەیل» لێرەدا بۆ نەقشبەندی، مەدح هەڵدەگرێ و دژی مەدحیش هەڵدەگرێ. کە بڵێین نەقشبەندی لە ڕاستەڕێی شەرعی ظاهیرییان لاداوە [مەیل: لادان، لاربوونەوەیە] بۆیان دەبێتە عەیب. کە بشڵێین مەیلەکەیان لە ظاهیرەوە بۆ باطین، دۆزینەوەی «حەقیقەتی موطڵەق»ە، بۆیان دەبێ بە مەدح.

نالی لە بەیتی دواتردا بازێکی دیکە دەهاوێت بۆ پتر چەسپاندنی عیشقی یار لە دەروونیدا کە دەڵێ: هەر یاری نەقشینم، زێدە جوان و ڕەنگینم، دەشێ ببێتە نەقشێك کە چەسپە لە دڵدا، هەرچی نەقشێکی غەیری ئەو هەیە هەمووی بە ئاوی چاو

شۆڕاوەتەوە. داڕشتنی ڕستەکان بە بەریانەوە هەیە نەقشی یار وەها چەسپ بکەن لە دڵ، کە دڵەکە خۆی ببێتە «نەقشبەندی» بۆ یارەکەی.

لە بەیتی سەرەتای لاپەڕە ٦٠١:

ثوبووتت باعیثی نەفیی منە، وەك لامی زولفەینت

لە هەر دوو لا قەدت بگرێتە ناو، وەك «لامەلفلا» بێ

شەرحەکە وەهای دادەنێ کە دوو زولفەکەی یار یەك «لا»ی نەفیان پێك هێناوە و دەوری باڵاتیان داوە و شاردوویانەتەوە. گۆیا، بەپێی شەرحەکە بوونی یار بووەتە هۆی «لا» یەتیی نالی وەك کە جووتە زوڵفەکەی بە هەر دووکیان «لا» یەکیان پێك هێناوە بوون بە «لا» یەتیی باڵای یار. ئەم بۆچوونە لە هەموو ڕوویەکەوە دژی واتای بەیتەکەیە.

نالی دەڵێ: بەرقەراری و ثابیت بوونی تۆ ئەی یار، سەبەبە بۆ نەفی و ئینکاری وجوودم [بەو نەفییە نالی دەشبێتە فنا فی المعشوق]. لێرەدا باسێکی نەحوی عەرەبییش هەڵدەستێ بەوەدا کە حەرفی ئەلف لە حروفی «علە»ە و لە زۆر باردا تێدەچێت کەچی ئەلفی قەدی یاری نالی ثابیتە. ثبووتەکەشی بەو دوو «لا»یەیە کە دوو زولفەکەی بە دەوری قەدیەوە پێکیان هێناوە. قەدەکە بووەتە ئەلف لە نێوان هەردوو زوڵفدا کە هەر یەکە شکڵی «ل»ی هەیە، بەو شێوەیەی کە لە سەرەوە بە باڵایدا ڕژاونەتە بەر پێی، ئەلفەکەش بۆ هەردوویان بەکارە، کردوونی بە «لا» وەك ئەم شکڵە «ل ا ما» کە لە پێشەوە سەیری بکەیت «ل»ی دەستە چەپی یار لەگەڵ قەدەکەی دەبنە «لا». لامی زوڵفی دەستی ڕاست، دەبێتە «لا»یەکی مەعکووس، وەك لە ئاوێنە عەکس کرابێتەوە. کە لە پشتەوە سەیری یار بکەیت، ئەوسا «ل»ی زولفی دەستە ڕاست دەبێتە «لا» و هی دەستی چەپ دەبێتە عەکسی ئەو. بەم جۆرە ئەلفی قەدی یار نەك هەر تێ نەچووە، دوو هێندەی زولفەکان مەوجوودە و دوو هێندەی تاکە «لا»یەکی، نەهی وجودی نالی نەفی دەکا. سەیریش لەوەدایە، ئەلف بە ئەداتی نەهی دەسڕێتەوە. وەك کە فیعلی «ینال»، نەهی بێتە سەر دەبێتە «لا ینل».

ئەم بەیتە یەکێکە لە هەرە هەرە هەرە دەگمەنەکانی هەڵبەستی عالەمی ئیسلام. ماڵم حەقە، بەیتێکە چەندین غەزەل و قەسیدە دەهێنێ.

بەیتی سەرەتای لاپەڕە ٦٠٢:

گەهێ ئاهوو ڕەوش شاهی، گەهێ گەوهەر مەنیش ماهی

بەڵا بـا سینـە صەحـرا بـێ، بەڵا بـا دیـدە دەریـا بـێ

شەرحەکە هەر واتای وشەکانی لێك داوەتەوە، دەبوو بڵێ، نالی سینەی خۆی دانا بە صەحرا تاکو ئاهوو، مامز [کە یارە] بێتە ناوی. چاوی خۆشی دانا بە دەریا تاکو یار وەك ماسی مەلەی تێدا بکات. لەمە زیاتر، من بۆ تارماییی مەبەستێکی زێدە شرایەوەی نالی دەچم، لە دەلالەتی «شاهـ» و «سینە»وە. دەزانین «سینە صەحرا بێ» بە ظاهیر شتێکی ئەوتۆی تێدا نییە، زێدە خەیاڵدۆزیی پێوە بکرێت، بەڵام صەحرایەك هەیە پێی دەڵێن صەحرای «سینا»، پاشایەك «شاهـ»یش هەبوو فیرعەونی میصر بوو، لە بەحردا غەرق بوو کە بەرەو صەحرای سینا بە دوا مووسا پێغەمبەر و قەومەکەی کەوتبوو. دەستەواژەی «مەنش ماهی»ش دەشێ بەپێی ڕێنووسی کۆن «منش» نووسراوە بخوێندرێتەوە «منیش ماهی» تا ئەو گەوهەرە، کە یارە لە بەحردا بچێتە دەروونی نالییەوە. نالی ئەمەی ڕێك خستووە، تا ئەگەر بۆی بچێت زێدە تەڕەدەماغییەکت پێ دەگات، خۆ ئەگەر ڕەفزیشی بکەیت، هیچت نەدۆڕاندووە. من ڕەفزی ناکەم و لە نالیی بە زیاد نازانم.

بەیتی سێیەمی لاپەڕە ٦٠٢:

لە ئالیی ئەشکی نالی بێ کەسە، غەلطانی نێو خاکە

مەگەر سەمعی قەبووڵت موشتەریی لوولوویی لالا بێ

«لوولوویی لالا» ئەو لوولوویەیە کە لە صەدەفێکدا تەنهایە و درشت و قیمەتدارە. کە دوو یان سێ لوولوو لە صەدەفێکدا بوون ورد و کەمقیمەت دەبن پێیان دەگوترێ «لیلی». نالی کە دەڵێ «سەمع»ت و نەیگوت «چاو»ت قبوڵی بکات، لەوەوەیە کە دانە لوولووەکە ببێتە گەوهەری گوارەی گوێی یار.

لە بەیتی لاپەڕە ٦٠٥ لە جیاتی «هاتووم» «هات و» ڕاستە. «هیی تۆم» لە نیوە بەیتی دووەمدا بە زەقی دژی دەموڕاوێژی بەیتەکانە کە زۆر بە زەحمەت کەلێنی دەسبازی دەدەن چ جایی خۆ دۆڕاندن. «هەر تو» جێی خۆیەتی.

بەیتی دووەمی لاپەڕە ٦٠٦: «ڕەنگ نوما»، دەکرێتە «ڕەنگ نەما – ڕەنگ نوێن»، وەك «قیبلە نەما».

لە بەیتی سەرەتای لاپەڕە ٦٠٧: وشەی «نوکتە»، جگە لەوەی شەرحەکە بە «قسە یان

بابەتی خۆش»ی لێك داوەتەوە، لایەنی بچووکی و تەسکیی شتە باس لێکراوەکەش ڕادەگەیەنێ.

وشەی «سوها» لە بەیتی دووەمی لاپەڕە ٦٠٧ لە ڕێنووسی کۆندا «سها» نووسراوە. شاعیری عەرەب گوتووەتی: «ومن بات طول الليل يرعى السُها سَها»، «سها، سەها»ش فیعلی ڕابوردووە، بە واتای «سەهووی کرد». ئەمە دەڵێم لە گۆشە نیگای ڕاپەڕموونم بە نالیدا کەوا بێگومان بیری لەو سوها و سەهایە کردووەتەوە، چونکە دەشێ لە ڕووی سەهووەوە «سوها» بکرێتە «سوا» و کارەکە دەئاڵۆزکێ.

بەیتی یەکەمی لاپەڕە ٦٤١:

هەرچەندە دەکەن قەطعی سەرت دێیەوە ئەی خەط

وەك هیندووەی سەححاری مەجووسی چ لەجووجی

مووی خەطی مەدحکراوی چوواندووە بە سێ بابەت: ١- هیندوو، کە ڕەشە وەك مووەکە. ٢- سەحار: کە سەری دەبڕن و هەر دێتەوە. ٣- مەجووسی: ئاگرپەرست، کە شین بووە لە سەر ڕوویەکی وەك ئاگر گەش.

بەیتی دووەمی ٦٤٢:

گەر بازی نەظەر بازی، لەم دەست و نیگارەت چی

بۆ یاری یو دەسبازی، لەم ڕاو و دیارەت چی

وەك بۆی دەچم، نالی دەڵێ لەگەڵ خۆیدا: تۆ ئەگەر بازی چاوکراوە و [چاوبڕکێیت] ئەم دەست و نەقشەت لە چییە؟ مەبەستی شیعردانانە کە زینەتی دەست و قەڵەمە. خۆ ئەگەر مەیلی گەپ و دەسبازی [هەرزەکارانە]ت هەیە، چیت لەم ڕاو و «دیارە»ت دایە. وشەی «دیارە» لێرەدا سووککراوەی «دیاردە»یە کە نەریتێکی ڕاوکەرانە، وەختێك کە کەروێشك دەدۆزنەوە «دیاردی» لێ دەکێشن و پێوەی هەڵدەڵێن و «...خولامی سەری سوارانم پێ دەڵێن...» و چشتی ئەوتۆیی دەچڕن. هەڵبەت لێرەدا نالی ئیشارەتیش دەکا بۆ «بازی نەظەرباز» کە تەیری ڕاو پێکردنە.

بەیتی دووەمی لاپەڕە ٦٤٣:

ئەو چاوە کە هەڵدێنی، صەد عەربەدە دەنوێنی

هەر ڕۆحە کە بستێنی، لەم غەمزە دوبارەت چی

تێکستەکانی ناو شەرحەکە تێیاندایە لە جیاتی «هەڵدێنی»، «دەنوێنی»یان نووسیوە، لە جیاتی «غەمزە»ش «عومری»یان نووسیوە، شەرحەکە بەسادەیی دەڵێ: ئەی یار بە چاو هەڵهێنانت ڕۆحمت سەندووە، ئیتر غەمزەی دوبارەت بۆ چییە؟

وەك من بۆی دەچم، کلیلی یەکالاکردنی بەیتەکە لە وشەی «دەنوێنی»ی کۆتاییی نیوە بەیتی یەکەمە، ئەم وشەیە دوو واتای هەیە، یەکیان خەواندن، ئەوی دیکەیان دیارخستن، ئەگەر «هەڵدێنی» قبووڵ بکەین، واتای بەیتەکە ئەمە دەردەچێت: ئەو چاوەی دەیکەیتەوە سەد هەرا و بەدمەستی بەرپا دەکەیت یاخود هەرا و مەستی کپ دەکەیت و لە هەردوو حاڵدا ڕۆحم دەستێنی. کەواتە چ لزووم هەیە بە غەمزەی دووبارە یا عومری دووبارە کە دێیت لە حاڵی خەواندنی عەربەدەدا، هەر لە وشەی نواندنەوە کە دیار خستنە، عەربەدەکە بەرپا دەکەیتەوە و دەبێتە بەخەبەرهێنانی ڕۆحەکە یاخود ژیاندنەوەی ڕۆحەکە.

ئەگەر لە جیاتی «هەڵدێنی»، «دەنوێنی» قبووڵ بکەین، بەیتەکە وەها ڕادەگەیەنێ: ئەو چاوەی دەیخەوێنی صەد عەربەدە بەرپا دەکات وەیا دەخەوێنێ و لەمەشدا ڕۆحمت ستاندووە چ بەکپکردنی عەربەدە و چ بە بەرپاکردنی. ئیتر ئەگەر کپت کردووە بۆ بەرپای دەکەیتەوە، ئەگەر بەرپات کردووە بۆ دەیخەوێنییەوە کە لە هەر دوو حاڵدا ڕۆحی دووبارەم پێ دەدەیتەوە. ئەگەر لە «دەنوێنی» یەکەم دیارخستن مەبەست بێ دیسانەوە نواندن و دەرخستنی عەربەدە بەهەمان ڕێی باسکراودا دێنە ناوەوە و عومری دووبارە دەسگیر دەبێ.

بێگومان ناشێ نالی هەردوو تێکستی مەبەس بێ؛ چونکە «هەڵدێنی» و «دەنوێنی» و «عومر» و «غەمزە» لە ڕێنووسی کۆن و نوێدا یەکتر ناگرنەوە، هەرچەند غەمزە تا ڕادەیەك لەگەڵ عومر بۆرە خزمە.

بەیتی سەرووی لاپەڕە ٦٤٤:

گەنجینەیی نێو سینە، ڕەنگینە بە صەد کینە

ئەی لەککەیی ئاینە، یارەببی بە غارەت چی

شەرحەکە وەهای داناوە: دڵی یار بە صەد کین ڕەنگ دراوە، نالیش لە خوا دەپاڕێتەوە ئەو ڕەنگە کە وەك لەکەی ئاوێنەیە بە تالآن بڕوات.

ئەم بەیتە سێ لایەن هەڵدەگرێ: یەکیان، ئەوەیە کە قسە لەگەڵ یار بێ، وەك

شەرحەکە گوتی. دووەم ئەوەیە نالی دڵی خۆی مەبەست بێ. سێیەم ئەوەیە هەر دڵێکی بووبێت ئیتر هەر کەسێك بێت. من پتر مەیلم بۆ دڵی نالی دەچێت، بەڵام قسەکە لەوەندەدا ناوەستێ. «یا ڕەببی» بە ڕێنووسی سەردەمی نالی، «یا ربی» نووسراوە. دەکرێ «یاربی بە غارەت چی»، ببێتە «یار بێ بە غارەتچی» واتە یار ببێتە تاڵانکەری لەکەی ئاوێنەی دڵ، دڵەکە بشواتەوە لە لەکەی کین هەڵگرتن لە ڕەقیب و بەدکار. لێرەدا چاوەدێریی کێشی شیعر ناکرێ؛ چونکە مەعنای پشت پەردەی ڕاستە مەعنای وشەکانە.

بەیتی دووەمی لاپەڕە ٦٤٤:

موژدەی قەدەمی سەر بوو، دڵ هات و لە ڕێدا چوو

جان ماوە لە بۆ وەصلی، بدرێ بە بە شارەت چی؟

شەرحەکە واتای «دڵ هات و لە ڕێدا چوو»ی بە ڕاستە ڕاگەیاندنی دەقەکە لێك داوەتەوە، حەقیشیەتی و جێی خۆیەتی، بەڵام نالییە و یەك دوو دەنکە چەرەسی شاردووەتەوە لێمان. دەتوانین بڵێین: دڵ لە ڕێدا هات و چوو، واتە میانجی بووە دڵەکە [هەرچەند بێگومان تێشدا چووە]. لەو بوارەوە دەکرێ «موژدەی قەدەمی سەربوو» کە وەك شەرحەکە دەڵێ لە پێناوی هاتنە لای بوو بە قوربانی، بەم جۆرە بنووسرێ: «موژدەی قەدەم هی سەر بوو، کە خۆی لە مزگێنی کرد بە قوربانی». بە دوا سەردا دڵ کەوتە ڕێ... هتد.

لە بارەی بەیتی سەرەتای لاپەڕە ٦٤٥، ئەوەندە دەڵێم وشەی «کەنارە» بە واتای بەری درەختی «سدر، سیدر» دێت.

بەیتی دووەمی هەمان لاپەڕە:

بۆچ مایلی تەنهاییی؟ سەودایێکە خۆڕایی

ئەی مەردومی بینایی، لەم کولبەیی تارەت چی!

نالی کە لە نیوە بەیتی یەکەمدا، باسی «سەودا»ی خۆڕایی دەکات، بە عادەتی پڕ مەهارەتی خۆی، وەها ڕادەنوێنێ کە لە سەرەتاوە قسەی لەگەڵ «مەردومی بینایی»یە کەوا لە کولبەی تاریکیدا خۆی مەڵاس داوە. لەمەوە «سەودا» کە بە عیشق و بە ڕەنگی ڕەشیش دەگوترێ، ڕێك دێت لەگەڵ کولبەی تار و تاریك. داڕشتنی بەیتەکە ڕێت دەدا، نیوەی دووەمی بکەیتە یەکەم، بە کەمێك دەسکارییەوە:

ئەی  مەردومی بینایی بۆچ مائیلی تەنهایی

سەودایەکە خۆڕایی، لەم کولبەیی تارەت چی؟

شەرحەکە لەسەر جوملەی بەیتەکان بۆ خاڵێك چووە، لە هەر بەیتە حاڵەتێکی دەستنیشان کردووە لە ئەحوالی نالی بەرانبەر عیشقێکی ناکام لەگەڵ کچێکی «عەیار»دا... بەلای منەوە، ئاسانتر ئەوەیە بە هەڵبەستێکی عادەتی دابنرێت کە دەشێ «وحدە»ی نەبێ و ڕەنگیشە هەندێ بەیتی خزم بن لەگەڵ یەکتر. «نەومیدی»یەکی لە کۆتاییی غەزەلەکە دەدیترێت، چ پێوەندیی نییە لەگەڵ سەرەتاکەی «بازی نەظەربازی» و لەگەڵ بەیتی شەشەم بە «نوقڵی دەم و ماچ»یەوە...

بەیتی دووەمی لاپەڕە ٦٤٨:

وای فەرموو کە ماچت نەدەمێ ڕووڕەشی تۆ بم

ئەم ساڵە بەجێ دێ ئەثەری  وەعدەیی پاری

وشەی «تۆ»، لە نیوە بەیتی یەکەمدا، دەبێ «توو» بنووسرێت کە هەم بە واتای تۆ و هەم بە واتای «تووك، موو» دێت. دیارە لە ماوەی ساڵێکدا تووکی لێ هاتووە و ڕووڕەشییەکە گەیوەتە جێ. ئاشکرایە مەبەس لە بەجێهاتنی ئەثەری وەعدەی پار، دەرکەوتنی تووکەکەیە، هەرچەند لە مەیدانی مەعنا ئاراییدا دەشێ بگوترێ دوای ساڵێك وەعدی ماچەکە بەجێ هاتووە، بەڵام ئەم ساڵەی وا بێ بەڵگە ئەگەر تووکەکە بەڵگە نەبێ، قسەیەکی خاو و خلیسك دەردەچێ، ئەگەر بیگوتبایە «ئەم مانگە بەجێ دێ»، چ تامی تێدا نەدەبوو؛ چونکە لە مانگێکدا تووك ئەوەندە دەرناکەوێت ڕوو ڕەش بکات. کەم شاعیریش هەیە ناوناوە دەوری کوڕی لووس هەڵنەهاتبێ لە شیعریدا.

بەیتی یەکەمی لاپەڕە ٦٤٩:

مەغشووشی زەڕە، عاجزی زیو، دەرهەمی دیرهەم

بۆچ تێك چووە صۆفی، کەرەبۆز بۆ غەمی باری

شەرحەکە لە کۆتاییی لێکدانەوەی بەیتەکە دەڵێ: «... بەڵام بۆ خەمی ئەم بارە بێ سوودەی دەخوا؟ بۆ ڕێگای دڵدارانی ڕاستی ناگرێتە بەر...». ئەم بۆچوونە لە دەقی بەیتەکەدا ئەسەرێکی نییە، باریش صۆفی هەڵی نەگرتووە، غەمی کەرەبۆزە.

وشەی «زەڕە» جگە لە زێڕ، بۆ زەڕەی کەریش مناسبە. وەك بۆی دەچم، صۆفی لەبەر دەست نەکەوتنی زێڕ و زیو و دیرهەم تێك چووە نەك بە عەکسەوە.

لە بەیتی دووەمی لاپەڕە ٦٤٩، لە جیاتی «ماڵان گەڕ و بێگانە» کە دەست نادا لەگەڵ مەفهوومی تێکڕای بەیتەکە، دەبێ «ماڵان گەڕی بێگانە» بێ، مەگەر وشەی «بێگانە» هەڵوەشێت و ببێتە «بێ گانە». ئەوسا ماڵانگەڕی شار و دێ بێ و «بێ گان»ەی دۆست بێ کە ئەمەش بە سێبەری، یاخود شێوە سێبەری کۆمەڵەی وشەکان حیساب دەکرێ.

بەیتی دووەمی لاپەڕە ٦٥١:

زوڵــفی دوو تــایی تــەرازوو مــەثــەلی دڵــکــێشت

ڕوح دەکێشن بە دوو سەر ئەم بە سەرێ ئەو بە سەرێ

لێرەدا بە چاك دەزانم، چی لە شەرحی ئەم بەیتەدا هاتووە لە **چەپکێك لە گوڵزاری نالی** بۆ ئێرەی ڕاگوێزم؛ چونکە مافی تەواوی خۆی پێ داوە. ئەمە دەقی شەرحەکەیە: زوڵفەکان دووتان، واتە هەریەکەیان بە قەدەر تایێکن لە زۆریدا.

وشەی «تا» بە واتای «تای موو» دێت کە زوڵف خۆی مووە. زوڵفەکان دووتان، وەك یەکترن. کە دووتان، وەك تەرازوون؛ چونکە زوڵف و تەرازوو هەردوویان دووتان و هەر تایەیان بە قەدەری ئەوەی تره و هاوکێشی یەکترن. هەردوو زوڵفەکەش تەرازووی یەکترن. زوڵفەکان کە تەرازوو مەسەلن، وشەی «کێش» خزمی تەرازووە و جێی خۆیەتی دڵ بکێشن؛ چونکە تەرازوو ئالەتی کێشانە.

با بزانین بەولای کێشانەوە ئەم تەرازووە زوڵفانە چ دەکێشن؟ ڕوح دەکێشن! تەرازووی عادەتی لەوە تێ ناپەڕێنێ زێڕو ئەڵماس و گەوهەری پێ بکێشرێت، کەچی تەرازووی زوڵفی یار، ڕوح دەکێشن. ڕوح کێشان هەر لە ڕووی وشەوە خزمە لەگەڵ تەرازوو، ڕاستە حیسابەکەی لە شوێنێکی ترە.

تەرازوو کە بابەتی کڕین و فرۆشتنی پێ هەڵکێشرێ، تەنها یەك دەستەی تەرازووەکە ماڵە نرخدارەکەی تێ دەکرێ، دەستەکەی تری پارسەنگێکی تێ داوێژرێ، هەر کاتێك ماڵە نرخدارەکە گەیشتە سەنگی ئەو پارسەنگە و لەگەڵی جووت بوو، مامڵەتەکە کۆتایی دێ.

بەڵام تەرازووی دووتای زوڵفی ئەو نازدارە بە هەردوو سەران ڕوح دەکێشن، واتە هەتا لە سەرێکیان وەزنی ڕوح زیادکەی، دەبێ وەزنی سەرەکەی تریش زیاد کرێ، ئیتر ئەم کارەی ڕوح کێشان لە دوو سەرەوە کۆتایی نایێ... تەرازووی زوڵفی

دووتای یار، هەتا هەتایێ بە دوو سەران، ڕوح دەکێشن... دەستی خۆش بێ...

جگە لەم کێشانە دوو لانە تەرازووکارانە، ڕستەی «ڕوح دەکێشن بە دوو سەر»، واتایێکی تریشی هەیە بۆ کوشتنی پاتەوپات کە لە ڕوح کێشان دەفامرێتەوە، بێ «توریە»، بەڵام زوڵفەکان لەو ڕوح کێشانەدا دوو هێندەی فرشتەی مەرگ، «عەزرائیل» چالاك و خێران؛ چونکە کاری عەزرائیل لە سەرێکەوەیە، کەچی زوڵفەکان لە دوو سەرەوە، ڕوح دەکێشن. هەتا یەکێك بە مردنی خۆی دەمرێ دوو عاشق بە دەست زوڵفەکانەوە گیان دەسپێرن».

بەیتی لاپەڕە ٦٥٤″

ڕاستی جەوهەریـیە تـیـغی زوبـانـی نـالـی
نەرم و توند، ئاوی گەلووگیرە، قصەی پێ دەبڕێ

دەشێ قافیەی بەیتەکە «پێ دەپەڕێ»ش بخوێندرێتەوە، بەپێی ڕێنووسی کۆن. لەلایەن واتاوەش «پەڕاندن» بەهێزترە لە «بڕین»؛ چونکە ئەوەی «دەپەڕێ» جودا دەبێتەوە لە بنکەی پێیەوە نووسابوو، چاکبوونەوەی نییە. «ئاوی گەلووگیر» لە بەیتەکەیدا، جگە لە واتای ئاوی حەقیقی، ئاوی جەوهەری تیغیش بەدەستەوە دەدات کە زێدە مەدحە بۆی.

«نەرم و توند»، هەر وەك شەرحەکە دەڵێ، لەوانەیە مەبەست لێی نەرمیی تیغی زوبان بێ کە گۆشتە و ڕەقیی قسەکان بێ کە توێکڵدار و کاریگەرن. لەوانەیشە مەبەستی زێدە بڕندەییی تیغە جەوهەرداره ئاودارەکە بێ، بە نەرمی و بە توندی قسە دەبڕێتەوە. خۆ کە ئاوەکە «گەلووگیر» بوو، واتە تیغەکە گەیشتە گەلوو، نەك قصە بگرە کەللەشی پێ دەپەڕێ.

خوێنەر بمبەخشێ لە هەڵدانەوەی لاپەڕە ٦٥١ ی دیوانەکە، یەکسەر گەیشتمە لاپەڕە ٦٥٤، تومەز لاپەڕەی دواوەی کە ٦٥٢ و ٦٥٣ ی تێدا ڕووبەڕوون، بە لاپەڕەی ٦٥١ەوە نووسابوو. تێبینییەکی کورتیلەم هەیە لەگەڵ بەیتی سەرووی لاپەڕە ٦٥٣:

وەکـو پـەروانـە بـە شەو هـێـنـدە بـە مـوشتـاقـی دێم
بـە چرای کـوڵـمـتـەوە، ڕەنگە عـەسەس لێم بگـەڕێ

تێکستی «پەروانەیی شەو» لەبارترە، چونکە حەرفی «بە» لە تێکستی سەروودا، سێ جاران دووپات بووەتەوە، لەمیاندا بووەتە دووجار، عەینی واتای تێکستی سەرووش

دەبەخشێ. شەرحەکە لە شیکردنەوەی بەیتەکە دەڵێ: لەوانەیە پاسەوانی شەویش لە سۆزی دڵم حاڵی ببێ و لێم بگەڕێ بێم بۆ لات... دەبوو شەرحەکە سەبەبی ڕازی بوونی پاسەوان لەوەدا ببینێ کە «بە چرای کوڵم»ەوە شوبهە هەڵدەستێ و دز چرا لەگەڵ خۆی ناگێڕێ. لە هەمان کاتدا وا ڕادەگەیەنێ، پاسەوان لەبەر شەوقی چرای کوڵمت بە دوامدا بگەڕێ بۆ گرتنم... شەرحەکە لە شیکردنەوەی بەیتی دواتردا هەشت دێڕی زێدە کاریگەری فرمێسکاوی، عوزرخوازی بۆ نالی و ئەو شاعیرانەی کورد کە لەبەر ناسازیی ڕێنووسی کۆن، واتای هەڵەیان لە شیعرەکانیان دراوەتەوە، نووسیوە. من هەردوو دەستی منەتباری و ڕێز بۆ خاوەنانی شەرحەکە هەڵدەبڕم.

بەیتی دووەمی لاپەڕە ٦٥٥:

یەك ڕەنگم و بێ ڕەنگم و ڕەنگین بە هەموو ڕەنگ

بەم ڕەنگە دەبێ ڕەنگ ڕژیی عیشقی حەقیقی

شەرحەکە بە شێوەیەکی مەیلەو درێژەدار شەرحی «ڕەنگ»ەکانی داوە. بەلای منەوە و بە کورتی ئەمە مەبەستی نالییە و «فی الجملە» لە جغزی شەرحی دیوانەکە نزیکە. یەك ڕەنگم کە ناگۆڕێم و بێ درۆم. بێ ڕەنگم، دەشێ بێوێنەیی بێت و دەشێ سادەیی بێت و دەشێ ئەسەری پارێز و نەفسکوژی بێت کە وەك نەخۆشی دەنوێنێ، لە کوردیشدا «بێ ڕەنگ»، بە کەسێکی بیمار دەگوترێ. ڕەنگین بە هەموو ڕەنگ، ئەو مەعنایە دەگەیەنێ کە جێگەی دەرکەوتنی هەموو جۆرە ئیبداعێکی خالقی جیهان بێت، وەك لە میسالدا، پەلکەڕەنگینە، «قوس القزح» هەموو ڕەنگەکانی تیشکی ڕۆژی تێدایە. نیوەبەیتی دووەم، بەلای منەوە، هەڵدەگرێ لە جیاتی «ڕەنگ ڕژیی» کە من نەمبیستووە لە فیعلی ڕشتن وشەی «ڕژ» پەیدا بووبێ، مەگەر کورتکراوەی «ڕەنگرێژی» بێت، دەڵێم «ڕەنگی ڕەزی عیشقی حەقیقی» بێ کە دەزانین «ڕەز» سەرچاوەی شەرابە و لە هەموو جۆرە درەختێکی مێو و ئەو دارانەی تێدایە کە بشێ بەریان ببێتە شەراب.

لە بەیتی یەکەمی لاپەڕە ٦٥٦:

مرواریی ئەشکم وەکو یاقووتی ڕەوانە

ساقی! بدە لەو لەعلە شەرابێکی عەقیقی

دەبوو شەرحەکە ئیشارەت بدات بۆ ئەوەی «عقیق، عەقیق»، جگە لە بەردی بەقیمەت بە شوێنێکی پیرۆزی حیجاز دەگوترێ، ئیتر لە مەکە یان لە مەدینە بێ. شاعیری

عەرەب دەڵێ:

ان مـن عـق والـديـه لملـعـو

ن ومـن عـق مـنزلا بـالعقـيق

بەو پێیە شەرابەکە دەبێتە بەشێکی ئاین.

بەیتی دووەمی لاپەڕە ٦٥٦:

دائـیـم لـە حـەضەردا سەفـەری بـە، لـەوەطـەندا

غوربەت کەش و عاجز بە، ئەگەر ئەهلی طەریقی

وشەی «حضر، حەضەر» شارنشینییە، بەرانبەر «بداوە، بەداوەت» کە بادیەنیشینییە. واتە چەندێکی شارنشین بی، خۆت بە سەفەری بدە قەڵەم، چەندێکیش لە نیشتمانت بیت وەك غوربەتکێش [ئەوەی لە غەریبی دەژیت] و ئازوردە دڵ بە، مادەم خۆت بە ئەهلی «طریق – طەریق» دادەنێیت. طەریقیش هەر وەك «تصوف» ڕادەگەیەنێ، واتای دەقـاودەقی «ڕێگـە»، بـەدەستـەوە دەدات. ئـنـجـا کـەسێکی ڕێبـوار بـێت هـەر دەبـێ غوربەتکێش و سەفەری و ئازوردە بێ...

بەیتی سەرەتای لاپەڕە ٦٥٧:

خەلقی کە هەموو کۆدەکن و بەستەزمانن

با بێن و لە نالی ببیەن شیعری سەلیقی

نالی کە خەلقی دانا بە کودەك و منداڵ، لە خۆوە دەبنە «بەستەزمان»؛ چونکە منداڵی ساوا قسە نازانێ، لە هەمان کاتدا دەشێ مرۆی عازەبیش بە کوودەك دابنرێ کە فامی شیعر و ئەدەبی نەبێ. نوکتەیەك هەیە لە «کۆدەکن» کە بە ڕێنووسی کۆن «کودکن» بێ و بخوێندرێتەوە «کودەکن»، واتە پارە و سامان کۆ دەکەنەوە؛ ئەمما نەزان و بێ زمانن لە ئاست شیعر و ئەدەب و شوعوورەوە، بەلامەوە تێکستی «کە طوفەیلین و هەموو» لەبارترە تا «کە هەموو کۆدەکن و».

بەیتی لاپەڕە ٦٥٧:

«بَرِقَ البصر» لەبەر بەرق و تەلەئلوئی لەئالی

«خَسِفَ القمر» لە ئیشراقی قیامەتی جەمالی

لە شەرحەکەدا «خَسِفَ» نووسراوە بە سەهوو. ئەم دوو ڕستەیەی عەرەبی لە سورەتی

«القيامة» هاتووە: «يسئل أيان يوم القيامة – فاذا برق البصر – وخسف القمر – يقول الانسان يومئذ أين المفر». نالی جوانیی یاری کردووە بە ئافەتێکی وەك قیامەت کە تێیدا مانگ دەگیرێ. لە حەقیقەتیشدا «قیامە» بە واتای هەڵستانە. بریق و باقی لوولووەکانی زینەت یان هی ددانەکانیشی کرد بە هۆی «برق البصر» کە عەلامەتێکی دیکەی قیامەتە.

بەیتی یەکەمی لاپەڕە ٦٥٨:

نییە دیدەیی چ مەردم نییە مەردومی چ دیدە

لە فرووغی خەددی فاریغ، لە خەیاڵی خاڵی خاڵی

لە ئاست «فارغ نەبوون و خالی نەبوون»ی چاوی مەردم و مەردم [بیبیلە]ی چاو لە فرووغی ڕوومەت و خەیاڵی خاڵی یار، هەر ئەوەندە دەڵێم کە مەبەست لە «فارغ و خاڵی» پتر بەلای ئەوەدا دەچێتەوە کە چ کەس و چ چاوێك نییە بێ غەم و ئاسوودە بێ لەو فرووغ و خەیاڵە. نەك تەنیا بەتاڵ نین لێیان وەك شەرحەکە بۆی چووە.

لە ئاست بەیتی دووەمی لاپەڕە ٦٥٨:

سەری هەردوو کۆڵمی داخۆ، گوڵی نەوبەهارە یاخۆ

طەرەفی نەهارە، زولفی «زُلَفٌ مِن اللیالی».

دەڵێم ڕستەی «طەرەفی نەهارە»، خۆی تەنها بەسە بۆ ئەوەی تێ بگەین زولفەکانی وەکو دوو شەون، لە ڕۆخی ڕۆژ چونکە «نەهار» لە دوو لاوە بەشەو دەورە دراوە، طەرەفیشی سبەینە و ئێوارە دەگرێتەوە. دەبینی ئەم وشەیەی «طەرەف» هێندەی بەیتێك ڕاگەیێنە.

بەیتی سەرەتای لاپەڕە ٦٥٩:

یەمی دیدە پڕ لە مەرجان، وەك یەشمی ئابدارە

شەبەیە شەبیهی زوڵفی سیاهی وەك زوخاڵی

ئەم دەقەیە بەیتەکە پازدە بڕگەییە، سەرلەبەری بەیتەکان شازدە بڕگەیین، ناشێ ئەم تاکە تێیاندا تار بێ.

لە **چەپکێك لە گوڵزاری نالی** بۆ دەرخستنی مۆسیقا و هەڵپەڕکێی ناو بەیتەکە، چوار بەیتم بەپێی ئەو ئاهەنگە بڕبڕ کرد، وەك:

بـرق الـبـصر لـەبـەر بـەر ق و تـەلـەئـلـوئی لـەئـالی

خسف الــقــمــر لــە اشرا قی قـیــامــەتی جـەمــالی

نـیـیـە مـەردومی چ دیـدە نـیـیـە دیـدەیی چ مـەردوم

لە فروغی خەددی فارغ لە خەیاڵی خاڵی خاڵی

ڕوخـی گوڵێکە صەد بەر گ و هەزاری عاشق ئەمما

لـە هـەمـوو چـەمـەن دیـارە بـە ئـوصوولی نـاڵـە نـالی

کە بەیتێك بوو بە پازدە بڕگە، جگە لە تاربوونی، ئاهەنگەکەش دەدۆڕێنێ. بە ناچاری و بە حوکمی زەروورەت دەبێ دەقێکی شازدە بڕگەیی بەو بەیتە بدرێت، وەك:

یـەمـی دیـدە پـڕ لـە مـەرجـان و لـە یـەشمی ئـابدارە

شەبـەیـە شەبـیـهـی زوڵـفـەینی سیاهی وەك زوخـاڵی

بێ تەقیە دەڵێم، هەر کەسێکی تەقیە لەم دەقە بکات، وەیا دەقێکی شازدە بڕگەیی وەك ئەم، پێوەندیی بە مەشرەب و میزاحی نالییەوە نامێنێ.

نیوە بەیتی کۆتاییی غەزەلەکە لە لاپەڕە ٦٦١:

ڕوخی تۆ گوڵێکە صەد وەك هوزاری عاشق ئەمما

دوو خلیسکی تێدایە یەکیان عەیبە باسکراوەکەی پازدە بڕگەیی، ئەوی دیکەیان، وشەی «هوزار» کە ئەویش دەمێکە دەڵێم هەڵەیە و «هەزار» ڕاستە. نیوە بەیتەکە ئەمەیە: «ڕوخی تۆ گوڵێکە صەد بەرگ و هەزاری عاشق ئەمما». گوڵی «صەد بەرگ» لە سلێمانی «شەستپەڕ»ی پێ دەڵێن کە بریتییە لەو تەرزە گوڵەی چەندین چینی یەك لەسەر یەکی پەلك دەبن بە شکۆفەی نەك یەك ڕیزە پەلك.

بەیتی یەکەمی لاپەڕە ٦٦١:

نـەظـەرم پـڕە لـە نووری شـەو و ڕۆژی طـەلعەتی تۆ

کە بە ڕوو شوعاعی شەمسی، بە برۆ خەمی هیلالی

مەنتیقی بەیتەکە داخوازی دەکا لە جیاتی «نووری شەو و ڕۆژ» بنووسرێ «زیبی شەو...»؛ چونکە هیلالێکی بە خەمی برۆ تەشبیهـ بکرێ، مومکین نییە نووری هەبێ. هەرچی زیبە زینەت ڕادەگەیەنێ و دەست دەدا بۆ مەدحی برۆی وەکو هیلال لە کەوانەییدا. چوار تێکستیش «زیب»یان نووسیوە لە شەرحەکەدا.

بەیتی لاپەڕە ٦٦٢:

بنوارە نەوبەهار و فوتووحاتی گوڵشەنی

گوڵ زاری کردەوە، لە دەمی، غونچە پێ کەنی

دەبوو شەرحەکە ئیشارەت بۆ ئەوە بکا کە «فتوحاتی گوڵشەن» لە وشەی «فتوحات» – کە جەمعی فتوح، ئەمیش جەمعی «فتح»ە – بە واتای «کردنەوە»ش دێت نەك هەر بەرەکەت، ئیتر کرانەوەی زاری گوڵ و پێکەنینی غونچە لەو فتووحاتەن.

بەیتی یەکەمی لاپەڕە ٦٦٣:

لەم پارچەلۆکە هەورە بە قەد ڕووی هەموو زەمین

بەم ڕایەڵە قەدیفەیی سەوزی عەجەب تەنی

خوێنەر بمبەخشێ لەوەدا کە خۆم پێ نەگیرا شەرحی ئەم بەیتە لە **چەپکێك لە گوڵزاری نالی** وەوە بۆ ئێرە ڕاگوێزم، هەرچەند درێژەشی هەبێ:

«لە نموونەی دووەمدا [مەبەست ئەم بەیتەیە] نالی شارەزایی بە سروشت و بە کۆمەڵایەتی وێکرا کۆدەکاتەوە و دەستڕەنگینانە تابلۆیەکی هونەریی ئەفسووناویی ئەوتۆ لە کۆکردنەوەی هەردووان پێك دێنێ و بە چەشنێك لە تابلۆکەدا تێکیان هەڵدەکێشێ و دەیانهۆنێتەوە مرۆڤ نازانێ کامیان کامن.

«پارچەلۆکە»ی هەورەکە دەشێ بە واتای پارچە پەمۆ بێ یاخود بە واتای پارچەی بچووك بێ... ئا ئەم پارچە لۆکەیەی هەور، لە بەرزاییی ئاسمانەوە بە ڕایەڵەی داوی باران، دەبێتە قەدیفەی سەوز و ڕووی زەمین دەتەنێ بە سەوزاییی بەهار. چەند سنعەتکارێکی شارەزایە کە دەتوانێ ئەم کارگەی تەنینی قەدیفە لە هەور و باران پێك بێنێ و لە لۆکەی هەور (یاخود لە هەوری کەم) قوماشی سەوزی بەرین، بچنێ بە قەد ڕووی هەموو زەمین. سنعەتکاری و وەستاییی بەهار لەم چنین و تەنینەدا دوو جاران موعجیزە پێك دێنن، یەکەمیان لەوەدا کە هەوری کەم دەکاتە قەدیفەی زۆر، دووەمیان کە ڕەنگی هەورەکە لە سپییەوە دەگۆڕێ بە سەوز چ دەرمانێك و ئەجزایێکی کیمیاویشی بەکار نەهێناوە. گەلێك جار لە وەسفی ئەم بەیتەدا گوتوومە، کاری تەنینی قەدیفە لە کارگەی ڕاستەقینەدا هەر بە قەد بەیتەکەی نالی ڕێکوپێك و هەر هێندەی ویش زەحمەتی تێدایە؛ چونکە بەڕاستی هونەرەکەی نالی لەم بەیتەدا هەموو سنوورێکی بەرچاوی هونەر و شیرنکاری و شۆخی و دەستڕەنگین تێ پەڕاندووە.

خواجه «کلیم همدانی» لە وەسفێکی بەهاردا ئەم بەیتەی گوتووە کە ئەویش شاکارێکە بۆخۆی:

از بهر سبقت بیرون شدن شکوف و برگ

در تنگنای شاخ درخت می کنند جدال

واتە «بۆ پێشبڕکێی زووکردن، لە هاتنە دەرەوە، گوڵ و گەڵا لە تەنگژەی لکەداردا زۆرەملێیانە». بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو جوانی و هونەرەشدا بەیتەکەی "خواجە کلیم"، لەتەك هینەکەی نالی، ئەوەندە مەحدوود دێتە بەرچاو دەشێ ببێتە نەقشێکی ئەو قەدیفەیەی ناو بەیتەکەی نالی».

من بەو هێندەی ڕامگوێست لە **چەپکێك لە گوڵزاری نالی** ەوە واز دەهێنم.

لە شەرحی بەیتی دووەمی لاپەڕە ٦٦٣ کە «بورجی درەختی سەوز»ی شوبهاندووە بە ئاسمان لە بەر بەرزیی درەخت و شکڵی وەك گومەزی، وێڕای شکۆفەکانی وەك ئەستێرە، دەبوو ڕەنگی سەوزی درەختەکەش بهاوێتە پاڵ ئەو لایەنانەوە کە ئاسمانیش شینە و بە عادەت درەختیش سەوزییەکەی بە «شین» ئەدا دەکرێ.

بەیتی سەرەتای لاپەڕە ٦٦٤:

بەزمی هەزارە، قەل فڕی ئەغیارە، دەوری گوڵ

صۆفی! بڕۆ، مەبە بە دڕك، تۆ لە ئێمەنیی

«دەوری گوڵ» لە ڕێنووسی کۆندا «دوری گل» نووسراوە. وشەی «دور»، دوو جۆر خوێندنەوەی هەیە: ١- دەور ٢- دوور. ئەگەر «دەوری گوڵ» بێ، بۆ «هەزار - بولبول» دەچێتەوە کە بە دەوری گوڵەوەیە. ئەگەر «دوری گوڵ» بێ، مەبەست لێی قەل فڕی ئەغیارە کە دوور کەوتنەوە ڕادەگەیەنێ.

نیوە بەیتی دووەم دەشێ بە پێی هەندێ تێکست و بە بۆچوونی خۆم و ڕێنووسی کۆن، وەها بخوێندرێتەوە: صۆفی! برەو مەبە بە دەرەك! تووڵە ئێمەنی [تووڵە یەمەنی]. هەڵبەت ئەمەیان وێڕای دەق و شەرحەکەی بەیتەکە. [تووڵە! ئێمەنی! ش دێت].

لە بەیتی دووەمی لاپەڕە ٦٦٤:

هەر دارە بەرگ و هەر گوڵە ڕەنگی خەڵاتییە

هەر جوودی نەوبەهارە کە عالەم دەکا غەنی

شەرحەکە وای داناوە کە گەڵای دار و ڕەنگی گوڵ خەڵاتی بەهارە بۆیان، لەمەشدا حەقی بەیتەکەی داوە. واتایەکی دیکەش هەڵدەگرێ، کە دار گەڵاکەی و گوڵیش ڕەنگەکەی دەکا بە خەڵات بۆ عالەم لە ڕێی جوودی نەوبەهارەوە. لە میاندا خەڵاتەکە باشترە، دەگات بە عالەم تا ئەوەی خەڵاتی بەهار هەر بۆ درەخت و گوڵ بێ.

تێبینیی ئەوە دەکرێ کە قافیەی بەیتی شەشەم «ڕاچنی» و هی بەیتی سێیەم «ڕۆشنی» تارن لە قافیەی شەش بەیتەکەی دیکەی غەزەلەکە کە هەمووی یەك نەوا: شەنی، کەنی، تەنی، مەنی، غەنی، مەنی، مەنی هاتوون. بێگومان «ڕۆشنی» لە قەڵەمی نالی «ڕەوشەنی» و «ڕاچنی»ش «ڕاچەنی» هاتووە هەر ئەمیش ڕاوێژی زۆربەی هەرە زۆری کوردە، جگە لەوەی کە شاعیرەکان، بەتایبەتی نالی، مەیلی ئاشکرای هەیە بۆ بەکارهێنانی وشە بە دەقی شوعەرای فارس، مادەم وشەکە کوردیش بەکاری بێنێ. سەیری «باغەبان» بکە لە بەیتی شەشەمدا، نەیگوت «باغەوان». بەڵێ نووسیوەتی «روشنی. راچنی»؛ بەڵام نەهاتووە نیشانە لەسەر «و» و «ر» دابنێ کە ئیمە بۆی دادەنێین وەیا نیشانەی فەتحە «ە» بەپێی زاراوەی ناوچەیی وەیا کوردیی بەربڵاو، بخەینە کۆتاییی حەرفێکی فەتحەدار. لەم تەرزە شوێنەدا، حوکمی ڕەفتاری گشتی، بەتایبەت هی ئەدیبەکان، دەکرێتە پێوانە.

بەیتی سێیەمی لاپەڕە ٦٦٤:

دیسان لە بگرە بەردەیی گوڵچین و باغەبان
بولبول کەناری گرت و دڵی غونچە ڕاچنی

شەرحەکە ڕواڵەتی بەیتەکەی لێك داوەتەوە کە هەڵاتنی بولبول و ترسانی غونچەی بە دەست باغەوانی گوڵچنەوە، واتە هەرە نازدار و گەوهەرینەکەی ئەم بەیتە بە تەواوی و لە هەموو ڕوویێکەوە پێچەوانەی ئەم بۆچوونەیە. سەرنجێك بگرە لە «بگرە و بەردە»ی، سەرەتای بەیتەکە و بیخەرە بەرانبەر «کەناری گرت و دڵ ڕاچەنی». لە بەیتی دووەمی لاپەڕە ٦٤٩ دیتمان وشەی «کەنار» لێك دراوەتەوە بە «لە باوەش گرتن»، کەواتە بولبول لە ئاست فیعلی ئەمری «بگرە»دا، گوڵی لە باوەش گرتووە. غونچەش لە ئاست «بەردە»دا دڵی ڕاچەنیوە کە دەکاتە پشکووتن. لەم دیدەوە نیوە بەیتی یەکەم دەبێتە عەلامەتێکی عادەتی بۆ هاتنی بەهار نەك تۆقاندن.

وشەی «کەنار لە فارسیدا، «در برگرفتن»» دێت کە لە باوەشگرتنە.

بەیتی لاپەڕە ٦٦٥:

خارایی سەوز و شینی لەبەر کردووە جەبەل

دامێنی وەردی سوورە کە دەستم بە دامەنی

بەیتەکە لە شەرحدا واهاتووە کە جەبەل بە ئافرەتی بالآبەرز لێك دراوەتەوە و لەمەوە «وەردی سوور» و «دەست بە دامەن بوون»، چوونە پاڵ ئافرەت دەگەیەنێ. من لەگەڵ ئەو بۆچوونەم؛ بەڵام نەك لە ڕێی بەرزاییی شاخ، بەڵکو لە ڕێی لەبەرکردنی خارای سەوز و شینەوە کە دەست دەدا بۆ بووکێکی بگوێزرێتەوە... ئیتر دامەنی وەردی سوور هەڵگەڕاو بێ باشتر دەسەپێ.

لە بەیتی کۆتاییی غەزەلەکە، لاپەڕە ٦٦٦ شەرحەکە باشی بۆچووە، تەنها یەك نوکتەی پشتگوێ خستووە کە دەبوو ئیشارەت بدا بۆ ئەو تەناسوبە وشەییە جوانەی نێوان «نعلین، نەعلەین» و «ایمنی، ئەیمەنی»دا هەیە کە ئەمیش جۆرە پێڵاوێکە، بە زۆری، کوردەکە لە پێی دەکرد. بێگومان نالی «ایمنی»ی نووسیوە نەك «ئەیمەنی».

بەیتی سەرەتای ٦٦٧:

قەدری من چەندە لەلای دەوڵەتی دنیایی دەنی

قەدری ئەو کەمتر و هەردوو لە غەمی یەکدی غەنی

شەرحەکە وای داناوە کە نالی مەبەستی لە «دەوڵەتی دنیایی دەنی»، خاوەن دەوڵەتەکەیە کە میرزا صەفای شیزارییە. وەك من دەبینم ئەم تەئویلە لزوومی نییە چونکە ڕاناوی «ئەو» لە نیوە بەیتی دووەمدا هەم بۆ دنیای دەنی و هەم بۆ میرزا دەچێتەوە. بەڵکو بەپێی لەکارهێنانی ڕاناوی نەلکاوی کەسی سێیەم، مەگەر چۆنها دەنا بۆ غەیری بەشەر بەکار نایەت بەتایبەتی لە حاڵەتی کارابیدا وەیا «إضافە...» کە بوو بەکار لەبەراییی ڕستەوە دێت. لەم بەیتەدا «ئەو» بۆ دەوڵەتی دنیا دەست دەدات؛ چونکە وەك مرۆ حیساب کراوە. خوێنەر لێم ببوورێ کە خێرا بەسەر «ڕاناو...»دا تێپەڕیم، ڕەنگە ڕەخنەم لێ بگیرێ لە هەندێ حاڵەتی ئەوتۆ بەر حوکمی بیروڕاکەم نەکەێت، ببەخشن.

لە بەیتی دووەمی لاپەڕە ٦٧٠:

تەنی ڕاضیی بە خەشین پۆشییی وەك شێر و شوتور

بێ نیازە لە بریشم تەنی یو پیلەتەنی

وشەی «پیلەتەنی» جگە لە «پاڵەوانی»– کە لە لێکدانی «پیل» بە واتای فیل و «تەن» بە واتای لەش، پێك هاتووە– قۆزاغەی کرمی ئاوریشمیش ڕادەگەیەنێ کە لەم شوێنەدا مناسبی «بریشم، ئاویشم»ـە. وشەی «تەن»ی سەرەتای بەیتەکە، «تەنی ڕاضی...» لەگەڵ «تەن»ی پیلەیەنی، جیناسی لە فظیان هەیە؛ بەڵام ئەمیان کەرتی «تەنین» بۆ پێکهێنانی «إسم الفاعل»ی لێکدراو هاتووە وەك لە خواردن، نانخۆر پەیدا دەبێ.

لە بەیتی لاپەڕە ٦٧١ سەرەتاکەی وشەی «لبس» دەشێ بە «لەبس»یش بخوێندرێتەوە، بە واتای گوماناویبوونی بیروباوەڕ، کە دەزانین میرزا صەفا، بەلای نالییەوە لە شیعەگەریدا بەرەو ئەو لایەنە ڕۆییوە.

لە بەیتی دووەمی لاپەڕە ٦٧١: وشەی «گوتی» فیعلێکە، پێش فاعیلی کەوتووتەوە، مەبەس لێی: تاجی عەرەب گوتی (کە پێغەمبەرە)، ئالی عەبا فەرموویان (ئەوان کەسانی پێغەمبەر لە یەك عەبای پێچانەوە). بەیتی پاشتریش «ئێمە مەردین و...» درێژەی قسەی پێغەمبەر و ئەهلی عەبایە.

لە سەرەتای بەیتی لاپەڕە ٦٧٢ وشەی «قەز» کە نالی «قز»ی نووسیوە، هەم «قەز» و هەم ناوی ئالەتی ژنیش دەگەیەنێ بەوەدا دوو شت حەرامن نەك هەر قەزی بەواتای ئاوریشم.

لە بەیتی دووەمی لاپەڕە ٦٧٢ وشەی «مزخرف»، لە زاراوەی فارسیدا بە قسەی پڕ و پووچ دەگوترێ. «قەڵبە زەن»یش تەقلە لێدانە کە دەکاتەوە ساختەچییەتی.

بەیتی یەکەمی لاپەڕە ٦٧٤:

چونکە «نالی» لەسەر ئەم ئەرضە غەریبی وەطەنی

هەستە باری مەدەنی بە، مەدەنی بە، مە دەنی

لەم بەیتەدا وشەی «هەستە»: بە عادەت دەگوترێ، «هەستە و پیتاك» مەبەست لێی ئازووقە و بژێوە کە مناسبی «بار»ە. «مەدەنی»ش بە واتای «حضری، شارنشین» دێت. «مەدەنی»ی دووەم واتا «مەدیینەیی». «هەستە باری» لەوانەیە «هەستە بارێ» بێ بە دوا «لەسەر ئەرز غەریببوونی وەطەن» کە دەلالەتی بێ ئۆقرەیی هەیە، جێی خۆیەتی بڵێ: «نالی! هەستە بارێ مەدەنی، شارنشین بە» ئنجا «نیشتەجێی مەدینە بە».

بەیتی دووەمی لاپەڕە ٦٧٤:

موساویی وەك یەك و لوولن لە هەردوو لاوە زولفەینی
نموونەی عەکسی حەرفی «میم» و «نوون» و «واو»ە زولفەینی

شەرحەکە بۆ وێنەیەکی زێدە گرنگی ناو بەیتەکە نەچووە، نالی دەڵێ: دوو زولفی لە دوو لاوە چون یەکن و لوولن. لە هەمان کاتدا دوو زولفی موساوین لەگەڵ «وك يك و» و «لول»، چ بە عادەتی بخوێندرێتەوە چ بە عەکسەوە، کە دەزانین نالی نەینووسیوە، «وەك یەك و لوولن»، بەڵکو بەو شێوەیەی نووسیوە کە من خستمە کەوانەوە، ئیتر هەردوویان لە هەر دوو سەرەوە یەك خوێندنەوەیان هەیە. هەروەها زوڵفەکان نموونەی حەرفی میم و نوون و واون کە ئەم حەرفانەش لە هەر سەرێکەوە بخوێندرێنەوە فەرق ناکەن، وەك کە زوڵفەکان لە دوو لاوە بارتەقای یەکترن. دەمێنێتەوە بڵێین وشەی «نموونە»ش کە «نمون» بنووسرێ، ئەویش لە حەرفی نوون و میم و واو پێك هاتووە. دەبوو شەرحەکە دەقی «نون و میم و واو» هەڵبژێرێ لە جیاتی دەقی سەرەوە، «نموونە» خۆی تەرتیبەی هەیە.

بەیتی یەکەمی لاپەڕە ٦٧٥:

بە داوە، کرژ و خاوە، یەعنی ئاڵۆزاوە زولفەینی
دووتاوە، دوو سیان و شێوەکەی شێواوە زولفەینی

دەبوو شەرحەکە «دو»ی بەرایی وشەی «تاو» بە واوی کورت بنووسێ، لەبەر خاتری کێشی شیعر. لە «دوو سیان»دا، دەبێ واوەکە درێژ بێت، هەر لەبەر خاتری کێش.

گرفتێکی ڕێزمانیی زەق هەیە لە نیوەبەیتی دووەمدا کە جارێکیان «دوتاوە»، ڕستەکە بۆ تاکی کەسی سێیەمە و لە «دوو سیان»دا ڕستەکە بۆ کەسی سێیەمی کۆیە. لەمەوە بێگومان «دووتان و دووسیان» ڕاستە.

دەمێنێتەوە «زولفەین»: لە نیوەبەیتی سەرەوودا مامەڵەتی تاکی لەگەڵدا کراوە، لە نیوەی دووەمدا، هەم بە کۆ و هەم بە تاك حیساب کراوە. نالی بە عادەتی پڕ مەهارەتی خۆی لە ڕێژەی «ثنیە»وە کە پترە لە یەك بە کۆی داناوە. چونکە کوردیش کە دەڵێ «زولف» مامەڵەی تاکی لەگەڵدا دەکات، هەرچەند تاکیش نین وەهای داناوە «زولفەین»ی عەرەبیش، هەمان مامەڵەی تاکی لەگەڵدا بکرێت سەرەڕای، مامەڵەی کۆ.

بەیتی دووەمی لاپەڕە ٦٧٥:

پەرێشان و شکستە و سەرنیگوون داماوە زولفەینی
تومەز بادی صەبای چین و خەطای لێ داوە زولفەینی

نالی لە خۆڕایی بای «چین و خەطا» ناکاتە سەبەبی پەرێشانی و شکستەیی و سەرنیگون داماویی زولفەکان، نالی لە وشەی «چین»، واتاکەی وەرگرتووە بۆ شکستەیی کە چین پەیدا دەکات. سەرنگوونیش کە بەرەواژبوونە، واتای «خەتا» دەبەخشێ. پەرێشانیش لە بایەکەوە پەیدایە.

ئەمە لەوێ بمێنێ، شتێکی سەیرتری کردووە لەوەدا کە دەڵێ «لێ داوە زولفەینی»، ڕاستەواتای ئاشکرایە؛ بەڵام ئەوەی ئاشکرا نییە شتێکی تا بڵێی سیحرکارە. نالی دەڵێ: بای صەبای چین و خەتا لە زولفەکان بووتە داو بە واتای گیرۆدەیی و تێوەگلان. چەند سەیرە با لە زولف ببێتە داو. کە زولف هەمووی هەر داوە و لە عاشقان دەبێتە داو، کەچی قسەکەی نالیش ڕاستە؛ چونکە بایەکە بووتە سەبەبی ئاڵۆزبڵۆزیی زوڵفەکان.

لە بەیتی دووەمی لاپەڕە ٦٧٦، لە دەستەواژەی «دوو جادوو ماری...» خوێندنەوەیەك هەڵدەستێ، بەم شکڵە: «دوو جا دوو ماری»، واتە لە دوو جێگە دوو ماری... جۆرێك پێداویستیش هەیە لە درکاندنی ژمارەی دوو کە دەبینین لە بەیتەکەدا «لە سەر شانی»، هاتووە بە تاك. هەرچەند «دوو جادوو مار» بە ژمارە دووانەتی شانەکان ڕادەگەیەنێ؛ بەڵام خۆ بێ ژمارەش دەزانین مرۆ دوو شانی هەیە، نەك ئەمە و بەس، بەڵکو بە بێ ناوهێنانی ژمارەش دەزانین زولف دوون و شان دوون، لێرەدا مەنتقی پڕی و چڕی و خەستوخۆڵیی وشە و واتا، ئەو خوێندنەوەیە ڕەپێش دەکات، چ زێدە ئەرکیشی لە کەس نەویستووە.

بەیتی سەرەتای لاپەڕە ٦٧٨:

شکەنجی تاری پڕ میشکی تەتار و تارە ئەمما ئەو
دوتا و هەر تایە بارێکی لە عەنبەر ناوە زولفەینی

شەرحەکە ڕاستەواتای بەیتەکەی بە دەستەوە داوە، منیش و تۆیش هەر بۆ ئەوە دەچین، بەڵام دوو نوکتەی وردیلە هەن ئیشارەتی بۆ نەکراوە. «دوتا» جگە لە «دووباد»ی شەرحەکە کە بەرانبەر «هەر تایە بارێکی..» ڕاگرین، دەزانین «تا» یەك لای بارێکە، واتە نیوەیەتی، کەچی هەر تایە لەو دوو تایانە یەك باری سەرلەبەری عەنبەر تێدایە. نوکتەی دووەم، وشەی «عەنبەر» لە عەرەبیدا- ئەنبار بە کوردی عەمبار دەگرێتەوە- کە جێی داکردنی چشتی ئەوتۆییە کە وردبێتەوە، دەبینی نالی دەڵێ:

«...بارێکی لە عەمبار ناوە»، بە واتای داکردن و تێ ئاخنین دێت.

بەیتی سەرەتای لاپەڕە ٦٧٩:

نەفەس بگرە لە هاتووچوویی خۆڕایی هەتا ماوی
کە ئەم بایە هەتا ئێستاکە هەر عومری بە با داوی

ڕستەی «نەفەس بگرە» کە ڕاستەواتای ڕاگرتنی نەفەسە [و سەر بە مردنەوە دەنێ]، مەبەست لێی پشوودانی هاتوچۆی خۆڕاییە چ هاتوچۆی خودی شاعیر بێ و چ هی نەفەسەکە کە هەمووی بە فیڕۆ چووە. لە ڕواڵەتدا «نەفەس بگرە»ی مردنی پێوەیە – ناگونجێ لەگەڵ «هەتا ماوی». جاری دووەمیش هاتوچۆی بای نەفەسی کردووە بە هۆی بەبادانی عومر کە ئەویش جۆرە مردنێکە. کەچی لە هەمان کاتدا ئەو جووتە مەرگەیە ژیانەکەی دەپارێزن لە بە فیڕۆ چوون.

بەیتی دووەمی لاپەڕە ٦٨٠، دیار نییە لە کوێوە «ئەم ئاگرە»ی بۆ پەیدایە وەیا لە چییەوە بە فەندی وشەسازی هەڵدەبەسترێ. شەرحەکە دەڵێ: لەسەر ئەم دنیای بێ بەقام داناوی... ئەم تەئویلە هی ناچارییە، مەسەلە لە نێوان جەرگ و دڵە کە دەڵێ: «عەجەب ماوم لە جەرگت، ئەی دڵەی غافڵ، لە سەر ئەم ئاگرەم داناوی...» بڵێی ئاگری جەرگت مەبەست بێ؟

بەیتی سێیەمی ئەم لاپەڕەیە و هی سەرەتای لاپەڕە ٦٨١، سەرشێوێنن کە لە یەکێکیاندا، چەرخی ئاسمان خەڕەکە لەوی دووەمدا زەمانە چەرخە، خەڕەکە، ئاسمانیش چەرخە...

لە بەیتی سەرەتای لاپەڕە ٦٨٢ وشەی «کەئسی» دەبێ «کاسی» بێت کە هەر بە واتای «کەئسە»، بەڵام لەگەڵ «کاسی» یەکەمدا، هاوئاهەنگن و جیناسی تەواوە.

لە بەیتی دووەمی لاپەڕە ٦٨٣ شەرحەکە ئیحتیمال دادەنێ، نالی ئەم بەیتەی لە ڕێی حەج و بە ڕێگەی بەحردا گوتبێت. بەلای منەوە ئیحتیمالی ڕێی حەج زێدە بێهێزە. سەفەری بەحری نالیش بە موناجاتەکانی ڕێی حیجازیدا دیارە، صەحرای بڕیوە نەك بەحر.

لە بەیتی لاپەڕە ٦٨٥ وشەی «نەواڵە» دەبێ «نوالە– نووالە» بێ.

لەبەیتی لاپەڕە ٦٨٧ وشەی «عیجز» دەبێ «عەجز» بێ.

بەیتی لاپەڕە ٦٩٠:

مەکە دەعوایی پاکی ییی نەسەب بۆ جیفەیی دونیا

کە سەیید بی، چ بەرزنجی، چ پیریایی، چ باراوی

لە نوسخەی گیو یەکێك ئەم بەیتەی بە قەڵەم نووسیوە کە لە نوسخەکەدا نییە:

مەکە دەعوای نەسەب پاکی لە بۆ جیفە و دەنی دونیا

چ سەیید بی لە بەرزنجی چ پیریادی چ پاراوی

ئەم تێکستەش بێ قۆرتترە، بە تایبەتی لە وشەی «پاکی ییی» کە زۆر ناقۆڵایە. ڕەنگە «جیفەی دەنی» بێ نەك «جیفە و دەنی».

لە بەیتی لاپەڕە ٦٩١: «وا هێنای» جێی خۆی نەگرتووتەوە، «دای هێنا» ڕاستە.

لە بەیتی لاپەڕە ٦٩٢: «ئەرجوو دەکەن» ئەویش «ئەرجوو دەکا»، پەسەندترە لەو.

بەیتی دووەمی لاپەڕە ٦٩٤:

مەه بە شەو هەڵدێ، پەنا دەگرێت و دەنوێتن بە ڕۆژ

دا بگاتە سیری پەچچەی پەرچەم و وەصفی برۆی

وا دەزانم لە هەموو حاڵێکدا لە جیاتی «دەنوێتن» «دەنوێنێ» پەسەندترە. نیوەی دووەمی بەیتەکەش بەلامەوە وەهایە: «دا بگاتە سیری پێچە و پەرچەمی کەتف و برۆی».

مانگ لە شەوی شازدەی مانگەوە «پەنا دەگرێ». نالی بە «خۆدانووساندن»ی داناوە. سبەینەی ئەو شەوانەی مانگ تێیدا پەنا دەگرێ، کە چەند شەوێکە نەك سەرلەبەری نیوەی دووەمی مانگ، بەینێك لە دوای ڕۆژهەڵات، لەلای مەغریبەوە خۆ دەنوێنێ. «پێچە» کە لەسەر ڕووی لادەدرێ دەکەوێتە سەرشان. پەرچەمیش بەسەر برۆوەیە. پێچە کە لادەدرێ هێندێکی ڕووی ئافرەتەکە دەشارێتەوە کە بەتەواوی وەك پەناگرتنی مانگە.

بەیتی لاپەڕە ٦٩٥:

گەر بڵێم: شەمسی، دەڵێ: ئەو خۆش ڕووە بێ پەردەیە

وەرە بڵێم: سەروی، دەڵێ: ئەو ئەحمەقە کوا گفت و گۆی

وا دەزانم لە جیاتی «خۆش ڕووە» باشترە بڵێین «خۆش ڕەوی بێ پەردەیە». لە نوسخەی گیو، نووسراوە «خۆشرووییی» کە بە نووسینی کۆن «خۆشروی» دەنووسرا،

بەڵام «خۆش روی»، لێك دەپسانەوە و دەخوێندرایەوە «خۆش ڕەوی» و غەیری ئەمیش، بێ پەردەیی دەکاتەوە بێ شەرمی، خێرا ڕۆیشتنیش جۆرێکە لە تەبیات سووکی. وەهاش دێتە دڵمەوە لە جیاتی «ئەو ئەحمەقە» نالی «ئەی ئەحمەقە» ی نووسیبێ کە لە زاری یارەوە، نالی ، خۆی پێ دەشکێنێتەوە.

بەیتی سەرەتای لاپەڕە ٦٩٦:

دیـدە وو دڵ هــەردو وا جـۆبــار و جـۆیــای قەددی تۆن

سەروی دڵ جۆی عەرعەر و دڵ جۆی نەمامی دیدە جۆی

شەرحەکە مەعنای لێ داوەتەوە بێ ئەوەی بزانین لە لەفزەکان چۆناوچۆنی کەوتووتەوە.

نیوەی یەکەمی بەیتەکە وەك بۆی دەچم و نزیکیشە لە مەعنای ناو شەرحەکە بەم جۆرەیە: چاوم جۆباری قەدتە. دڵم چۆیای قەدتە، واتە داخوازیکاری قەدتە [ لەمەشدا لەف و نەشری مورەتتەب هەیە هەرچەند قەدەکە یەك جار هاتووە، ئەمما واتا داخوازیی دوو لەفز دەکات]. نیوەبەیتی دووەم: تۆ، یان قەدت، سەروێکە عەرعەر دڵخوازیەتی. تو یان قەدت دڵخوازی نەمامێکیت کە چاو دڵخوازیەتی یاخود دەشێ بڵێین: تۆ دڵخوازی نەمامێکیت کە چاو بۆی، بۆی بووەتە جۆگە.

بەیتی دووەمی لاپەڕە ٦٩٦:

چونکە باوکی ڕۆمی یو دایکی حەبەش بوو، ما بە بەین

ڕۆژ و شەو، کافوور و میسکی، ڕووگەنم، خاڵ دەنکە جۆی

شەرحەکە دەڵێ یەك تێکست «باوکی ڕۆمی» نووسیوە، ئەوانی دیکە، هەموویان «باوکی میصری»یان نووسیوە، دەشڵێ ئەمەیش دەست دەدات. ئیتر بۆ لە میصرەوە کە جیرانی حەبەشە، بڕۆین بۆ ڕۆم. بەلای منەوە، دەبوو بگوترێ «چونکە دایکی میصری...» کە ئیشارەتی تێدایە بۆ جوانیی ئافرەتی میصر، بە پێی حیکایەتی عیشقی زولەیخا بۆ یووسف کە لە قورئاندا هاتووە. کەچی یەك تێکست بۆ ئەمە نەچووە. سەرم سووڕ دەمێنێ لەوەدا کە بۆچی نالی خۆی بۆ ئەم لایەنە ئاوڕێکی نەداوەتەوە. بە هەمەحاڵ لە نێوان کافوور و میسك و ڕۆژ و شەو و ڕووگەنم و خاڵ دەنکە جۆ، لە فو نەشری مورەتتەب هەیە. لەبارەی دەنکە جۆ کە بە زاهیر بە ڕەنگی ڕەش ناکەوێ، لە ڕاستیشدا جۆرەشکە هەیە لە گەرمێن دەچێندرێ، تەنانەت جۆسپی کە

لە خواررووی عیراق چاندرا، وا دەزانم، بە چەند ساڵێك ڕەش دادەگەڕێ.

تێبینییەکی سەر بە ڕێزمانەوە لەوەدا هەڵدەستێ کە نیوەبەیتی یەکەم، ڕووی لە کەسی سێیەمە، لە نیوەبەیتی دووەمدا ڕووی وتووێژ دەکەوێتە لای کەسی دووەم. چ سەرەدەریم لێ نەکرد، مەگەر کە لە عەرەبیدا پێی دەڵێن: «تحول من الغیاب الی الخطاب» یان لە بارێکی دیکەدا دەڵێن: «تحول من الخطاب الی الغیاب»، وەك لە ئایەتی «رکبتم فی الفلك فجرین بهم» لە خیطابەوە بۆ غیاب ڕۆیی.

بەیتی سەرەتای لاپەڕە ٦٩٧:

من گوتم سەروی قەدت مەوزوونە، ئەم طەبعەم هەیە

ئەو گوتی: نالی! بە میزابی کینایەتمان دەشۆی

شەرحەکە بۆ وردەکاری ناو بەیتەکە نەچووە. من بە جورئەتێکی زۆرەوە بۆ واتایەك دەچم لە داڕشتن و موفرەداتی بەیتەکەوە خۆی بە فکرمدا دەهێنێت: وا دەزانم لە ڕستەی «سەرووی قەدت مەوزوونە» نالی مەبەستێکی شرایەوەی ئەوەیە بڵێ، وشەی «سەرو»، وشەیەکی هاوکێشی خۆی هەیە. لە هەموو وشەی کە بشێ هاوکێشی «سەرو» بێ، تەنها «دەرو» بە واتای دەرگە بۆ ئەم شوێنە دەست دەدات، جگە لە فەرو کە ئەمیش، وەك دەردەکەوێ، شوێنی هەیە. «دەرو»ش بێ پێچ و پەنا ئەو جێگەیە دەگرێتەوە کە (میزاب)ی پێدا دێت واتە (میز...) ئیتر مەعلوومە کینایەتەکە لە سەرو و لە «فەرو» [کە مووداره] بۆ کوێ دەچێتەوە.

بەیتی سێیەمی لاپەڕە ٦٩٧:

لەم وەعدە خۆشەدا گوڵ و گوڵ چیهرە تێکەڵن

یەك ڕەنگ و موتتەحید بە دڵ ئەمما بە تەن جوێ

شەرحەکە گەلێك دوورە لە واتای بەیتەکە کە بولبولی هێناوە بە عاشقی گوڵەکان و دڵدارانیش بە عاشقی گوڵچیهرەکان و بەوەدا دڵی بولبول و عاشق«موتتەحید»ن ولەشیان جوێیە.

بەیتەکە دەڵێ گوڵ و گوڵچیهرە تێکەڵن و بە دڵ یەکن و بە لەش جوێ. بولبول لە کوێوەدێت. کلیلی واتای بەیتەکە لە«گوڵ و گوڵچیهرە» دەست دەکەوێ کە وشەی «گوڵ» لەگەڵ «گوڵچیهرە» تێکەڵە کە بەشێکیەتی، بەوەدا موتەحیدن و لە جوانیشدا یەك ڕەنگن. لەم بەیتەدا، نەك بولبول بەڵکو عاشقیش لە بەیندا نییە. تێکەڵیی وشەی «گوڵ»

لەگەڵ وشەی «گوڵچیهرە»، هانی دام بۆ ئەوەی «گوڵچیهرە»، بەسەر یەکەوە بنووسم نەك «گوڵ چیهرە».

ناڵی «لەم وەعدەخۆشە»، دوو مەبەستی هەیە، یەکێکیان «وەعدە» بە واتای «کۆی ساڵ» کە بەهارە، ئەوی دیکەیان پەیمان و ژوانە لە نێوان گوڵ و گوڵچیهرەدا کەوا لە ژواندا تێکەڵ بوون.

بەیتی سەرەتای لاپەڕە٦٩٨:

عەرعەر عەدیلی قەدییە، یەعنی بەرابەرن

سونبول شەبەهی زولفییە، فەرقی نییە موێ

شەرحەکە لەگەڵ خۆیدا سەهووی کردووە کە دەڵێ تەشبیهی قەد بە عەرعەر و هی زوڵف بە سونبول تەشبیهی مەقلووبە، گۆیا دەبوو عەرعەرەکە قەد بێت و سونبولەکە زولف بێ، کەچی بەیتەکەش هەر وەهای کردووە خۆ نەیگوتووە: عەرعەر عەدیلی زولفییە و سونبول شەبیهی قەددییە. ئەم سەهووە هیچ ئەسەرێکی سەلبی نییە لە توانای شەرحدەرەکان، سەهوویکی سادەیە، وەك لە هەموو کەس ڕوودەدات.

لە بەیتی دووەمی هەمان لاپەڕەدا لە جیاتی «سەوز بووە»، دەبوو «ڕوایەوە» بێت کە یەکجار مناسبی «ناڕوێ»ی کۆتاییی بەیتەکەیە. دوو تێکستی «عم و گم» «ڕوایەوە»یان نووسیوە.

بەیتی دووەمی لاپەڕە ٦٩٩:

دنیا کە گوڵ گوڵی بووە قوربان ئەتۆش وەرە

طالیب بەگوڵ بە قەیدی چیە گوڵ گوڵی بوێ

لەم بەرەو کۆتاییی پێدا چوونەکەدا، ئەم بەیتە و بەیتی «دیدە و دڵ...»ی لاپەرە ٦٩٦، لە لایەن قەشەنگی و ئاوداری و مۆسیقاوە – بەلای مجێزی منەوە –لووتکەی لووتکانن، تا دەگەینە کۆتاییی غەزەلەکە. لەوێدا، خەیاڵ بە تەواوی لە سیحر و شەیدایی و جوانیدا دەخنکێ:

ناڵی زوبانەکەی تەڕ و پاراوی سەوسەنت

حەیرانی چاوی نێرگسە، وەك لاڵە، نادوێ

چ لاڵە و چ لاڵە دەك ماڵی نازانم کوێت بشێوی.! چەندێکی بەیتی ئەوتۆیی

دەخوێنمەوە بە دەست خۆم نییە سۆزێکی دڵتەزێن سواری هەستم دەبێ کە ڕادەمێنم لە حاڵی «مرۆ»چۆن بەبەریەوە هەیە ڕووپێوێکی هێندە بەرین لە کردار و ڕەفتار و گوفتار بگرێتەوە لایەکی سەر بەو جۆرە ڕاوێژی فرشتەکارەوە بگەینێ کە شایەنی کرداری جانفیداییە، لایەکەی دیکەشی لە دۆزەخی ئەهریمەن ڕۆچێت.

لە تەجرەبەی خۆمدا، چەندین کاری چەپەڵم دیتووە، دژ بە خۆم کراوە، لە لایەن کەسانێکەوە خۆ بە نیمچە پێغەمبەر دادەنێن، هەر ئەوەندەم لە دەست هاتووە بەیتێکی نالی بڵێمەوە کە دەفەرموێ:

نالی چییە وا میثلی جوعەل غەرقی شیاکەی

خۆ تۆ بە میثالێ وەکو پەروانە شەمت بوو

بڵێین چی! ئەمەیە چارە نووس!

بەیتی یەکەمی لاپەڕە ٧٠٢:

ئاو لە چاوانم بە خوڕ دێ ئاگری دڵ ناکوژێتەوە

وەك جەهەننەم ئەم تەنوورە ئاوی طووفانی دەوێ

من «طووفان»م نووسی نەك «طۆفان»؛ چونکە بێگومان نالی وەهای گوتووە.

شەرکەحەکە نوکتەیەکی گرنگی لەبیر چووە، یان بۆی نەچووە، کە دەبوو هێمایەك بکات بۆ ئەوەی کە وشەی «تەنوور–تەننور» و وشەی «طووفان»، ئایەتێکی قورئان دەهێننەوە یاد، لە بارەی تۆفانەکەی نووح کە دەڵێ: «فار التنور»، گۆیا هەموو ئاوەکە لە تەندوورێکەوە هاتووتە دەر.

بەیتی سەرەتای لاپەرە ٧٠٣:

دوور لەتۆ دڵ هێندە بێ ئارام و بێ حاڵ کەوتووە

ئەی مەسیحای عەصر! لەو لێوانە دەرمانی دەوێ

«دوور لە تۆ»، جگەلە دوور بوون لە یار، دوعای چاکەیشە بۆ یار کە لەبێ ئارامی و بێ حاڵی بەدوور بێ . شەرحەکە دەرمانی دەردی عاشقی لەو لێوانە، بە ماچ لێك داوەتەوە. وا مەعلوومە بە پێی ئایەتی قورئان کە مەسیح، عیسا پێغەمبەر، بە وشەی لێوان نەك ماچی لێوان، دەردی خەڵکی چار کردووە و مردووی زیندوو کردووەتەوە «ابرىء الأكمة والأبرص»، «أحيى الموتى باذن الله». مەسەلەی ماچ دەبێتە سێبەری

ئەصلە مەعناکە. [بەدرەنگەوە دیتم شەرحەکەش، دوو واتای هێناوە بۆ «دوور لە تۆ». ببەخشن]

بەیتی دووەمی لاپەڕە ٧٠٣:

ڕووم ئەوا زەرد بوو وەکو پایز لە هیجران نالیا

عیشق ئێستاکەش لەمن سەیلی بەهارانی دەوێ

وشەی «عەشق» ی شەرحەکەم کردە «عیشق» کە ڕاستە. ئەم بەیتەم لە زووێکەوە، با بڵێم لەوەتەی بیردەکەمەوە، بیستوومە دەگوترا، «سەیری بەهاران»، نەك «سەیلی بەهاران». هەرچەند ئاسان نییە ئەو هەموو ئەو تێکستانە بە هەڵە دابندرێن، بەڵام لە لایەن واتاوە، «سەیر، سەیران» مناسبترە لەگەڵ دەقی بەیتەکە؛ چونکە زەردبوونی ڕوو، لە واتای پێچەوانەدا، داوای لێزمەی باران ناکات، بەڵکوو داوای سەیر و شادی دەکات.

بەیتی سەرەتای لاپەرە ٧٠٤:

خالی نییە ڕەشماری دو زوڵفت لە بەلایێ

حەلقەی شەڕییان بەستووە هەرێکە لە لایێ

واتای بەیتەکە ئاشکرایە، بەڵام لە نیوەبەیتی یەکەمدا، ئیشکالێکی دروست کردووە لە نیوەی دووەمدا ڕەواندووەتیەوە. دەڵێ: ڕەشماری دوو زوڵفت خالی نین لە یەك بەلا «بەلایێ». دواتر هەر خۆی نوقسانیەکە چار دەکا کە دەڵێ: هەر زوڵفە لە لایەکەوە، حەلقەی شەڕی بەستووە، بەوەشدا بەلاکە دەبێتە دوو بەلا.

بەیتی دووەمی هەمان لاپەڕە:

عاشق دڵی نایێ لە دلارامی جودا بێ

ئەڵبەت کە دلارامیی لەوێ بێ، دڵی نایێ

ئەگەر «دلارامی» دووەم «دڵ ئارامی» بێ و «لەوێ» بە «لەوی ـ بە واتای لە ئەو» بخوێندرێتەوە واتای نیوەبەیتی دووەم وەهای لێ دێت: هەڵبەت کە ئارامیی دڵ لە ئەوەوە بێ عاشق دڵی نایێ لێی جودا بێ.

بەیتی سەرەتای لاپەرە ٧٠٥:

بنواڕە خۆشیی ڕەقصی لەگەڵ خەرقەیی ئەزرەق

مومکین نییە بەم پاکییە، لەم ئەرضە، سەمایێ

بەیتەکە بەم دەقەی، نیوەی سەرەتای زۆر ناقۆلایە، بێگومان نالی «خۆشیی ڕەقصی» نەگووتووە و بەدڵیشیدا نەهاتووە، «چ خۆشیی ڕەقصی» نووسیوە، بەپێی ڕێنووسی کۆن.

شەرحەکە وای داناوە زەوی، شین ڕەنگی کژی بەهارە. ڕاستییەکەی ڕەنگی شین هی خەرقەی سەماکەرە، کە یارە، لە تێك هەڵکێشانی واتا و لەفزی وشەکان، نامومکین بووەتە مومکین کە دەبینین ڕەقص، بە واتای سەما (لە هەمان کات سەماـ سما، ئاسمانە) لەگەڵ خەرقەی شین ئاسمانی هێناوەتە سەر ئەرز، کەچی لە هەمان کاتدا سەما «ئاسمان»ی وەها پاك ناشێ و نابێ لەسەر ئەرز پەیدا بێ، بەڵام پەیدایە چونکە سەما بریتییە لە ڕەقصی خاوەن خەرقەی شین، سەرت نەیەشێنم، نالی هەموو دەرگەت بۆ دەکاتەوە و هەمووشی دادەخا بە ڕووتدا، چاریشت ناچارە شەیدای ئەفسوونی بەیتەکەی بیت.

بەیتی دووەمی لاپەرە ٧٠٥:

مومکین نییە جەلبی دڵی خووبان بە من و تۆ

نەمبیستووە تەسخیری مەلائیك بە مەلایێ

لە نێوان «جەلبی دڵی خووبان» و «تەسخیری مەلائیك»، لەف و نەشری مورەتتەب هەیە.

نالی ئاگادارە کە «من و تۆ»ی کۆتاییی نیوەبەیتی سەروو کۆیە نەك تاك، «مەلایێ»ی کۆتاییی نیوەبەیتی دووەمیش «مەلایێك» تاکە و لەمەدا ناجۆری هەیە. ناجۆرییەکەی بەوەدا چار کردووە کە وشەی «ملا، مەلا» کورتکراوەی «ملأ ـ مەلەئـ»ە، بە واتای کۆمەڵەی خەڵق، هەمزەشی پەڕیوە وەك کە «سماء» کورت دەکرێتەوە و دەبێتە «سما». لە سوورەتی یووسف ئایەت هەیە: «یاأیها الملأ أفتوني في رؤیاي». دەشبێ «مەلائیك» کە کۆیە بەرانبەر «خووبان» کەوتووە کە ئەویش کۆیە.

بە یتی لاپەڕە ٧٠٦:

نەقدی دڵ و جان بۆ قەدەمت نیمە بەهایە

غەیری ئەمە قوربان بەخودا نیمە بەهایێ

نالی بۆ زێدە نرخی قەدەم ڕەنجە کردنی یار، نەقدینەی «دڵ و جان» کە دوو شتی هەرە عەزیزی ئادەمییە، دای نیاو بە نیوە بەهای «قەدەم»ی کە هەرە پاینی ئادەمییە،

قەدەمیش تاکە. لەمەوە بەهای قەدەم دەبێتە دوو دڵ و دوو جان سەرەڕای فەرقی نێوان عەزیزیی نرخەکە و قەدەمەکە لە حیسابی بەیع و بازاڕدا. نالی جگە لەم نرخە زۆرەی بە قەدەمی داوە، خۆیشی بێ بەها کردووە لە ئاست گەیشتن بە پێی یار. بەڕاستی ئەمەیە سوودی تێك هەڵکێشی کە نالی، یەك بە هەزاری داوەتە یارەکەی. لە بەیتی دووەمی هەمان لاپەڕەدا:

ئەی شەمع! بترسە لە هەناسەم کە بگاتە

ئەو دوو کەڵی زوڵفە کە پەرێشانە بەبایێ

نالی صەنعەتێکی ئەدەبیی سەیری بەکارهێناوە، کە ڕووی قسەی لە شتێکە دووکەڵی هەیە، ڕەش وەکو زوڵف. دەیترسێنێ بەوەدا کە ئاهەکەی، هەناسەکەی، دووکەڵی زوڵف بشێوێنێ و بەبەریەوە هەیە مۆمەکە بکوژێنێتەوە نەك هەر دووکەڵەکەی پەرێشان بکات. یار و مۆم لە وشە و واتا ئاراییدا پێك گەیشتوون، ئەمیان ئەوە، ترسی یار لە پەرێشانیی زوڵفە، ترسی مۆم لە کوژانەوەیە، هۆی ترسیشیان هەناسەیێکە.

بەیتی سەرەتای غەزەلی ژمارە ۱۹ لە لاپەڕە ۷۰۷، ناجۆرە لەگەڵ شەش بەیتەکەی دیکە، کە هەمووی قافیەیان «کەی» یەو ئەلفیشیان لە پێشەوەیە. لەو بەینەدا کەلێنێك هەیە دیار نییە پڕبێتەوە، طەبعی نالیش ئەو کەلێنە قبووڵ ناکات.

لە ئاست بەیتی سەرەتای لاپەڕە ۷۰۸:

دەزانی خۆ دەچینە غەریبان

بە مەرگی خۆت ئەگەر چاوان سیا کەی

شەرحەکە بە پێچەبەدەورە واتایەکی ساز کردووە لەگەڵ دەقی بەیتەکە یەکتر ناگرنەوە. «بە مەرگی خۆت» کە ڕەقترین قسەیە نەشێ ڕووی لە یار بێ، زەق ماوەتەوە وەك کێلە قەبر. لە دیوانی گیو، نیوەی یەکەمی بەیتەکە نووسراوە: دەزانم خەو دەچێتە جێی غەریبان. یەکێکی بە ڕواڵەت مەیلەو شارەزا دەسکاریی کردووە و بە قەڵەمی خۆنووس کردوویەتە «دزانی خو».

هەتا بنگەیەکی متمانە بەخش بۆ «بە مەرگی خۆت»، پەیدا ئەبێ، بەلای بینینی منەوە، بەیتەکەی بە داخراوی دەمێنێتەوە. پێشتر لە بەیتی «بە مەرگی خۆت قەسەم زاهید...»، گوتم، نالی سوێند بە مەرگی زاهید دەخوا لە هەمان کاتدا مەرگەکە دەکاتە بەڵگەی ڕاست بوونی قسەی دواتری کە دەڵێ: هەموو عومرت عبوورێکە، چونکە بە

مردنەکە عومر دەبێتە تێپەڕیو، لەم بەیتەی ئێرەکانەدا، دەقەکە پێوەی دیار نییە بنەمای ناوهێنانی مەرگی یاری تێدابێ.

بەیتی سەرەتای لاپەڕە ٧٠٩:

گلەی ناکەم ئەوەندی دەنکە جۆیێ
ئەگەر کەللەی سەریشم پڕ لە کا کەی

من «گلە»م بە «گلەی» نووسی بۆ ئارامیی نەفەسی شیعرەکە، لە کۆنیشەوە هەروەهام بیستووە. ڕاستییەکەی. بەیتەکەم نووسی تەنها بۆ یادکردنەوەی ئەو لایەنەی کە باوکم لە ڕووی لەتیفەوە دەیخوێندنەوە: «...ئەگەر سەللەی کەریشم پڕ لە کا کەی» کە دەکاتە «سەبەتەی کەر».

بەیتی دووەمی هەمان لاپەڕە:

هەموو وەقتم دوعایە: داخۆ کەی بێ
بەتیرێکم شەهیدی کەربەلا کەی

شەرحەکە خۆی لە مەسەلەی «شەهیدی کەربەلا»، نەگەیاندووە کە ئەگەر بەڕاستی «شەهیدی کەربەلا»، مەبەست بێ، «حسین»ی نەوەی پێغەمبەر دەگرێتەوە. نالی وا بەربەیار و بێبنەما و بێ مەهارەتێکی زمانی، وشەیی، واتایی، دەست بۆ شەهیدی کەربەلا درێژ ناکات. وەك من بۆی دەچم، نالی خۆ دەشکێنێتەوە بەوەدا کە دەڵێ: «بە تێرێکم شەهیدی کەر بەڵا کەی...»

واتە ببمە شەهید لە بری بەڵای کەرێك. نالی زور جاران خۆی بەرەژێر دەهێنێ وەك کە دەڵێ: دوور لە تۆ نالی سەگێکە... چ خۆشە من وەکو تازی بنۆڕم... هتد. «شەهیدی کەربەلا»ش، بە دەقی تەئریخی خۆیەوە وەکوو پاشخانی وێنەی هونەراوی دێتە ناو خولیای شیعرەوە.

بەیتی یەکەمی لاپەڕە ٧١٥:

بڕی پارچەی غەزەل یارم کەوای کرد
بڕی بەندی دڵم یارم کە وای کرد

شەرحەکە نوکتەی بنەڕەتیی بەیتەکەی نەگوتووە، کە ئەوە دەڵێ کە ڕواڵەتی بەیتەکە بێ شەرح ڕای دەگەیەنێ.

نالی لە خۆڕایی «پارچەی غەزەل»ی نەهێناوە. «غەزەل»، هەر وەك قوماشە لە

هەمان کاتدا شیعریشە، ئینجا کە غەزەل ببڕدرێت، وەك ئەوەیە غەزەلە شیعری ناو دڵی شاعیر بڕاوە وەیا بەندی دڵی شاعیر بڕاوە. ئەگەر گوتبای «پارچەی حەریر»، بەیتەکە دەبووە قسەیەکی عادەتی بێ پۆرگ.

چوارینەی لاپەڕە ٧١٥ و ٧١٦:

یك نیم رخت: «ألست منكم ببعید؟»
وان نیم دیگر: «ان عذابی لشدید»
برگرد رخت نوشته«یحیی ویمیت»
«من مات من العشق، فقد مات شهید»

من وای بۆ دەچم: نیوەی دیاری ڕووت، بە دەم ئومێد بەخشینەوە، دەڵێ: ئەرێ دوور نیم؟ نیوەی نادیاریشی ڕادەنوێنێ، کە ئازاری پەنهان بوونم کاریگەرە. لەمەوە بە دەوری ڕووتەوە کە نیوەی دیار و نیوەی پەنهانە، نووسراوە: دەژیێنێ و دەمرێنێ، لای دیاری ژیێنەرە و لای پەنهانی مرێنەرە. دێری چوارەم، لەوانەیە، بە واتای ئاشکرایەوە وەرگیرێ، لەوانەیشە مەدحی مراندنەکە بێت کە بۆ مردووەکە بە شەهیدیی غەزا، حیساب دەکرێ. لەفزی «شهید»، دەقاودەق «بینەر» دەگەیەنێ کە دەکێشێتەوە بۆ بۆرە ئومێدی دیتنی دوای «عذابی لشدید».

بەیتی دووەمی لاپەڕە ٧١٧:

بدور دایری فنجان چینی
شكاندی دایری فنجان چینی

شەرحەکە دەڵێ، مەعنای بەیتەکەمان بۆ ڕاست نەکرایەوە. خۆ منیش بە تەواوی، بگرە نیوەچڵیش، بۆی ناچم، مەگەر بڵاچەیەکی «بدور»ی سەرەتای بەیتەکە بەرەو لایەکمەوە ببات بشێ ڕوو لە ئامانجێك بکات. ئەگەر «بدور» بەواتای «جەمعی بدر- بەدر» بێ ڕادەگەیەنێ کە چەندین فنجانی لە وڵاتی چین دروستکراو، بە بازنە و دایرەی کۆمەڵە بەدرەکە، ڕیز بوون، کەچی فنجان چینی ئەو بازنەیە کە دەکاتەوە فنجان ڕێکخەر، دایرەی فنجانە بەدرەکانی شکاند وەك بڵێی لە دەستی بەربووبێتنەوە بەسەر کەشفەوە. والله اعلم